ئارون گاندی

# ئاوەزنامە

## ١١ وانەی ژیان،
## لە (ماهاتما گاندی)ی باپیرمەوە

لە ئینگلیزییەوە:

**شەفیقی حاجی خدر**

فازیل شەوڕۆ پێداچووەتەوە و لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەدا بەراوردی کردووە.

م. شێرزاد حەسەن و د. محەمەد تەها حوسێنیش سەرنجنامەی خۆیان لەبارەوە نووسیوە.

**ناسنامەی کتێب**
ناوی کتێب: **ئاوەزنامە**
بابەت: **پەروەردە**
نووسەر: **ئارون گاندی**
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : **شەفیقی حاجی خدر**
هەڵەچن: **هیوا سەرهەنگ و لوقمان شلانی**
نەخشەسازیی بەرگ: **موسلیم شلانی**
نەخشەسازیی ناوەوە: **خەلیل هیدایەت مام شێخ**
**شوێنی چاپ : ڕۆژهەڵات/ هەولێر**
نرخ: **٥٠٠٠ دینار**
تیراژ: **٣٠٠٠ دانە**
نۆرەی چاپ و ساڵ: **چاپی یەکەم/ ٢٠٢٥**

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی(٣٥٧)ی ساڵی ٢٠٢٥ پێدراوە.**

**مافی لەچاپدانەوەی بۆ وەرگێڕ پارێزراوە**

**ئەم کتێبە بە پاڵپشتیی سەردار حاجی خالید ڕەباتی چاپکراوە**

# ناوەڕۆک


پێشباری وەرگێڕ ........................................................ ٥
"ئاوەزنامە"، لە سەردەمی هەرزانفرۆشیی"ئاوەز" دا _فازیل شــەوڕۆ..........١١
" ماهاتما گاندی؛ ئاشتیخواز و جەنگاوەری ڕۆشنایی"_شێرزاد حەسەن....... ١٧
باپۆجییەت بە زمانە کوردییە جوانەکەی شەفیقی حاجی خدر
_د.محەمەد تەها حوسێن .................................... ٣٥
پێشبەند ............................................................. ٣٨
وانەکانی باپیرەم .................................................... ٣٨
وانەی یەکەم : تووڕەیی بۆ چاکە بەکاربهێنە................................ ٤٩
وانەی دووەم : لە قسەکردن مەترسە ..................................... ٧٢
وانەی سێیەم:_قەدرزانی تەنیایی بە ..................................... ٩٧
وانەی چوارەم:_بەهای خۆت بزانە...................................... ١١٧
وانەی پێنجەم:_درۆ بەڕەلڵاییە.......................................... ١٣٩
وانەی شەشەم:_بە فیڕۆدان توندوتیژییە.................................. ١٥٥
وانەی حەفتەم:_دایبابێتی ناتوندوتیژانە.................................. ١٨١
وانەی هەشتەم:_خاکەڕایی هێزە ........................................ ٢٠٩
وانەی نۆیەم:_پێنج ستوونەکەی ناتوندوتیژی.............................. ٢٣٦
وانەی دەیەم:_تۆ تاقی دەکرێیتەوە...................................... ٢٥٩
وانەی یازدەم:_وانە بۆ ئەمڕۆ ......................................... ٢٧٨
پاشبەند_دڵخۆشیی مەزن............................................... ٣٠٦

ئەم کتێبەم پێشـــکەشـــە بە هەر چوار نەوە شـــیرینەکانم، ئیلیزابێت (ئێلی)، میشـێل (میشـا)، جۆنـاتـان (جۆن) و مـایا، هەروەهـا بە هەموو ئەو منداڵانەی تازە لە دایک بوون و ئەوانەی هێشتاش لە دایـک نەبوونە، کە پێویســـتە خەمی گۆڕینی جیهان بخۆن تا لە وێرانکاری بیپارێزن.

(ئارون)

## پێشباری وەرگێڕ

گەر هەر کتێبێک چیرۆکی لەپشـــەتەوە بێ، ئەوا ئەم ڕێســـایە بۆ وەرگێڕانیش هەر دروستە.

سەربردەی من لەگەڵ وەرگێڕانی ئەم کتێبە، شتێکی جیاوازە، ئاخر نەوەک هەر ئەوەنــدە، بەڵکو بۆ ئەزمونی وەرگێڕانیشـــم هەر جیاوازە، ئەویش لەبەر بەڵگەوبەندێکی ســادە و ســاکار: ناوەڕۆکی ئەم کتێبە، بەتەواوی لە ناوەڕۆکی وەرگێڕانە سیاسی و مێژویی و ئەدەبییەکانی دیکەم جیاوازە. هەر ئەم جیاوازییەش وای لێکردم بە مەراقەوە بەم ئاراستەیەدا بڕۆم؛ تۆ بڵێی تاکی کورد، لەسەرەتاوە کە وەچەی تــازە پێگەیشـــتوو یــان لاوان بەر لە تەواوکردنی خوێندنیان و بەرلەوەی بە پشـــتبەســتن بە بەهرە و وزەی خۆیان ڕووبەڕووی ســـەختــانگەکـانی ژیــان ببنەوە، پێویســـتیــان بە پەروەردەیەکی جیاوازتر نەبێ لەوەی ئێستا باوە، یان باشتر بڵێین لەوەی ئێســـتا بە هۆکاری جیاجیاوە شـــێوێنراوە. ئینجا بۆ ئەوەی بەهــاکــان نۆژەن بکرێنەوە، بێنەوە شـــوێنی خۆیــان، ئیدی هەر دایبابێک و هەر مامۆســتایەک پێویســتی بە وانەکانی نێو ئەم کتێبە هەبێ، تا ئاوەز و دڵ لەســـەری یەکانگیر ببن و ئەم چرا ڕۆشـــنە بدەنە دەست وەچەی تازە، بۆ ئەوەی ســەقەتییەکانی کۆمەڵگای پێ ڕاست بکەنەوە و چیدی نەگوترێ ساڵ بەساڵ خۆزگەم بە پار...

خوێنەری هێژا؛ دەکرێ زۆر لەسەر ئەم ڕەوتە بڕۆم، لێ وردەکارییەکەی بۆ خۆت جێدێڵم... ئێ خۆ ئیشی منیش هەر گەیاندنی پەیامە!
با بێمەوە سەر سەربردەکە. بەڕێکەوت لە کتێبخانەیەکی دەستی دوو، ئەم کتێبەم بە زمانی هۆڵەندی بەرچاو کەوت. لەبەر هەرزانیی نرخەکە زۆر جاران ڕوو لە دوکانەکانی دەستی دوو دەکەم و یەکسەر بۆ گۆشەی کتێبەکان دەکشێم. ئەوەی ڕاستی بێ هەم ناونیشانی ئەم کتێبە و هەم ناوی نووسەرەکە، نەخاسمە پاشناوی نووسەرەکە سەرنجی ڕاکێشام (ئارون گاندی، کتێبی ئاوەز، دەرسەکانی باپیرەم، هارپەر کۆلیینس٢٠١٧، ئامسفۆرد ٢٥٦ لاپەڕە).
کتێبەکەم بە یەک ئیرۆونیو کڕی و هاتمەوە ماڵ. نازانم چۆن بوو یەک دوو ڕۆژ بەلایدا نەچووم. دواتر کاتێک لاپەڕەکانم هەڵدانەوە، پێشەکییەکەم خوێندەوە، خۆم پێنەگیرا و درێژەم پێدا، بە دوو ڕۆژ لێی بوومەوە. ئای خوادیە بەسەر چیدا کەوتم!
بەدوای سەرەداوە مرواربیەکانی بەها باڵاکانی ژیاندا گەڕاوم، ئەوانەی لێم ونبووبوون، یان هەر هیچ نەبێ ئەوانەی نەمدەدۆزینەوە، کەچی ئەوا دانە بە دانە وەک تەسبیحێک لەبەردەستم دان.
پاشان یەکسەر بەدوای زانیاریی زیاتر لەبارەی نووسەرەکەیدا ڕۆیشتم، ئەوسا بۆم دەرکەوت کتێبەکە شاکارێکی نەوەی ماهاتما گاندیی مەزنە و باسی ئەزموونی ساڵێک و چەند مانگی بەرلە تیرۆرکردنی باپیرەی دەکا.

هەر خێراش بەدوای دەقە مـاکەکەدا گەڕام، هەم بە پیـدیئێفم پەیداکرد و هەم بە کاغەزیش کڕیم، ئەویشم بەتاسەوە خوێندەوە. ئینجا بە کەڵکەڵەی وەرگێڕانەوە لەگەڵ یەک دوو دۆسـت و ئاشـنا باسم کرد، ئەوانیش لەبارەی وەرگێڕانەوە دنەیان دام.

سـەبـارەت بە لایەنی قـانونی ڕێپێدانەوە، وەک زۆرینەی وەرگێڕانەکانی پێشـووم، لەخەمی ئەوەدابووم بەڵکو قایلنامەی نووسـەر و یان دەزگای چاپ وەربگرم، بەداخەوە نووسـەرەکە سـاڵێک دەبوو کۆچی دوایی کردبوو، بەڵام خۆشـبەختانە لەڕێگەی کاک زاگرۆس ڕێبـازەوە پەیوەندیمـان بە پەیمانگەی گـاندی بۆ نـاتوندوتیژییەوە کرد، لەنامەگۆڕینەوەشـدا پەسـەندنامەی بنەماییانەی بەڕێز ئێرین تۆمپسـن[١]ی بەڕێوبەری جێبەجێکاری پەیمانگەکە وەرگیراوە.

نامەوێ لێرەدا بیشارمەوە، لەم وەرگێڕانەدا دوو گرفتی سەرەکییم هـاتنە پێش، یەکەمیان گشـتی بوو، دووەمیشـیان تـایبەتی. گشـتییەکەیان ناونیشـانی کتێبەکە بوو، کە دەقە ئینگلیزییەکە The gift of angerە، ئای خوایە جا ئەمە چۆن بکەمە کوردی، خۆ ناکرێ دەق وەک خۆی لە بەرانبەر تووڕەیی، یان لە پاداشـتی توڕەیی، یان لە خەڵاتی تووڕەیدا، بیکەمە کوردی.. ئاخر ئەم ناونیشـانە تارادەیەک و قسـەیەکی ئیدیۆمئامێزی ئەو زمانەیە، کە کتێبەکەی پێنووسـراوە.. بەدوای شـتێکی وەهـا لە کوردیدا گەڕام، بۆم نەدۆزرایەوە، یەک دوو پێشنیازیشم بۆ کرا، دڵم ئاوی نەخواردەوە، بۆیە ڕووم لە وەرگێڕانەکـانی دیکەی کتێبەکە کرد، چونکە

---

[١] Erin Thompson

وەرگێڕدراوەتە سـەر چەندین زمان، ئەوەبوو لەپێشـەوە وەرگێڕانە هۆڵەندییەکە، لەم کێشەیە ڕزگاری کردم.

ئەوە ڕاسـتە، کە سـەرەتا کتێبەکەم بە هۆڵەندی خوێندەوە، نیازی وەرگێڕانیشم لەو خوێندنەوەیەدا لا گەڵاڵە بوو، بەڵام وەرگێڕانەکەم لە دەقە ماکە ئینگلیزییەکەوە کرد. وەرگێڕانە هۆڵەندییەکە لە دوو شـت کۆمەکیان کردم، لە ناونیشـان و لە واتای هەندێ ئیدیۆم، کە ئەوانیش ئیـدیۆمی ئینگلیزییـان لەگەڵ ئیـدیۆمی زمـانەکەیـان گونجاندبوو، منیش هەروام کرد، بۆیە ناونیشـانەکەم بەگوێرەی هۆڵەندیەکە کردە (ئاوەزنامە) و مامۆسـتا فازیل شـەوڕۆش پەسەندی کرد.

لەبەر ئەوەی سێ مامۆستای گەورە و هێژا لەبری من شتیان وەک پێشـەکی بۆ ئەم وەرگێڕانەم نوسـیوە، بۆیە پتر لەسـەری ناڕۆم. ئەوەندە هەیە من لەم وەرگێڕانەمدا وەک دابی ئـاسـایی خۆم، جێپەنجەی هاوڕێکانمی پێوە دیارە. سـەرەتا کاک هیوا سـەرهەنگ لەگەڵ تەواوکردنی هەر وانەیەکدا بەسـەریدا دەچووە و لەبارەی هەڵەیی تایپ و ڕێنووس دەسـتباری لەگەڵ گرتم. هەروەها شـیخ شەماڵیش هەندێ هەڵەی زەقی تایپی بۆ ڕاستکردمەوە.

پاشان خۆشبەختانە مامۆستا فازیل شەوڕۆ، دەستی بەڕوومەوە نەنا و بەهانامەوە هات، زۆر مشـوورخۆرانە بەسـەر کوردییەکەمدا چوەوە و لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەشـدا بەراوردی کردەوە. هەر کورتهێنیەکی دیکەی هەڵەی تایپ و ڕێنووس هەبوو چارەی کرد، لەوەش پتر لە ڕووی زمان و هەندێ ڕسـتە و دەسـتەواژە و بڕگەشـەوە پێشـنیازی باشـی بۆ کردم، ئیدی بەو سـەلیقەی جوانە ناوازەیەی خۆی کتێبەکەی دەوڵەمەندتر و بەپێزتر کرد.

هەرچی مامۆستای گەورەمان شێرزاد حەسەنیش بوو، سەرباری پڕکاری و نەساغی خۆیەوە، کاتێک لە گەلاڵەی باڵەکایەتی باسی وەرگێڕانەکەم بۆ کرد، زۆری پێخۆش بوو، بۆم نارد و خوێندییەوە، وەرگێڕانەکەمی نەوەک هەر پەسەند کرد، بەڵکو بە سەلیقەوە چەند لاپەڕەیەکیشی وەک پێشەکی لە بایەخی کتێبەکە نووسی و هەندێ یادەوەریی تافی لاوی خۆیشی لەگەڵدا هێنایە زمان.

هەر زووش دەستنووسەکەم بۆ هاوڕێی خۆشەویستم د. محەمەد تەها حوسێن نارد. مەبەستم بوو تێبینی پسپۆڕییانەی لەبارەی لایەنی دەروونناسی ناواخنی کتێبەکە بزانم، چونکە بۆچوونی ئەو ئوستادانەیە. بۆ خۆشبەختییم ئەویش دریغی نەکرد و ئەم وەرگێڕانەمی بە سەرنجنامەیەکی بەپێز لەبارەی وەرگێڕانەکە و بنەمای باپوجییەت/ گاندیزم (لێبوردەیی) دەوڵەمەندتر کرد.

سوپاس و پێزانینم بۆ هاوڕێ لوقمان شیلانی، وەک هەمیشە و بۆ دڵنیابوونم دەبێتە دوا فلتەری پێداچوونەوەی هەر هەڵەوپەڵەیەکی تایپ و ڕێنووس، کە لێرەولەوێ وەک زیوان کەوتبنە لەنێو گوڵەگەنمی وشەکان.

خوێنەری تاسەمەند؛ ئەمە کتێبی هەموومانە... تا ئێرە هی هەموومانە، دوای ئەوە دەبێتە هی تۆ...

ئەی دایک و باوکانی خۆشەویست... هەڵبەت دەتانەوێ ئەم بەها بالآیانە لە جگەرگۆشەکانتاندا بەرجەستە ببن...

ئەی مامۆستای دڵسۆز؛ هەڵبەت دەتەوێ شاگردەکانت چەکەرەی ئەم بەها بالآیانەیان تێدا بێ..

تۆش ئەی خوێنەری خۆشەویست... سا هەر پیشە و پێگە و مەیل و ئارەزووی هەر چییەکت هەبێ، تکایە بە تاسەمەندی ئێمەوە ئەم کتێبە بخوێنەوە و لە ناوەڕۆکی وانەکانی ئاگادار بە...

**ش.ح.خ**

**لاهای/١ شوباتی ٢٠٢٥**

# "ئاوەزنامە"، لە سەردەمی هەرزانفرۆشیی"ئاوەز" دا

## فازیل شەورۆ

جار هەیە ئەوەی "هەڵکەوت" بۆت مەیسەر دەکات، نەخشە و تەگبیر و ڕێککەوتن پێیان ڕایی نابێ؛ لەسەر ئاو و ئاگران بووم، بۆ یەکەمین دیداری شەفیقی حاجی خدر لە شاری کۆیە، هەرچەند ئەو بە سایەی قەڵەم و کتێبەکانیەوە، بۆ من غەوارە و بێگانە نەبوو، لێ چێژ و حەزی دانیشتن لەگەڵ پیاوە مەزنەکاندا، خۆشیی جیهانێکی دیکەت پێدەبەخشێ.
لە دەروازەی زانکۆی کۆیە، بە یەک گەیشتین، ئەو تازە لە هۆڵی وانەکانی خوێندنی باڵا هاتبووە دەر – چەند مانگێک بوو بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر، لەو زانکۆیە بووبووە زانکۆیی، وەک خۆی گوتەنی: "تەلەبەیەکی فەقیرۆکەم، خۆم کڕ و مات دەکەم، وەردەگرم، لێ ناڵێم لەل... ." تێگەیشتم، خاکەڕایانە، دەیەوێ توانست و بەهرەی هزری و ئەدەبییەکەی خۆی بشارێتەوە و هەڵیانگرێ بۆ جەنگی شەڕگەی ژووری گفتوگۆی ماستەرنامە.
هەرچەندە، ئەو زوو لە دیدارە نەخشەبۆکێشراوەکە ناوئۆمێدی کردم، پێشهاتێکی نەخوازراو، وایکرد، ئەو یەکسەر بگەڕێتەوە هەولێر و پاشانیش بەرەو هۆڵەندا بفڕێ، بۆیە هەر ئەو چەند

دەقیقەی بەیەکەوە بووین، بەدەم واژۆکردنی لەسەر چەند دیارییەکی خۆی بۆ من، وەک خولیای زۆربەی ئەدیب و نووسەران، هەر قسە و باسمان کتێب و کتێبکاری بوو و لە میانەی قسەکانیدا گوتی:

" نیازی وەرگێڕانی کتێبێکی نوێ و ئەزموونێکی نوێم لە کەللەدایە، حەز دەکەم پێش دەستپێک ڕای تۆ بزانم لەسەر ئەم کارەم. چاوەڕوانی چرای سەوزی تۆم. حەزیش دەکەم پێداچوونەوەکەش هەر بە تۆ بسپێرم... ."

منیش هەر زوو، ئەو "لینک"کەی پێیدابووم، گوگڵم کرد و دوای ڕووماڵکردنی ناوئاخنی کتێبەکە، پێمگوت:"ناوی خودای لێبێنەوە و لێی ساردمەبەوە و خاترجەم بە کە شاکارێکی زێدە درەوشاوە دەخەیتە سەر خەرمانی ئەدەبی کوردی و خزمەتێکی بێسنووریش بە ڕەوتی بەها پەروەردەییەکانی تاک و کۆمەڵ دەکەی."

دوای چەند مانگێک، هەر لە وەرگێڕانی ئەو توحفە نازدار بۆوە، بۆ منی نارد، منیش دەرویشانە، بۆ ماوەی نزیکەی دوو حەفتە، شەو و ڕۆژ کەوتمە چەکوشکاری و پێداچوونەوە، وەک ئەوەی کتێب کتێبی خۆم بێ. پلانەکەشم ئەوەبوو، بەندێک لە دەقە ئینگلیزییەکە و وەرگێڕانەکە بخوێنمەوە، ئەوجا پێ بە پێ، لەگەڵ پەرەگرافەکاندا بڕۆم.

دڵخۆش بووم کە کاکە شەفیق، ڕەزامەندیی خۆی لە دڵڕا دەربڕی و داوای بەردەوامبوونی لێکردم، کە نموونەیەکەی کارەکەم بۆ نارد.

جا پێداچوونەکەوە، چێژێکی شاراوەی پێبەخشیم. کاکە شەفیق وایدازانی من، بۆ خاتری ئەو، وا بەجددی ئەرکەکەم گرتووەتە

ئەســـتۆ و شـــەونخوونی تێدا دەکەم، بێخەبەر بوو، کە ناوئاخنی کتێبەکە وای کەمەنـدکیش کردبووم، جـار هەبوو، کە دەچووم بخەوم، بۆ خۆم، وەک تەڵەبەی جاری جاران، دەمەویســـت، ئەو "وانە"ی کە لە کتێبەکە خوێندبوومەوە، لەگەڵ خۆم بیڵێمەوە .

لە هونەریی وەرگێڕانەکەدا، هەردووکمان یەک ڕێبازی وەرگێڕانمان پەیڕەو کرد، ئەویش، "کوردانندنی دەق" بوو ـــــــــ تەنانەت ئەو ئازادییەمان دا بە خۆمان دەســتکاریی هێندێ ئیدیۆم و دەق بکەین تا هـاوتەریب بێ لەگەڵ ئاخاوتنی کوردی. بەڕاســـتی کارکردن لەســـەر ٣ کلتووری جیـاواز: کلتووری هینـدییەکـان، کلتووری ئینگلیزەکان، کلتووری ئەفریقاییەکان، هەر بە زار خۆشە.

لە دیدیی منـدا "ئـاوەزنـامە" کتێبێکی پەروەردەیی هزری کلتووری مێژوویی گەردوونییە.

بەها پەروەردەییەکەی هەر لە مانشـــێتی بەندەکانرا دیارە کە ١١ 'وانە" و دوابەنـدێکە. ڕەنگبێ هەبێ وا تێگەیبێ کە وانە و پەنـد و عیبرەت هەر بۆ منـداڵ و هەرزەکـارەکـانە، کە لە واقیعـدا وانییە، سـۆفییەکی پشـت چەماوەی خەڵوەتگەی ئەو شـاخ و داخە، بە قەد مێرمنداڵێک، حەوجە بەم تەرزە دەرسانەیە.

لایەنە هزرییەکەی، دوو ســەرەیە؛"کاتێک باپیرە، ئیســپرنگۆکەکی خەڕەکێک لە نەوە مێرمنداڵەکەیدا دەشـاریێتەوە و خەڕەکەکە لەکار دەخا، دەیەوێ ئەو پەیامە بگەیێنێ کە لەم گەردوونەدا بچووکترین "شت" بایەخ و سەنگ و ڕۆڵی خۆی هەیە، نەمانی هەموو هاوسەنگ و هاوکێشـەکان سەرلەبەر تێکدەچن و لەباریەک دەردەچن. ئەمە لە هەمان کاتیشـــدا، ئاســـۆی خەیاڵدانی مرۆڤ ڕۆشـــن دەکاتەوە،

دوورنییە، ئەمە ببێتە هەوینێ داهێنانێکی گەورەی هونەری، زانستی، ئەدەبی بۆ ئاوەزمەندێک.
هەرچی بوارە کلتوورییەکەیە، خوێنەرە، لە نێوان ٣ کێشوەر و ٣ کلتووری فرە جیاواز هاتوچۆ دەکات، ڕەنگبێ لە سەرەتای لاپەڕەکەدا لە "کەلکەلتا' بی و لە نێوەڕاستدا بگاتە "ئەفریقیای باشوور" و لە دوا دێڕیشدا خۆی لە مێزگردێکی "لەندەن"دا ببینێتەوە. گەنجینەیی فەرهەنگی خوێنەر لە داب و نەریت و ژیان و ژیار و ژینگەی ئەم کلتوورانە دەوڵەمەند دەکات.
کە دەڵێین، کتێبێکی مێژووییە، مەبەستمان لەو پێگە مێژوویەیە کە گاندی و خانەوادەکەی، پتر لە سەدەیەک، لەسەر نەخشەی جیهان تۆمارییان کرد، ڕەنگبێ، ٦ ملیار کەس، لە حەشیمە ٨ ملیارەکەی جیهان، بە ناوی گاندی ئاشنابێ، ئەوا سەرەڕای ڕووداو و بەسەرهاتە میژووییە بایەخدارەکان کە ڕەوڕەوەی چاخ و چەرخێکی مرۆڤیان گۆڕی.

گەردوونیەتیی "ئاوزنامە" لەوەدایە، کرۆکی پەیامەکانی ئاراستەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی کراوە و خوێندنەوەی دەروونناسانەی بۆ جەوهەری هزر و دەروون و ڕەوشت و بەها مەزن و پیرۆزەکان کردووە، بەڵگەش بۆ گەردوونیەتیی کتێبەکە ئەوەیە کە بۆ سەر چەندان زمان وەرگێڕدراوە و چاپکراوە.
حەزدەکەم خوێنەریش، نەختۆکەک بە دەستڕەنگینی و توانست و وەستایەتیی شەفیقی حاجی خدری ئاشنا بکەم ـــــ هەر نەبێ بۆ ئەوانە کەمتر بە بەرهەمەکانی ئەو ئاشنان. ئەو زاتە، توانیویەتی لە مەیدانی وەرگێڕاندا، وەک کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و

هۆڵەندی زانێکی دەســـــت و قەڵەم جوان و بـاڵا و ئەزموونـدار، ناســنامەی ئەدەبیی خۆی بە خوێنەرانی کوردی بناســێنی و ببێتە وەرگێڕی خاوەن دەنگ و ڕەنگ و شێواز و دەستووری خۆی.

جـا، چونکە نـاوەڕۆکی ئەم کتێبە، جیـاوازترە، بە بەراورد لەگەڵ کتێبە وەرگێڕاوەکانی دیکەی، ئەو زیرەکانە و لێزانانە، لێریشـــــدا ئەسپی خۆی تاوداوە؛ با نموونەیەکی سادە بێنمەوە، لە وەرگێڕاندا، ئەوانەی شـــارەزان دەزانن، کە جار هەیە تووشـــی وشـــەیەک، دەســـتەواژەیەک، ئیدیۆمێک دەبێ کە مەحاڵە وەربگێڕدرێتە ســـەر زمانی دووەم. ئەمە ناونیشانی وانەی پێنجە:

Lesson Five

Lies Are Clutter

بۆ ماوەی شەش حەوت ڕۆژ، من هەموو هزر و خەیاڵم لە لای ئەم دەســـتەواژەیەدا بوو، نزیکەی شـــەش یان حەوت وەرگێڕانم بە خەیاڵ داهات، لێ هیچیان تینوویەتییان نەدەشـــکاندم، لە کۆتاییدا هەر دەستەواژەکەی کاکە شـەفیقم، پێ پەسندترینیان بوو و قبوڵم کرد:

وانەی پێنج

درۆ بەڕەڵڵاییە

لە دڵڕا خوازیارم، ئەدیبانی کورد، لاسـایی کاکە شـەفیق بکەنەوە و پەنجەرەیەکیش بەســـەر ڕشـــتە و بواری ئەخلاقی و دەروونی و زانستیشدا بکەنەوە، لە بوارە ئەدەبییەکە، تا ڕادەیەک ڕازین، بەڵام ئەلحەقی کتێبخانەی کوردی و خوێنەری کورد، حەوجە بەو تەرزە ناونیشـان و ناواخنەن. هیوادارم "ئاوزنامە" هاندەر و کلیل و ڕابەر بێ بۆ هەمووان.

توند دەستی شەفیقی حاجی خدر دەکووشم و دەڵێم:
"ئاوزنامە"مان پیرۆز.
چاوەڕوانم لە پێشبڕکێی کتێبخانەکاندا ببێتە سەرقافڵە و هەرواش مەزەندە دەکەم.
کۆیە ٢٨ی ئۆگستی ٢٠٢

## " ماهاتما گاندی؛ ئاشتیخواز و جەنگاوەری ڕۆشنایی"

### شێرزاد حەسەن

+ ناسینی من بۆ "ماهاتما گاندی" پەیوەستە بە حەز و خولیای من بۆ سینەما کە لە شەستەکانی سەدەی بیستەم لە هەولێرێ، خەڵکی بە پیر و گەنجەوە، مێینە و نێرینەوە، هەژار و دەوڵەمەنـدەوە، چێژێکی خۆشـــی دەبینی لە بینینی فیلمی کـاوبۆی و هێرقـڵ و ئۆرسـۆس و ماشسـتی؛ کە شـەڕە شمشـێر و قلنجانێ و زۆرانبازی تێدا هەبوو تا ئەندازەی کوشـتن و بڕین. سـەرباری فیلمی هیندی کە لەوەدا جیاواز بوو کە چیرۆکی ئەوینداری و عیشـــق تیـایدا تەوەری ســـەرەکی بوو، کە جۆرێـک بوو لە بیـانوو بۆ چوونە دەرەوەی خەڵکی لە ماڵ و بینینی دونیای دەرەوە، هاوکات فیلمی عەرەبی کە ســـینەمای "میســـری" ســـەرنجڕاکێش بوون، دواتر بەختمان هەبوو بچینە ســـەیرانی فلیمی 'ئیتاڵی' و 'فرەنســـا'یی و 'یۆنـان'ی و بگرە هۆلیودی کە چیرۆکەکانی فیلمەکان هەم کۆمێدی و هەم تراژیـدیی بوون. ئیـدی وایلێهـات مەراق بمگرێـت بزانم هیندوســـتان وەک جوگرافیاکەی و مێژووەکەی چین؟ ئەوســـا بەناوبانگترین کەسایەتی لەسەر ئاستی هیندوستان و بگرە لەسەر ئاستی گێتی و دونیا. سـەرۆکی هیندوسـتان: مهاتما گاندی بوو، کە

سـەرنجی منی ڕاکێشـا بەوەی پتر لە چەندین سـەدە ململانێ و بەرەنگاری "بریتانیای مەزن" بۆوە کە داگیرکەری هیندوستان بوو، بەڵام جەنگ و شـەڕی 'گاندی' دژ بە وڵاتی شـاهنشـاهی 'بریتانیا، یانژی ئینگلتەرە، دوور بوو لە توندوتیژی و چەک و جبەخانە و ململانێی خوێناوی، بگرە نەتەوەکەی خۆی فێرکرد بە شـێوازێکی ئاشـتیخوازانە بەرەنگاری "بریتانیا" ببنەوە و بەرگری لە خەڵک و خاکی خۆیان، کە دوای چوار سـەدە توانیان خاکی هیندوسـتان لە داگیرکەرەکەیان ئازاد بکەن، بە بێ تۆپ و فڕۆکەی جەنگی و بۆمب و چەکی جۆراوجۆر. ئیدی 'ماهاتما گاندی' جەنگاوەرێکی ڕۆشنایی بوو؛ نەک جەنگاوەرێکی تاریکپەرسـت و مەرگدۆسـت و خوێناوی، وەک سیمبول و ڕەمز و نموونەی ئاشتییەوانی خۆی نواند لەسەر ئاسـتی هەر هەموو وڵاتانی دونیا. بە هەق سـینەما بوو بە دەروازەیەک بۆ من کە ببم بە یەکێک لە میوانەکانی فیلمی دەگمەن و جیاواز، کە هەر سینەما بوو وایکرد حەز لە چیرۆک و ڕۆمان و شانۆگەری بکەم، چونکە سینەما بۆ هەمیشە ناوەڕۆکی فیلمەکان و سەرچاوەکەی چیرۆکەکان و ئەو ڕۆمان و شانۆگەری و نۆڤلێتانە بوون کە لە خودی ئەدەبیاتی فیکشن وەرگیرابوون!

فیلمەکان پڕ بوون لە ڕەنگ و دەنگی سـەنگین و خەیاڵ و فانتازیا و ئەندیشـەمەندی. کە وایکرد گۆرانی و مۆسـیقا و ململانێ و گرێچن و تانوپۆ و سـەرەتا و کۆتایی؛ لەگەڵ خۆیاندا بمبەن و گەشـتێکی مەسـتانە و خۆشـیان پێدەکردم. هانی دام شـیعر و چیرۆک و ڕۆمان و داسـتان و ئەفسـانە و سـترانم خۆشـبوویێت. ئەمن بیرمە کە لە دوا قۆناغی خوێندنی ناوەندی بووم. لە ڕێگای مامۆسـتایانی خۆم و هەندێک لە قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی کە

خوێنەری ڕاســـتەقینە بوون؛ فێریان کردم هاتووچۆی (کتێبخانەی گشـــتی هەولێر) بکەم کە بۆ من دونیایەکی تازەبوو، لەوێندەریّ گەڕام بۆ کتێبێک سەبارەت بە 'گاندی'، بەختم هەبوو کە بە عەرەبی ژیاننامەی 'گاندی'یم خوێندەوە لە ژێر ناوی ( ئەزموونی لەگەڵ هەقیقەت/ تجاربي مع الحقيقة) کە سەرگەرم و شاگەشکەی کردم، بە ڕاســـتی تا هەنووکەش ئەم زاتە بوو بە پێشـــەنگ و ڕابەری و مامۆستای من بە ئیمتیازەوە!

+ ئارۆن هەر لە سەرەتاوە باپیرەگەورەی خۆی بە زاتێکی ئاسایی وێنا دەکات؛ گەرچی لەســـەر ئاســـتی دونیا ناوێکی درەوشـــاوە و جێگەی ســـــەرســـــامی و ڕێزی ملیۆنانە، ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆ بێفیزی و ســـادەیی و خاکەڕایی خودی 'گاندی' کە نەوەکانی خۆی فێرکردووە کە نەترسن و شەرم لە گەورەکان نەکەن. ئەم بە بەڵگە سەلماندی کە لە هێز و توانای جەنگی 'بریتانیا' نەترسن، لەڕێگەی ئـاشـــتییەوانی و لێبوردەگی و نـا-تونـدوتیژی بیبەنەوە و وڵاتی خۆیان ڕزگار بکەن. گاندی دەیگوت مرۆڤی مەزن لە فارگۆنی 'سێ' ســوار دەبێت، کە هەژارەکانی تێدا بوو، ئەوەی دووکەڵی جگەرە و ئارەقە و بگرە ئاژەڵیشـــی تێدا بار دەکرا، خۆی جیا نەدەکردەوە، تا هێزی هەبووایە لەســـــەر پێی خۆی دەڕۆیشـــــت، ئارون دەیزانی 'گـانـدی بـاوە گەورە، گەنجینەیەکە بۆ خودی خۆی، هەر بۆیە بۆ ماوەی چەندین ساڵ بوو بە سێبەر و دەست-عەسای دەستی. ئەم (خەڕەکێکی چنینی) لەپاڵ بووە بۆ بەکارهێنانی پۆشـاکی خۆی، کە قوماشێک نیوەی جەستەی دەشاردەوە!

دەگوترێت وەک هەیکەل و پەیکەری بونیادی جەستەی زێدە لەڕ و لاواز بووە، گوایە گەر ڕەشـــەبایەکی بە تین و تاو هەڵیبکردبایە،

ئەوەندە باریک و بنێس بووە کە ئەگەری ئەوە هەبووە 'ڕەشەبا' بە ئاسماندا ببیات، ئەو زاتە لە باری ڕۆحییەوە سەنگ و پێگەی لە سەرووی شاهنشاهـ و سوڵتان و سەرکردەکان بووە، ڕۆحێکی ئازا و ئازاد کە توانی "بریتانیا-ی مەزن" و خۆ بە زل-زان و بەهێزترین ببەزێنێت و لەسەر خاکی 'هیندوستان' ئەو داگیرکەرە دەربکات و سەربەستی بۆ خەڵکی خۆیان فەراهەم بکەن! ئارون بڕوای وایە کە 'گاندی باوەگەورە' ئەم و کۆی نەوەی دوای خۆی فێری ئەوە کرد کە ژیاندۆست بن و دوور بن لە مەرگدۆستی، لە ڕاستیدا ئەم زاتە بۆ خۆی ڕابەری مرۆڤدۆستی بووە و بگرە سەرلەبەری دونیای بە یەک خێزان و ماڵبات وێنا کردووە. لە سەرتاسەری دونیاش بوو بە نموونەی باڵا و پێشەنگ بۆ گەیشتن بە مافە ئینسانییەکان کە بۆ هەر حەوت کیشوەرەکەی دەخواست، ئەم بۆ سەرزەمینێکی هاوبەش دەگەڕا کە هەر هەموو مرۆڤایەتی لەسەر خوانی خۆشەویستی کۆ بکاتەوە، نەک لەسەر خوانی ڕق و کینە و خوێنخۆری و کاولکاری، ئەم دژی ئەو ماس-میدیایە بوو کە ڕێگا خۆش دەکات کە پتر و پتر ئاشی جەنگ و کوشتارگا بەردەوام بێت، 'گاندی' ناتوندوتیژی و لێبوردەگی کرد بە ڕێباز و فەلسەفەی خۆی، ئەوەیان ترس و ملکەچی و پاسیڤ و زەبوونی نەبوو، بەڵکو دەیخواست کە خۆشەویستی و بەخشندەیی ببێت بە قیبلەنومان و هاوئاهەنگی و هاوسۆزی ببێت بە ڕێباز و خەونی بوونی دونیایەک کە مەردمگەل هەست نەکەن دەنێو جەنگەڵدا دەژین، ئەم دژی ڕەگەزپەرستی و دەمارگیری و ڕۆحی فاشیزم و شۆڤێنستی بوو، ئەم ناحەز بووە بە جیاوازی دین و ئایینەکان؛ ئەو کاتەی کە هەر گروپ و تیم و دەستەلاتخوازێک خۆیان زاڵ

بکەن و هاوتوخم و هاوڕەگەزی خۆیان لە ناوبەرن، گەر 'گاندی' هەنووکە بمایە، بانگەشەی دەکرد کە تاوان و خۆخۆری و مەرگدۆستییە کە مەردمگەل لە بازنەی ترس و تۆقین و نائارامی بژین، هەر لە پای بانگەشەی ئاشتییەوانی و ڕۆحی بەخشندەیی؛ بۆ ماوەی شەش ساڵ لە زیندان توندیان کرد، ئەم لە ئەمریکا دڕدۆنگی ئەوە بوو کە ملیۆنان منداڵ بایی ئەوە خۆراکی نییە کە بتوانن تێر بە سکی خۆیان بخۆن.

+ یەکەمین وانە: تووڕەیی بۆ چاکە بەکاربهێنە: لەسەر زاری "ئارۆن" دەیدرکێنێت کە کاردانەوەی خۆشەویستی و لێبوردەگی و بەخشندەیی 'گاندی'؛ لەبەرانبەر توندوتیژی و ڕق و کینە جیهانی سەرسام کرد، ئەم هەرگیز نەکەوتە ناو بازنەی ژەهراوی بوونی تووڕەیی، کە گوایە ئەمیش لەسەر ڕێبازی میهر و خۆشەویستی و لێبوردەگی باپیرەی ڕۆیشتووە تا بۆی کرابێت. دیارە 'ئارون' هەر زوو دەرکی ڕۆحی ڕاسیستی و ڕەگەزپەرستی کرد لە لایەن سپیپێستی هاوتەمەنەکانی خۆی کە کەم و زۆر ئازاریان دەدا و شەڕیان پێدەفرۆشت، کەوتە وەرزشی قورس بەو نیازەی کە تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بەڵام فیکر و ڕۆح و فەلسەفەی باپیرەی بوو بە قیبلەنوما و ڕابەر بۆ بەخشندەیی. ماهاتما گاندی بڕوای وا بووە کە تووڕەیی چرای ئاوەز و عەقڵ دەکوژێنێتەوە، بۆ هەمیشە تووڕەبوون دەبێت بە زادەی دەمارگیری و تۆڵەسەندنەوە. تووڕەیی زادەی ناهەقی و ستەم و چەوساندنەوەیە کە بۆ هەمیشە 'گاندی' هەوڵیدەدا زاڵ بێت، تووڕەیی جیهانبینی مەردمگەل بەرتەنگ دەکاتەوە، 'گاندی' فێرمان دەکات کە تووڕەیی خۆمان زیرەکانە بەکاربهێنین بەو نیازەی کە چارەسەرێکی پڕ لە

خۆشەویستی و ڕاستی تێدا بدۆزینەوە. خۆشەویستی 'گاندی' بەرانبەر دۆستان و دوژمنەکانی، ئەو سۆز و میهرەی کە هەیبوو؛ بەشی هەموو دونیای دەکرد، خۆشەویستی ئەم لە کانگای ڕۆح و دڵییەوە بوو، کە لە توورەیی و ڕق و کینبازی و توورەیی مەزنتر بوون، بۆ ئەم دادپەروەری بۆ هەمووان بوون، بە بێ جیاکاری و لایەنگیری!

+ پوختەی وانەی دووەم: ئارۆن لەم پەرەگرافەدا ئاماژە بە ڕوانگەی "گاندی" دەدات کە مەرجە مەردمگەل لە هەقبێژی نەترسێن، بە تایبەتی بەرانبەر بە ستەمکار و چەسێنەرەکان، گەر سەر بە هەر چین و توێژێک بن، بە واتا خامۆشی و فەرامۆشی وا دەکات ستەمکاران و دەستەڵاتدارانی خوێنخۆر پتر شووڵی لێهەڵکێشن و ملهوڕانە ستەم لە خەڵکانی بندەست بکەن، دەگوترێت 'گاندی لە سەروەختی منداڵی و مێرمنداڵی و هەرزەیی زێدە شەرمن بووە، بەڵام کە گەرورەتر دەبێت وەک تێگەیشتن و پێگەیشتن، ئیدی ترس و شەرم و ملکەچی توڕ هەڵدەدات و دەبێت بە ئازاترین جەنگاوەری ڕۆشنایی، ئیدی گاندی دەبێت بە خاوەن قسە و ڕوانین و فەلسەفەی خۆی کە دەکرێت وەک نموونە ببێت بە ڕابەر و پێشەنگ و سەرقافڵەچی بۆ گەیشتن بە دونیایەکەی ئارام و مرۆڤپەروەری، ئەم کۆششی دەکرد بۆ دۆزینەوە بەها و ئایدیا باڵاکان، ئەم دەخواست کە ناکرێت بە درۆ و دروشمی فاڵسۆ خەڵکی دڵخۆش بکەین، یان بەڵێنی بەهەشتیان پێبدەین و دواتر جەهەننەمێک بە نرخی 'فیردەوەس' بە خەڵکی بفرۆشن. گاندی دەیخواست لە قووڵایی دڵ و ڕۆحییەوە خۆمان فێری 'نەخێر' بکەین و پشت لە هەزاران 'بەڵێ'ییە بکەین کە بێجگە ملکەچی،

هیچی دیکە نییە. ئەم بەو حەشـــاماتە قەڵس و نیگەران بوو کە دەســـتبەرداری خۆیان دەبن و دەکەونە دوای ئەو کەســـانەی کە خۆیان بە ڕابەر و فریادڕەس و پێشـــەنگ دەزانن لەســـەر ئاســتی ڕامیــاری و ئــابووری و کۆمەڵایەتی و فیکری و فەرهەنگی و مەزهەبگەرایی، خراپترین پـانتـاییش کە مەردمگەل دەســـتخەڕۆ دەکەن 'ســۆشــیاڵ میدیا'یە کە بە لایک و 'فۆڵۆ' خۆیان ئاســوودە دەکەن و وازدەهـێـنـن لە چـۆنـیەتـی تـێـفـکـریـن و تـێـڕامــان و خوێندنەوەیەکی قووڵ و مانابەخش. گرنگ ئەوەیە بیزانین کە کۆی ئەم ژیاننامەیە لەســـەر زمانی 'ئارۆن' بە ئێمە گەیشـــتووە کە پەیوەســـتە بە ئەزموونی خودی نەوەی گـانـدی کە وایکردووە کەســانی نزیک بە خۆی ســەرگەرمی کۆی ئەو بەها و ئایدیایە بن کە باپیرە پەیڕەوی لێکردووە!

+ گاندی بە پراکتیک و کردەیی زیندەگی خۆی ســـەلماندی کە لە بەرەی هەژارانە و خۆی بە یەکێـک لەوان دادەنێـت. هەمووـمـان دەزانین کە ئەم وەک پارێزەر لە 'لەندەن' وەک هـاوڕێکانی قات و پۆشـاکی شـیاو لەبەردا بووە، بەڵام کە دەگرێتەوە بۆ 'هیندوسـتان' ســـادەترین پۆشـــاک لەبەر دەکات کە لە دوو مەتری خام زیاتر نەبووە، گاندی ئەوەندە بەخشـــندە و میهرەبان بوو کە دوژمنان و بکوژی خۆی ڕەها و ســەربەست کرد، بەوانەشـەوە کە باشـووری ئافریقیا ســـووکایەتیان پێکردووە، جا چ فیزیکی بووبێت و چ لە باری ڕۆحی و دەروونییەوە، ئامادە نەبوو لە زیندان ســزا بدرێن. ئەم هەمیشـــە ئەوی لا مەتەڵێکی ســـەیر و نامرۆیی بوو کە ئاخۆ چۆن پیـاوگەلێـک لەڕێی ســـووکـایەتیکردن بە هـاووڵاتی دیکەوە هەســـت بە شـــانازیی خۆیانەوە دەکەن. ئەم بڕوای بەوە بوو کە

هەندێک جار ئەگەر هاواریش نەکەین لە پای ستەم و چەوسانەوە، ئەگەری ئەوە زۆرترە کە دەنگمان باشـــتر و بەهێزتر بگاتە گوێی هەر هەمووان، چ دەســـتەڵاتدار و پێگەردار بن و چ ســـتەمدیدە و لانەواز!

+ گاندی زێدەهەستیار و مرۆڤپەرەوەر و ڕۆحانی بوو، سەبارەت بە هەستیاربوونی ئەو زاتە چیرۆکێکی سەیر و سەمەرەی هەبووە، کە هەر لە کتێبی ژیـاننـامەی خۆیـدا خوێنـدوومەتەوە، کتێبی " ئەزموونی من لەگەڵ هەقیقەتدا" کە یەکەمین کتێب بوو کە بوو بە مانیفێستی من بۆ ڕۆحپەروەری و بوون بە ئینسانێک کە نارسیست و خۆپەرســت و شــەڕانگێز نەبم. دەخوازم بگەڕێمەوە ســەر ئەو سەرگوزشتەی کە گاندی بە قەڵەمی خۆی دەنێو دوتوێی ئەم کتێبە ناوەزەکەیدا یاداشــتی کردووە، چیرۆک و ســەرگوزشــتەیەکە کە ئینسـانیبوون و هەسـتیاری گاندی دەسـلەمێنێت. مەرجە بزانین کە نەریتی ژنهێنان و شـووکردن لە هیندوستان لە تەمەنێکی هەرزەیی سـاز و ئامادە دەکرا، بە واتا کچان و کوڕان بەر لەوەی باڵق بن و خۆیان بناسن، یان دایکم واتەنی؛ بەر لەوەی شەیتانی بن، کچان و کوڕان لێکتری مارە دەکران، خانەوادەی گاندی سـوور و مکوڕ بن کە کچۆڵەیەکی خزمی خۆی دەقەبەڵی گاندی بکرێت کە ئەوســـا تەمەنی دوازدە ســـاڵ بوو، نەوبووکەش چکۆلەتر، ئیدی کەماڵبات و خانەوادە بڕیاریان دابێ، بووک و زاوا بۆیان نەبوو ســـەرپێچی بکەن و هەڵبوەشـــیننەوە، مەحاڵ بووە، ئەم نەریتە بە دەورانێکی زۆر لە کوردســتانی ئێمەشــدا پەیڕەو دەکرا، هۆکار و فاکتەرەکان زۆرن بۆ بوونی ئەم نەریتە خراپە، بە دیـدگـای من، کە لێرەدا جێگای باس و خواسی ئێمە نییە!

گاندی ملکەچ دەکات، گەرچی منگەمنگ و نارەزایی دەردەبڕێت، چونکە گاندی مێرمندالێکی وریا و هەستیار بوو، ئەندامانی خانەوادە زەماوەندەکەیان بە زۆردارەکی سەپاند بەسەر 'گاندی' نابەدڵ قایل بوو، دیارە بووک وەک بەرخی قوربانی دەبوو ملکەچ بیت کە بەر لە بوون بە بووک، سەدان خەمۆڵەی وەک خۆی بینیوە، کە هەر بەم نەریتەدا مامەڵەیان دەگەڵ کراوە. گاندی بە غەمناکی باس لەو زەماوەندە دەکات کە دیمەن و دۆخەکە هەم تراژیک و کارەساتبار و دراماتیکی بووە و هەم کۆمێدی و گاڵتەجارِی و مایەی مەزاق و قۆشمە بووە، ئاخر نە گاندی و نەوبووکی کە لەکەوێت نەیانزانیووە چی بکەن و لەکوێوە دەستپێبکەن، بەهەر حاڵ؛ وەک گاندی دەیگێڕیتەوە، کە چەندین ساڵ بۆ خۆیان عاقڵ لە ناو پەردەی بووکێنی و زاواییەتی، وەک خوشک و برا ژیاون، نەک ژن و مێرد، ئاخر خۆ دەبوو هەردووکیان بالق ببن و خۆ بناسن، کۆی خزم و خوێش و دەرودراوسێ خۆیان سەغڵەت نەکردووە، وەک زاوا و بووکێکی نەزۆک چاویان لەو دوو بەستەزمانانە کردووە!

ئیدی دواتر و درەنگ وەختێک منداڵیان دەبێت؛ خۆشی لە خۆیان و ئەندامانی خانەوادە، بەڵام... بەڵام؛ دوای بوون بە ژن و مێرد وەک عامی خەڵکەکە زیندەگییەکی ئارام بەڕێدەکەن و دەبنە دایک و باب وەک خەڵکی. جارێکیان باوکی گاندی نەخۆشییەکی کوشندە پرزە و هێزی لێدەبڕێت، گاندی و خانمەکەی خزمەتی دەکەن، چاک نابێتەوە و تا بێت خراپتر دەبێت، گاندی وەک 'میزراح' بە دەوری باوی خۆی دەسووڕێتەوە، ئیدی باوکە خزمەتکردنی پیرۆزە، حاڵی باوکی دەگاتە سەرەمەرگ و هەناسەبڕکێ و ئاویلکەدان، گاندی

ڕۆژانی بە شـــێوەیەکی کۆنەباو هەم بەدەنی دەشـــێلێت، ئەوکات گاندی تەمەنی لە بیســـت ســـاڵی تێپەڕ دەکات و خورت و بەهێز بووە، بەر لەوەی بمرێت، ڕۆژێکی دوورودرێژ گـانـدی واز لەوە ناهێنێت خزمەتی بکات، بە تایبەتی گاندی شـارەزای "یۆگا" بووە و زانیوویەتی چلۆن بـاوکی ئـارام بکـات، ئیـدی دەمەو ئێوارەیەک گاندی بەدەم شێلانی باوکی هەوەس و شـەهەوتی دەبزوێت و واز لە شـــێلانی بـاوکی دەهێنێـت و بەپەلە دەچێتە لای خـانمە زێدە شـــەرمنەکەی، کە ئیدی خانمەکەی ســـاز و ئامادە دەبێت و گاندی حەز و هەوەســـەکەی کپ دەبێتەوە، بە پەلە دەچێتەوە لای باوکی کە لەسەر پێخەفی مەرگ خامۆشە، دەیدوێنێت و نەوازشی دەکات، وەک ئەوەی دەمێک ســـاڵ بێت مردبێت، گـانـدی هەســـتێکی گوناهباری کوشـندە دایدەگرێت، خانمەکەشـی دڵی دەداتەوە، دوای کفن و دفن و ناشـتنی، ئیدی ببڕای ببڕ ناچیتەوە سـەر سـیسـەمی جووتبوون و کەیف و سەفا..!

ئیدی گاندی خورت و هێشتا لاو و شەنگ و بە تین و تاو، دوا ڕاز و بڕیاری خۆی بە هـاوســـەرەکەی ڕادەگەیێنێت وەک هەســـتی گونـاهبـاری کە گوایە نەدەبوو بۆ هەوەســـێکی هـاکەزایی بـاوکی بەجێهێشـتبا، هەسـتی گوناهبارییەکەی زۆر سـەیر و شـەرمەزاری بەدواوە بووە؛ ئـاخ چلۆن دەبێـت گـانـدی ڕۆحپەروەر لە میـانەی شـێلانی هەموو گیانی باوکی، زەوقی هەوەس-هەژێنی ئاگر بگرێت و شـــەهوەتێکی نـاوەخت وای لێبکات بـاوکە بەجێبێڵێت و بچێتە باوەشـــی ژنەکەی بۆ ڕامووســـان و گەوز گەوزانی؟ ئیدی ناچار دەبێـت ڕازونیـازی دڵی خۆی بۆ خـانمە خـامۆش و شـــەرمن و ســـەنگینەکەی بدرکێنێت، گاندی بە غەمێکی قووڵ و بە نەزاکەتەوە

و به زیرەکی و هەســـتیارییەوە کۆی دۆخی دەروونی و هەســـتی گوناهباری بۆ ژنەکەی دەدرکێنێت، دوا بڕیارەکەی بەوە کۆتایی دێنێت کە ئیدی چیدیکە ئامادە نییە سەرجێی دەگەڵ ژنەکەی بکات، بەڵکو مەرجە هەر یەکەیان بە تەنیا بخەوێت و هیچ ئاوێتەبوونێک لە نێوانیـانـدا نەمێنێـت، بەڵام گـانـدی دەخوازێـت جوامێر و مێرخاســبێت و بە خانمەکەی دەڵێت کە وەک ژنێکی گەنج و جوان بۆی هەیە بە یەکجاری ژیانێکی دیکە هەڵبژێرێت کە ماف و هەقی خۆییەتی، چونکە ئەم وەک پیاوێک ناخوازێت هیچ خانمێک دەگەڵیدا بژی!

خانمە زێدەسەنگین و خامۆشەکەی لە وەڵامدا باگۆی دەداتەوە، کە ئەم وەک ژنێکی ڕۆحپەروەر مەرجەکەی گاندی پەســـند دەکات، بەڵام... بەڵام ئەویش تکایەکی دەبێت لە گاندی کە ئاخۆ دەکرێت وەک هاوڕێ و هاوخەم و هاودەمی گاندی قایل بێت و هەر لەو ماڵەش بمێنێت و هاوسەفەر و هاوژینی گاندی بێت و هیچی دیکەی لێناوێت، گاندی ســەری ئەرێنی دەلەقێنێت و ســەری ماچ دەکات و وەک نەریتی هیندۆسـی دەنووشـتێتەوە بۆ نەوازش و کڕنۆشـبردن بۆ کەوشـەکانی، خانمەکەی بە نەزاکەتەوە هەنگاوێک دەکشێتەوە و چاوەکانی تەڕ دەبن بە فرمێســک و ئیدی تا دوا هەناســە یەکتری بەجێنـاهێڵن و لێکـدی دانـابڕێن؛ بێ ڕاموســـــان و تەمـاس و ئاوێتەبوونی جەســتەیی، بەڵام... بەڵام لە باری دەروونی و ڕۆحی و کۆمەڵایەتی پەیـام و پەیمـانێکی مەزن لەســـەر هەمـان پردی خۆشەویستی و میهر و سۆز و ئینسانی ئاوێزانی یەکتری دەبن بۆ هەتا هەتایە!

+ جارێکیان لە بۆنەیەکدا کە هەمیشە پەیوەست بووە بە دانوسان و گفتوگۆ سەبارەت بە کێشە و گرفتی داگیرکردنی هیندوستان بوو لە لایەن "ئینگلتەرە"، قوتابیانی زانکۆ "لەندەن" ئەو دەرفەت و هەلە دەقۆزنەوە و بانگهێشتی دەکەن، ئەویش هەر بەو جل و بەرگە سادە و خاکەڕاکەی خۆی چوو ناو هۆڵی میوانداری، دیدارێکی تاقانە و دەگمەن بووە، ئەوەی لە بیری من مابێت دوای نیوسەدە ئەوە بوو کە پرسیارێکی زۆریان لە گاندی کرد، کە من یەک و دوو دانەیانم لە یاد ماوە، قوتابییەکان ڕێک دەکەون کە پرسیارێکی تایبەتی و سەیر و سەمەرەی لێبکەن، پرسیارەکەش بەمجۆرە بووە کە مەرجە گاندی وەڵامی بداتەوە.

پرسیار: بەڕێز ماهاتما گاندی ئێوە بۆچی 'مانگا' دەپەرستن و ڕیخەکەی بە دەرمان تێدەگەن و لە خۆتانی هەڵدەسوون، لە شەقامەکانی خۆتان خەڵک و ماشێن/ ئۆتۆمۆبێل دەوەستن تاوەک مانگاکە بە حەساوەیی بپەڕێتەوە؟

گاندی: بەڕێزان سوپاستان دەکەم بۆ پرسیارێک کە لە زۆر شوێندا ڕووبەڕووی دەبمەوە، کە پتر بە مەزاق و لاقرتێ و گاڵتەجاڕییەوە بۆمی هەڵدەدەن، پێویستە بیرتان نەچێت کە زۆرینەتان، بگرە دایکان و باوکانی و هەر هەمووتان لەسەر بەرهەمی شیر و بەشەکانی وەک ماست و پەنیر و ژاژی و هی دیکەش کە هەو زادەی شیری مانگایە، بە ڕاستی ئێمە مانگا ناپەرستین، هەرگیزاو هەرگیز، بەڵکو وەک ئینسان مەردمگەلی ئێمە، بە منیشەوە ڕێز لە مانگا و هەر ئاژەڵ و گیاندارێکی دیکە دەگرین کە خێر و بێر و بەرهەمەکانی دەبەخشن بە ئێمە، دەتوانم دەیان و چەندین شێوە و چەشن مانگا و مەڕ و بزن پەلەوەری وەک مریشک و باقی کۆی

گیاندارەکان خێر و قازانج بە ئێمە دەگەیێنن، ئەوان دراوسـێ و وەک ئێمە لێرە پێکەوە جێنشـینین، ئێمە خوداوەندی خۆمان هەیە بۆ پەرسـتن، سـەرباری بوونی کتێبی پیرۆزی خۆمان و خەڵکانی دیکە کە "گیتا" / یان جیتا"، دەتوانم قسـە و باسـێکی زۆر بۆ ئێوە باس بکەم کە بێ ئەو گیاندار و پەلەوەرانی دەوروبەرمان نەبێت، ژیان و زیندەگیمان کوشـندە و بگرە مەحاڵیش دەبوو، وا بزانم بە قەد و ڕادەی پێویست وەڵامی هەمووتانم داوەتەوە!

هەڵبەتە بە ڕێزەوە کۆی قوتابییەکان هەستانە سەر پێ.

+ لە ڕاسـتیدا، سـوپاسـی ئەو ڕێکەوتە دەکەم کە لە کتێبخانەی گشـتی هەولێر توانیم دەسـتم ڕابگات بە کتێبی زێدە جیاواز و ناوازەکەی کە دوای نیوسەدەیە لە یادی من نەچووە؛ لەژێر ناوی: "ئەزموونی من لەگەڵ هەقیقەت. دیارە من لەناو خەڵکانی سـەر بە فیکر و فەلسـەفە و فەرهەنگی نێو نەتەوەیی، بۆ من یەکەمین مامۆسـتای مەزن و مرۆڤپەروەر و نەمر و جاویدانی بۆ هەمیشـە، ئەم نووسـینە جێگای ئەوەی تێدا نابێتەوە کە بیژمێرم ئەو زاتە چەندە خەسـڵەت و خوو و خدەی فێرکردوون کە تا ئێسـتاکێ پەیڕەوی لێدەکەم، ئەمەکدار و قەرزاری ئەو مرۆڤەی کە وایکرد شـەو و ڕۆژ تێبکۆشـم کە سـادە و خاکەڕا بم، مرۆدۆسـتی و ژیاندۆسـتی لە یەکدی جودا نەکەمەوە، لە تەنیایی و هەقبێژی نەترسـم، چونکە نابێـت بیرم بچێتەوە کە 'ترس' لە مەرگ ناشـیرینترە. ئەوە گاندی بوو فێری کردم کە مێشـکی من ژوورێک بێت کە چەندین پەنجەرەی کراوەی تێدا بێت بۆ ئەوەی شـنەبای پاک لە هەر هەموو پەنجەرەکانەوە بێتە ژوورەکەم، لێنەگەڕێم هیچ

کامیان لە شـــوێنی خۆیەوە فاقە و تەڵە و تەپکە و داو و بەندم بۆ دادەنەنێت و فریوم بدات بۆ هەمیشە!

+ هەر خۆی بوو کە فێری کردم مەرجە بزانم سـامان و ڕەوشـت پەیوەندییەکی دژوار و پێچەوانەیـان لەگەڵ یەکتری هەیە، کـاتێک یەکێکیان بەرز بێتەوە، ئەوەی دیکەیان بەرەو نزمی دەڕوات..!

+ جارێکیان بەوە سەرسامی گاندی بووم کە هاوڕێ هەرە پاک و ئەمەکدارەی کە لە دوای ڕزگاکردنی هیندوستان کردی بە "سەرۆک وەزیرانی خۆی'، ئەویش؛ "جەواهیر لال نەهرۆ" بوو کە کچێکی هەبوو بە نـاوی ئەنـدێرا، کە بە ئەنـدێرا گـانـدی نـاســـرا، دیـارە 'جەواهیر لال نەهرۆ بە شـانازییەوە ناوی کچە تاقانەکەی بەخشـی بە هاوڕێی گیانی بە گیانی خۆی کە گاندی بوو، ئەفســـووس کە خودی گاندی و هەم 'ئەندێرا گاندی' کە هەردووکیان کوژران بە دەســـتی تیرۆرســـتە مەزهەبزەدەکان کە دژە ئاشـــتی بوون.. کە ئەوکات موسـڵمان و هیندۆسـەکان وەک دوو بەرەی خوێناوی تیم و گروپی خوێنـاوی بوون کە زۆریـان لە یەکتری کوشـــــت کە کاریگەری نەرێنی و نێگەتیڤ تاوەکو ئێستاکێ ئاسەواری ماوە!

+ گاندی ناحەز و دڕدۆنگ بوو بەرانبەر درۆ و شـــتگەلی فاڵســـۆ سـاختە، لە ڕوانگەی ئەودا؛ درۆ وەک لم وایە، ناتوانێت بناغەیەکی پتەو و دامەزراو دروســـت ناکات، چونکە هەر شـــتێکی لەســـەر دروست بکەیت، لەرزۆک و شلۆقە و جێگای متمانە نییە، خۆ ئەگەر لەســـەر کەڵەکەکردنی بەردەوام بیـت؛ لە کۆتـایی قەڵا لمینەکەت بەسەر سەری خۆتدا دادەڕمێت و مایەپووچ دەبێت!

+ گاندی زێدە هەسـتیار بوو بەرانبەر بە جیاوازی خەڵکی لەسـەر ئاسـتی ئابووری کە بڕبڕەی پشـتی مانەوە و ژیان و بونیادی ئێمە

لەســـــەر ئەم ســـــەرزەمینە، بە تایبەتی کە دەبێت بە پارێزەر لە باشووری ئافریقیا، دیارە کە خودی هیندوستان بە ملیۆنان خەڵکی هەژار و نەدار و بێ دەرامەت دەژین، هەڵبەتە باشـــووری ئافریقیا بۆ داگیرکارانی ئاوروپایی بەهەشـــت بووە، هەمان خۆشـــگوزەرانی جەنەڕاڵ و دارودەستەکی سوپای ئینگلیزی کە خواهانە و شـاهانە دەژیان، کە من لە ڕاپۆرتێکدا خوێنمەوە لە شـەسـتەکانی سـەدەی بیســـــتەم کە بە ســـــەدان لە ژنان و کچانی هیندوســـــتان خۆیان کوشـتووە، چونکە نییە مەتر قوماشـیان نەبووە سـینە و مەمک و عەورەتی خۆیان پێداپۆشـــــن، لە کاتێکدا چین و توێژی "میهراجا" کانی هیندوســـــتان بە باری حوشـــــتر و بارگیر ئاڵتوون و زیویان بارکردووە بۆ فرۆشـــــتن و کڕین، "میهراجاکان" دەوڵەمەندی ئەو ڕۆژگارە بوون، من ئەو کات کون بە کون دەگەڕام کە بزانم چلۆن دەژین کە کوڕە لاوێکی زیـت و کونجکۆڵ بووم، حەزم بە خوێندنەوەی مێژووی میللەتـانی دونیـام دەخوێندەوە، لە میـانەی خوێندنەوەی بەردەوامی خۆم ئاگاداری ســـتەم و چەوســـــانەوەی هەزاران لە خەڵکی بووم کە ژیـانێکی کولەمەرگی دەژیـان و هەنووکەش دەژین. هەر ئەوســـا لە میانەی خوێندنەوەمدا زانیم لە پەنجاکانی ســــەدەی بیســــتەم ســــەد هەزار لە ژنان و کچانی هیندوستان دەبوو ببن بۆ سۆزانی و هەوەسفرۆش، لە هەمان کاتدا جەنەڕاڵی ئینگیلز و سەربازەکانیان بە پارە کچان و ژنانی شـۆخ و شـــــەنگیان دەکڕی بۆ گەرمکردنەوەی پێخەفی خۆیان، کە چەندین فیلم و ســــریـال و ڕۆمـان و چیرۆک هەن کە نـاوەڕۆکەکـانیـان چەوســـــاندنەوەی ژنان و کچان بوون لە باری ســــێکســــواڵی و هەوەسـبازانی ئینگلیز، هەر ئەوسـا گاندی لە خەمی خەڵک و خاکی

خۆی بڕیاردا کە ئیدی لەتەل خانمەکەی نەخەوێت کە هێشتا گەنج و خورت بوو.
من بیرمە لە پەنجەکانی سەدەی بیستەم سەد هەزار هەوەسفرۆش کە بە سۆزانی ناسرا بوون و ناسنامە و کاریان لە کارتی ئایندنتیتی نووسران بوو (سۆزانی) کە جارێکیان کەوتنە خۆپیشاندان/ موزاهەرە، کە داوایان کرد پارەی هەوەسفرۆشی هیچیان ناگاتە ئەوەی کە ژیان و زیندەگی خۆیان وماڵ و منداڵەکانیان دابین بکەن، نیوسەدە دەبێت ڕەسمی ئەو خۆپیشاندانەی هەوەسفرۆشەکان هەڵگرتووە لە ئارشیفی خۆم، بگرە لە هەنووکەدا لە ئاوروپا و "ڕۆژئاوا" قازانج و خێروبێری هەوەسفرۆشی لە قازانجی چەک و چەکباری پتر، کە لە هەنووکەدا ئەو خانمانە سەر بە وڵاتانی هەژارنشینن، کە لە بری وشەی 'سۆزانی' و 'قەحپە' و 'لەشفرۆش' نەماوە و هەڵگیراوە، بەڵکو ناوێکی دیکەیان لێناون کە ئەویش وشە و دەستەواژەیەکی کوشندە و ناشرینترە، پێیان دەڵێن(کۆیلەی سپی). کەواتە من ناتوانم بڵێم شارستانییەتێکی بێ کەموکوڕی هەیە لە "ڕۆژئاوا" و ئاوروپا.. ئەفسووس و جەخار و حەیف و سەد موخابن..!!!
+ لە پای ئەو خەمخۆرییەی گاندی کە هەمیشە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە یەکسانی و دادپەرەری و ئازادی و مرۆدۆستی و حەیواندۆستیشی بۆ گرنگ بوو، کە ئەم کۆتەیشنە هی گاندی –ییە کە دەینووسم: بە فیرۆدانی هەر شتێک لە خوویەکی خراپەکارییە و زێدە نامرۆییە، ئاخر بە فیرۆدانەکە دەربڕی بێباکی و ملهوڕی و بووغرابوونە، لەسەر ئاستی هەر هەموو دونیا، بەڵکو توندوتیژی

و تێکدانی کۆی سروشتی جوانی سەر ئەم ئەستێرەیە کە ئێمە لەسەری دەژین.

سەرنجێک: بۆ من گرنگ بوو کە باس لەو ئەزموونە کەموکورتەی خۆم بکەم سەبارەت بە خودی "ماهاتما گاندی" کە ئەوسا هێشتا مێرمندالْ بوو و تازە خەتی سمێلْم دادەنا، هەزاران لاپەڕەی دیکە بنووسم پەیوەست بەو ئینسانە کە لە ماوەی چەندین سەدە ناخولْقێت، ڕەنگە تەنها خودی "نێلسن ماندێلا" هاوکووف و هاوتای گاندی بووبێت کە هەردووکیان تەمەنی خۆیان تەرخان کرد بە ئاشتییەوانی و نەهێشتنی توندوتیژی و زەبر و زەنگ مەردمگەل دژی توخم و ڕەگەزەکەی خۆی، یان دلْڕەقی مرۆڤ دژ بە ژینگە و ئەو جوگرافیایەی تێیدا دەژین، دیارە ئەم زاتە مەزنە ڕووەکخۆر بوو، لە تەمەنێکی مێرمندالْییەوە و بە درێژایی ژیانی واز لە گۆشتخواردن دێنێت.

سوپاسنامە: سلاْو دۆستانی زێدە ئازیزانم، سەرەتا دەخوازم سوپاسی هاوڕێم "شەفیقی حاجی خدر" بکەم کە وەک هەمیشە بە نووسین و وەرگێڕانی دانسقە و ناوازە بەسەرمان دەکاتەوە، کە ئەمن بۆ خۆم خوێنەری بەردەوامی ئوستاد "شەفیق"م. بەلْێن بوو کە من پێشەکییەکی کورت و پوخت بنووسم و بەس، بەلاْم کە کتێبەکەی دامی لەژێر ناوی ( کتێبی ئاوەز/ یازدە وانەی ژیان لە باپیرەم " ماهاتما گاندی": لە نووسینی {ئارون گاندی} و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە؛ شەفیقی حاجی خدر.

دیارە جێگای شانازیمە کە متمانەی بە من کردووە بۆ پێداچوونەوە و شەنوکەوکردنی، هەلْبەتە منیش بە دلْ و کولْەوە مشتومالْم کرد کە بە هەق کەمترین دەستکاری نەویستووە، بەلاْم خودی کتێبەکە

بۆ من دەگمەن و دڵنشـــین بوو، بە ئەنـدازەیەک کە وایکرد پێشـەکییەکی تێر و تەسـەلی بۆ بکەم کە پتر باس و خواسـێکە من چۆن "ماهاتما گاندی" ناسیوە کە وایکرد نزیکەی چوار هەزار وشـە یاداشـت بکەم، دیارە خودی کتێبەکە یازدە وانەی تێدایە سـەبارەت بە ژیانی " ماهاتما گاندی".

ئەمن نەمویسـت خوێندنەوە بۆ هەر هەموو وانەکانی 'گاندی' بکەم، چونکە خودی کوڕەزای گـانـدی کە پێنجەمین نەوەی 'گـانـدی'یە نووسـەری ژیاننامەی گاندی –یە و لە مێرمنداڵییەوە وەک سـێبەر بە دوای بـاپیرەی خۆییەوە بووە، زۆر بە وردی و ئەمەک و ڕاسـتگۆییەوە ژیانی باپیرەی دەگێڕێتەوە، هاوکات شـەن و کەوی هەر یـازدە وانەکە دەکـات و خوێـندنەوەیەکی ورد و زیرەکـانەی هەبووە بۆ فیکر و فەلسـەفە و باری ڕۆحی گاندی بۆ ئێمە دەخاتە ڕوو، کەواتە نەدەبوو منی خوێنەر و نووسـەر بێمە هەمـان یادەوەری و سـەرگوزشـتەی "ئارۆن" و کۆی بایۆگرافی باپیرەی لە بری (ئـارون) دووبـارەی بکەمەوە کە پێویسـتی نەدەکرد، من متمانەم هەیە کە ئیدی لە ئێسـتاکەوە دەستوبردی لێبکرێت بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە بە تیراژێکی وا کەمتر نەبێت لە هەزار دانە، گەرچی دەشـزانین کەمدەرامەتی و نادارایی لە پای گەندەڵی وایکردووە کەمترین ڕێز بۆ بەرهەمی ئەدەبی و فیکری و باقی ژانرەکانی دیکە نەماوە لە وڵاتی خاک-خەسار..!

**سەرەتای پایزی/ ٢٠٢٤**

## باپۆجییەت بە زمانە کوردییە جوانەکەی شەفیقی حاجی خدر

د.محەمەد تەها حوسێن

شـــــەفیقی حاجی خدر لەم دوو دەیەیەی دوایی بەهێزێکی ترەوە هـاتۆتـە مـەیدانی فـەرهـەنگی و تیاشـــــیدا بواری وەرگێڕانەوە، لـە هەڵبژاردنی بابەتەکانیدا ورد ئەو جۆرە بەرهەمانە دیاردەکا، کە لە نێوەندەکانی ئەکادیمیا و ڕۆشـنبیری ئێمەدا پێویسـتن. بۆ زیاتر لە سـی و سـێ سـاڵ دەچێ دەیناسـم و هەسـتم بەوە کردووە زۆر خەمخۆری مانەوەی خۆیەتی لەنێوەندی ڕۆشـــــنبیری و پەرە بە خۆدان تیایدا و لەو بەســـتێنەشـــدا بووەتە دەنگێک و لەپاڵ دەنگە جوانەکانی وەرگێڕاندا ناوێکی دیارە.

لە وەرگێڕانی ئەم دواییەیدا کاک شـەفیق(کتێبی ئاوەز... ١١ وانەی ژیان لە مەهاتما غاندی باپیرمەوە) کە یاداشـــتنامەی ئارۆن گاندی نەوەی گاندیە، بەشـــێوەیەکی تر خۆی وەک وەرگێڕێکی بواری مێژوو دەرخسـتووە و ئەمجارەیان سـیسـتمێکی ژیانمان یا باشـتر وایە بڵێم ژیاننامەی کەســێکی کاریزمیمان وەک شــێوازێک بۆ ژیانێکی لێبووردەیانە دەخاتە بەرچاو و زەین و ئەو پیاوەی کە

(باپوجی)ه بە گەورەیی خۆی بە زمانێکی کوردیی پاراو و ڕەوان بە خوێنەران دەناسێنێ.
گاندیزم لە چەمکی تۆلیرانس جیاواز نیە و لە ڕاســتیشــدا ناکرێ قســە لەبارەی هزر و فەلســەفەی لێبوردەیی(تۆلیرانس) بکەی و لە دووتوێیدا گاندی ناوی پێشــەنگ و ســەرەکی نەبێ تیایدا، بۆیە ئەم کتێبەم کە خوێندەوە جارێ نەگەیشــتبوومە کۆتاییەکەی ئەو قەناعەتەم لا ســـاز بوو، کە دەکرێ دوور لە هەر لێکدانەوەیەکی ئیدیۆلۆجی باپۆجییەت(گاندیزم) لە تەواوی دنیادا وەک فەلسەفە لە قۆناغەکانی خوێندن و ســیســتمی پەروەردەییاندا جێی دیاری بۆ تەرخان بکرێ، چون ســتراتیژی ســـەرەکیی لەپاڵ ڕزگاریی هیندســـتنان هێنانە کایەی کۆســـمۆپۆلیتیزمە و ئەمەش لە خۆیدا بردنەوەی مرۆڤایەتیە بۆ ســـەر یەک ڕەچەڵەک و یەک خێزان.
مرۆڤ لای گاندی ئەگەر عەقڵ و توانای قســـە و گوفتاری لێ بستێنرێتەوە لاوازترین زیندەوەرە، کە ئەمانەشی هەن ئیدی دەبێ قسە زاڵی سەر زەبر و زەنگ بێ.
لای گاندی فۆڕمی تێکۆشـــانی لێبووردەیی هیندســـتانێکی هێنا ئارا ئێســـتاش بە ســـەیرترین دیموکراســـی دادەنرێ و هاوکێشـــەی (هەژاری- نادیموکراســـی) و (دەوڵەمەندیی -دیموکراســـی) هەڵگێڕایەوە و لەوەی گەیاندین کە ئازادیی بە نەرم و نیانیش وەدیدێت و مەرج نیە لە پێناویدا ڕووبار و دەریای خوێن بڕژێت، ئەو تووڕەیی وەک هێزێک بۆ هێنانە ئارای ئاســـوودەیی بەکاردەهێنا، نەیدەهێشت لە تووڕەییدا شتەکان و دنیا تێکبشکێن،

بـەڵکو تورەییش وەک هـەڵچوون لـە پرۆژەی بنیـاتنـانی گیـانی لێبووردەیی لە هەڵچوونەکانی تر کەمتر نیە.
من لە زمانە بێ گرێکەی ئەم وەرگێڕانەی کوڕەکەی حاجی خدردا چێژێکی زۆرم وەرگرت و لـە ڕاستیشدا لـەتـەک گرنگی هەڵبژاردنەکەی جوانیی زمانەکەشی بەرز دەنرخێنم و زۆر سوپاس کاک شەفیق کە لە ستراتیجی وەرگێڕانندا پلانی خۆت هەیە و هەروا بە ڕێکەوت ناکەویتە سەر بابەت بۆ وەرگێڕان.

**هەولێر**

**١ی ئازاری ٢٠٢٥**

## پێشبەند

## وانەکانی باپیرەم

ئێمە ڕۆیشـــتین تا ســـەردانی باپیرەمان بکەین. بۆ من ئەو، ئەو ماهاتما گاندییە مەزنە نەبوو، کە جیهان بە چاوی ڕێزەوە ســەیری دەکرد، بەڵکو بۆ من ئەو هەر بە تەنهــا "بــاپوجی"[٢] بوو. ئەو باپیرەیەی زۆر جار دایبابم باســیان دەکرد. لەماڵەکەی خۆشــمان لە باشــووری ئەفریقاوە بۆ هیندســتان گەشــتێکی دوورودرێژ بوو. ئێمە دەبووایە لە مۆمبایەوە ســـواری قیتار بووباین، دوای ئەوەی گەشتێکی شازدە سەعاتیمان بە کەشتی بڕیبوو، ئەوە بوو سواری وارگۆنی نمرە ســێی قیتارێکی پڕ لە حەشـــامات بووین، نـاو فــارگۆنەکە پڕ بوو لە دووکەڵی جگەرە و بۆنی ئــارەقە و ئەو دووکەڵەی لە مەکینەی قیتــارەکە بەرز دەبووەوە. ئێمە هەموو ماندوو و شـەکەت بووین، کاتێکیش گەیشتینە وێستگەی (واردها)، لەوێوە هەســـتێکی خۆشـــمان بۆ هات، ئاخر هەر هیچ نەبێ لە تەپوتۆزی خەڵوزەکەی قیتار ڕزگارمان بوو، پێمان خســتە ســەر شۆستەی وێستگەکە و هەوایەکی سازگارمان هەڵمژی.

---

[٢] BaPuji باپوجی لە زمانی هیندیدا بۆ ڕێزلێنان لە باوک و باپیر و یان کەسێکی ڕیشسپی دەگوترێ. دەکرێ لە کوردیدا باپیرە، بابە گەورە جێگەی بگرێتەوە. وەرگێڕ.

تـازە ســـەعـات بووبووە نۆی بەیـانی، بەڵام خۆ خۆر لە تـاقی ئاســمانێ بوو، دونیا گەرم بوو. وێســتگەی دابەزینەکەش هەر لە شــۆســتەی دابەزین و هۆدەیەکی بەرپرســی وێســتگەکە بەولاوە هیچی دیکە نەبوو، باوکم توانیبووی کۆڵبەرێک بە کراسێکی سوور و مێزەرێکەوە بانگ بکا تا یارمەتیمـان بدا، هەگبە و کۆڵەکانمـان لەگەڵ هەڵبگرێ و بیگەیەنێتە بەردەمی وێســـتگەکە، لەوێشــــەوە بیانکاتە ناو گالیســـکەکە (لە هیندســـتان پێی دەڵێن تۆنگاس)، کە چـاوەڕێی دەکردین بـار بکـا. بـاوکم ئیلای خوشــــکە شـــــەش ســـاڵانەکەمی هەڵگرتوو و ســـواری گالیســـکەکەی کرد، داوای لە منیش کرد لە تەنیشتی سوار ببم. باوک و دایکیشم بە پێ لە دوای گالیسکەکەوە بڕۆن.

منیش گوتم؛ "کەواتە منیش بە پێ دەڕۆم."

بـاوکم بە ئـامـاژەوە پێی گوتم: "ئـاخر مەودایەکی درێژە، لەوانەیە هەشت میل بێ."

منیش لەســەر قســەکەم ســوور بووم: "بۆ من کێشــە نییە." ئەوکات هەر دوازدەســـــاڵان دەبووم و دیاربوو دەمەویســـــت خۆم وەک گەوران نیشان بدەم.

زۆریشــــی نەخایاند تا لەو بڕیارەم پەشــــیمان بوومەوە. ئاخر تا دەهات خۆرەتاو گەرمتر دەبوو، ڕێگاکەش هەر نزیکەی یەک میل لە وێســـتگەی قیتار بەولاوە قیرتاو کرابوو. هەرزوو ماندوو بووم و کەوتمە بن ئاووئارەقە، ســەرشــان و ملیشــم پیس بوون، تەپوتۆز و لمیش لەولاوە بوەستێ، لێ ئەوەشـم دەزانی ناتوانم ڕاکەم و باز بدەمە ســـەر ئەو گالیســـکانەی گامێش ڕایان دەکێشـــان. ڕێســـای ماڵەوەش وەها بوو، هەریەکێ قســـەیەکی کردبا، دەبووایە خاوەنی

قسەی خۆی بایە و بیگەیاندبایە سەر. گرنگ ئەوە بوو شکۆی خۆم پێ لە قاچەکانم درێژتربووایە، بۆیە دەبووایە درێژەم بە ڕۆیشتنەکەم بدابایە.

لە کۆتایدا لە کۆژین (ئەشرەم)ی[3] باپوجی[4] نزیک بوومەوە. هەرچۆنێک بێ، دوای ئەو سەفەرە دوورودرێژ و ئەو زۆر بە پێ ڕۆیشتنە، گەیشتینە ئەو شوێنە چەپەک و دوورە، ئەو شوێنە هەرە هەژارەی ناوچەرگەی هیندستان. من زۆرم لە بارەی جوانی و خۆشەویستی بیستبوو، کە باپیرەم بۆ دنیای بە دیاری هێناوە، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد، ئەو شوێنەی لێی دەژیا پڕ لە گوڵ و بیستان و تاقگەی ئاو بێ. لێ بە پێچەوانەوە، شوێنەکە تەخت، وشک و تەپوتۆزاوی دیار بوو، شوێنێک هیچ شتێکی سەرنجڕاکێشی تێدانەبوو، لێرەولەوێ کۆڵیتی قوڕین و دەشتێکی کراوە، ئاو بێنەو دەستان بشۆ. تۆ بڵێی من هاتبمە ئەو شوێنە بەیارە قاقڕە، شوێنێک هیچ ئاماژەیەکی وەهای تێدا نەبێ، مرۆڤ بۆخۆی ڕابکێشێ؟ لای خۆم وەهام دانابوو، هەر بەلای کەمی ئاهەنگێکی پێشوازیش بۆ خێرهاتنمان ساز کرابێ، بەڵام دیاربوو

---

[3]ئەشرەم :ashram ئەو شوینە ژیانە (گوندە) هەروەوەزییە دینی و کۆمەڵایەتیەیە لە هیندستان، کە خەڵک بە کۆمەڵ تێیدا دەژی. وشەکە هیندییە و لە کتێبەکە و لە وەرگێڕانە هۆڵەندییەکەش هەر هەمان وشە بەکارهێنراوە. منیش بە پێشنیازی کاک کاروان عارف کردمە کۆژین. وەرگێڕ

[4]باپوجی: باپیرە ، بابەگەورە، ئەم وشەیە لە هیندستان بۆ وەک ڕێز بۆ پیرەمێرد بەکاردەهێنرێ، لەم کتێبەشدا باپوجی بۆ گاندی بەکار هاتووە، منیش وشەکەم وەک خۆی دانایەوە. وەرگێڕ

کەس گوێی بە گەیشتنی ئێمە نەدا. لە دایکم پرسی: "ئەرێ کوا خەڵک، لەکوێن؟"

هەرچۆنێک بێ، ئێمە چووینە کۆڵیتێکی سادە، لەوێ ئاوێکم بەخۆم داکرد و دەموچاوم لە تەپوتۆز پاک کردەوە. پێشتر جارێکیان باپوجیم دیبوو، ئەوکات تەمەنم پێنج ساڵان بوو، بەڵام سەردانەکەی گۆرینێم بیرناکەوێتەوە، هەنووکەش هەندێ لە بارەی ئەو دیدارەمان شڵەژا بووم. دایبابم ڕایانسپاردبووم لە کاتی دیدارەکەمدا، لەسەرم پێویستە بە جوانی ڕەفتار بنوێنم، چونکە ئەو پیاوێکی گرنگ و بەسام و سەڵواتە. تەنانەت لە باشووری ئەفریقاش خەڵک بە ڕێزەوە باسیان دەکرد و ناویان دەهێنا، ئیدی منیش لای خۆم وەهام هێنابووە بەرچاو، ئەو لێرە لە شوێنێکی ئەم کۆژینە کۆشک و سەرا وماڵێکی خۆشی تایبەتی هەیە تا لێی بژی، هەرچی دەوروبەریشە پڕیەتی لە کەسانی لایەنگری بەجۆشوخرۆش.

لێ من هێدمەگرتی بووم، کاتێک چووینە کۆڵیتێکی سادەی دیکە، ئینجا لەوێ لەو ناوکەوە[5] قوڕینەی کۆڵیتەکە و باپیرەم بینی، کە لە هۆدەیەک دەژیا، لە دە بە چواردە پێ زیاتر نەبوو. بەڵێ باپیرەم لەوێ لە گۆشەیەک، لەسەر تەنکەدۆشەکێکی لۆکە هەڵکوڕما بوو.

دواتر بۆم دەرکەوت کەسە مەزنەکان، ئەوانەی سەردانیان دەکرد، دەبوایە لە تەنیشت ئەو، چوارمەشقی لێی دابنیشن، ئەوسا ڕاوێژ لەگەڵ گاندی مەزن بکەن. لێ ئێستا باپیرەم کە ئێمەی بینی، بەدەم و لێوە بێ ددانەکانی خەندەیەکی بۆ کردین و بەخێری هێناین.

---

[5] ناوکەو: ئەرزیەی خانوو، پێچەوانەی بنمیچ.

بە گوێرەی دابونەریت دووبەدووی دایک و باوکمان، من و خوشکەکەم لێی چووینە پێش و خۆمان چەماندەوە تا دەست لە پێیەکانی بدەین. ئەو ئەم ڕەفتارەمانی بەدڵ نەبوو، هەر خێرا دەستی لێداین و هەڵیستاندینەوە تا باوەشێکی گەرمی پێدا بکەین. ئەو هەردوو لاڕوومەتی ماچ کردین و ئیلای خوشکیشم لە خۆشیاندا شاگەشکە و زۆر دڵخۆش بوو.

باپوجی پرسی: "ئەرێ سەفەرەکەتان چۆن بوو؟"

من ئەوەندە پەشۆکا بووم، زمانم تێکئالا، کاتێ گوتم: "باپوجی، من هەموو ڕێیەکە لە وێستگەی قیتارەوە تا ئێرە هەر بە پێیان هاتم."

ئەویش پێکەنی و چاوەکانی بریسکانەوە. "ئینجا گوتی: "ئاوەها؟ ئای چەند شانازیت پێوە دەکەم." ئەمەی گوت و ڕوومەتی دامە بەر ماچان.

دەستبەجێش هەستم بە خۆشەویستییە بێ قەیدوشەرتەکەی کرد، ئەمەش بۆ من ئەو پیرۆزییە بوو کە بە دڵ تەمەننامان دەکرد.

لێ گەلۆ، خۆ هێشتا زۆر پیرۆزیی دیکە مابوون.

دایبابم و ئیلا چەند ڕۆژێکی دیکە لە کۆژینەکە مانەوە، ئەوەش بەرلەوەی لە بەشەکەی دیکەی هیندستان سەرێک لە ماڵباتە مەزنەکەی دایکم بدەن. من دەبوو لەگەڵ باپوجیدا دوو ساڵی دیکە بمێنمەوە، لەگەڵ ئەو بژیم و هەر لەگەڵ ئەویشدا هاتوچۆ بکەم، ئیدی من لە منداڵێکی ساویلکەوی دوازدە ساڵانەوە بوومە گەنجیکی فامداری چواردە ساڵی. لەو کاتەدا ئەو وانانە لەو فێربووم، کە بۆ هەمیشە ئاراستەی ژیانی منیان گۆڕی.

زۆر جار باپوجی خەڕەکێکی چنینی لە تەنیشت بوو، منیش حەزم لێبوو ژیانی ئەو بەو داوە ئاڵتوونیانەی چیرۆک و دەرسەکانی

بچوێنم، کە بۆ نەوە لە دوای نەوە ڕایەڵەکانی ژیانی ئێمە بەهێز و بەهێزتر کرد. ئێستاش زۆر خەڵک هەر تەنها لە ڕێی سینەماوە باپیرەم دەناسن، یان بزووتنەوە ناتوندوتیژییەکەی ئەویان بیردێتەوە، ئەوەی لە کۆتاییدا ئەوی گەیاندە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یارمەتیدەریش بوو بۆ بەدیهێنانی مافە مەدەنییەکان. من ئەوم وەک باپیرەیەکی خۆشەویستی باوەشگەرم ناسی، کە بە دوای جەوهەری مندا دەگەڕا و هەر ئەو جەوهەرانەشی پێدامەوە. ئەو دنەی گیانی من و چەندانی دیکەی دەدا بۆ ئەوەی لەو شتانەی چاوەڕێمان دەکرد و خەیاڵمان بۆیان دەچوو باشتر بین. ئەو لە خەمی دادپەروەریی سیاسیدا بوو، بەڵام وەنەبێ ئەم پەیامەشی لەسەر بنەمای ڕوانینی تیۆرییانەوە بێ، بەڵکو ئەو بە کردەوە تێدەگەیشت و ڕەنجی دەدا تا تاک بە تاکمان فێر بکا. ئەو هەموو ئێمەی وەها فێرکرد، ئەوەندەی بکرێ شایستەی باشترین شێوازی ژیان بین، ئەوەی مومکینە.

ئێمە ئێستا هەموومان، لە جاران پتر پێویستیمان بە وانەکانی ئەو هەیە. گەر باپیرم مابووایە، ئێستا لەوپەڕی تووڕەیی خۆیەوە لە جیهانی ئەمڕۆمان خەفەتی دەخوارد، لێ هەرگیز نائومێد نەدەبوو.

## سەرلەبەریی مرۆڤایەتی یەک خێزانە

چەند جاران لەسەر یەک ئەو پێی دەگوتم؛ "سەرلەبەریی مرۆڤایەتی یەک خێزانە،"

ئەو لە ڕۆژگاری خۆی ڕووبەڕووی مەترسی و ڕق وکینە بووەوە، لێ گەلۆ فەلســـەفە کردارییە ناتوندوتیژییەکەی ئەویش یارمەتی ڕزگارکردنی هیندســـتانی دا و لە ســـەرتاســـەری دونیاش بووە نموونەیەکی سەرمەشق بۆ گەیشتن بە ماف.
هەنووکەش پێویســتە واز لە شــەڕی یەکدی بهێنین بە شــێوەیەکی چالاکانە بە ڕووی ئەو مەترســییانە ببینەوە. تەقەکردن لە ئاپۆرای خەڵکی و بۆمبابارانی کوشــندە، بووەتە بەشــێکی ژیانی ڕاســتەقینە لە ئەمریکا. ئێمە بینیمان چۆن پۆلیس و خۆپیشــاندەری ئاشــیتخواز خەمســاردانە کوژران. منداڵان لە قوتابخانە و ســەر شــەقامەکان دەکوژرێن، سۆشیالمیدیاش بووەتە سەکۆیەک بۆ پەخشکردنی ڕق وکینە و دووبەرەکی. پۆلیسیش دنەی توندوتیژی و تووڕەیی دەدا، لە جیاتی ئەوەی بە دوای زەمینەیەکی هاوبەشدا بگەڕێ.
نموونەی ناتوندوتیژییانەی باپیرەم هەرگیز نە واتای پاســیڤی و نە نیشـــانەی لاوازی و زەبوونی بووە. ئەوەی ڕاســـتی بێ، ئەو نـاتونـدوتیژی وەک ڕێگەیەک دەبینی تـا تـاک ببێتە کەســـێکی ڕەوشـــتبەرز و ئاکاربەهێز، تا تواناتر بە پیر ئەو ئامانجەوە بچێ، ئەوەی هـاوئـاهەنگی بۆ نێو کۆمەڵگە دەهێنێ. کـاتێکیش تـازە چووبووە بنباری هەڵمەتی ناتوندوتیژییەوە، لە خەڵکەکەی پرســـی بەڵکو لە دۆزینەوەی ناوێک بۆ ئەم بزووتنەوە نوێیە کۆمەکی بکەن، یەکێک لە ئامۆزاکانی پێشنیازی ناوی ساداگراها (sadagraha)ی ســـانســـکریتی بۆ کرد، کە واتای "لێبڕاوانە بە هۆکارێکی چاک)ی دەگەیاند. باپوجیش وشـەکەی پی پەسـەند بوو، لێ بڕیاریدا کەمێک دەسـتکاری وشـەکە بکا و بیکاتە سـاتیاگراها (satyagraha) یان "لێبڕاو بۆ ڕاســـتی". دواتر هەندێک جار خەڵکەکە وشـــەکەیان بۆ

"هێزی ڕۆحی" وەرگێڕا، ئەو بە پێداگیرییەوە ئەوەی بە بیر دەهێنایەوە، کە هەمیشە هێزی ڕاستەقینە لە بەهای ئەو مافانەوە دێ، کاتێک کۆمەڵگا پێی دەگا.

ئەوەی من ئێستا دەیبینم ئەو پێویستیەیە کە هەموومان بۆ ساتیاگاراهای باپیرەم یان بۆ هێزی ڕۆحی بگەڕێینەوە. ئاخر ئەو جووڵانەوەیەکی وەهای خوڵقاند، جووڵانەوەیەک بۆ ڕاپەڕینێکی سیاسی مەزن سەریکێشا و خۆحوکمڕانیشی بە سەدان ملیۆن هیندی هێناکایە. لێ لەوەش گرنگتر ئەوە بوو، باپوجی بۆ ئەوە تێکۆشا ئێمە بتوانین لە ڕێگەی خۆشەویستی و ڕاستییەوە بگەینە ئامانجەکانمان، ئەمەش لە کاتێکدایە کە مەزنترین بەرەو پێشچوون ئەو کاتە دێتەئارا، کاتێک توانیمان بەسەر بێ متمانەیی خۆماندا باز بدەین و چاومان لە هێز بێ، هێزیش بە واتای ئەرێنی و مەردایەتی. باپیرەم بڕوای بەو خشتەبەندی و دابەشکارییەی نێو خەڵک نەبوو، بەڵکو ئەو لە قووڵایی ناخییەوە کوانووی جۆش و دنەدان بوو، ئەو دژەدینیش بوو کاتێک دین لە جیاتی ئەوەی خەڵک بەیەک بگەیەنێ و کۆیان بکاتەوە لە یەکی دەکردن. ئێمە لە کۆژینەکەدا هەموو بەیانییەک لە سەعات ٤:٣٠ لە خەو هەڵدەستاین تا بۆ نوێژی سەعات پێنج ئامادە بین. باپوجی دەقەکانی هەموو دینەکانی خوێندبووەوە، ئەو نوێژە جیهانییە گشتگیرەی ئەو دەیخستنە ڕوو لە هەموویان وەرگیرا بوو. ئەو لەو باوەڕدا بوو، هەموو دینێک کەمێک لە ڕاستی تێدایە، هەروەها کێشە و ئاڵۆزیش ئەو کاتە دێتە گۆڕێ، کاتێک ئێمە وەها بزانین، ئەم کەمە ڕاستییە هەموویەتی و هەر ئەمەش تاکە ڕاستییە.

باپوجی لە پێناو مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووســـین بۆ هەموو خەڵـک، دژی دەســـەڵاتی بریتـانییەکـان وەســـتـایەوە، بۆ ئەو مەبەســـتەش ئەم پیاوە کە هەر خۆشـــەویســـتی و ئاشـــتی بڵاو دەکردەوە، نزیکەی شـــەش ســـاڵی لە زیندانەکانی هیندســـتاندا بەســەربرد. هزرەکانی ئەو بۆ ئاشـتی و یەکێتی نەک هەر بۆ ســەر ئەو، بەڵکو بۆ زۆر کەس مایەی گەف و هەڕەشــە بوون، ئەوە بوو خۆی و ژنەکەی و باشـــترین هاوڕێ هەرە خۆشـــەویســـت و بڕواپێکراوەکەی ماهادیڤ دیســـای، خرانە زیندانەوە. دیســـای لە زیندان و لە ساڵی ١٩٤٢دا جەڵتەی دڵ لێی دا و مرد، لە کۆتاییشدا (کاســتوربا)، ژنە خۆشـــەویســـتەکەی لە ٢٢ی شـــوباتی ١٩٤٤دا بەرگەی نەگرت و لە کۆشـــی باپیرەمدا چاوی بۆ هەمیشـــە لێکنا. پاش سێ مانگ لە مردنی، باپیرەم وەک تاکە کەسی دەرباز بووی نێو زیندان هاتەدەر. بۆ ساڵی پاشتر پێشوازی لێ کردم و دەستی منی گرت و ئەرکی پەروەردەکردنمی خستە ئەستۆ، تا فێری ئەوەم بکا چۆن ژیانێکی باشتر بژیم.

ئەو دوو ساڵەی لەگەڵ باپوجی بووم، بۆ هەردووکمان ڕۆژگارێکی گرنگ بوو. لە کاتێکدا من لەگەڵ ئەو بووم، تێکۆشـــانی ئەو بۆ ســـەربەخۆیی هیندســـتان بەری گرت، بەڵام ئەو توندوتیژی و دابەشـــبوونەی لەگەڵ ســـەربەخۆییەکەدا هات، بەشـــێک نەبوو لە خەونی ئەو. کـاتێکیش ئەو جیهانی دەگۆڕی، منیش فێربووم خۆم بگۆڕم، بەســـەر خۆمدا زاڵ ببم، جڵەوی هەســـتوســـۆزی بەزرەفڕی ناقۆڵام بکەم و توانســـتی خۆم بدۆزمەوە و جیهان بە چاوی نوێوە ببینم. بوومە گەواهیـدەر بەســـــەر مێژوو، لە هەمـان ئەوکـاتەی باپوجی نموونەی ســـادەی دەخســـتمە بەردەســـت، وانەی کردەیی

پێدەدام چۆن بگەمە ئامانجە کەسییەکانم. خۆی ئەمەش خولێکی چڕوپڕ بوو لە فەلسەفەکەی خۆی: "خۆت ببە ئەو گۆڕانکارییەی، کە حەزت پێیەتی لە جیهاندا بیبینی."

**خۆت ببە ئەو گۆڕڕانکارییەی، کە حەزت پێیەتی لە جیهاندا بیبینی.**

ئێمە هەر ئێستا ئەو گۆڕانکارییەمان پێویستە، چونکە توندوتیژی و ڕق و کینە لە جیهاندا گەیشتۆتە ئاستێکی چاوپۆشی لێنەکراو. خەڵک تامەزرۆی گۆڕانکارییە، بەڵام بێ دەسەڵاتن. ئەو بارە ئابوورییە تەواو ناسەنگە، واتای ئەوە دەگەیەنێ، کە پانزە ملیۆن منداڵ لە ئەمەریکا و بە سەدان ملیۆنی دیکەش لە سەرتاسەری جیهاندا بایی پێویست خواردنیان نەبێ، ئەمە لە کاتێکدا ئەوانەی لە خۆشگوزەرانیدا دەژین هەست دەکەن لێیان دەڕژێ. ئەو کاتەی فاشیستە هەرە ڕاسترەوەکان لەم دواییانەدا لە مەیدانی شارێکی باکووری هیندستاندا کۆتەڵی باپیرەمیان دەشکاند، بەڵێنی ئەوەیان دەدا؛ "خۆی بەسەر شوێنەواری تیرۆر ببێتە گەواهیدەر." خۆ ئەگەر بمانەوێ کۆتایی بەو شێتایەتییە بهێنین، ئەوا پێویستە ژیانی خۆمان بگۆڕین.
باپیرەم لەم ساتە مێژوویەدا دەترسا. هەر هەفتەیەک بەر لە کوشتنی، هەواڵنێرێک لێی پرسی: "ئەرێ پێتوایە دوای مردنت چی بەسەر فەلسەفەکەتدا دێ؟" ئەویش بە خەمبارییەکی زۆرەوە گوتی: "تا لە ژیاندام، خەڵک دوام دەکەون، تا ڕادەی مردن ڕێزم دەگرن،

بەڵام دۆزی من ناکەنە دۆزی خۆیان." ئێمە جارێکی دیکە پێویستە لەسەرمان دۆزەکەی ئەو بکەینە دۆزی خۆمان. ئاوەزە ڕۆژانەکەییەی ئەو یارمەتیمان دەدا تا ئەو کێشانەی هێشتا لەم ڕۆژانەدا تووشی دەبین، چارەسەر بکا. ئێمە هیچ کات ئەوەندەی ئەم ساتە پێویستمان بە باپیرەم نەبووە.

باپوجی متمانە و ڕێنوێنی ڕۆژانەی بۆ گۆڕینی ڕەوتی مێژوو بەکارهێنا. ئێستاش بۆ ئێمە هەمووومان ئەو کاتەیە، بەکاری بهێنین. ئەو وانانەی لە باپیرەم فێریان بووم، ژیانی منیان گۆڕی، هیوادارم ئەو وانانە کۆمەکی تۆش بکا، بەڵکو ئاشتەواییەکی مەزنتر و واتای پڕتری بۆ تۆش هەبێ.

## وانەی یەکەم

## تووڕەیی بۆ چاکە بەکاربهێنە

باپیرەم بە کاردانەوەی خۆشەویستی و لێبووردەیی لە بەرانبەر توندوتیژی و ڕق و کینەدا، جیهانی سەرسام کرد. ئەو هەرگیز نەکەوتە داوی ژەهرواییبوونی تووڕەیی. منیش نەبووم. وەک منداڵێکی هیندی کە لە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە جیاوازی چینایەتیی باشووری ئەفریقا گەورە بووبووم، ئەوەندە سەرکەوتوو نەبووم، لەلایەک لەسەر منداڵە سپیپێستەکان هەژمار بووم، کەچی بایی خۆم سپیی نەبووم، لە لایەکی دیکە لەسەر منداڵە ڕەشپێستەکانیش هەژمار دەکرام، بایی ئەوەندەش ڕەشپێست نەبووم.

لە بیرمە جارێکیان دوای نیوەڕۆیەکی شەممە، بەپێ چوومە گەڕەکێکی سپیپێست تا نوقڵێکی شیرین بکڕم، کەچی لەوێ سێ مێردمنداڵی سپیپێست لێم قیت بوونەوە و تەشقەڵەیان پێکردم. یەکێک زللەیەکی تێسرەواندم، کاتێکیش بەزەویدا کەوتم، دووەکەی دیکە بە پێلەقان بەربوونە گیانم و پێشم پێدەکەنین. پاشان لەوێ ڕۆیشتن، نەوەک یەکێک بێت و بیانبینێ. هەینێ[6] هەر نۆ ساڵان دەبووم. بۆ ساڵی پاشتر، لە میانەی میهرەجانی تێسکەکانی

[6] هەینێ: ئەوکات

هیندییدا، ماڵباتەکەم لە شارەکەدا بوون، لەگەڵ دۆست و برادەرانیان کاتێکی خۆشیان بەسەردەبرد. منیش لە ڕێگەم بۆ ماڵی ئەو دۆستانەی دایبابم، بەلای دەستەیەک لە کوڕوکاڵە ڕەشپێستە ئەفریقییەکاندا ڕەتبووم، ئەوانیش لەوسەری جادەکە، لە گۆشەیەک وەستابوون. یەکێکیان تا هێزی تێدابوو بەو دارەی دەستی بە پشتی دادام، وەنەبێ هیچ هۆکاریش لە گۆڕێدا هەبێ، لەوە بترازێ کە من هیندی بووم. منیش ئەوەندە تووڕە بووم بە دوای تۆڵەکردنەوەدا گەڕام.

هەربۆیە لەبن باندۆری بیرۆکەیەکی تەمومژاوییم، چوومە یاری بەرزکردنەوەی قورسایی، بەڵکو بایی ئەوەندە بەهێز ببم، تۆڵەی خۆم بکەمەوە. دایبابیشم کە خۆیان وەک بالۆێزی ڕێنمایەکانی باپوجی بۆ فێرکردنی ناتوندوتیژی دەزانی، بەوەی لەو شەڕ و دەمەقاڵییە زۆروزەوەندانەی تێوەدەگلاوم، پڕ خەم و هەراسان بوون. هەوڵیاندا کەمتر شەڕانی بم، بەڵام خۆ نەیاندەتوانی لە تووڕەییم کەم بکەنەوە.

من بەوە دڵخۆش نەبووم، کە هەمیشە هەر تووڕە بم. بە هۆی ئەو تووڕەیی و کەڵکەڵەی تۆڵەکردنەوە، هەستم بە خۆم کرد لە بری ئەوەی بەهێز بم، لاواز بووم. دایبابم هیواخواز بوون بەڵکو مانەوەم لە کۆژینەکە لەگەڵ باپوجیدا کۆمەکم بکا، تا لەوە تووڕەی و کولانی ناخم تێبگەم و بتوانم لەگەڵی ڕابێم. منیش هەر ئەو هیوایەم دەخواست.

لە یەکەمین دیدارم لەگەڵ باپیرەمدا، ئەوەم پێ سەیر بوو، هەمیشە ئەو ئارامە و جلەوی خۆی گرتووە، ئەوسا گرفت نەبوو هەر کەسێک چی دەکا یان چی دەڵێ، بەڵام ئەو هەر ئارامە. منیش لای

خۆم بەڵێنم دا، ئەو بکەمە نموونەی خۆم، بۆ ماوەیەک هیچ شتێکی خراپم نەکرد. لەپاش ئەوەی دایک و باوک و خوشـــکەکەم لەوێ ڕۆیشتن، لەگەڵ هەندێ کوڕوکاڵی هاوتەمەنم ئاشنا بووم، ئەوانەی لە گوندێکی ســـەر ڕێگە دەژیان، ئیدی بە یەکەوە یاریمان دەکرد. ئەوان تۆپێکی کۆنی تێنســـیان هەبوو، وەک تۆپی پێ بەکاریان دەهێنا و منیش دوو بەردم وەک جێنیشانی گۆل دانان.

من شـــێتی تۆپی پێ بووم. تەنانەت لەو کاتەی منداڵیش بووم، لە بەراییەوە منداڵانی باشـــووری ئەفریقا گاڵتەیان بە شـــێوەزارەکەم دەکرد، من سـەروسـەودام لەگەڵ کێشـەی لەمە خراپتریش هەبوو، بۆیە چاوم لە تانەوتەشەریان پۆشی. لێ کاتێک لەگەڵ ئەو برادەرە نوێیانەم لە ناوجەرگەی گەمەیەکی کێبڕکێکاردا بووم، لەو کاتەی بە دوای تۆپەکەدا غارم دەدا، یەکێ لە کوڕەکان پاڵێکی پێوەنام. خراپ بەســـەر تەپوتۆزدا کەوتم. هەم شـــکۆم وروووشـــا هەم ئەژنۆشـــم، ئیدی لەو تووڕەییان دەهری بووم، دڵم ئەوەندە خێرای لە نێو قەفەزی ســـینگم لێی دەدا، ویســـتم دەســـتبەجێ تۆڵەی خۆم بکەمەوە. ئیدی دانەویمەوە و بەردێکم لەســـەر زەوی هەڵگرتەوە ویستم تا هێزم تێیدایە ڕایوەشێنم و لە پەلاماردەرەکەمی بدەم.

لێ دەنگێکی کز لە سەرمدا پێی گوتم: "وا مەکە."

ئەوە بوو بەردەکەم فڕێدایەوە سەر زەوی و بەغار بەرەو کۆژینەکە گەڕامەوە. بەچاوی بە فرمێسکەوە باپیرەم دۆزییەوە و چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە.

"باپوجی، هەمیشە هەر تووڕەم. نازانم چی بکەم؟."

ئاخر خۆ من بوومە مایەی شکاندنی ناووڕوومەتی ئەو، پێم وابوو بەم شێوەیە لەگەڵ من دڵشاد نییە. کەچی ئەو بە ئارامی دەستێکی

له پشــتم دا و گوتی: "دەی برۆ خەرەکەکەت بێنە، با پێکەوە گڵۆزە بەنێک لەو لۆکەیە هەڵوێژنینەوە."
هەر زوو لەگەڵ گەیشــتمە کۆژینەکە، فێری خەرەک ســووڕاندن و هەڵوێژنەنەوەی داوەبەنەکـانی کردم. هەموو ڕۆژێـک بۆ مـاوەی ســـەعاتێک ســـەر لە بەیانی و ســـەعاتێکیش ســـەر لە ئێوارە ئەم کارەمان دەکرد، کارێکی زۆر ئارامبەخش بوو. باپیرەم ڕاهـاتبوو فرەکـار بێ، تەنـانەت بەرلەوەی هیچ کەســـێک دەمی بکـاتەوە و قســـەیەکیش بکا. ئەو زۆر جاران دەیگوت؛ "لە کاتێکدا دانیشــتووین و قسە دەکەین، دەتوانین دەستەکانمان شت بڕێسن و بچنن." ئەوە بوو چووم ئامرازە بچکۆلەکەم هێنا و لە پاڵ ئەودا دانیشتم.
باپیرەم بە خەندەوە ئامادەی خەرەکبادانەکەی خۆی بوو تا لەگەڵ لۆکەڕستندا، دەرسێک بڵێتەوە.
"من چیرۆکێکت بۆ دەگێڕمەوە." ئەو وەها ســـەری قســـەی داهێنا. منیش لە تەنیشتی دانیشتم، ئەویش درێژەی بە قسەکەی خۆی دا: "جارێکیان کوڕێک هەبوو، لە تەمەنی تۆدا بوو. ئەو هەمیشـــە هەر تووڕە بوو، ئاخر دیار بوو هیچ شتێکی نەهاتبووە سەر ڕێ لەگەڵ خواســتی ئەو بســازێ. ئەو نەی دەتوانی بەهای ڕوانینی خەڵک لە یەک جیا بکاتەوە، بەم شێوەیە کاتێک یەکێک قسەیەکی دەکرد و لە دڵی نە دەهات، لە شـوێنی خۆی لە تووڕەییان سـوور هەڵدەگەڕا و لە حەیفان گڕی دەگرت."
منیش لای خۆم وەهای بۆچووم، کوڕە ئاماژە بۆکراوەکە، خۆم بم، بۆیە لەسەر بادانی خەرەکەکەی خۆم بەردەوام بووم، لە کاتێکدا بە باشی گوێم لێ دەگرت.

"ڕۆژێکیان کوڕیژگەکە کەوتە ناو شەڕێکی گەرم و هەر بە ڕێکەوتیش کەسێکی لەدەست هاتە کوشتن. لە ساتەوەختێکی هزربزریدا بە کێشانی گیانی کەسێکی دیکە، ژیانی خۆیشی بە دەستی خۆی وێران کرد."

کە وام بیست هیچ بیرۆکەیەکم نەبوو چۆن دۆخەکەم باشتر دەبێ، ئاخر نەمدەویست لە تووڕەییان کەسێک بکوژم، ئەوە بوو بە باپیرەم گوت: "باپوجی، بەڵێن بێ، باشتر دەبم."

باپوجیش سەری لەقاند و درێژەی بە گێڕانەوەکەی خۆی دا: "تۆ زۆر تووڕەی. دایبابت هەموو شەڕەکانی ئەوییان بۆ گێڕاومەتەوە." منیش گوتم "زۆر داوای لێبووردن دەکەم." ترساشم لەوەی دەست بە گریانێ بکەم.

لێ خۆ باپوجی لەگەڵم بە تەمای ڕێڕەوشتێکی دیکە بوو، شتێک چاوەڕێم نە دەکرد. ئەو لە پشت خەرەک بادانەکەی خۆیەوە تەماشایەکی کردم و گوتی: "من دڵخۆشم بەوەی تووڕە دەبی. تووڕە بوون کارێکی باشە. منیش هەموو کات تووڕە دەبم. "ئەوە بوو کاتێ دەستی لە خەرەکەکە دەدا و دەیسووڕاند، دانپێدانانەکانی خۆی بۆ هەڵدەڕشتم.

ئەوەی بیستم نەدەچووە عەقڵم و لە کاردانەوەدا گوتم: "ئاخر هەرگیز من تۆم بە تووڕەیی نەبینیوە."

ئەویش بۆی ڕوون کردمەوە: "چونکە فێربووم تووڕەییەکەم بۆ شتی چاک بەکار بێنم. تووڕەیی بۆ خەڵک وەک بەنزین وایە بۆ ترۆمبێل، ئەو سووتەمەنییەیە تا ئامێرەکە بەرەو پێش پێی بڕوا و بگاتە شوێنی مەبەست. بەبێ ئەوە، هەگیز مجێز و دنەدەری ئەوەم

تێدا نابێ تا بەرەنگاریی کێشەکان ببینەوە. ئەوە ئەو وزەیەیە وامان لێ دەکا پێناسەی چاکە و خراپەی پێ بکەین.

تووڕەیی بۆ خەڵک وەک بەنزین وایە بۆ ترومبێل، ئەو سووتەمەنییەیە تا ئامێرەکە بەرەو پێش پێی بڕوا و بگاتە شوێنی مەبەست. بەبێ ئەوە، هەگیز مجێز و دنەدەری ئەوەم تێدا نابێ بەرەنگاریی کێشەکان ببینەوە. ئەوە ئەو وزەیەیە وامان لێدەکا پێناسەی چاکە و خراپەی پێ بکەین.

باپیرە ڕوونی کردەوە؛ ئەو کاتەی وەک کوڕوکاڵێک لە باشووری ئەفریقا بووە، ئەویش لەبن باری ئەو توند و تیژییە پەرگیرانەدا نالاندوویەتی، زۆریشی تووڕە کردووە. لێ لە کۆتاییدا فێر بووە، گەڕان بە دوای تۆڵەکردنەوەدا چارەی دەردەکە ناکا، ئینجا بە سۆزەوە دژی ئەو بەرکەنارخستنە و جیاخوازییە (دیسکریمێنیششن) بوەستێتەوە، وەڵامی تووڕەیی و ڕق و کینە بە چاکەکردن بداتەوە. ئەو باوەڕی بە هێزی ڕاستی و خۆشەویستییەوە هەبوو. تۆڵەکردنەوە لای ئەو شتێکی قۆڕ و پووچ بووە. ڕێسای چاو بە چاو وا دەکا تەواوی جیهان کوێر بێ. منیش کە زانیم باپیرەم وەک کەسێکی میزاجنەرم لە دایک نەبووە، سەرسام بووم. هەنووکەش ئەوەندە ڕێزی لێ دەگیرێ و بە

شـــەڕەفمەندییەوە بە ***ماهاتما***[7] ناو دەبرێ، لێ خۆ ئەو کاتی خۆی هەر منداڵێکی سـەرەڕۆ و بزۆز بووە. کاتێکیش دەگاتە تەمەنی من، پارەی لە دایبابی دزیوە تا جگەرەی پێ بکڕێ و لەگەڵ منداڵانی دیکە تووشـــی بەزم و هەرا و گۆبەند بووە. کاتێکیش داپیرەم دەهێنێ و بە یەکەوە زەماوەند دەکەن، هێشتا تەمەنی هەردووکیان لە سـێزدە ساڵی تێناپەڕێ، هەندێک جاریش هاواری بەسـەر ژنی خۆیدا کردووە، جارێکیان دوای دەمەقاڵێیەک ویسـتوویەتی بە زۆر پیلی بگرێ و لە مـاڵ فڕێی بـداتە دەرێ. لێ ئەو حەزی لەو کەسـایەتییە نەبوو کە بووبووێ، بۆیە بەسـەرخۆیدا شـکابووە و وای لەخۆ کرد ببێتە کەسـێکی میزاج باش و نەرمڕەو، کەسـێک بتوانی حەز و ئـارەزووی خۆی جڵەو بکا و ببێتە ئەوەی حەزی پێیەتی.

من پرسیم: "کەواتە دەکرێ منیش ئەوە فێر ببم؟"

ئەویش بە خەندەوە وەڵامی دامەوە: "تۆ هەر ئێســتا ئەو کارە دەکەی."

ئیدی ئەوە بوو کاتێ دانیشـتبووین بە خەڕەکەکە گلۆزە بەنەکانمان هەڵدەوێژنین، تێکۆشـام بە ناخی ئەو شـتەدا شـۆڕ ببمەوە، بەڵکو بتوانم تووڕەییم هەڵگێڕمەوە و بۆ شـتی چاکە بەکاری بهێنم. خۆ هەر دەکرا هەست بە تووڕەیی بکەم، بەڵام فێربووم تووڕەبوونەکەم بە ئاقارێکدا ببەم، تا بۆ شـتی چاکە بەکاری بهێنم، هەروەک ئەو

---

[7] ماهاتما: لە باشووری ئاسیا (هیندستان و تیبت) واتای کەسێکی چاک و پیرۆز و بە ئاوەز، خاوەن هێزێکی زۆری بەرگەگر دێت. وشەکە لە ماهاتامانی سانسکریتییەوە هاتووە، واتای گیانێکی مەزن دەگەیەنێ. وەرگێڕ

گۆڕانکارییە سیاسییە هێواشانەی باپیرەم لە باشووری ئەفریقا و هیندستاندا بە دوای خۆیدا هێنان.
باپوجی ڕوونی کردەوە، کە خەڕەکەکەی بەردەستمان هەر خۆی نموونەیەکە چۆن دەکرێ توورەییەکەمان بۆ سەر گۆڕانکاریی چاکە وەرچەرخێنین. چەندین سەدە بوو پیشەسازیی لۆکە لە بەرهەمهێنانی جلوبەرگ لە هیندستان باو بوو، بەڵام ئێستا کارخانەی گەورەی گەورۆنەی ڕستن و چنین لە بریتانیاوە بە لۆکەی هیندستان کاردەکەن، ئینجا لۆکەکە بەرهەم دەهێننەوە ئینجا جارێکی دیکە بە نرخێکی گران بە هیندییەکانی دەفرۆشنەوە. خەڵکەکەش لەوە توورە بوون؛ ئەوان لەوە دەهری بووبوون، چونکە چیدی نەیاندەتوانی ئەو قوماشە دەستکردەی بریتانی بکڕن. لێ باپوجی لە بری تیختیخەدانی خەڵکی بۆ پەلاماردان و هێرشکردنە سەر کارخانە پیشەسازییەکانی بریتانیا، سەرەتا خۆی فێری ئەوە کرد خەڕەکێک پەیدا بکا و داوەکان هەڵبوێزنێ و خۆی لە لۆکە قوماش بچنێ و ئینجا ببیتە نموونەی سەرمەشق بۆ هەموو خێزانێک تا چاوی لێ بکەن و چیدی پێویستیان بە قوماشی دەستکردی بێگانە نەمێنی. ئەمەش لە سەرتاسەری وڵات و لە بریتانیاش کاریگەرییەکی گەورەی پەیداکرد.
باپوجی سەرنجی ئەوەی دا بە وردییەوە گوێی لێ دەگرم، بۆیە درێژەی بە قسەی خۆی دا و شتێکی دیکەی هاوشێوەی بۆ گێڕامەوە، ئاخر ئەو حەزی لە نموونە هێنانەوەی هاوشێوە هەبوو! ئەمجارەیان توورەیی بە کارەبا لە یەکچوواند. "کاتێک ئێمە کارامە و زیرەکانە ڕێرەوێک بۆ کارەبا بەکاردێنین، ئەوا سوودی لێ دەبینین و ژیانمان باشتر دەکا، بەڵام ئەگەر بەدڕەفتاری بکەین و

گەمەی لەگەڵدا بکەین، ئەوا دەمانگرێ و دەمانکوژێ. ئیدی کارەبا ئاوایە، ئێمە پێویستە فێربین ئاوەزمەندانە تووڕەییەکەمان بۆ چاکەی مرۆڤایەتی بەکار بهێنین."

کاتێک ئێمە کارامە و زیرەکانە ڕێرەوێک بۆ کارەبا بەکاردەدێنین، ئەوا سوودی لێ دەبینین و ژیانمان باشتر دەکا، بەڵام ئەگەر بەدرەفتاری بکەین و گەمەی لەگەڵدا بکەین، ئەوا دەمانگرێ و دەمانکوژێ. ئیدی کارەبا ئاوایە، ئێمە پێویستە فێر بین ئاوەزمەندانە تووڕەییەکەمان بۆ چاکەی مرۆڤایەتی بەکار بهێنین.

من نەمدەویست تووڕەبوونە کورتمەوداکە شتێک بەسەر ژیانی من یان هی یەکێکی دیکە بهێنی. لێ پرسیارەکە ئەوە بوو: چۆن وا لە تووڕەییەکەم بکەم ببێتە بریسکەیەک بۆ گۆڕان؟
باپوجی پیاوێکی ڕۆحیی دنەدەری دووربین بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کەسێکی کردەییش بوو. ئەو دەفتەر و قەڵەمێکی دامێ، بەڵکو بیکەمە ڕۆژژمێری تووڕە بوونم. ئەو وەها ڕێنمایی کردم: "هەر کاتێک هەستت بە تووڕەییەکی مەزن کرد، دانیشە و لە دەفتەرەکەتدا ئەوە بنووسە؛ ئاخۆ چی و چۆن وای لێ کردی ئەو هەستە ئاگراوییەت لا پەیدا ببێ، یاخود بۆچی کاردانەوەکەت بەو تووڕەییە بووە." مەبەستەکەش گەیشتن بوو بە ڕەگوڕیشەی تووڕەیی. هەر تەنها ئەو کاتەش لە بناوانی مەسەلەکە گەیشتی، ئەوسا دەکرێ چارەسەری بۆ بدۆزیتەوە.

ئەو ڕوونیکردەوە؛ کلیلەکە بۆ ئەوەیە تا هەموو کەسێک لە بارەی خاڵی ڕوانینەکەی خۆیەوە شارەزابێ. ڕۆژژمێری تووڕەبوون هەر بۆ ئەوە نەبوو تووڕەیی و لەسەر هەقبوونی خۆتی تێدا قەید بکەی، هەروەک هەنووکە زۆر خەڵک وا دەکەن. ئاخر ئەو کات ئەوان ڕۆژژمێرەکە دەخوێننەوە و دیسان و دووبارە و چەند بارە هەست بە تووڕەیی و ڕەوابوونیان (لەسەر هەقبوونیان) دەکەن! بەڵکو لە بری ئەوە، ڕۆژژمێرەکە دەبێ ڕێگەیەک بێ بۆ لێتێگەیشتن لەوەی ئاخۆ چی بووەتە هۆکاری گرژییەکە و چۆنیش چارەسەر دەکرێ.
من پێویستم بەوە هەبوو خۆم لە دۆخی تووڕەییەکە دابکەلێنم و ڕووی کەسایەتییەکەی دیکەی خۆم ببینم. وەنەبێ ئەمەش ڕەچەتەک بێ بۆ سەردانواندن بۆ کەسێکی دیکە، بەڵکو تەکنیکێک بوو بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، شتێک بۆ تووڕەیی پتر و سەخڵەتبوون سەرنەکێشی.
هەندێک جار پێمانوایە دەمانەوێ کێشەکە چارەسەر بکەین، بەڵام شێوازی کارکردنەکەمان هێندەی دیکەی شتەکە دەشێوێنی و ئاڵۆزتری دەکا. ئێمە دەگەڕێینەوە سەر باری تووڕەیی و هەراسانی، وامان پێباشە وا لە خەڵک بکەین بە زوڕنای ئێمە هەڵبپەڕن. لێ پەلاماردان و ڕەخنە و گەفوهەڕەشە بە سزادان و تۆڵەکردنەوە بۆ هەردووکیان، بۆ منداڵ و بۆ کەسانی هەراش بە ئامانجی پێچەوانەوە هەڵدەگەڕێتەوە. کاردانەوە تووڕەییمان و شەڕ و ئاڵۆزییەکە تۆختر دەکاتەوە. ئەو شتە ئێمە دەکاتە کەڵەگا، بێ ئەوەی دەرکیش بەوە بکەین، کە کەڵەگایی بە هیچ شێوەیەک واتای بەهێزی ناگەیەنێ. ئەو کەسانەی لە مەیدانی یاری و لە کاروکاسبی و یان لە هەڵمەتی سیاسییاندا بەدڕەفتارن و ناشیرین

دەجووڵێنەوە، هەڵبەت ئەوان لاوازترین کەسن و هەست بە ئاسایش و ئارامی هەر ناکەن. باپوجی فێری کردم، کە توانست بۆ تێگەیشتن لە گۆشەنیگای ئەوی دیکە و لێبووردەیی، هێمای هێزی ڕاستەقینەیە.

باپوجی ڕوونیکردەوە، ئێمە کاتێکی زۆر بۆ بەهێزکردن و پتەویی جەستەمان بەکاردێنین، کەچی بایی پێویست خۆمان بە بیناکردنی عەقڵێکی ساغ و سەلیم خەریک ناکەین. خۆ ئەگەر عەقڵمان لە ژێر کۆنترۆڵدا نەبێ، ئەوا توورە دەبین و شتی وەها دەڵێین و دەکەین، دواتر لێی پەشیمان دەبینەوە. ڕەنگە ڕۆژانە دەیان جاری وا هەبێ هەست بە توورەیی یان نائومێدی بکەین و پێویستیشە لە بەرانبەریدا بڕیار بدەین ئاخۆ چ کاردانەوەیەکمان هەبێ. هاوڕێیەکمان لەسەر کار شتێکمان پێ دەڵێ، ئێمەش لە کورتی دەیبڕینەوە و شتێکی پێ دەڵێینەوە، یان ئیمێڵێکی هەراسانمان بۆ دەنێردرێ، ئێمەش بێ ئەوەی بیری لێ بکەینەوە وەڵامی دەدەینەوە. تەنانەت ئێمە توورەیی خۆمان بەو کەسانەش دەڕێژین و ئازاریان دەدەین، ئەوانەی زۆرمان خۆش دەوێن، بە ژن و منداڵیشمانەوە. ئەوان کاتێک بێ هیوامان دەکەن یان شتێکمان پێ دەڵێن کە بە دڵمان نییە، ئیدی ئێمەش بەسەریاندا دەشکێینەوە.

دەکرێ وشەکانمان وەها ئازاری کەسانێک بدا، کە پێویستە بە شێوەیەکی دلۆڤان و خۆشەویستییەوە لەگەڵیان بجووڵێینەوە، ئاخر خۆ ئازارەکە دانامرکێتەوە و پەیش بەوە نابەین کە توورەییەکە خۆشمانی زۆر ئازار داوە. بیرلەوە بکەوە کاتێک سووکایەتیت پێ دەکرێ یان کەسێک بە ڕەقی لەگەڵت دەجووڵێتەوە، چەند هەست بە داماوی خۆت دەکەی. ئەوکات سەرتاپای جەستەت گرژ دەبێ و

مێشـــکیشـــــت خەریکە لە تـاوان گڕ بگرێ. ئیـدی توورەیییەکە دەتخواتەوە و ناتوانی تیشـــکۆی هزرت لەســــەر هیچ شـــتێک کۆ بکەیتەوە. توورەیی جیهـانبینییەکەت تەســــــک دەکـاتەوە، هەموو ئەوەی لەو ســــاتەدا بیری لێ دەکەیتەوە هەر ســــووکایەتییەکەیە. لەوانەیە دواتر هێور ببیتەوە و بچی داوای لێبووردنیش بکەی، بەڵام خۆ ئەوکـات کـار لە کـار ترازاوە، تـازە تۆ زەبرەکەت وەشـــاندووە و بەرانبەرەکەت ئازار داوە. ***کاتێک ئێمە هەڵەپاســانە کــاردانەوەمــان دەبێ و توورەیی خۆمــان بەســــەر بەرانبەردا دەڕژێنین، وەک ئەوە وایە بە تفەنگێک پەنجەت لەسـەر پەلاپیتکەکە گیرکردبێ و گوللەکە دەرچووبێ و نەتوانی بیگەڕێنیتەوە.***

ئێمە دەبێ لە بیرمـان بێ، بۆ کاردانەوە مژاری جیاوازترمان لەبەر دەستدا هەیە.

ئەو ڕۆژە کە خەڕەکی هەڵوێزنینەوەی بەنەکانم بادەدا، باپوجی لە بـارەی پێویســــتی ســــەوداکردن لەگەڵ توورەیی وەک زەنگێکی هۆشــــداری بۆ باس کردم، زەنگێک هۆشـــداریی ئەوەی دەدا، کە شتێکی نادروست لە گۆڕێدایە. نووسین لە دەفتەری ڕۆژژمێرەکەدا یەکەمین هەنگاوم بوو. خۆجلەوکردنی مێشـک ئەوە دەسـەلمێنێ، لە ئایندەدا بتوانم شــــایســــتانە بجووڵێمەوە. ئینجا لە جیاتی ئەوەی شـــتێک بڵێی کە مەبەســـتت نەبووە یان ئازاری هەســـتونەســـتی بەرانبەرەکەت بدەی، هەروەک باپیرەم بۆی ڕوون کردمەوە، ئەوا تۆ دەتوانی تیشـکۆی هزرت بخەیتە سـەر چارەسـەر، ئەوەی وا لە هەمووان دەکا دڵشــــاد بن. خۆ ئەگەر کاردانەوەی تەڕدەســــتانەت کۆمەک بەخش نەبوو، تۆ بڵێی چ کاردانەوەیەک لێتێگەیشــــتنەکەت باشتر بکا؟

من به باپیرەم گوت: "باپوجی، من پێویستیم به بەهێزکردنی مێشکمه! باشه چ جۆره ڕاهێنانێکم لەسەره بیکەم؟"
ئەویش پێی گوتم، به شتێکی ئاسان دەستپێبکەم. پێویسته له ژوورێکی هێورەدا دابنیشم بێ ئەوەی هیچ شتێکی وەهای لێبێ سەرنجم بەلاڕێدا ببا (لەم ڕۆژانەدا واتای ئەوه دەگەیەنێ تەلەفۆنت پێ نەبێ!) ئینجا به حەزەوه شتێک به دەستەوه بگری، هەروەک گوڵێک، یان وێنەی گوڵێک له پێش خۆت دابنێی. من دەبێ به تەواوی تیشکۆی هزرم بۆ خولەکێک، بگره پتر بخەمه سەر ئەو شته، ئینجا چاوەکانم بنووقێنم. پاشان ببینم ئاخۆ تا چەند دەتوانم خەیاڵی ئەو شته له مێشکمدا بهێڵمەوه. له سەرەتادا ڕەنگبێ هەر لەگەڵ ئەوەی چاوم نووقاند، خەیاڵی شتەکەم لا نەمێنێ، لێ ئەگەر ڕاهێنانەکەم به ڕێکوپێکی چەند باره کردەوه، ئەوا دەتوانم وێنەکەم زیاتر و زیاتر لەناو مێشک و زەینمدا بهێڵمەوه. ئەمەش نیشانی دەدا، من هەموو ئەو شتانەی سەرنجم به لاڕێدا دەبەن بەلاوه بنێم و مێشک و زەینی خۆم کۆنترۆڵ بکەم.
ئەو پێی گوتم، ئەو کاتەی گەوره دەبی، دەکرێ بچیته قۆناغی دووەمی ڕاهێنانەکه. هەر له هەمان هۆده هێورەکەدا، چاوەکانت دابخه و هەر تەنها ئاگات لەوه بێ ئاخۆ چۆن هەناسه دەدەیت و هەڵدەمژیتەوه. تێبکۆشه تیشکۆی زەینت به تەواوی هەر لەسەر هەناسەدانەوه و هەڵکێشان بێ و هەرچی هزری لاوەکی هەیه به لاوەی بنێ. ئەو گوتی؛ ئەو ڕاهێنانه کۆنترۆڵێکی مەزنت بۆ کاردانەوەت پێ دەبەخشێ، به شێوەیەک له ساتی تەنگاویدا هەڵەپاسانه کاردانەوه نەکەی.

ئیدی هەر ڕۆژی پاشـــتر دەســـتم بە ڕاهێنانەکەی باپوجی کرد و هەنووکەش بە باوەڕەوە لەســـەری بەردەوامم. ئەوە باشـــترین ڕێگەیە وام لێ دەکا کۆنترۆڵی عەقڵی خۆم بکەم. چەنـد مـانگێکی پێچوو تا فێری ئەوە بووم چۆن ڕێچکەی تەوژمی تووڕەییەکەم بە کردەی زیرەکانە وەرچەرخێنم، لە کۆتاییشـــدا لێی ســـەرکەوتوو بووم. ئەم جۆرە هەڵســـووڕانـدنەی تووڕەیی ڕاهێنـانی مەودای دوورودرێژی ژیانە. تۆ ناتوانی هەر بۆ چەند مانگێکی کەم بیکەیت و وابزانی بەســـەر خۆتـدا زاڵ بووی. ئـاخر بـارودۆخی ژیـان دەگۆڕێ، لەگەڵیدا هۆکار و بناوانی تووڕەییش دەگۆڕێ. بۆیە زۆر گرنگە هەمیشـــە بۆ ئەو تۆپانەی لە لاڕێوە تێمان دەگیرێن وریا و لەسەر پێ بین.

من بە تاسـەی ئەوە بووم بزانم ئاخۆ باپیرەم لە سـەرەتاوە چەندی پێچووە تـا توانی تووڕەیی خۆی بە چـاکە بەکـار بهێنی. بۆیە ڕۆژێکیان لێم پرسی: "باپوجی، پرسیارێکم هەیە؟"

ئەویش وەها وەڵامی دامەوە: "دەی ئارون، پرسیارەکەت چییە؟"

"ئەرێ تۆ چۆن فێری ئەوە بووی تووڕەییەکەت بەو شـــێوە سوودبەخش و هێزدارە بەکاربهێنی؟"

ئەو لە خەرەکبادانەکەی خۆی وەســـتا و لە قرتەی پێکەنیندا و گوتی: "ئەوە داپیرەت بوو ئەو وانەی پێدادام."

"بە ڕاست؟ چۆن؟ چی ڕوویدا؟"

"من زۆر بە گەنجی ژنم هێنا و نەشـــم دەزانی چۆن هەڵســـوکەوت لەگەڵ ژنەکەمدا بکەم. لە دوای قوتابخانە دەبووایە بچمە کتێبخانەی گشـتی، بەڵکو چەند کتێبیک یان چەند وتارێک لە بارەی پەیوەندییە خێزانـدارییەکـان بـدۆزمەوە و بیـانخوێنمەوە. ئـاخر دەمەقـاڵی و

قڕەمان لە نێواندا هەبوو، منیش بەسەریدا هاوارم دەکرد و ئەویش بە شێوەیەکی ئارام و ئاوەزمەندانە لەگەڵمدا دەجوولایەوە. پاشان بیرم لەم قۆناغەی ژیانم کردەوە و پەییم بەوە برد، کە ئێمە چەند ناعەقلانی بووین کاتێک تووڕە دەبووین و داپیرەشت چەند جوان و نازدارانە ئاگری بن کای ئەو دەمەقاڵێیەی دەکوژاندەوە. خۆ ئەگەر هاتبا و ئەویش هەر بە تووڕەیەکەی منی بکردبا و بەهەمان شێوە وەلامی دابامەوە، ئەوا دەبووە کێبڕکێی قیژە و هاوار بەسەریەکداکردن، کەسیش نەیدەزانی ئاخۆ بەزمەکە بەچی دەگا. چەند زیاتر بیرم لێ دەکردەوە، ئەوەندە دەهاتمە سەر ئەو بڕوایە، کە پێویستە هەموومان فێری ئەوە بین چۆن زیرەکانە تووڕەییەکەمان بەکار بهێنین."
داپیرەم هەینێ زۆری پێ نەچوو لە زیندانـدا مرد، ئاخر لەگەڵ باپوجی بە یەکەوە لەبەر پێشێلکاریی قانونی مەدەنی خرابوونە زیندان، منیش دەمزانی باپیرەم چەند بیری دەکا. هەموو مانگێک نوێژی تایبەتی بۆ یادکردنەوەی دەکرد. چیرۆکەکەی ئەو وای لێکردم لەوە تێبگەم، کە کاردانەوەی هێمنانە چەند بەهێز و کاریگەرە لە بەرانبەر تووڕەبوونی بەرانبەردا. بەڵێ شتێکی نائاساییشە. لەوەش پتر، کاتێک یەکێک دەست بە قیژە و هاوار دەکا، ئەوا بەرانبەرەکەی دەشڵەژێ و ئەویش دەیکاتە هاوار ونەڕەنەڕ، بەم جۆرە تا دێ ئاستی تووڕەیی هەردوولا بەرز و بەرزتر دەبێتەوە. لێ خۆ ئەگەر تۆ بتوانی دلۆڤانانە قسە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەی کە ئازاریان داوی، یان تووڕەیان کردووی، ئەو ساتە شتەکە خۆی ئاوەژوو دەبێتەوە.

لە ڕوی تیۆرییەوە لەو وانانەی باپیرەم فێری کردم، گەیشتم؛ بەڵام تەنها ساڵانێک پاشتر وانەکەم لێ بووە ڕاستی، ئەمەش لە ئەنجامی ڕەوشـێکدا هات، کە وای لێ کردم جۆش بگرم و هەسـت و سـۆزم گڕ بگرێ. لە تەمەنی بیسـت و دوو سـاڵیدا، ئەو کاتەی دیسـان لە باشـــووری ئەفریقـا دەژیـام، بۆ ســـەردانی خزمـانم گەڕامەوە هیندستان. هەروەک نەخشەم دانا بوو ئەو کاتەی بگەڕێمەوە وڵات و درێژە بە دژایەتیی جیاخوازی و ئەپارتاید[٨] بدەم، لە گەڵیدا لە پڕ کێشـــەیەکم لە ڕێخۆڵە کوێرەم لێ پەیـدا بوو، دەبووایە خێرا نەشتەگەریم بۆ کرابا. ئەمەش لەگەڵ گەیشتنم بۆ هیندستان ڕووی دا. ئەو پەرسـتارەی خزمەتی دەکردم، سـوناندا ئامبێگانۆکار بوو، هەم جوان و هەم دلۆڤانیش بوو، ئیدی لە ماوەی پێنج ڕۆژەی لە خەسـتەخانەکەدا خەوێنرام، بە جارێک دڵی بردم. هەردووکیشـمان شـــەرمن بووین، زۆریشـــی پێچوو تا ڕازی بکەم و لەگەڵم بێتە سـینەما و بە یەکەوە فیلمێک ببینین. من لە ســەعات سـێی دوای نیوەڕۆ گەیشـتمە سـینەما و چاوەڕێم کرد، بەڵام چاوەڕێ و هەر چاوەڕێ. دیســـان چاوەڕێ. لە کۆتاییدا کیژە بە خانەخان بەر لە

---

[٨] ئەپارتاید Apartheid خۆی وشەیەکی هۆڵەندییە واتای جیاکردنەوە و ئایەرکردنەوە دەگەیەنێ، ئەمە وەک سیاسەتێکی جیگیر لە لایەن ڕژێمی باشووری ئەفریقای نیوەی دەوەمی سەدەی رابردوو بوو لە باشووری ئەفریقا پەیڕەو دەکرا، بەوەی هاووڵاتیان لەسەر بنەمای ڕەنگی پێست و ڕەگەز لەیەک جیا دەکرانەوە، هەڵبەت سپیپێستەکان سەردەست و زاڵ بوون، هەرچی ڕەگەزەکانی دیکەش بوون، هاووڵاتی پلە دوو و بەرەوژێتر بوون. زۆرینەی زمانەکان وشەکە وەک خۆی بەکاردەهێنن، منیش هەروام کرد. وەرگێڕ

سـەعات شـەش گەیشـت، ئەو چاوەڕێی نە دەکرد من لەوێ لەو وەختەدا بـدۆزێتەوە. ئەو وەهـای نمـایش کرد لەبەر کـارێکی لەنـاکاوی نەخۆشـخـانە دواکەوتووە، کەچی دواتر دانی پێدا نـا، دواکەوتنەکەی بە هۆی زات نەکردنی بووە، تا بێتە ژوانێ.

دوای ئەو دەستپێکە ناخۆشـە، کەوتینە داوی خۆشـەویستی یەکدی و بۆ یەک بووین. ئەوسـا سـوناندا پێویسـتی بە ڤیزایەک هەبوو تا لەگەڵم بگەڕێتەوە باشـووری ئەفریقا، بۆ ئەم کارەش چاوەڕوانی هیچ گرفتێک نەبووم بێتە ڕێگەمـان. ئاخر خۆ من هـاوولاتی ئەوێ بووم، مافی ئەوەشـم هەبوو هاوژینەکەشـم لەگەڵ خۆم ببەم. ئەو کات ڕژێمی ئەپارتاید لەوپەڕی گەرموگوڕی خۆیدا بوو، ئەوە بوو ڕێگەیان نەدا هاوژینەکەم لەگەڵم بێ. بۆ ماوەی زیاتر لە سـاڵێک هەموو هەوڵێکم دا بەڵکو قەنـاعەت بە ڕایەدارانی حکومەت بکەم مۆڵەتی پێ بدەن، کەچی ئاسـنی سـاردم کوتا. ئەو نەیتوانی لەگەڵم بگەڕێتەوە باشـووری ئەفریقا. منیش کەوتمە سـەر دووڕیانی ئەوەی ئـاخۆ لەگەڵ بووکەکەم لە هینـدسـتـان بمێنمەوە یـان بگەڕێمەوە لای دایکە بێوەژنەکە و خوشـکەکەم لە باشـووری ئەفریقا. هەینێ توورە و پەشـۆکاو بووم. باشـە چۆن دەکرێ حکومەت ببێتە مایەی ئەو ئازارە زێدەبارە؟ ئەم بڕیارە دڵڕەنجێن بوو، لێ لەگەڵ ژنە نازدارەکە و مانەوەم لە هیندستان هەڵبژارد.

دوای دە سـاڵ، دۆسـتێکی باشـم لە هیندسـتان هاتە سـەردانم. کاتێکیش چاوم بە بەلەمەکەی ئەو کەوت، پیاوێکی سـپیپێسـت دەسـتی گرتم و گوتی دەیەوێ بۆ ماوەی هەفتەیەک بچێتە مۆمبای و زۆریش بە تاسـەوەیە تا شـارەکە ببینێ، چونکە من یەکەم هیندی بووم لەبەردەمی وەسـتـا بووم، وەهـای چـاوەڕێ کرد بتوانم

یارمەتی بدەم. ئەو خۆی بە ناوی جاکی باسۆن، ئەندامی پەرلەمانی باشووری ئەفریقا ناساند.

منیش هەســـتم بەوە کرد تووڕەیە کۆنەکەم لە هەناودا گڕ دەگرێ. ئاخر حکومەتەکەی ئەو ســـووکایەتی پێکردم و لێنەگەڕا بە خۆم و ژنەکەم بگەڕێمەوە باشووری ئەفریقا. منیش نەمدەویست یارمەتی بدەم، حەزم لێ بوو فڕێی بدەمە ئەودیو ســـنوور و تۆڵەی خۆمی لێ بکەمەوە. لێ خۆ تا ئەو کات چەندین جار ڕاهێنانم لەســـەر وانەکـانی بـاپیرەم کردبوو، ئەو وانـانەی ڕێچکەی تووڕەیی بۆ بەکارهێنانێکی زیرەکانە دەگۆڕین، بۆیە خۆم خواردەوە و بڕیارم دا زبرورەق ڕەفتار نەکەم. ئەوە بوو دەســـتم توند گوشـــی و بە ڕێزەوە بۆم ڕوون کردەوە، کە من قوربانییەکی ڕژێمی ئەپارتایدی ئەوم، ناچارکراوم لە هیندســـتان بمێنمەوە، چونکە حکومەتەکەی ئەو نەیدەویست بەخۆم و ژنەکەم بگەڕێمەوە ئەوێ.

من پێمگوت: "لەگەڵ ئەوەی حکومەتەکەت دەیکـا زۆر نـاکۆکم. هەرچۆنێک بێ، تۆ میوانی شـــارەکەمی، منیش دڵنیات دەکەمەوە لە ماوەی مانەوەتدا ئاسوودە بیت."

سـەرەتا برادەرەکەم ڕێووجێ کرد؛ ئینجا بۆ ڕۆژانی پاشـتر خۆم و ژنەکەم مسـتەر و خانم باسـۆنم بەنێو شـاری مۆمبایدا گێڕا، ئینجا بە گەرمی و پەرۆشـەوە دیمەکانی شـارەکەم نیشـان دان. ئێمە زۆر لە بارەی ئەپارتاید دواین، کە چۆنماڵباتەکەیان لە یەک کردین. لە دوا ڕۆژی ســـەردانی کـابرادا، خواحـافیزیمـان لەیەک کرد، هەردووکیشمان گریاین.

مســتەر باســۆن بە باوەش پێداکردنەوە پێی گوتم: "تۆ چاوی منت لەســـەر ئەهریمەی بەرکەنـارگرتن کردەوە. ئەو حکومەتەی

پشـــتگیریم لێ دەکرد، هەڵەیە. ئێمە دەگەڕێینەوە دژی ئەپارتاید دەوەستینەوە."
منیش بە دیار بەرێکەوتنی کەشـــتییەکەیان وەســـتابووم، لە دڵی خۆشمدا بە گومان بووم، بەوەی ئەو چەند ڕۆژە کەمەی بە یەکەوە بووین، بژاردەکەی بگۆڕێ. بە ژنەکەمم گوت: "دڵنیا نیم ئاخۆ چەند ڕاستگۆیە. دەی با چاوەڕێ بین و بزانین چی ڕوو دەدا."
خۆی پێویست نەبوو زۆریش چاوەڕێ بم. هەر ئەو کاتەی مستەر باســـۆبن گەیشـــتەوە وڵات، قســـەی لە دژی ئەپارتاید کرد. لە هەڵوێســـتی ئۆپۆزســـیۆن بوونیدا دەنگێکی دلێر بوو، وای لێهات حزبە دەســـەڵاتدارەکەی، ئەو لە نێو ڕیزەکانی خۆی دەربکا و لە هەڵبژاردنی داهاتووشـیدا دۆڕاندی. بەڵێ پیاوەکە لێبڕاوانە لەســەر هەڵوێســتی خۆی وەســتا، گومانی تێدا نەبوو هێز و خۆڕاگری ئەو یارمەتیدەر بوو بۆ بڕواپێهێنانی ئەوانی دیکەش.
گۆڕانکارییە ســەرنجڕاکێشــانەکەی ئەو پەرلەمانتارەی باشــووری ئەفریقا، هێزی فەلســـەفەی باپوجی بە وەرگەڕاندنی توورەیی بە کردەوەیەکی چاکە، بۆ ســەلماندم. خۆ ئەگەر لە بەرانبەردا، قســەم بە کابرای باشـــووری ئەفریقا بگوتبا (یان فرێمبدابایە ئەودیو ســنوور)، هەروەک کە بۆ یەکەمجار بینیم و دڵیشـــم هەر وای دەخواست، ئەوا ئەوکات بۆ ماوەیەک دڵ و هزرەی خۆم ئاسوودە دەکرد. ئەوکــات ڕایەدارێکی حکومەتم ســـەرکۆنە دەکرد، کە شایستەش بوو! بەڵام ئەنجامی کۆتاییەکەی هەرگیز نەدەگەییە ئەو ئاســوودەییەی کە پێی گەیشــت. هەینێ گەر وەهام بکردبا، ئەویش بە پاکانەیەکی پتەوتر دەگەڕایەوە وڵاتەکەی و لە جاران لەســـەر ڕاســیســزم ســوورتر دەبوو، ئەوســا پێی وا دەبوو هەڵوێســتەکەی

ڕاســـت و ڕەوایە و بە تەواوی لە ڕەشـــپێســـت و هیندییەکانی وڵاتەکەی دوور دەکەوتەوە.
خۆ ئەگەر خۆت لەسەر ئەوە ڕاهێنا تووڕەییەکەت شێوەیەکی دیکە بگۆڕی، هەینێ ژیان لەسەر بنەمای تاکە کەسی و گشتیی باشتر دەکا. باپیرەم هەر زوو ئەزموونە سیاسییەکەی بۆ دەرکەوتبوو.
دەی با بگەڕێینەوە بۆ ســـاڵی ١٩١٣، ئەو کاتەی باپیرەم لە باشـــووری ئەفریقا دەژیا. ئەو کات بەتەما بوو هەڵمەتێک لە دژی بەلاداشـــکاندنەوە و جیاکردنەوەی ئەوانی دیکە بەڕێبخا. ئەو دۆســـتانە بۆ وتوویژ داوای لە حکومەت کرد، دڵنیای کردنەوە نە توندوتیژی و نە زمانی زبر بەکارناهێنێ. کاتێکیش حکومەت بۆ وەڵامدانەوە شـــکســـتی هێنا، باپیرەم بە خەڵکی ڕاگەیاند، بەدوای چارەســـەرییەکی ئاشـــتییانەدا دەگەڕێ و بە هیچ شـێوەیەک نیازی شـــەڕانگێزانەی نییە، بۆیە داوای لە خەڵکەکە کرد بەڵکو ڕەگەڵ خۆپیشاندانە مەدەنییانەکەی بکەون.
لە ســـەروبەندی هەمان کاتیشـــدا، کرێکارانی ڕێگەی ئاســـنینی باشـــووری ئەفریقا بۆ باشـــترکردنی باردۆخی گوزەرانیان، جاڕی مانگرتنیان دابوو. باپیرەش هەســـتی بەوە کردبوو ئەم کارە دەبێتە مایەی بارگرانی و هەراســـانی و ســـەرنجی هەموو لایەک بۆ خۆی ڕادەکێشێ، بۆیە بڕیاریدا جارێ هەڵمەتەکەی خۆی بۆ دوای کۆتایی هاتنی مانگرتنەکە ڕابگرێ.
یەکێ لە ســـەرکردەکانی مانگرتنەکە پێشـــنیازی بۆ باپیرە کرد: "پێویســـتە ئێوە بێنە پاڵ ئێمە. دەی با هێزەکانمان یەک بخەین. مانگرتنەکەش هەڵمەتێکی ناتوندوتیژانەیە، خۆ ئێمە لە بەرانبەر دوژمنێکی هاوبەشدا دەجەنگین."

باپیرەشـــم وەڵامی دابووەوە: "من وەهای دانانێم کەس دوژمنمان بێ. ئەوانە هەمووی دۆســـت و برادەرمانن. من دەمەوێ فێریان بکەم و دڵیان بگۆڕم."
کرێکارەکان هەروەک نەخشـــەیان بۆ کێشـــابوو، مانیان گرت و دارژانە سەر شەقام. بە دروشمی تووڕەوە هاواریان دەکرد. ئەوان زۆر تووڕە و بێ ئومێـد بوون هەر زوو و بە ئـاســـانیش چالاکییەکەیان بۆ توندوتیژی وەرگەڕا، ئەمەش پاســـاوی دایە پۆلیس تا هێزێکی لە ڕادەبەدەر لە شەڕەکەدا لە دژیان بەکار بهێنێ و ســـەرکوتیان بکا. بۆ ماوەی چوار ڕۆژ کرێکارەکان بێ هیچ دەستکەوتێک گەڕانەوە سەر کاروبارەکانیان.
کەمێـک دوای ئەوە، بـاپوجی هەڵمەتەکەی لە دژی جیـاخوازیی (دیسـکریمینێیشـن) ڕێکخست. زمانی خۆپیشـاندانەکەی بێ تووڕە بوون و هەڵچوون بوو. وێڕای بەدڕەفتـاریی پۆلیس، هەرگیز ئەو ئاماژەیەکی وەهای نیشـــان نەدا بەوەی پۆلیس یان دەســـتەی هەڵســـووڕێنەری ئاسـایشـی ئەوێ دوژمن بن. بیرۆکەی ئەو بۆ بە دەسـتهێنانی هاوسـۆزیی هەمووان بوو -بە پۆلیسـیشـەوە- نەوەک ئازاریان بدا یاخود هەراسانیان بکا.
کـاتێکیش پۆلیس هـات تـا خۆپیشـــاندەران بگرێ، بـاپوجی و شـــوێنکەوتووانی ملیاندا و بە هێواشـــی ســـواری ڤانەکانی پۆلیس بوون. خۆنیشـــاندەرانی دیکەش لە شـــوێنی خۆیان دانیشـــتن، هەموویان ڕاپێچی زیندان کردن. دۆخەکەش دوو هەفتەی خایاند، زینـدانەکـان ئەوەنـدە پڕ بوون، جێگەی کەســـی دیکەیـان تێـدا نەدەبووەوە. ئەوسـا ژەنەڕاڵ (جان سـمەتس)ی سـەرۆوەزیر بانگی باپیرەمی کرد، تا قسـە لەسـەر چارەسـەرییەک بکەن. کاتێکیش بە

یەکەوە دانیشتن، سمەتس وەها شێوا بوو، نەیدەزانی چۆن لەگەڵ باپیرە و لایەنگرانی بجووڵێتەوە، پێی گوتن: "ئێوە هەمیشە بەڕێز و دلۆڤان بوونە و دۆخەکەتان بە هەند هەڵگرتووە، بۆیە زۆر سەختە بە توندوتیژی سەرکوتتان بکەین. ئەوە بۆ ئێمە زۆر ئاسانترە بەسەر مانگرتووەکاندا بدەین، ئەوانەی زۆر تووڕەتر خۆیان نمایش دەکەن."

بەڵێ، هەرگیز هێوربوونەوە لەبەردەم تووڕەییدا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام کە جارێک بۆی تێکۆشای، ئەنجامەکەی دەبینی، ئەوسا باوەڕی پێدەکەی. خۆ تۆ پێویست ناکا چاوەڕێی ڕووداوێکی گەورە بکەی یان خۆنیشاندان بکەی؛ خۆی ئەمە ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی هەمووومان لەگەڵ کەسە نزیکەکانمان هەوڵ بدەین. خۆ ئەگەر ئێمە توانیمان توانستی خۆمان بۆ ڕاستەڕێکردنی تووڕەیی بگۆڕین، ئەوا دەبینین چۆن خەڵکی دەوروبەریشمان دەگۆڕێن. کەس نایەوێ کەڵەگایی بەسەردا بکرێ؛ هەمووومان پێمان باشترە لێمان تێبگەن و پێزانینیان بۆمان هەبێ. وا لە تووڕەیی بکەین ببێتە هاندەرێک بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان ئەوا بەهایەکی مەزنە، بەڵام ئەمەش هەر ئەو کاتە دەبێ، کە ئامانجە ڕاستەقینەکە گەڕان بێ بە دوای چارەسەر، نەوەک هەر بۆ سەلماندنی ئەوە بێ گوایە تۆ لەسەر هەقی.

کاتێک ئێمە لە کۆژینەکەدا دانیشتبووین و بە خەڕەکەکانمان تۆپە بەنمان هەڵدەوێزنیەوە، باپوجی باوەشێکی پێدا کردم و هیوای خواست لە وانەکەی تێبگەم. هەینێ پێی گوتم: "زیرەکانە تووڕەییەکەت بەکاربێنە. لێیگەڕێ یارمەتیت بدا چارەسەرێکی پڕ لە خۆشەویستی و ڕاستی تێدا بدۆزیتەوە."

زیرەکانە توورەییەکەت بەکاربێنە. لێیگەڕێ یارمەتیت بدا چارەسەرێکی پڕ لە خۆشەویستی و ڕاستی تێدا بدۆزیتەوە.

هەستم کرد خۆشەویستیی باپوجی لە ناخی دڵەوەیە، ئیدی لەو کاتەوە تێگەیشتم، کە خۆشەویستی و دلۆڤانی لە توورەیی مەزنترن. من لە هەموو ژیانمدا درێژە بە ڕووبەڕووبوونەوەی نادادی و لایەنگیریی دەدەم، لێ هەرگیز هەستی ئەوەم لا پەیدا نابێتەوە بەرد بهاوێژمەوە. من دەبێ چارەسەری دیکە بدۆزمەوە.

## وانەی دووەم

## لە قسەکردن مەترسە

هەرچەندە باپیرەم هیوای وابوو ئەوانەی دێن و لە کۆژینەکەدا دەبنە مورید و هەوادار، لەوانە بن کە بە دوای بەها بالاکان دەگەڕێن، لێ سووک و ئاسان زۆر کەسیش وەک تاقم و گرووپ دایانە پاڵ و هاتن لە کۆژینەکەدا ژیان. ئەو تێکۆشا تا هەموومان وا لێ بکا بیر لە خۆمان بکەینەوە. ئەو لەو بڕوایەدا بوو، تۆ ناتوانی خەڵکی دیکە لەسەر حیسابی خۆت دڵخۆش بکەی، هەروەها ئەوەشی پێ گرفت نەبوو، کە لایەنگر و شوێنکەوتەکانی ئەو لەگەڵیدا بکەونە مقۆمقۆ و وتووێژ.
ئەو پێی گوتین: "ئاخر ئەو "نەخێر"ەی لە قوولایی دڵتەوە دەردەچێ زۆر لەو "بەڵێ"یەی باشترە، کە بە ئاستەم بۆ ڕازیکردنی بەرانبەر دەردەچێ، یان لەوەش پۆلکتر[٩] لەو بەڵێیەی کە بۆ خۆبەدوورگرتن لە کێشە و بەلا دەگوترێ." لێ گەلۆ، هێشتاش بۆ هەندێک لە خەڵکی سەخت بوو لێی بپرسن. ئەو وەک کەسێکی بە ئاوەز و پیرۆز (موفەڕک) دەبینرا، خەڵکیش کە دەهاتە کۆژینەکە، بۆ ئەوە دەهات تا لێی فێربن.

[٩] پۆلکتر: بەدتر، خراپتر، وێرانتر.

ئـاخر ئەو "نەخێر"ەی لە قووڵایی دڵتەوە دەردەچێ زۆر لەو "بەڵێ"یەی باشـــترە، کە بە ئاســـتەم بۆ ڕازیکردنی بەرانبەر دەردەچێ، یان لەوەش پۆلکتر لەو بەڵێیەی کە بۆ خۆبەدوورگرتن لە کێشە و بەڵا دەگوترێ.

زۆری ویست تا ئێلا، خوشکە شەش ساڵانەییەکەم، بۆ هەمووان بیســـەلمێنێ، کە دەنگ هەڵبڕین و داواکردن بۆ ئەو شـــتەی حەزت پێیەتی نەوەک هەر شتێکی باشە، بەڵکو هەر بەڕاستی گرنگیشە.

بۆ جاری یەکەم، کاتێ گەیشـــتینە ســـیڤاگرام، دایبابم و ئێلا بۆ ماوەی هەفتەیەک لەگەڵم مانەوە. من و ئێلا لە ژیانیماڵەوەمان لە باشـــووری ئەفریقا ڕاهاتبووین، لەوێ کۆژینی فۆنیکس دەژیاین، ئەو شـــوێنەی بۆ باپوجیش دەســـپێکی چالاکییەکانی بوو. خۆی شـــوێنەکە یەکەمین ئەزموونی دەســـتپێـک بوو بۆ ژیـانێکی هەرەوەزییانە. لە دەســـتپێکەوە تەنها خزمە نزیکەکان و یەک دوو لە ئامۆزاکانمان لەوێ دەژیان، لێ هەر زوو دۆســـت و برادەریش ڕەگەڵ کەوتن و هاتنە ئەوێ، پاشـان ئەو خەڵکانەش هاتن ئەوانەی ژیانی هاوکاری و هەرەوەزییان پێخۆش بوو، تا لەگەڵ یەک و لە لەگەڵ سروشتدا هاودەم بن.

ژیان لە کۆژینی فۆنیکسی باشووری ئەفریقیا زۆر سادە و ساکار بوو، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ژیان لە ســـیڤگرامی هیندســـتاندا تا ڕادەیەک بە کەشـــخەیی دەهاتە پێشـــچاو. ئاخر ئێمە لەوێ لە خـانووێکی دارین و لەوحە ئـاســـنین دەژیـان، وەک نـاومـاڵیش کەلوپەلێکی ڕێکوپێکی هەبوو؛ هەرچی لێرەیە هەمووی هەر کۆڵێتێکی قوڕینە و لەســـەر زەوی دادەنیشـــین. لێ گەورەترین

جیاوازی خواردنەکە بوو. لە هەردوو ئەشـــرەمەکەدا دانەوێڵەمان دەچاند و لە بەروبوومەکەیمان دەخوارد، بەڵام لە فۆنیکس دایکم ئەو دانەوێڵەیەی بە شـــێوەی جیاجیا بە دەرمان و بەهاراتەوە لێدەنا. خواردن لە سیڤاگرامدا (بۆ ئەوەی ڕاشکاو بم) زۆر ناخۆش بوو. هەموو ڕۆژێـک کوولەکەی کوڵاوی بێ خوێمـان دەخوارد. هەموو ژەمێک هەر بێ تام و بێ خوێ هەروەک ژەمی پێشـــتر. کوولەکە بە خـاوی بە کوڵاوی، دەخۆی نـاخۆی هەر کوولەکە! بەیانیان کوولەکە، نیوەڕۆ و شـــێوانیش هەر کوولەکە. من و ئێلا دەردەدڵی خۆمان لە بارەی کوولەکەوە لای دایک و باوکمان کرد، لێ ئەوان بێ دەنگیان کردین و ئاماژەیان بەوە دا، ئێمە میوانین و پێویســتە ڕێنماییەکانی باپوجی پەیڕەو بکەین. ئێمە لەوەش ماندوو بووین هێندەی قســـە لەگەڵ ئەوانە بکەین کە لە ناندین کاریان دەکرد و ژەمەکانیان ئامادە دەکرد، کەچی ئەوانیش هەر هەمان قەوانیــان لێـدایەوە: "ئێمە ئەوە دەکەین، کە گـانـدی دەیەوێ." هەموویـان هەر ئەو گریمـانەیـان دووبـارە دەکردەوە، گوایە ئەو خشـــتەی ژەمەکانی داناوە، ئیدی هەردەبێ هۆکارێکیش بۆ ئەمە لە گۆڕێدا هەبێ. وەنەبێ هەر ئێمە بە تەنها بین لەوەی داوای ژەمی جۆربەجۆری ســـەوزە و میوە بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی کەس نەیدەویســـت دەنگ هەڵبڕێ و خۆی ناشـــیرین بکا، کەس زاتی نە دەکرد داوای جۆری خواردنەکە بکا.

ئێلای بچکۆلە هەستی بە خۆداشکانەوەی وەهای نەبوو. لە کۆتایی هەفتەکەدا، دوای هەفتەیەک لە خواردنی کوولەکە، ئیدی خوشکەکەم گوتی بەســـە. بە هەموو تووڕەییەکی ڕەوای کیژۆڵەیەکی شـــەش ســـاڵانە، بەرەو کۆڵیتە گڵێنەکەی باپوجی کەوتەڕێ. لەبەر دەمیدا

وەستا و دەنگی خۆی هەڵبڕی: "تۆ پێویستە ناوی ئەو شوێنە بکەینە کۆژینی کۆلا!" ئەو وەهای گوت و وشەی هیندیەکەی کوولەکەی بەکار هێنا.[10]

باپوجی لە کاتی سەرگەرمی کارەکەی، بەسەرسامییەوە سەری هەڵبڕی و پرسی: "ڕۆڵە، مەبەستت چییە؟"

ئەویش ئەوەی بن بەڕێی هێنایە سەر بەڕێ و گوتی: "لەوەتەی ئێمە هاتووینەتە ئێرە، لە کوولەکە زیاتر هیچی دیکەمان نەخواردووە، بەیانیان و نیوەڕۆ و شێوان، دەخۆی ناخۆی هەر کوولەکەیە. بێ تام بوو، بە هۆیەوە خەریکە نەخۆش دەکەوم."

باپوجی هەر بەڕاستی پێی سەیر بوو: "چۆن بەو شێوەیە؟" بەڵام خۆ ئەو حەزی لە گاڵتەوگەپیش بوو، بۆیە ئەمەی لێ زیاد کرد: "پێویستە بە دوایدا بچین. خۆ ئەگەر ئەوەی دەیلێی ڕاست بێ، ئەوسا پێویست دەکا ناوی کۆژینەکەمان بگۆڕین."

هەرچی باپوجی خۆی بوو، زۆری کەمی دەخوارد، زۆر جاریش هاوشان لەگەڵ کردە پرۆتستۆوە ناتوندوتیژییەکەی بە ڕۆژوو دەبوو. لێ خۆ ئەوەی چاوەڕێی ئەوەی نە دەکرد هەمووان وەها کتومت لە جۆر و چۆنیەتی خۆراکیشدا پەیڕەوی ئەو بکەن. ئەو زۆر سەرقاڵ بوو، بەسەر هەموو شتێک ڕانەدەگەیشت، زۆر کەم دەیپرژایە سەر چاودێریکردنی خواردنی هاوبەشی کۆژینەکە، بۆیە هەر نەشی دەزانی ئاخۆ ژەمەکان چۆن و چین.

---

[10] کوولەکە کە کدووشی پێ دەگوترێ بە هیندی کۆلا یان کولایە... تۆ بڵێی لەبەر دەستپێکی پیتی کاف، ڕیشەی وشەکە لە زمانی ئێمە و ئەوان یەک نەبووبێ! وەرگێڕ

ئەوە بوو هەر ئەو ئێوارەیە دوای ڕێوڕەسـمی نوێژ و درووود، کاتێک قسـەی بۆ خەڵک دەکرد، داوای لە کارهەڵسـوڕێنەری کۆژینەکە کرد بۆی ڕوون بکاتەوە، ئاخۆ بۆچی هەموو ژەمێک هەر کوولەکە ئامادە دەکرێ. (مونا لال)[11]ی کارهەڵسـوڕێنەریش دووپاتی کردەوە گوایە لەسـەر ڕێنمایی باپیرە دەڕۆن، بۆیە لە ژەمەکەیاندا هەر ئەوە دەخۆن کە لە کێڵگەکانی کۆژینەکە بەرهەم دەهێندرێ.

باپوجیش لێی پرسی: "مەبەستتە بڵێی کێڵگەکانی کۆژینەکەمان هەر تەنها کوولەکە دەچێنن ؟"

- "ئاخر تۆ گوتووتە پێویسـتە خواردنێکی سـووک و سـادە بخۆین، بۆیە پێموا بوو ئەمە داخوازیی بەڕێزتان بێ."

- "سـادەبوون، واتای ئەوە ناگەیەنێ تۆ هەموو جارێک هەر هەمان شت بخۆی."

کارهەڵسـوڕێنەرەکە هەراسان بوو. بە پەشـۆکاوییەوە هاتە وەڵام: "ئاخر ئێمە تەواوی کێڵگەکەمان بە کوولەکە داچاندووە، ئەوەندە بەرووبوومیشـمان لێی هەیە نازانین چی لێبکەین. هەربۆیە هەر سێ ژەمەکە هەر کوولەکە ئامادە دەکەین."

باپوجی پێی گوت ئەمە نەخشـەیەکی باش نەبووە. "ئێمە پێویسـتە سـەوزە و میوەی هەمەجۆر بچێنین، بەڵام خواردنێکی سـادەی لێ ئامادە بکەین."

ئەو وەها بوو، هەرگیز بێ چارەسـەر لە گفتوگۆ نە دەچووە دەر. ئەوە بوو گوتی: "ئێسـتاش کە زیاد لە پێویسـت کوولەکەت

---

[11] Munna Lal

داکردووە[12]، برۆ لەو گوندانە بە میوەجـات و ســـەوزەی دیکە بیگۆڕەوە."

ئەو ڕۆژە ئێلا بووە پـاڵەوان، ئەمەش وەنەبێ هەر لەبەر ئەوە بووبێ، کە خێرا جۆری خواردنەکەی باشـــتر کرد، بەڵکو باپوجی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئێلادا وەک وانەیەک وەرگرت، بەوەی ئێمە هەرگیز نابێ لەســـەر کێشـــە و گرفتمان بێدەنگ بین. *ئـاخر چۆن ئێمە دەتوانین جیهـان بگۆڕین، ئەگەر هـاتو لە دەستنیشانکردنی هەڵەوپەڵە بترسین؟*

❖

دوای ئەوەی ئێلا و دایبابم لەوێ ڕۆیشـــتن، خێرا لەگەڵ ڕیتمی کۆژینەکە ســـازام. هەموو بەیانییەیک ســـەعات ٤:٣٠ لە خەو هەڵدەستام تا بۆ نوێژی سەعات پێنج ئامادە بم. باپوجی پێشنوێژی دەکرد و قســـەی بۆ هەمووان دەکرد، ئەوانەی بۆ ئەو ڕۆژە بۆ شتێکی گرنگ گرد بووبوونەوە. هەرچەندە هەندێک جار تەنها هەر هەندێ قســە و بابەتی کردەی ڕۆژانەی بۆ ئاکنجییانی ئەشـرەمەکە باس دەکرد، منیش لە لای خۆمەوە مســـکە بوومەوە، بیرم لەوە دەکردەوە چۆن جیهان بەو شـتە سـەرسـام و غافڵگیر دەبێ، کاتێ گوێیان لە گاندی مەزن دەبێ باشـــترین ڕێگەی ئاودێریی میوە و سەوزە تاوتوێ بکا.

دوای ئەوە بۆ ماوەی ســـەعاتێک ڕاهێنانی خۆم کرد، بە هەندێک یۆگاشـــەوە، پاشـــان ڕۆڵی کارە ڕۆژانەییەکانم هات. ئێمە دەبووایە هەمووان یـارمەتیـدەر بین بۆ ڕاییکردنی کـاروبـارەکـانی نێو

---

[12] داکردن: کۆکردنەوە، کۆگاکردن، خەزنکردن.

کۆژینەکە، ئەوسا بە کارە هەرە ناخۆش و بێزارەکەشیەوە، هەر بۆ نموونە خاوێنکردنەوەی ئاودەستەکان.

تا ڕادەیەک لە هەموو شـوێنەکانی هیندسـتان، ئەو ئەرکە ئاسـت نزمانە هەر تەنها بەو کەسانە دەکرا، ئەوانەی سـەر بە چینی هەرە خوارەوە بوون. لێ بـاپوجی لەو بڕوایەدا بوو بۆ یـارمەتیـدانی جیهان شـکاندنی سـنوورە چینایەتییەکانی نێوخەڵکی گرنگە، بۆیە هەر یەکێک لە ئێمە دەبووایە ڕۆڵی خۆی لە قێزەونترین کاریشـدا گێڕابا. بۆ من هەڵگرتنی پاشـەڕۆی ناو سـتڵەکان، تا وەک پەین بەکار بهێنری، ناخۆشـترینیان بوو. لە دەسـتپێکەوە کاتێک بۆنی گەنینەکە بەر کەپووم کەوت، بێزار بووم و هیوام وابوو بەڵکو وەک نەوەی گاندی، هەڵسـوکەوتێکی تایبەتییانەم لەگەڵدا بکرێ و لەم کارەدا ببوێردرێم، بەڵام خۆ شتی وا لە گۆڕێدا نەبوو! هەمووان بە زبارە کاریان دەکرد، دوای ماوەیەکیش لێڕاهاتم و کارەکەش هێندە خراپ نەبوو. ڕێنمایی باپوجی بەوەی هەموومان یەکسانین، وای لێکردن بە شێوەیەکی جیاواز سەیری کار بکەین.

لە پاش ڕاییکردنی کارەکان (لە کۆتاییدا!) کاتی قاوەڵتی بەیانی دادەهات. ئینجا دەبوایە لەگەڵ مامۆسـتاکەم چووبامە دەرەوە و لەبەر خۆرەتـاودا وانەکەم بخوێنم. هەنـدێ جـار پلەی گەرمـا بە گوێرەی پێوەری فەهرەنهایت دەگەیشتە نزیکەی ٤٦ پلەی سەدەی، بەڵام خۆ چوونە بەر خۆرەتاو بژاردەیەک نەبوو لە دەسـتی مندا بێ، چونکە مامۆسـتا ڕەفتارسـەیرەکەم سـوێندی خوارد بوو لە بن هەنوانـدا[١٣] دەرس نەڵێتەوە، هەرچەنـدە هەنـدێ جـار ڕێگەی دەدا

[١٣] هەنوان: بنمیچێک بۆ حەوانەوە، ئەنوا، پەناگە. هەیوان.

خاولییەکی لۆکە بەســـەر ســـەرمدا بدەم. زۆرجاران ئاکنجییانی کۆژینەکە بەڵێن و ســـۆزێکیان بەخۆ دەگرت تا لایەنی دیســـپلینی زەینی خۆیان نیشـــان بدەن و ئەو توانایەشـــیان هەبێ بە دوای جێبەجێکردنی نەخشـــەکانیاندا بڕۆن، هەرچەندە لەو ڕۆژە خۆرەتاو و گەرمانەدا کەیفخۆشـتر دەبووم گەر هاتبا ئەوەندە توند و وشـک دەستیان بە بەڵێن و سۆزەکانیان نەگرتبا.

بەڵێندان لە ژێر دابونەریتی هیندیدا کردەیەکی هاوبەشی باو بوو. جـارێکیـان لە ســـەردانی داپیرەم (لە دایکەوە) بووین، یەکێ لە پوورەکانم ســـوێندی خوارد، هەردەبێ لە ڕۆژێکدا دوو ژەم بخوا. ئێمە هەمووومان ترسـاین، من و خوشـکەکەشـم سـەرنجی ئەوەمان دا، کە ڕاســـتە پوورەکەمان نانی نیوەڕۆی نە دەخوارد، بەڵام هەر دوای نیوەڕۆ دادەهات زاری نە دەچووە کالانێ[١٤] و هەر وردەنوقڵی دەخستەدەم. ئێمەش لێمان پرسی بۆچی وا دەکەی. ئەویش ڕوونی کردەوە: "بەڵێ نانی بەیانیم خواردووە، ئێســـتاش هەر ئەو ژەمە درێژ دەکەمەوە تا نانی شێوان!"

لێ بە پێچەوانەی پوورەکەم، مـامۆســـتـاکەم دەقـاودەق خۆی بە ســـوێندە و نەزرەکەی لەخۆی گرتبوو بەســـتبووەوە، بە دوای هیچ گۆشـــە و پەســـیوێکی بەر ســـێبەر نە دەگەڕا، بۆیە بەدەر لەو نیو ســـەعاتە وچانەی بۆ نانی نیوەڕۆ تەرخان کرا بوو، دەنا هەموو ڕۆژەکە لەبەر هەتاو بووین. سەرباری گەرماش، ئەوێ هەم وشک و هەم پڕ لە تەپوتۆزیش بوو، هەر کاتێکیش باران دەباری، هەموو ناوچەکە دەبووە زۆنگاوێک لە قوڕ و لیتە. پاشـــان لە زســـتاندا

[١٤] ئیدیۆمێکە، واتە نەدەوەستا هەر دەجووڵا.

لەوەش پۆلکتر دەبوو، ئاخر پلەکانی گەرما بۆ دەوروبەری پلەی بەستن دادەبەزین.
وەنەبێ خووخدەی مامۆستاکەم هەر تەنها ئەوە بێ، بە ڕۆژ نەچێتە بن هەنوان، بەڵکو جاریکیان لەگەڵ کۆژیننشینێکی دیکە کەوتە دەمەقاڵی و دەنگی خۆی هەڵبڕی و بەسەریدا شیڕاندی. پرسەکەش گەیشتەوە باپوجی، ئەویش بەچاوی مامۆستاکەی دادایەوە، کە قسەی بریندارکەری لە دەم دەرچووە، بۆیە پێویستە فێربێ خۆی جڵەو بکا.
مامۆستاکەش پرسی: "باشە بەڕای تۆ پێویستە چی بکەم؟"
باپوجیش باگۆی دایەوە: "تۆ پیاوێکی ڕۆشنبیری. بڕیارەکە بۆ خۆت جێ دەهێڵم."
مامۆستاکەشم بە کردەوەکەی هەمووانی هێدمەگرتی کرد بە باپیرەم خۆشیەوە. ئاخر ئەو بە تەلێک ڕێکوپێک هەردوو لێویی خۆی لە یەک دروویین. پارچە کاغەزێکیشی نووسی، تێیدا هاتبوو؛ لێوەکانم ناکەمەوە تا ئەوکاتەی لەوە خاترجەم دەبم، جارێکی دیکە میزاجترش نابم. زۆری خایاند تا هاتە سەر ئەو بڕوایەی لە خۆی ڕازییە، بۆ چەندین مانگ هیچی نەخوارد، هەر بە تەنها بەوەندە وازی هێنا، کە هەندێک شلەمەنی بە لالێوە دەخواردەوە تا بچێتە نێو گەدەی. کاتێکیش من ئەوم بینی و ببوومە قوتابی بەردەستی، هێشتا شوێنەواری لێودروینەوەکەی پێوە مابوو. بۆیە بە دوورمان دەزانی چاوەڕێی ئەوەی لێ بکەن لەبەر فێنکایی، غار بداتە بەر سێبەری دارەکە.
باپوجی لەگەڵ کەسانی سەیروسەمەرە سازا بوو، لەو بارەیەوە ڕامانی تایبەتی خۆی هەبوو. لێ خوای لەو کەسانە نە دەما،

ئەوانەی دەســـتبەرداری خۆیان دەبوون و بیریان لە شـــتەکان نە دەکردەوە. پێموابێ ئەو بەو بارە گشـــتییەی ئێســـتا ئاپۆڕای خەڵک لەسـەری دەڕوا دڵشـاد نە دەبوو، ئەوەی لە سـۆشـیال میدیادا هەر بە "لایک" و"فۆلۆو" واز دەهێنێ بێ ئەوەی بیرۆکەی خۆی لە بارەوە هەڵڕێژێ. ڕەچەتەیەکی ڕێجیمکردن بۆ دابەزاندنی کێش بە ملیۆنان خەڵک بۆخۆی ڕادەکێشـــی، ئەگەر چی شـــتەکە پڕوپووچیش بێ و وەک ڕژێمی خواردنی کوولەکەکە بێ تام و هەراســـان بێ. کابرای سیاسـەتباز لێدوانی قۆڕ و زبر و ناشیاو دەدا، کەچی خەڵکەکە لێی بێ دەنگن، ئەمەش هەر لەبەر ئەوەی ســـەر بە هەمـان حزب و لایەنن. پێشـــەوا دینییەکـانیش جـارنـامە دەردەکەن، کە ژنـان لە مافەکانیان بێ بەش بکەن، کەچی لەبن ســـایەی دابونەریتدا کەس قولماتی لە دەم نایەتە دەر و بۆیان دەچێتە سەر.

ئێسـتاش زۆر لە سـیاسـەتوانان بەر لەوەی هەڵوێسـتیان لە شـتێک ڕابگەیەنن یان لێدوانێک بدەن بە دوای ڕاپرســـییەکاندا دەگەڕێن، ئەو کاتەش دەم دەکەنەوە کاتێک لە بەرژەوەندییان بێ. ئەوان بە زەحمەت بیروباوەڕەکانیان دەگۆڕن، چونکە لەوە دەترسن ڕوانینی خۆیان بگۆڕن و ڕۆژنامەش لێیان لە هەڵا بدا بەوەی شـــتەکانیان تێکەڵ کردووە. هەرچی باپوجی بوو باکی بە حزبە سـیاسـییەکان نەبوو، پێویسـتی بەوەش نەبوو هەمیشـە هەر لەسـەر هەق بێ. ئەو لەبەردەم مندا ئەوەی بۆ درکـاندم، کە ڕۆژانە هزرە نوێکان تـاقی دەکاتەوە و بەردەوام لەو هزرانەش دەپێچێتەوە، ئەوانەی دەســـتی پێوە گرتوون. ئەو دەیزانی کاتێک تۆ کوێرانە و دۆگمایانە بە دوای هەر ڕێبازێکدا بکەوی، ئەوا شـتەکە سـووک دەکەی و لە مەبەسـتە سەرەکییەکەشی کەم دەکەیتەوە.

پێموایە باپیرەم شـــتی کەمی بۆ ئەو کەســـــانە دەبوو، ئەوانەی نەیاندەویست بیر لە خۆیان بکەنەوە و لەبەردەم هەڵە و شاشیشدا دەنگ هەڵنابڕن. ئاخر کە ئێلایەکی شــەش ســاڵانە توانی شــتێکی وەها بکا، ئەوا ئێمەش هەموومان دەبێ ئەو شـــــتە بکەین. ناکرێ هەروا سوکوئاسان بە دوای ڕاوبۆچوونی ئەوانی دیکە بکەوین، بێ ئەوەی بوەســـــتین بڕیار بدەین ئاخۆ ئەوەی ئەوان لەگەڵ ڕوانینی ئێمەدا دەگونجێ یان نا. خۆ ئەگەر تۆ پێناســـــەی یەکێکت بۆ **ماف** یان بۆ **چاکە** پەســـــەند کرد و بە دوای بەهای خۆشـــــت نەگەڕای، کەواتە تۆ قایلی بەوەی هەر سێ ژەمەکە کوولەکەت بە خاوی و بە برژاوی و بە کوڵاوی دەرخوارد بدرێ.

تۆ ئەو کـاتە هێزی خۆت دەســـــەلمێنی، ئەو کـاتەی ئەو شـــــتە دەدۆزییەوە، کە زۆر بە قووڵی بە تۆوە پەیوەســـتە و و ئامادەشـــی پێی لەســـــەر دابگری و بەرگری لێبکەی، تەنانەت ئەگەر تەوژمەکە بە دژە ئاراستەشدا بڕوا.

❖

وەک نەوەیەکی گـانـدی تێکۆشـــــام نموونەی نـاتونـدوتیژی و لێتێگەیشـــتن بکەمە ســـــەرمەشـــقی ژیانم. بۆ ماوەیەک پێموا بوو پێویستم بە وەیە دەقاودەق لەسەر ڕێرەوەکەی ئەو بڕۆم و بە موو لێی لانەدەم، بەڵام ئەوەم بیرکەوتەوە، ئەو چەند بە دەنگ هەڵبڕین و لەســـــەرخۆ بە جوابهاتنی ئێلاوە شـــاناز بوو، منیش پەییم بەوە برد، ئەویش لێی ویســـــتوومە بیر لە خۆم بکەمەوە. ئەو بڕوای بە فەلســەفەی ژیانێک هەبوو، هەمیشــە لەســەر بنەمای تاقیکردنەوە و تەواو عەیار بوون بڕوا. خۆ من هەر هەمان کەســـی وەک باپوجی

نەبووم، هەموو ئەوەی لەسـەرتە ئەوەیە سـەیری من بکەی تا بیزانی.
کاتێک لە هیندسـتان گەڕامەوە منداڵان بە تەوسـەوە پێیان گوتم: " تۆ ئەو باڵا بەرزە و قەڵەوەی، کەچی باپیرەشـت ئەو باریک و لاوازەیە."
هەمیشـە مێردمنداڵان لە خۆیان خاترجەم نین، هەندێک جاریش بەراورد کردنم بە گاندی مەزن شتێک بوو باری سەرشانی قورس دەکرم و بارەکەم پێ هەڵنەدەگیرا.
جاریکیـان لە دایکم پرسـی: "ئەرێ باشـە چۆن لەگەڵ ئەو ئەفسانەیەدا بژیم؟"
دایکیشـم عاقڵمەندانە وەڵامی دامەوە: *"ئەگەر ئەفسـانەبوونەکە بە بار بزانی، ئەوا تا دێ قورستر دەبێ، لێ ئەگەر ڕێگەیەک بۆ واتای ناواخن و ڕاستی، ئەوا هەست دەکەی بارەکە زۆر سووکە."*
دوای ئەوەی کۆمێنتە نەرێنییەکەم پشـتگوێ خسـت، هەر بە باپیرەم کارانگاز بووم و حەزم لێ بوو درێژە بەو پرسـانە بدەم، کە مایەی مشـوورخواردنی ئەو بوون، بەڵام خۆ لەگەڵ ئەوەشـدا دەکرا هەر کەسایەتیی خۆم بم نەوەک ئەو. بە پێچەوانەی ئەو، من کەسێکی ڕووەکخۆر نەبووم. هەوڵێکیشم بۆدا، لێ دواتر بڕیارم دا ئەو شتە نەبێتە بەشێک لە ژیانم. دەمبینی کاتێ لە چێشتخانەیەکم و خەڵک دێنە لام، لەو کاتەدا منیش خەریکی خواردنی هەمبەرگەرم. ئەوانیش دەیانزانی دەمەوێ وتەکانی باپیرەم بڵاوبکەمەوە، کەچی هەمبەرگەرم لە پێشـە! هەوڵمدا بۆیان ڕوون بکەمەوە، کە باپیرەم بڕوای وا نەبوو سـەرلەبەری دۆگمایەکی کوێرانە پەیڕەو بکەین و تەواو دەستبەرداری هەستەکانی خۆمان بین. تۆ لەسەرت پێویستە

بیر بکەیتەوە و بپرسـی، هەروەها خۆشـت بکەیتە بەشـێک لە ڕێکارەکە. لە بری ئەوەی ناپاکی لە باپیرە و پرسـە مەزنەکەی بکەم، ئەوا فەلسەفەکەی ئەو دەکەمە هی خۆم.

لە باپیرەمەوە فێر بووم، لەسـەر تۆ پێویسـت نییە بە شـێوەیەکی تـایبەتی وەهـا بژی، هەر بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە دڵخۆش بکەی. ڕێڕۆیشـتن لەگەڵ حەشـاماتی خەڵک ڕێگەیەک نییە بۆ گۆڕان و باشـترکردنی جیهان. زۆر جار ڕووبەڕووی کەسـانێک دەبمەوە، ئەوانەی لە کۆمپانیای گەورە زەبەلاحدا کاردەکەن و تا درەنگانی شـەو هەر لەسـەر مێزی کارەکەیان دەمێننەوە، چونکە پێیان وایە هەر ئەم شـتەیان لێ چاوەڕوان دەکرێ. تۆ بڵێی هەر بە ڕاسـتی ئەوان بەهایەک بخەنە سەر ئەوەی هەیە، یان تۆ بڵێی ئەو ڕێگەیەی ئەوان لەگەڵ خۆیان و خێزانیان ڕاسـتی بێ و کارەکەشـیان ڕایی بکەن؟ لەسەر ئێمە پێویستە لەو ڕێگەیەی دەبڕین وریابین، واشمان لێ نەکا ئەو ڕێگەیەی گرتوومانەتە بەر شـادمان بین هەر لەبەر ئەوەی کەسێک پێمان بڵێ کەوا ئەمە ڕێگە ڕاستەکەیە.

زۆر کەس لە ئێمە بە دوای هەواوهەوەسـی ماددییانەی ژیان کەوتووە، چونکە خەیاڵ و ئەندێشـەی ئەوان لە ڕێی هەموو ئەو شـتانەی دەوروبەرمان لە ڕیکلام و ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆن و فیلم و سـۆشـیالمیدیا پڕ بووە. هەندێک لە دڵیشـمانەوە ئەوە دەزانین دەسـتکەوتنی خانووی گەورە و ماڵی باش و ترومبێلی جوان خێرا کێشـەکەمان چارەسـەر ناکا و وامان لێناکا دڵخۆش بین، بەڵام ئێمە کێشـەمان لەگەڵ ڕەتکردنەوەی شـتە باوە چاوەڕوانکراوەکان هەیە لەوەی بڵێین: "من شتێکی دیکەم دەوێ."

باپوجی خۆی بەوپەڕی ســـــادەیی ژیا، چونکە ئەو لەو بڕوایەدا نەبوو یەکێک لە ئەوی دیکە شـــــایەســــتەتر بێ. هەرچەندە کاتێک گەنج بوو، ئەو شــــتەی پێ قبووڵ نەبوو. کاتێک لە لەندەن کاری پارێزەرایەتی دەکرد، لە بۆند ســـــترییت قاتێکی کەشـــــخەی بەقەد باڵای خۆی بە ڕادان دابوو. تەنانەت چووبووە وانەی ســــەما و کەمانچەیەکیشـــــی کڕی بوو، هەروەک جوامێرێکی ئینگلیز هەوڵی خۆی دابوو.
پاشــان باری کردە باشــووری ئەفریقا، لەوێش پارێزەرایەتی خۆی کرد، لە پرسـێکدا پێویسـتی بەوە هەبوو بە شـەو سـواری قیتار بێ و بچێتە پریتۆریا. ئەو یەکســـەر بەخۆی و تیکتی ناو دەســتییەوە خۆی بە فـارگۆنی پلە یەکدا دەکا، کەچی پیـاوێکی بەژن درێژی سپیپێست لەبەر دەمی قیت بووەوە و لێی نەگەڕا بچێتە فارگۆنەکە. "دەی گەمژە لەو فارگۆنە بڕۆ دەرێ." کابرای ســـــپی پێســـــتەکە هاواری بەســەردا کرد، قســەی نەشـیاوی ڕاسـیسـتیانەی هەینێی پێگوت.
باپیرەشـــــم وەڵامی دایەوە: "ئاخر خۆ من بلیتی خۆمم کڕیوە، هی ئەو پلەیە."
"باکم بەوە نییە بلیتت بڕیوە یان نا. هەر ئێســـــتا لێرە نەچیتە دەر، پۆلیست بۆ بانگ دەکەم."
باپیرەشـــــم باگۆی دایەوە: "دەکرێ وا بکەی." ئینجا بە ئارامی لێی دانیشت و نەیویست بچێتە فارگۆنی پلە سێی ڕەنگپێستەکانی دیکە. کـابراش لە قیتـارەکە دابەزی، بەڵام زۆری نەبرد بە خۆی و یەک دوو پۆلیســـــی هێڵی ئاســـــنین گەڕایەوە، ئینجا بە هەرســـــێکیان بە تۆپزی بـاپیرەمیـان لە قیتـارەکە فڕێـدابووە دەرێ. بە خەنـدەی

مەکرۆیانە و فیتی حەڕامزادانە جانتاکەیان لە دواوە بۆ فڕێدا و ئاماژەیان بە قیتارەکەش دا بەڕێبکەوێ.
باپیرەم بەو سەرمایە تەواوی شەوەکە لە وێستگەی قیتارەکەدا مایەوە، لە سەرمان هەڵدەلەرزی و هەر بیریشی لەوە دەکردەوە ئاخۆ چی بکا؟
پاشان ئەو وەهای نووسی: "هەمیشە ئەوەم لا مەتەڵە ئاخۆ چۆن پیاوگەلێک لە ڕێی سووکایەتیکردن بە هاوولاتیانی دیکەوە، هەست بە شانازیی خۆیانەوە دەکەن."

| |
|---|
| هەمیشە ئەوەم لا مەتەڵە ئاخۆ چۆن پیاوگەلێک لە ڕێی سووکایەتی کردن بە هاوولاتیانی دیکەوە، هەست بە شانازیی خۆیانەوە دەکەن. |

دەکرێ لەو شەوە دووروودرێژەی باپوجی لە وێستگەی قیتار بەسەری بردبێ، دەرکی بەوە کردبێ، کە پێویستە مرۆڤ لەسەر بڕوا و ڕوانینی خۆی وەدەنگ بێ. زێدەبارکردنی چاوەڕوانییەکانی خەڵکی دیکە وات لێ ناکا دڵشاد بی یان هەر بە تەواوی وا لە جیهان ناکا باشتر ببێ. هەر تەنها یەک دوو ڕۆژ دوای ڕووداوەکە، لە بەرانبەر ئەو لایەنگیرییە ڕەگەزپەرستییە ئەوێ بە شێوەیەک هاتە جواب، دنەی خەڵکیشی دا کاردانەوە بنوێنن. لە بارەی ئەرک و مافەکانی هیندییە ئاکنجییەکانی باشووری ئەفریقای نووسی و لێدوانە لایەنگیرییانەکەی پۆلیسیشی شەرمەزار کرد.

پاشـــان دوای یەک دوو ســـاڵ، کاتێک ئەو گەڕایەوە باشـــووری ئەفریقا، باپیرەم بە هەڵوێســـتی توند لە بەرانبەر ئەپارتاید ناســـرا بوو. لەگەڵ دوو کەشـــتی بارهەڵگری کرێکارانی هیندی گەیشـــتە بەندەرێکی باشـــووری ئەفریقا. حکومەتیش زانی کێشـــە دروســـت دەبێ، چونکە ســـپیپێســـتەکان حەزیان بە چارەی کۆچبەران نەبوو، زۆریش لە باپیرەم تووڕە بوون، ئاخر ئەو پشتیوانێکی سەرسەختی ماف و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک بوو. حکومەت بۆ ماوەی دوو هەفتەی ڕەبەق لێ نەگەڕا لەســەر پشــتی کەشــتییەکە دابەزن.
لە کۆتاییدا باپیرەم لە کەشـــتییەکە هاتە خوار، کۆمەڵە کەســـێک پەلاماریان دا، زۆر دڕندانە لێیان دا، سـەریان شـکاند و خوێنی پێدا هـاتە خوار. دەکرا هەر لەوێ بە برینەکـانییەوە بمرێ، بەڵام ئەوە بوو ڕووی لە ماڵی دۆســـتێکی کرد، لەوێش ژن و کوڕەکان (بە باوکیشـــمەوە) چاوەڕێیان دەکرد. ئەو دەیزانی دەنگ هەڵبڕین لە بەرانبەر نـاهەقییدا دژوارە، بەڵام لە هەمـان کـاتیشـــدا بڕیـاریـدا هەرگیز نەیوەســـتێنن. ئێش و ئـازاری ڕووبەڕووبوونەوەکە لە بەرانبەر ئامانجە مەزنەکە هیچ نەبوو.
لە کاتێک پۆلیس چەند پیاوێکی گرت، ئەوانەی پەلاماری باپیرەمیان دابوو، ئیدی کێشـــەکە ئاڵۆزتر بوو. پۆلیس داوای لە باپوجی کرد ســـکاڵای خۆی لای پۆلیس قەید بکا، بەڵکو پەلامـاردەرەکـان بە سزای خۆیان بگەیەنرێن. کەچی ئەو وای نەکرد.
بەرپرســی پۆلیســەکان بە ســەرســوڕمانەوە پێی گوت: "کەواتە من بەریان دەدەم."
باپیرەش باگۆی دایەوە: "زۆر باشە، وا بکە."

بڕیارەکەی ئەو وەها بوو، ئەگەر ئەو ببێتە مایەی زیندانیکردنی ئەو کەسانە، ئەوا دەبێتە خەتاباری درێژەدان بە ڕق و کینە. بەڵکو تاوانباران ببیستنەوە کە ئەو بڕوای بە توندوتیژی و تۆڵەکردنەوە نییە، ئیدی ئەوانیش بیرێک لە ڕەفتارەکانیان بکەنەوە. هەندێک جار ئەگەر هاواریش نەکەی دەنگت باشتر دەبیسترێ.

کاتێکیش گەڕایەوە هیندستان، وازی لە لەبەرکردنی قات هێنا و مێزەرێکی لە لۆکەی لەسەر بەست و شاڵێکیشی بەسەر شان و مل دادا و دەرپێیەکیشی پۆشی، چونکە وەک ئەو گوتی، مافی ئەوەی نەبوو شتێکی زیاتری لە خەڵکە ڕەشوڕووتە هەژارەکەی هیندستان هەبێ. ئەو هەژاریی نە دەپەرست، هەروەها لە بارەی پارەوپوولیش هێندە ساویلکە نەبوو؛ ئەو بایی ئەوەندەی پارە کۆ دەکردەوە تا لەو سەفەرانەی دەکرد بیداتە ئەو کەسانەی پێویستیان پێی هەیە. لێ ئەو جیاوازیی نێوان پێداویستە بنەڕەتییەکان دەکرد، ئەوەی جیاوازی لەنێو خەڵک دروست دەکا لەگەڵ ئەو خۆشگوزەرانییە دەستبڵاوەی ئەوانی دیکە کە جیاوازی دروست ناکا.

دایبابم لە پەیڕەوانی فەلسەفەی باپوجی بوون، کاتێکیش هێشتا گەنج بووم، هانیان دەدام یاری لەگەڵ منداڵی جووتیارە ڕەشپێستە هەرە هەژارەکانی دەڤەرەکەمان بکەم، ئەوانەی لە نزیک کۆژینی فۆنیکسدا دەژیان. خۆی ئەمەش ڕێگەیەک بوو بۆ دەنگهەڵبڕین لە بەرانبەر جیاوازییە ئابوورییەکان و یارمەتیشی دەداین ڕوانینمان بۆ سامانداری هەبێ. منداڵەکان هیچ یارییەکیان نەبوو، بەڵام هاندراین تا بە یەکەوە بە دوای قالکە شخارتە و قۆپچەی فڕێدراو بگەڕێین و بە کەتیرە لە یەکیان بدەین و ترومبێلی بچکۆلەی لێ دروست بکەین و یاری پێ بکەین. لای خوارەوەی ڕووبارەکەش،

قوڕە ڕەشـــەکەمان هەڵکۆڵی و هەندێ بیچممان لێی دروســـتکرد. خۆشـــیمان لە دروســـتکردنی یارییەکان دەبینی، کاتێکیش لە دروســـتکردنی یارییەکەمان دەبووینە، شـــاگەشـــکە دەبووین و لە خۆشـــیان هاوارمان دەکرد. ئەو ڕۆژانەی ئێســـتاشـــمان زۆر لە منداڵان هەر گەمەی پلاســتیکیان دەســت دەکەوێ و پێی ســەرقاڵ دەبن، لێ هەر ئەوەندەیە دوای یەک دوو ڕۆژ لێی بێزار دەبن.

دایبابم لەو بڕوایەدا بوون کە پێویســـتە یاریکردنیش بنیاتنەرانە بێ، بۆیە کـاتێـک چوومە قوتـابخـانە، منـداڵانی برادەرەکـانی کێڵگەکەمـان لە کـاتی یـاریـدا فێرە ئەلفوبێ و ژمـاردن دەکرد. جیهانێکی سەرتاپا نوێم بۆ ئەوان دامەزراند بوو، ئیدی لەسەر ئاگر بوون تـا ڕۆژی بەیەک گەیشـــتنمـان دادێ. دەکرێ منـداڵە ئەمریکییەکـان لە دەســـت قوتـابخـانە دادەدادیـان بێ بەوەی بە بێزارکەر و وشـــک و بێ تـامی دابنێن، بەڵام ئەو منداڵە هەرە هەژارانەی سەردەمی منداڵیی من، هەرگیز خەونیان بەوە نەدەبینی ببنە قوتابی، ئاخر خوێندن و فێربوون بۆ خۆی پەرجوویەک بوو.

هەواڵەکەی من بڵاوبووە، زۆری نەخـایـانـد دایبـابی منـداڵە ئەفریقییەکان لە هەموو لایەکەوە دارژانە ســـەرم و داوایان لێکردم بەڵکو منداڵەکـانیـان فێربکەم. هەنـدێـک جـار منـداڵان بیســـت کیلۆمەتریان بە پێی دەبڕی تا دەگەیشتنە من. ئاوەها چەندین کەس هـاتن تا ســـەرەتاییەک لە خوێندنەوە و ژماردن فێر بن، ئەوەی دنەی خوشکەکەشمی دا لەو کارە هاوکارییم بکا، ئینجا دایبابیشم لەو کارە وەگلان. زۆری پێ نەچوو قوتابخانەیەکی ڕاســتەقینەمان بۆ هەژاران پەیدا کرد. بینینم چەند نادادی بوو خەڵکانێک حەز بکەن فێر ببن و ژیانی خۆیان بگۆڕن، لێ کەس نەبێ گوێیان لێ

بگرێ و دەســـتباریان بگرێ، ئەوە بوو وانەکانی دوای نیوەڕۆیانی ئەو ڕۆژانەی بەرێ بوونە خۆپیشاندانێک لە دژی ڕژێم. من لەسەر ئەو سەرەتایەی باپوجی ڕۆیشتم بۆ ئەو گۆڕانەی خۆت دەتەوێ لە جیهـانیـدا بیبینی. دەکرێ هەروەک چۆن بە قســـە ئـاوەهـا کردەوەکانیشت بێنە گۆ.

بۆ ڕێڕۆیشـتن لەسـەر ڕێبازی باپوجی، دایبابم لەخۆیان گرتبوو بە هەژاری بژین، بۆیە ئێمە هەر بە تەنها پێداویستییە سەرەکییەکانمان هەبوو بێ پارەی پاشـــەکەوت، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەفریقیاییە ڕەشپێستەکانی دەوروبەرمان، ئێمە لە سەڵتەنەتی خۆشگوزەرانیدا دەژیاین.

دایکم ڕێچکەی تــایبەتی خۆی لە دەنـگ هەڵبڕین لە دژی ئەو نــایەکســـــانـیـیەی لە دەوروبەرمــانـدا هەبـوو، دۆزیـبـووەوە. کردەوەکانیشـــی ڕاســـت و ڕەوان بوون. ئێمە مانگامان هەبوون، شـــیرەکەیان لە بایی پێویســـتی ئێمە پتر بوو، بۆیە دایکم شـــیری زیادەی بە هەژاران دەفرۆشــتەوە، بەڵام هەر بەناو فرۆشــتن بوو، نزیکەی هەر لیترێک بە یەک فلس[15]. هەروەها هەر فلسـێکیشـی لە بەرانبەر ئەو سەوزە و میوە زیادەی و ئەو جلوبەرگانەی لە دۆست و ناسیاوانی لە شارەکانی کۆ دەکردەوە وەردەگرت. کاتێکیش بایی خۆم هەراش بووم تا لەوە تێبگەم ئەو نرخانەی دایکم داینا بوون، هەر بێ تام نزم بوون، لێم پرســـی باشـــە بۆ ئەوەشـــی هەر وەردەگرت.

---

[15]نووسەر وشەی پێنسی بەکار هێناوە، کە ئاماژەیە بۆ یەکەمین یەکەی پارە لە ڕووی کەمی بەهاکەیەوە، منیش لە بەرانبەردا فلسم دانا. وەرگێڕ

ئەویش بۆی ڕوونکردمەوە: "بە فرۆشـــتن بەو بڕە پارە زۆر کەمە لایەنی شـــکۆ و شـــانازیم بۆ ئەوان تێدەهێشـــتەوە، بەوەی گوایە ئەوان دەتوانن خۆراک و پۆشـــاک بەو بڕە پارەیە بۆ خۆیـان و خاووخێزانیان بکڕن."

دایکم کەوتبووە بن باری ســـۆز، نەوەک بەزەیی پێداهاتنەوە، ئەو دەیەویســـت یارمەتی خەڵکەکە بدا تا بڕوایان بە خۆیان هەبێ و ڕێزی خۆیـان و ئەو شـــتەی دەســـتیان دەکەوێ بگرن. ئـاخر ڕەفتارنواندن لەســـەر بنەمای هاوســـۆزی زۆر لە کردەی بەزەیی پێداهاتنەوە کاریگەرترە؛ هەروەها ئەم کردەوەیە کارێکی وەها دەکا هاموشـۆ و پەیوەندی لە نێوان خەڵکی جۆربەجۆر بسـازێنێ. دایکم ڕێک هەروەک باپیرەم قسەی لە بارەی شکۆی هەژارەوە دەکرد.

باپیرەم لە یەک شـت زۆر بە پارێز بوو، ئەویش قسـەکردن بوو لە بارەی خۆیەوە: ئەو ڕێگەی بە هیچ کەسـێک نەدەدا، بە خۆشـیەوە تا وەها داببنێ، گوایە هەمیشـــە لەســـەر هەقە یان لە ســـەرووی ڕامانی خەڵکی دیکەوەیە. مەبەست لە ژیانی هەرەوەزیی کۆژین بۆ ئەوە بوو یارمەتی خەڵکەکەی بدا بەسەر لایەنگیری و دابەش بوون زاڵ بن و توانستی لە یەکتێگەیشتنیان پتر بکا، یەکدییان قبووڵ بێ و ڕێز و پێزانینیان بۆ جیاوازی مرۆڤایەتییەکەی نێوانیان هەبێ.

بـاپوجی بڕوای وابوو بۆ ئەوەی ڕەخنەگرانە لە بەرانبەر نـادادیدا دەنگ هەڵبڕی و هیوات بە گۆڕانی کۆمەڵگە هەبێ، ئەوا پێویستە لە بـارەی ئەزموونی خۆتەوە بـدوێی و دەنـگ هەڵبڕی و تـا ســـەر ئێسقان هەست بە نادادییەکە بکەی.

دەنگهەڵبڕین لە بـارەی ئەوەی بڕوات پێیەتی مـافە، لێ هەنـدێک جـار دەتخـاتە دۆخێکی تەنگـانەوە. من بە هەراشـــی گەڕامەوە

هیندســـــتان، لە بارەی ئەو لایەندارییە لە خەڵکیم کۆڵییەوە، حەزم بەوە بوو بزانم ئاخۆ بۆچی ئێمە گەمژانە جیاوازی دەخەینە نێوان کۆمەڵانی خەڵکەوە. ڕۆژێکیان ژنێکی خەڵکی میســـیســـیپی ئەمریکا کە بۆ گەشـــت و گەڕان هاتبووە هیندســـتان و لە نووســـینگەکەمدا سەردانی کردم، ئەوسا لە مۆمبای بووم، ئیدی لە بارەی ڕەگەزەوە لە ئەمریکا دواین. پێم وابوو شـــتێکی ســـەرنجراکێش دەبێ ئەگەر هـــاتـــوو لـــێـــکـــۆڵـــیـــنەوەیەکـــی بەراوردکـــاری لەمەڕ جـــیـــاخـــوازی (دیســـــکریمینێشـــــن) لە باشـــــووری ئەفریقا و هیندســـــتان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بکرێ. ئاخر لەو ماوەیەی لە باشـــــووری ئەفریقا ژیا بووم، ئەوە فێر بووبووم، ئەگەر تۆ ســـپیپێســـت نەبی، ئەوا ڕەشـــــپیســـــتی، بۆیە جیاوازی. هەرچی ئەو دۆســـــتە نوێیەی میسیسپی بوو پێی گوتم، هاوزەمان لە ئەمریکا، جیاوازی ڕەگەزی تیختیخەی ئەفریقـــایی و کۆیلەکـــانی ئەوێ دەدا دژی ئەمریکییە سپیپیستە ڕەگەزپەرستەکان ببنەوە.

هەرچی لە هیندســـــتان بوو، ئێمە ڕەنگی پێســـــتمان بە جیاوازیی ڕیشـــەیی لە نێوان خەڵکی دانەدەنا، بەڵکو ســیســتەمە چینایەتییەکە خۆی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لە یەک جیاواز دەکردەوە بەوەی ســـەر بە کـــامە چین و توێژە وەک براهمییەکـــان یـــان گروپی بێ ئەسلوفەسڵ[١٦].

زانکۆی میســیســیپی زەمالەیەکی خوێندنی خســتە بەردەمم بەوەی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەو لایەندارییە بکەم، بۆیە لەگەڵ ژنەکەم بۆ

---

[١٦] مەبەست دالیتییەکانە، کە وشەیەکی سانسکریتییە و بە واتای دەستیان لێ نادری دەگوترێ، ئەمەش نزمترین چینی نێو کۆمەڵگای هیندییە. وەرگێڕ.

ئەمریکا بارمان کرد. خەڵکەکەش بیســـتیان کە نەوەی گاندی لە ئەمریکایە، منیش بەو خەڵکە شـــەرەفمەند بووم. ئەوانەی حەزیان لێ بوو لە بارەی گاندییەوە شـــتی زیاتر بزانن. ســـاڵێک دواتر، لە ١٩٨٨دا لە زانکۆی نیو ئۆرلاینس بـانگهێشـــــت کرام. زانکۆکە ڕیکلامێکی زۆری لە بارەی دوانەکەم بڵاو کردبۆوە، دنەی خەڵکی دابوو گوێ لە "گاندی و ڕاسـیسـیزم" بگرن. هەر بە ڕێکەوتیش لە هەمان ســـاڵدا داڤید دیکی ڕاســـیســـت و ئەندامی ڕێکخراوی کو کلوکس کلان[١٧] هەوڵیان دەدا هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ بەدەستهێنانی کورسی لویزانا لە ئەنجوومەنی نوێنەران بکەن.
کاتێکیش فڕۆکەکەمان لە فڕۆکەخانەی نیۆئۆرلاینس نیشتەوە، چوار پۆلیسی فڕۆکەخانەکە لێی وەسـەر فڕۆکەکە کەوتن و بانگیان کرد: "مستەر گاندی تکایە هەنگاوێک وەرە پێش."
بە چۆکلەرزینەوە لە شـــوێنی خۆم هەڵســـتام. باشـــە ئەدی چیم بکردبـایە؟ پۆلیســـــەکـان نەیـانگوت ئـاخۆ چی لە ئـارادایە، بەڵام یەکێکیان گوتی، "ئەمە لەبەر سەلامەتی تۆیە." منیش دوو پۆلیس لە پێشەوە و دوو پۆلیسیش لە پشتەوە لە فڕۆکەکە بەرەو فڕۆکەخانە لەوێشـــــەوە بۆ نێو ترومبێل ئینجا بۆ زانکۆکە. لە کۆتـایی پێیـان ڕاگەیاندم کە زانکۆکە چەندین گەفی لە ڕێکخراوی KKK سەبارەت بە من پێگەیشتووە، بە نەخشەی کوشتنیشمەوە.
بڕیارمان دا دوانەکەم ڕانەگرم و لەســـەر نەخشـــەکەمان بڕۆین. جەمـاوەری ئـامـادەبوو لە من دوورخرابووەوە - یەکەمین ڕیزی

---

[١٧] Ku Klux Klan یان کە بە کورتکراوەی KKKیش ناو دەبرێن، ڕێکخراوێکی تیرۆرستی ئەوپەڕی چەپی مێژوو یو ئێستای ئەمریکایە. وەرگێڕ

پێشـــەوە چۆڵ کرا بوو- منیش لە دواســـاتدا لە ڕیزی دواوە بەرەو ســـەر ســـەکۆی دوان بردرام. پاشـــان بە هەمان داودەســـتوور بردرامەوە فڕۆکەخانە و لەوێ لە ژوورێکی تایبەتی VIPدا دانرام و چوار پۆلیسیش دەیانپاراستم. لە کۆتاییدا دوا کەس بردرامە نێو فڕۆکەکە و لە ڕیزی کورسـییەکانی کلاسـی یەکەم داندرام، ئەوەی کۆمپانیای فڕۆکەوانییەکە بۆی تەرخان کردبووم. ئینجا پۆلیسـەکان خێرا ئیکلامێکیان بۆ کێشام و گەڕانەوە.

ئەو ڕۆژە زانیم و فێر بووم کە قسـەکردن و دەنگ هەڵبڕین دەکرێ بەرلەوەی لە ئەنجامدا ئەو گۆڕانکارییە بهێنێتە دی کە خوازیاری بووین، ببێتە مایەی ترس و کێشـمەکێش و پشـێوینانەوە. هەندێک جاریش وەها باشـترە سـەرت نەوی بکەیت و دەنگە دەنگ و هەرا پەیـدا نەکەی، ئیـدی هەر کوولەکەی کولاو بخۆیـت و لەگەڵ ڕەوشـــەکە و مێگەل برۆی تا ســـەرئێشـــەت نەیەتە ڕێ. لێ خۆ بـاپیرەم هەرگیز ئەو کـارەی نەدەکرد. لە مـاوەی ئەو هەموو ساڵانەی ژیانی چەندین جار لێیدرا و زیندانی کرا و هەشت جاریش هەوڵی لەنـاوبردنی درا. لە یەکێـک لە جـارەکـان کـابرای هەوڵی کوشـــتنی دابوو، لەلایەن کەســـانێکی خۆبەخشـــەوە گیرا، کەچی باپوجی قایل نەبوو بیدەنە دەست پۆلیس. لە باتی ئەوە لەگەڵ کابرا کەوتە گفتوگۆیەک تا وێبکەوی ئاخۆ کابرا بۆ ئەوەندە بۆ کوشـــتنی بە پەرۆشـــە. باپوجی دوای نزیکەی یەک ســـەعات قســـەکردن لەگەڵیان، هاتە سـەر ئەوەی بڵێ کابرا لە باریدا نییە گوێ لە قسـەی عـاقڵانە بگرێ یان بگۆڕێ، بۆیە لێی گەڕا بڕوا و پێی گوت: "دەی بڕۆ خوا کارت ڕابێنێ خۆ ئەگەر لە نێوچاوانم نووسرابا بە دەستی

تۆ بمرم، خۆكەس نەیدەتوانی فریام بكەوی، ئەگەر چارەنووسیشم وەها نەبێ، ئەوا تۆ ناتوانی لە كارەكەتدا سەربكەویت."

باپوجی دەیەویست ڕووبەڕووی نەیارەكانی ببێتەوە و لەسەر بیروباوەڕیشی بچێتە زیندان. خاڵی بەهێزی كەسایەتی ئەو لە پەرۆشی دەنگ هەڵبڕینیدا بوو لە بەرانبەر سیستەمێك كە پێی وابوو هەڵەیە، بۆ گۆڕینیشی ڕێگەی ناتوندوتیژی لێ گرتبوو.

لەوانەیە هەندێك كەس پێی وابێ باپیرەم لە ژیانی خۆیدا خۆی زۆر بێ بەش كردووە؛ ئاخر لە دوای هەموو شتێك ئەو ئەوەندەی نە دەخوارد، هەروەها ئەو لە كۆڵیتێك دەژیا و جلێكی شڕوڕیشی دەپۆشی. سەربارەی ئەو هەموو پێوە سەرسام بوون و ناوبانگەی پەیدای كردبوو، خۆ دەكرا لەگەڵ دەستوپێوەندەكانی لە ماڵێكی گەورە و خۆشدا بژیابا هەروەك چۆن یەكەم جار كاتێ گەیشتمە كۆژینی سیڤاگرام پێشبینیم كردبوو. كەچی لە بری ئەوەدا، ئەو شتێكی گرنگتری دۆزیبووەوە، ئەویش ژیانێكی پڕ لە میهرەبانی و سۆز بوو. ئەو لەسەر بەهای گەردوونی لە بارەی چاكە و خۆشەویستی و ئاشتی و ئارامی بە دەنگ دەهات، بەرگریكردنی لە هەڵوێستە ڕاست و ڕەواكان وای لێكرد ژیانی سادەی لە هەموو خۆشییەكی كۆشكوتەلار ئاسوودەتر بێ.

لەوانەیە هەندێك كەس بڵێن خۆ داڤید دیكیش لە دەربڕینی ڕاسیست و ڕەگەزپەرستییانەی خۆی هەر دەنگ هەڵبڕین بوو لەسەر ئەوەی پێی بڕوادار بوو، هەر بۆیە مافی خۆی بوو چۆن قسە دەكا وەهاش بجووڵێتەوە. ئاخر لە قانونی ئەمریكاییدا مافی قسەكردن پارێزراوە. لێ پێموایە ئێمە خۆمان لە گێلی دەدەین كاتێك وای دابنێین هەموو هەڵویستەكان هەمان بەهای خۆیان

هەیە. ئەو کەسانەی تۆوی ڕقوکینە و پەرتکردن و شیرازەپچڕاندن دەچێنن، ئەو کەســـــانەی کەڵەگایی دەکەن و دەیانەوێ بیرۆکەی هەموو لایەک ســــەرکوت بکەن تەنها هی خۆیان نەبێ، ئەوانەی ئێشوئازار و کەساسی بە دونیادا بڵاو دەکەنەوە، هی ئەوەیە ئێمە دژی ئەو جۆرە ڕقوکینەیە بوەستینەوە.

باپیرەم بە گەنجی، کەسێکی شەرمن بووە، هەروەها لە سەرەتای ڕۆژانی چالاکیی خۆیدا، خۆی لە دوان و قســــەکردن دزیوەتەوە. ئەوەی پێگوتم کە شــــەرمنییەکەی بووەتە مایەی یارمەتی بۆی، چونکە وای لێکردووە ســــەبارەت ئەوەی دەیڵێ زۆر وریا بێ. ئەو پێی گوتم: " ئەو پیاوەی کەم دەدوێ، بە دەگمەن وایە لە قسەکردندا هەڵەشە بێ، ئاخر ئەو وشەکانی بە وریایی لێ دەگرێ."

| |
|---|
| ئەو پیاوەی کەم دەدوێ، بە دەگمەن وایە لە قسەکردندا هەڵەشە بێ، ئاخر ئەو وشەکانی بە وریایی لێ دەگرێ. |

*منیش بە پێداگرییەوە داواتان لێ دەکەم پەیڕەوی لە نموونەی باپیرەم بکەن و باش بیر لەوە بکەنەوە کە دەیڵێن. بیر لەوە بکەنەوە ئاخۆ ئەو وشــــانەی دەریدەبڕن یارمەتیدەرن یان ئازاربەخش. کاتێکیش ئەو وشــــانە دەدۆزیتەوە، کە چاکەیان بە دواوە بێ، ئەوا خۆت ئامادە بکە تا پڕ بەزار دەریانببڕی.*

## وانەی سێیەم

## قەدرزانی تەنیایی بە

باپوجی بۆ هەر کوێیەک ڕۆیشـــتبا، حەشـــاماتێک لە خەڵکی بە هاتوهاوار و دەنگەدەنگ بە دوایدا دەڕۆیشـت. هەر بە ڕاسـتی من هیچ دیمەنێکی ئەو پێشـوازییە گەرمانەم بۆ وێنا نەدەکرا تا بە خۆم لە یەکێک لە شـــەوڕۆیەکانی بە قیتار بۆ بۆمبای لەگەڵدا نەبووم. زۆر تاسەمەندی ئەوە بووم ببمە یەکێک لەو دەستە بچووکە، کە لە سـەفەرەکەدا یاوەریی دەکرد، هەسـتێکی تایبەتم هەبوو لەگەڵیدام. ئەو سـوور بوو لە قیتار هەر بە فارگۆنی پلە سـێدا هاتوچۆ بکا، بەڵام کۆمپانیای ڕێگەی ئاسـنین فارگۆنێکی تایبەتی بۆ ئێمە بۆ قیتارەکە زیاد کردبوو. هەرچەندە فارگۆنەکە هیچ کورسـییەکی نەرمی سـەریندا‌ری تێدا نەبوو تا لێی پاڵ بکەوین و چاو گەرم بکەین، لێ ئەوەش هەر خۆش بوو، کە فارگۆنەکە تەنها بۆ ئێمە تەرخان کرابوو.

کاتێکیش گەیشـتینە یەکەمین وێسـتگە، لە جامی پەنجەرەوە سەیرم کرد، بە سەدان کەس لە شۆستەی وێستگەکە کۆبوونەتەوە، هەر ناوی باپیرە دەهێنن و دەیانەوێ بیگەنێ و دەسـتی لێ بدەن. شـەپۆلە دەنگی خەڵکەکە هاواری دەکرد "بژی گـانـدی"، منیش هەسـتم بەو پەڕی شـانازی دەکرد، ئاخر نەمری و شـکۆی باپیرە بەسەر منیشدا دەشکایەوە. باپوجی هەمیشە پیاوێکی خاکەڕا بوو،

لێ من هێشـــتا نەمتوانیبوو ئاســـتی خاکەڕاییەکەم کۆنترۆڵ بکەم. خەڵکێکی زۆر بە باپیرەم کارانگاز بوون، منیش لە هەمان شـوێن و لە تەنیشــتی ئەو دانیشــتبووم، ئەو پیاهەڵدانە هەژاندمی. لێ کاتێک سەیری باپوجیم کرد، ئەوەم تێدا بەدی کرد باکی بەو پێداهەڵگوتنە نەبوو، هیچ پێی هەڵنەچوو. لە جیاتی ئەوە دەســـتی بۆ خەڵکەکە هەڵبڕی، قســـەی بۆ کردن جۆرکەکەی لە پەنجەرەی قیتاریێ بردە دەر تا خەڵک باربووی خۆیانی تێدا دابنێن، ئەو پارەی بۆ خەڵکی هەژار و نەدار کۆ دەکردەوە. هەریەکە و بایی خۆی بڕە پارەیەکی بەخشـــی. کاتێکیش ژنێک پێی گوت: "من هیچ پارەیەکم نییە تا بیبەخشـــم." ئەوە بوو باپیرەم بە خەندەیەکی گەرمەوە ئاماژەی بۆ بـازنە زیوینەکەی مەچەکی ژنە کرد و پێی گوت: "ئەمەیـان بەس دەبێ." ئەویش نەیکردە نـامەردی و بـازنەکەی لە مەچەکی کرد و خستییە نێو جۆرکی بەخشینەکە.

کاتێکیش لە وێسـتگەکە ڕەت بووین، باپیرەم ئاهێکی هەڵکێشـا و لە شوێنەکەی خۆی دانیشت و دەستی بە کارەکەی خۆی کردەوە. لە وێستگەی ئایندەدا، ئاپۆرای خەڵکی چاوەڕوان لەسەر شۆستەکە زیـاتر بوو لە وێســـتگەی یەکەم، ئیـدی دیمەنەکـان وەک خۆیـان جـارێکی دیکە دووبـارە بوونەوە. هەرچەنـدە ئەوەی بـاس دەکەم نیوەی شـەویش بوو، کەچی گوڕدەمی خەڵکی لەم وێسـتگە بۆ ئەو وێسـتگەی کاروانەکەمان گەورە و گەورەتر دەبوو. لەبەر ئاپۆراکە ئەو ڕێبوارانەی ســـەردەکەوتن و دادەبەزین بە ئاســـتەم ڕێگەی خۆیان پێ تەی دەکرا. باپیرەش دەســـتی بۆ خەڵکەکە هەڵدەبڕی و قســـەی بۆ دەکردن و جۆرکی پارە بەخشـــینی بۆ ڕادەگرت تا بەخشـینەکانیان کۆ بکاتەوە. هەر زوو لەوە تێگەیشـتم، ئەو شـتە

زۆر دڵخۆشـــە و مایەی شـــانازییە، کەچی زۆریش ماندووکەر و بێزارکەرە. ئاخر خۆ نە بۆ ئەو نە بۆ هیچ سـەرنشینێکی فارگۆنەکە ئاسوودەیی نەما بووەوە.

لەگەڵ بەردەوام بوونم لە یاوەریکردنی باپوجی لە گەشـتەکەیدا، ئەوەم بۆ دەرکەوت، هەر کـاتێک بووایە، شـــەو یان ڕۆژ، ئەوا بـاپیرەم دەهـات و پێشـــوازی لە خەڵکەکە دەکرد و ڕێز و خۆشەویستیی خۆی بۆ دەردەبڕین. کاتێکیش بە ترۆمبێل سەفەری کردبا، خەڵک بە درێژایی ڕێگا، بە چەندین کیلۆمەتر لەمســـەر و ئەوســـەری جادەکە دەوەســـتان، دەســـتیان بۆ ڕادەوەشـــاند و دروشـــمیان دەگوت و نـاویـان دەهێنـا. پێشـــوەختەش ڕەوتی ڕێڕۆیشـــتنەکەی جاڕ نەدەدرا، بە دڵنیاییشـــەوە میدیایەکی تایبەت لەوێ ئامادە نەبوو. ئەوەی ڕاســـتی بێ زۆرینەی خەڵکەکە ئەوانە بوون، ئەوانەی لە گوندان دەژیان و تەلەفۆنیشـــیان نەبوو، بۆیە نـاتوانم ئەوە لێک بـدەمە ئـاخۆ چۆن زانیویـانە کـاروانەکەی ئەو بەسەر ڕێگەی ئەواندا تێدەپەڕێ. لێ هێزێکی نادیاری ئەفسووناوی ئەوانیان بۆ سەر ڕێی کاروانەکە ڕادەکێشا.

بـاپوجی لەبەر هۆکـاری ســـیـاســـی بەو هەموو ڕێز و خۆشەویستییەی بۆی دەردەبڕدرا، دڵخۆش بوو. ئەو دەیزانی ئەو ســـەدان هەزار، تەنانەت ئەو ملیۆنان خەڵکە ئامادەن پەیڕەوی لە ڕێنماییەکانی بکەن تەنانەت ئەگەر داوایان لێ بکا خۆیان لە پێناویدا بکەنە قوربانیش. لێ هەر زوو لەوەش تێگەیشـــتم ئەو پیاهەڵدان و پێزانینە بێ بـاج نەبوو. لە دەرەوەی کۆژینەکەدا، هەرگیز ئەو ئارامی بە خۆیەوە نە دەبینی، هەرگیز نەیدەتوانی چێژ لە تەنهایی خۆی وەربگرێ. سـەردانی هەر شـارێکی هیندی کردبایە، خەڵک بە

کۆمەڵ لەسەر شەقام گرد دەبوونەوە، دروشمیان دەکێشا و ناویان دەهێنا و چاوەڕێیان دەکرد بەڵکو بیبینن. کاتێکیش باپوجی دەردەکەوت و قسەی بۆ دەکردن ئەو حەشاماتە پەرتەی لێ کرد، ئەمەش هەر بۆ ئەوەی جێگەی کۆمەڵە خەڵک و حەشاماتێکی دیکە بدەن تا هەمان بەزمی پێشوو دووبارە بکەنەوە.

باپوجی حەزی لێ بوو لە سەعات نۆی شەودا بچیتە سەر جێگەی خەو، چونکە سەعات سێی بەیانی بۆ درووود و خەڵوەتی خۆی لە خەو بێدار دەبووەوە، ئینجا ڕۆژەکەی لە سەعات پێنجی بەیانی بە نوێژ و درووودەوە دەست پێ دەکرد. کەچی خەڵک لەسەر جادە و بانان تا درەنگانێکی شەو دەمانەوە و لەسەر دروشم و ناوهێنانی ئەو بەردەوام دەبوون، بۆیە زۆر جار کاتێکی زۆر کەمی بۆ خەوتن بۆ دەمایەوە. ئەو تەنگەتاو کردنەش دەبووە شڵەژان بۆ ئەرکی دەمارەکانی مرۆڤ، کەچی باپوجی هەرگیز میزاجی نەرمیی خۆی لە دەست نەدەدا و توورە و دەمار گرژ نەدەبوو.

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی خەو بە ناوبانگبوونەوە دەبینن و پێیان خۆشە وەک جۆرج کلونی و ئەنجیلا جۆلی ئاهەنگیان بۆ بگێڕدرێ و لە دڵی خۆیان حەزیان لێیە بە لەشکرێک لە لایەنگر و کامێراوان دەورە بدرێن و بەردەوام لە جۆشوخرۆشدا بن. پێیان وایە شتێکی زۆر گەورەیە، کە تیشکی ڕۆشنایی ڕاگەیاندنیان بخرێتە سەر و بە ملیۆنان کەس دروشمیان بۆ بکێشن و بابژییان بۆ بڵێن. دوای گەشتەکەم لەگەڵ باپوجی، منیش هەستم کرد وەک ناودارەکانم لێ هاتووە و زۆریشم لە دڵ خۆش بوو، کەیفم پێهات. ئاخر هەست دەکەی کەسێکی گرنگی، ئیدی کاتێک خۆشەویستی و

ڕێزت بۆ دەردەبڕێ و دەپەسـنرێی و پێت هەڵدەدرێ.لێمن لەوەش تێ دەگەم، بۆچی هەندێ ئەستێرە ناودارەکان بۆ ژیانی تایبەتییانەی هێورەیی خۆیـان دەپـارێنەوە و خۆیـان دەکێشـنەوە و دەچنە خەڵوەتی گۆشـەگیریی دوورگەکان یا خۆیان لەو دیوە شـوورەی هۆڵیدەوە دەئاخنن. هەرچەندە هەڕمێنی ئەوان لە چاوی جەماوەرە لایەنگرەکەیان لە برەودا بێ، کەچی خۆ ئەوانیش پێویسـتیان بە کاتی تـایبەتی خۆیان هەیە تـا بۆ چەقی بـازنەیی خۆیـان و ژیـانی تایبەتی خۆیان بگەڕێنەوە.

ڕاخسـتنی مافووری سـوور و کەشـوفشـی میدیا وای لە هەندێک کەس کردووە ناودار بێ، بەڵام بێ ئەوەی هۆیەکی ئاوەزمەندانەش بۆ ئەمە لە ئارادا بێ. ئەوان بە ملیۆن لایەنگریان لە سـۆشـیالمیدیا هەیە و وێنەکانیان لە هەموو سووچێکدا دەبینرێن و ئێوارانیشن بە ڕەوتی کەو و بە فیسـتانی سـووریانەوە لەسـەر ڕایەخی سـوور دەڕۆن و یان لەسـەر حەوزی ئاودا هەر بە مەمکدان و دەرپێی قوتەوە دەردەکەون. ناو بە ناو ئاماژە بە وێنەی کەسـێک لەسـەر بەرگی گۆڤارێک دەکەم، کە نایناسـم، ئینجا دەپرسـم: "ئەرێ ئەو کەسـە چی کردووە؟" کەسیش نییە وەڵامێکی ڕاسـتوڕەوانم بداتەوە و بۆم ڕوون بکاتەوە. خۆ ئەگەر تۆ ئەکتەر یان سـیاسـتەباز یان چالاکوانێکی مرۆڤدۆسـت بی، هەمیشـەش ئەو لێکەوتەی ناوبانگ جەماوەر و لایەنگرهەبوونی لێ دەکەوێتەوە. ئاخر ئەو کەسـانە ئامانجێکی سـەرەکییان لە ژیاندا هەیە، هەرچی ناوبانگە بە دوای دادێ و پێویستە لەگەڵیدا هەڵبکەن. لێ ئەو کەسانەی تەنها و تەنها تیشـکۆی هزری خۆیان دەخەنە سـەر چۆنیەتیی بەناوبانگ بوون، ئەوا لە ناخی خۆیان هەست بە بە تاڵی و بۆشـاییەک دەکەن، ئیدی

دەیـــانەوێ ئەو کەلێنە منمنـــایەتییـــان[١٨] لە ڕێی هەراوبەزمی ناوداریێتییەوە پڕ بکەنەوە. لەجیاتی ئەوەی بە هۆی بەهرە، کاری قورس و لێبڕاوانەیـان بیرۆکەی گرنـگ ســـەرکەوتوو بن و بەو ئامانجە گەیشـــتبن، ئەوان هەر لە پێناو ناوبانگدا بەناوبانگ بوون. ئەوانە بە پێچەوانەی کەســـە ناودارە ڕاســـتەقینەکان، هەرگیز بە دوای تەنهـایی و خەڵوەتـدا نـاگەڕێن، چونکە پێویســـتیـان بە خۆبارگاوی کردنەوە نییە.

باپوجی دەســـتەی ڕاگەیاندن و ڕاوێژکاری نەبوو تا بۆ ئەو کارە بیانخاتە گەڕ، بە خاترجەمیشـــەوە ئەو پەرژینەشـــی نەبوو تا خۆی لە پەنای ئەواندا حەشـــار بدا. لێ کاتێ بە گەرمی خۆی نیشـــانی جەمـاوەر دەدا و هێزوگوڕی خۆی نیشـــان دەدا، دەیەویســـت بگەڕێتەوە خەڵوەتەکەی خۆی لە کۆڕینی ســـیڤـاگرام. خۆ دەکرا کۆڕینەکەی لە هەر شـوێنێک دابمەزرێنێ و لێی دابکوتێ، بەڵام ئەو شـــوێنێکی دوورەدەســـتی لە ناوجەرگەی هیندســـتان لێ هەڵبژارد بوو. دوای ئەوەی بۆ جـاری یەکەم لە بـاشـــووری ئەفریقـاوە گەیشـــتمە هیندســـتان و ئینجا بە قیتار ڕێگەیەکی دووروودرێژم بۆ دوا وێســـتگە بڕی و پاشــان بە پێیانیش ماوەیەکی زۆر ڕۆیشـتم تا گەیشـتمە لای باپیرە، ئەوسـا تێگەیشـتم کە گەیشـتنە ئەوێ چەند ســەختە، باپوجیش نەیدەویســت ڕێگای گەیشــتنەکە ئاســانتر بکا. تەنانەت داوای لە کاربەدەســـتە خۆجییەکانی دەڤەرەکەش کردبوو، پاس بۆ ڕێگەی نێوان واردها (نزیکترین شـار) و ئەو کۆڕینەی لێی دەژیا تەرخـان نەکەن. ئەو حەزی لێبوو تەنها ئەو کاتە خەڵک بۆ

[١٨] منمنایەتی: منمنۆکێ، خۆپەرستی.

لای ئەو بێن، کە هەر بە ڕاســـتی نیازیان وابووە بیگەنێ نەوەک سوکوئاسان بۆ ئەوەی هەر چاویان بە گاندی بکەوێ.

خۆ پێویست ناکا تۆ ببیتە ئەستێرەیەکی سینەما یان ببیتە ماهاتما تا پێویســـتیت بە تەنهایی هەبێ، ئاخر ئەم حاڵەتە بۆ هەموومان چارەنووسسازە بۆ ئەوەی هەر بە ڕاستی هەست بە خۆت بکەی. زۆر جار باپیرەم نوکتەی دەکرد بەوەی ئەو ئاســوودەیی کەســیی خۆی تەنها لە دوو شوێندا دەدۆزیتەوە: لە کۆژینەکەی و لە زیندان. بۆ ئەو دابینکردنی ئەو تەنهایی تاکە کەســییە خۆراکێکی ئاســـودە بوونی گیانیی بوو. دۆزینەوەی شـوێنێک بۆ ئەوەی بۆی بکشـێی و خەڵوەتی تێـدا بگرێ بۆ ســـەرقـاڵی و هەراوبەزمی جیهـانی دەوروبەرمان شـتێکی چارەنووسسـازە. پێویستیش ناکا خەیاڵپلاو بێ و پێی لێ هەڵببڕێ. هەر ســـەعاتێک بە تەنها لە ژوورەکەت بە مەرجێ هیچ شتێکی دیکە بۆ خۆی نەباتەوە، دەربەستی مەبەستەکە دێ و بەســـیەتی. خۆ گەوزاندن لەناو پێخەو یان ســـەربەســـەر ڕۆژمێر داگرتن تا شـــتێکی تێدا بنووســـی. خۆ ئەگەر وەک تاک بمـانەوێ بەرەو پێشـــەوە بڕۆین، هەمووم‌ـان پێویســـتیم‌ـان بە پـارســـەنگدانەوەی ژیـانمـان هەیە، بۆ ئەوەی بچینە حـاڵەتێکی خۆهەڵســـەنگاندن و خۆڕەنگدانەوە. دوای تەرخانکردنی هەندێک کات بۆ هزری خۆت و بۆ بەســەرخۆدا نۆڕین، ئەوا هەینێ دەتوانی بە قووڵترین واتا و لێتێگەیشـتنەوە لەگەڵ دەوروبەریشـت بکەوێتە هاموشۆ و پەیوەندی.

باپوجی هەموو دووشەممەیەک کاتێ سەری بەسەر دەفتەرەکەیدا دەگرت تا بنووسـێت، دەیکردە ڕۆژی بێدەنگبوون. ڕۆژانی دیکەش نەیدەویســـت بێدەنگییەکی پاســـیڤ هەبێ؛ ئاخر ئەو بڕوای بە

هەڵسەنگاندن و تێڕامانی کارا هەبوو. زۆر جاران دەچووەوە سەر خەڕەکەکەی، بەڵکو هزرکۆیی جەستەیی خۆی بۆ بگەڕێتەوە، ئەوەی وای لێ دەکرد پتر بەنێو هزر و هەڵسەنگاندن و ڕامانەکانی شۆڕ ببێتەوە. ئەوکاتەی منیش لە کۆژینەکە دەژیام، بە باشی لەگەڵ خەڕەک بادانەکە ڕاهاتبووم، هەندێک جاریش دادەڕسامە[19] باپیرەم ئاخۆ کامەمان خێراتر و باشتر گلۆڵە بەنەکان هەڵدەیزنینەوە. ئەویش لاری لە پێشبڕکێ کردنەکە نەبوو. بە خۆشییەوە بۆ دایبابمی نووسی: "هەنووکە ئاروون بەردەوام لە ڕستنەکە لێم دەباتەوە."

لەگەڵ ئەوەی هەندێک جار ئیشەکەم لێ بووبوە یاری، لێ ئەوکات ئەو خەڕەک بادانە و خۆهەڵسەنگاندن بۆ هەردووکمان شتێکی بە بایەخ بوو. منیش حەزم لە بێدەنگی بوو، ئیدی بەم جۆرە دەمتوانی بە چەندین سەعات لەگەڵ خۆم بم. باپیرەش لە نامەیەکیدا بۆ باوکم ئاماژەی بەو خەسڵەتەم کردبوو، نووسیبووی: "مانەوە لە دۆخی بێدەنگیدا شتێکە پێویستە هەموومان لە ئارونەوە فێری ببین."

زۆر لە دایبابان وەهایان پێ پەسەندە تا بکرێ منداڵەکانیان سەرقاڵ بکەن. ئەوان کاتێک منداڵەکانیان لە قوتابخانە دەگەڕێنەوە بە مەشقی یاریی تۆپی پێ و تێنس پڕ دەکەنەوە، یان دەیاننێرنە کۆرسی بالێ و جیمناستیک، یاخود پیانۆ و کەمانچە ژەنین. ئیدی منداڵەکە لەم چالاکی بۆ ئەو چالاکی ڕادەکا، بەڵام ئەوان هەرگیز ئەو کاتەیان بە دەستەوە نابێ تەنها بیر بکەنەوە و یاری بکەن و

[19] دادەڕسام: دارسان، ئاڵنگاری، تەحەدا

ئەوە بدۆزنەوە ئاخۆ چەند کات بۆ خۆیان ماوەتەوە. لەوانەیە هەموو ئەو پڕکردنەوەیە شتێکی باش بێ، بەڵام پێویستە دایباب بیر لەوەش بکەنەوە، کە ناوبەناو خەڵاتی تەنهاییش بە منداڵەکانیان ببەخشن.

لەگەڵ هەراشبوونیشدا ئەم دۆخەی پڕکاری و سەرقاڵییە درێژە دەکێشی، زۆر کەس خۆی بەوە هەڵدەداتەوە گوایە لە ڕۆژێکدا ئەوەندە کاری کردووە و کاتێکی کەمی بۆ پشوودان و خەو ماوەتەوە. فرەئەرک و کار بووەتە بەشێک لە ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە، ئیدی زۆر سەرقاڵە، وەک دەگوترێ کاتی ئەوەیان نییە سەری خۆیان بخورێنن، کاتیان بۆ وچان و بیرکردنەوە لەخۆ نەهێشتۆتەوە، ئەمەش بووەتە پێوەرێکی ژیان و لەگەڵی ڕاهاتوون. ئەم کێشەیە لەمێژە پەیدا بووە. باپیرەم دۆستێکی ئاڵمانی هەبوو، هات و لە کاتی سەردانەکەی بۆ لای ئێمە، سەرکۆنەی ئەوەی کردین، کە سێیەکی ژیانی خۆمان بە خەو بەسەر دەبەین. باپوجیش خێرا لێی بە دەنگ هات: "سێ بەشی نوستن لە ژیان، سێیەکی ژیانت بۆ دەگەڕێنێتەوە!"

باپوجی لەو بڕوایەدا بوو، پێویست ناکا ئێمە وا بکەین ژیان خێراتر بکەین، بەڵکو پێویستە ئێمە وای لێ بکەین ئاشتییانەتر بێ. کۆمپیوتەر، تەلەفۆنی زیرەک و بەرنامە دیجیتاڵی، هەنگاوەکانی ژیانی ئێمەیان خێراتر کردووە، ئیدی مایەی سەرسوڕمان نییە، دەستکەوتەکانیشی سەرەولێژ ببنەوە. ئێمە لە چاوتروکانێکدا دەتوانین لەگەڵ کەسانێک پەیوەندی بگرین، کە بە هەزاران کیلۆمەتر لە ئێمەوە دوورن، بەڵام ئەو نامانەی کە سەردەمی خۆی، ئەوەی کاتێک بە وردەکاری زۆرەوە لە بارەی خۆمان و بنەماڵە و

دەوروبەرمان دەنووســی و ڕەوانەمان کرد نەماوە و ئێســتا لەبەر کورتەنامە و ئیمێڵی کردەیی جێگەی پێ لێژ بووە. تۆ بڵێی هەر بە ڕاســتی کەســێک باوەڕی بەوە هەبێ، کەوا ناردنی ئیمۆجییەک[٢٠] پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان باشتر بکا و شتێک بخاتە سەر لە یەکتێگەیشتن و ئاشتەوایی؟

سۆشیالمیدیا دۆست و لایەنگرمان بۆ پەیدا دەکا، کەچی هێشتاش زۆر لە پەیوەندییەکانمان هەر لە بازنەی ئاشــنایەتی قەتیس ماونەتەوە. ئاخر ئێمە ناکرێ مرۆڤ لە خۆشــی و ناخۆشــیدا هەر پشــت بەو "دۆســتانە" ببەســتێ ئەوانەی لە وێنەکانی فێیســبوک ناســیومان، هەروەها پێناچێ لە بارەی بایەخی پرســێکی وەک جیاخوازی یان لێبووردەیی لە ڕێگەی تویتێکەوە بەرانبەرەکەمان بهێنینە ڕایێ. ئەو پەیوەندییە پەرشــوبڵاوانە جۆشــوخرۆشــی لەخۆگرتنێکی کۆمەڵایەتییانەیان تێدا نییە.

لێ ئەوەش هەر هەڵەیە ئەگەر هاتوو ئەو تەوژمە هاوچەرخە تەکنەلۆژییە بە لاوە بنێین. خۆ ئەگەر بە ڕاســتودروســتی بەکاربهێنرێ، ئەوا پەیوەندیی باشــتری لێ پەیدا دەبێ، کە بۆ گۆڕانێکی ئەرێنی ســەربکێشــێ. یەک دووســاڵ بەر لە ئێســتا لە تەنیشت دیپاک چوپرای دۆستم لە کۆنفراسێکی ئاشتی لە بەرلین دانیشــتبووم. لە کاتێکدا گوێی لە دوانەکان دەگرت، کەچی دوپراک بە تەلەفۆنە زیرەکەکەشی سەرقاڵ بوو، ناوبەناویش بە ئامادەبوانی دەگوت: "پەیامەکەتان گەیشتە دوو ملیۆن کەس."منیش بەوە کەیف

---

[٢٠] ئیمۆجی: مەبەست ئەو نیشانە و هێما ئەلیکترۆنیانە لە سۆشیالمیدیاوە باون. وەرگێڕ

خۆش بووم، کە دۆســــتەکەم لە تویتەر[٢١] و کەنـاڵەکـانی دیکەی سۆشیالمیدیادا دوو ملیۆن هەواداری هەن؛ بە دڵنیاییەوە تویتکردن لە بارەی دەستپێشـخەری ئاشـتییەوە لە زۆر لە پرسـەکانی دیکەی سۆشیالمیدیاوە باشترە.

من باپیرەم دەناسـی، گەر تا ئەو سـەردەمە بمابایە، ئەوا ئەویش تویتەر و فێیســـبوک و کەناڵەکانی دیکەی ســـۆشـــیال میدیای بەکـاردەهێنـا، هەروەک چۆن کـاتی خۆی ڕادیۆی وەک کەنـاڵێکی پەیوەندی بەکارهێنا، لێ لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە ناتوانین بە لایکردنی پۆسـتێک جیهان بگۆڕین. سـۆشـیالمێدیا ئەو کاتە سـوود بەخش دەبێ، کـاتێک بۆ ڕابوون بە کـارێکی ڕاســـتەقینە بەکـار بهێنرێ. دەگوترێ بەهـاری عەرەبی لە چـاوی ســـۆشـــیـالمێـدیـاوە دەخوێندرێتەوە. ئاخر خۆ چەوسـاندنەوە و سـتەمکاری لەمێژە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین شـتێکی باوە، کەچی کاتێ پریشـکەکە هەڵایسـا، هەمووی بە یەکەوە گڕدا. خەڵک دارژانە سـەر شـەقام و چاو بە چاو کەوتنەوە تەکانیان بۆ گۆڕانکاری دا، گۆڕانکاری ئەوەی بیریان لێ دەکردەوە و خوازیاری بوون. بە داخەوە هەر هەمان ئامرازیش بۆ پەرگیری و شـەڕانگێزیی نێو خەڵک بەکار دەهێنرێ. میدیا ئەوە دەڵێ گوایە هەندێ لە گەنجانی عەرەب بەشـــدارییان لە کردەیەکی خۆکوژی کردووە، چونکە بەڵێنیان پێدراوە گوایە پۆلە حۆرییەک لە ژیانی ئەودیو چاوەڕێیان دەکەن. پێموانییە گەنجی موســـڵمانی ڕاســـتەقینە بـاوەڕی بەو تیۆرە پڕوپووچەوە هەبێ، بەڵام ئەو تێکەڵەیەی ڕژێمە چەوســـێنەرەکان، ڕێســـای پەڕگیرانەی توند و

[٢١] تویتەر: لە ٢٠٢٤دا ناوەکەی بۆ ئێکس X گۆڕدرا. وەرگێڕ

وشـــکی دینی و لایەنگیری بۆ ئەو وڵاتانەی لەخۆیان گرتووە، وای لێ کردوون ژیانیان لەبەرچاو بکەوێ، بۆیە پێیان باشـــترە بمرن. تاکە هیوای من ئەوەیە، ئەو پەیامەی ئاشـــتی لەو پەیامانە بەهێزتر بێ، ئەوانەی بۆ ڕقوکینە و بێ ئومێدی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، یان لە تویتەر و کەناڵەکانی دیکەی سۆشیالمیدیادا بڵاودەکرێنەوە.

خەڵک هەگیز هێندەی ئێســـتا بە یەکەوە گرێدراو نییە، کەچی هەندێک جار وا پێدەچێ هەرگیزیش هێندەی ئەمڕۆ تەنها نەبێ. کاتێک لەگەڵ باپوجیدا ســـەفەرم دەکرد، یان بە یەکەوە قســـەمان دەکرد یان هەریەکەمان لە شوێنی خۆی تەنها دادەنیشت و خۆی و هزرەکانی خۆی. بە وتەیەکی دیکە، ئێمە هەردوولامان ڕاســتەوخۆ بەیەکەوە پەیوەســـت بووین یان کاتی وەهاش هەبوو چێژمان لە تەنهـایی خۆمـان دەبینی، ئیـدی لە جـامی پەنجەرەوە ســـەیری دەرەوەمان دەکرد و هەریەکە بە دالغە و هزری خۆی. ئێســـتاش خەڵک هەر چاوی لەسەر تەلەفۆنە زیرەکەکەیەتی، کەواتە ئەوان نە تەنهان و نە بەیەکەوەش لەگەڵ ئەوانی دیکە پەیوەست و گرێدراون.

کـاتێـک بـاپوجی لەگەڵ خەڵکـدا بوو، دنەی دەدان، پێیـانەوە پەیوەســـت بوو، گوێی لێ دەگرتن و بیرۆکەی لەگەڵ دەگۆڕینەوە. پاشان بۆ کۆژینەکە، بۆ خەڵوەتی تەنهایی خۆی دەگەڕایەوە، چونکە لەوێ خۆی ڕێکدەخستەوە و بە تەنها ڕووبەڕووی خۆی دەبووەوە، ڕێگەی بە هزر و زەینی خۆی دەدا بـارگـاوی ببێتەوە. منیش تێکۆشـــام ئەو تەکنیکە فێرببم، بەوەی لەو شـــوێنەی تێدام خۆم پڕ بکەمەوە، بەڵام خۆ تەکنەلۆژیا هەرگیز لێمان نـاگەڕێ لە دۆخێکی نێوان هەردوو لادا بین، هەر بە ڕاســـتیش هەرگیز لێ ناگەڕێ بە ئەوانی دیکە پەیوەست بین (چونکە ئەوەندە سـەرقاڵین و سـەرمان

هەر بەسەر تەلەفۆنە زیرەکەکەماندا شۆڕکردۆتەوە)، هەروەها لێشناگەڕێ لە تەنهایی ڕاستەقینەدا بمێنینەوە (چونکە ئێمە لە بری بیرکردنەوە پەنجەمان هەر لەسەر تەختەکلیلی پیتەکانەوە کورتەنامە دەنووسین). ئیدی لەو نێوندەی تەکنەلۆژیا بۆی دروستکردووین، وای لێ هاتووە هەستەکانمان لەنگەر نەگرن.

هەندێک جار مندالآن لە چێشتخانە یان لە پارک دەبینین، لە کاتێکدا دایبابیان خەریکی تەلەفۆنە زیرەکەکانیانن. من نازانم باشە ئەو دایبابانە بۆ ئەوەندە لایان گرنگە خەریکی نامە و نامەکاری تەلەفۆنەکەیان لەگەڵ نووسینگە و شوێنی کاریان یاخود لەگەڵ برادەریکی دوور خەریک بن. ئاخر هەر بە ڕاستی ئەو کەسەی پەیامەکەی پێدەگا منداڵەکەیە، ئەوەی لەوێ دانیشتووە، ئاخر ئەو، ئەوە فێر دەبێ کە شایستەی بایەخ پێدانی سەرنجی تەواوعەیاری دایک و باوکی نییە. منیش بە خەمبارییەوە سەیرێک دەکەم و بیر دەکەمەوە، ئای من کاتی خۆی چەند بە بەخت بووم، چونکە جێگەی بایەخی سروشت کردەی دایباب و باپیرەم بووم. خەڵک لە سەرتاپای ئەو جیهانەدا ویستوویانە باسوخواسی باپوجی ببیستن، بەڵام کاتێک ئەو لەگەڵ مندا بوو، هەرگیز تیشکۆی هزرکۆیی بە لاڕێدا نە دەرۆیشت. وای لێکردم هەست بکەم گوێم لێدەگیرێ و مایەی بایەخ پێدانیشم. خۆ ئەگەر لەو کاتەی پێویستیان پێیەتی، بایەخی تەواو بە مندالآن بدرێ، ئەوا توانای باشتریان بۆ پشت بە خۆبەستن بە خۆ بۆ پەیدا دەبێ و هەروەها دەتوانن لەو کاتانەی تەنهاشن باشتر بیگوزەرێنن.

باپوجی لەو بڕوایەدا بوو، کە لەسەر ئێمە پێویستە بە دوای ڕاستیدا بگەڕێین، ئەمە خەمی گەورەی ئەو بوو، چونکە بە ئامانجی

ژیانی دەبینی. خۆ ئەگەر تێبکۆشـــین لە ڕاســـتی بگەین، ئەوا لە تێگەیشتنی ئەو شتە نزیکتر دەبینەوە، ئەوەی هەر بە ڕاستی چەقی بازنەی ژیانە. باپوجی دانیپێدا ناوە، "**هەر چمکێکی ڕاگوزەرانەی ڕاستی لای ئەو هەیە، بەڵام وەهای وێنا کردووە، کەوا ڕەونەقێکی وەهای هەیە بە ملیۆن جار لە ڕەونەقی ڕۆژ کە ڕۆژانە بە چاوی خۆمان دەیبینین، چڕترە.**" لە هەمان کاتدا ئێمە ئەو تروســـکاییە ناناســـینەوە ئەگەر هاتوو بەردەوام ســـەرنجمان بە لاڕێدا ببا یان هزرکۆییمـــان هەر لەســـــەر شـــتی پڕوپووچ بێ. هەراوزەنـــای پەیڕەوکاری بە بێ دەنگی، ڕاستی نغرۆ دەکا.

زۆر لە موزیســـیان و هونەرمەندان گوتوویانە؛ وەرچەرخانی داهێنەرانەیان لە کاتوساتی چاوەڕواننەکراودا بۆ هاتووە. بیرۆکەی مەزن لە ژێر دوشـــی گەرماو یاخود لە ســـاتی پێش خەوتن بۆیان هاتووە. هەندێ لە نووسەران دەفتەرێک لە تەنیشت تەختەنوستنی خۆیان دادەنێن بۆ ئەوەی هەر وشـــەیەک یان هەر خەیاڵێکیان لە شـــەودا و بەبێ مۆڵەت بۆبێ، تۆماری بکەن. خۆی هیچ شـــتێکی جادووی ســـەبارەی بە دووشـــی گەرماو و جێگەی خەوتنەوە نییە، بەڵام زۆر جاریش ئەوانە ئەو شـــوێنانەن کە جڵەوی مێشـــک و زەینی مرۆڤ تێدا ئازادە، تا سەربەستانە بێت و ڕامان و چارەسەر بۆ گرفتەکان بدۆزێتەوە. لە باپوجییەوە فێربووم، ئێمە پێویســـتمان بە شـــت وەرگرتنە لە جیهان، پێویســـتمان بەوەیە ڕوانینی خەڵک و ئەزموون هەیە، تا ئاســـۆی ڕوانینمان فرەوانتر بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەو کاتەشـــمان پێویســـتە تا لە تەنهاییدا وای لێ بکەین جێگەی خۆی بگرێ و دەست بدا.

❖

دوای ئەوەی بارمان کردە ئەمریکا، من و ســـوناندای هاوژینم پەیمانگای گاندیمان بۆ ناتوندوتیژی دامەزراند، پاشـــان بووە پەیمانگای فێرکاریی گاندی جیهانی. پەیمانگەی یەکەمیان بۆ هەڵگرتنەوەی ڕێبازی ناتوندوتیژی بوو، دووهەمیشـــیان بۆ ئەوە بوو تا لەسەر ئاستی جیهاندا زانیاری و ڕۆشنبیری لەو بارەیەوە بڵاوبکرێتەوە.

بۆ چەندین ســاڵ شــەرەفی ئەوەم هەبوو ســاڵانە لە ڕینیســانس ویکێند (هەفتەی راچەنین)، کە کۆنفرانســـێکی تـایبەت بوو بە سـەرکردەکانی جیهانی بیزنس و سـیاسـەت و هونەر بانگهێشـت بکرێم و قســـە بکەم. کۆنفرانســـەکە بە نـاوی"باپیرەی هەموو هزرەکان" بوو، تەنها ســـەرکردە و ڕابەرانی پێشـــووی ئۆلمپیاد، هەڵگرانی خەڵاتی نۆبل تێیدا ئامادە دەبوون. ئیدی ئەمانە هەموویان بە یەکەوە لە دەوری هزرە مەزنەکان کۆ دەبوونەوە و مێزگردیان لەسـەر دەکرد، قسـەوباسـیان بۆ باشـترکردنی سـیاسـەت دەکرد. منیش کەوام بینی جۆشـوخرۆشـم هاتەوە بەر و بە تاسـەوە تێیدا ئـامـادە بووم. لێ من ئەوەم دەزانی پێویســـت بوو بگەڕێمەوە نیشـــتمانەکەم و لەوێ ئەو هزرە مەزنـانە لەگەڵ ئەوانی دی دا تاوتوێ بکەم و کارایانە بەشداریان پێ بکرێ و چالاکانە بهێنرێنەوە سەر سەکۆی ژیان. پێویستم بە هاوسەنگییەکی هزرە دەرەکییەکان لەگەڵ ئەوەی خۆمدا هەبوو، بۆ ئەوە کـاتێکی بـاش و ئـارامم بۆ بیرکردنەوە هەبێ ئـاخۆ دەتوانم بیـانکەمە شـــتێکی ڕاســـتیی هەستپێکراو.

هاشوهوشی ڕاگەیاندن و میدیا و چالاکی و بیرۆکەکان وامان لێ دەکەن هەســـت بکەین بە گوڕوتینەوە بێینەوە مەیدان، بەڵام خۆ

پێوســـیتە لەم بارەیەوە وریا و داودۆز بین، نەوەک خۆمان بە شـــتگەلێکی هیچ و بێتام خەریک بکەین. من هەرچییەک بکەم و هەرچۆنێک ســەرقاڵ بم، هەر لەســەر ئەو هەوڵە بەردەوام دەبم تا لەســـەر ڕێبازی باپوجی بۆ خۆ بارگاویکردن بڕۆم. بۆیە ڕۆژانە کاتی خۆم بەکار دەهێنم تا لەگەڵ هزر و هەڵســـەنگاندنی خۆم خەریک بم. کەســـانێکی زۆر لێم لالووت دەبن کاتێک من باســـی خۆهەڵسـەنگاندن دەکەم و شـتێکی وەها دەڵێم "نەخێر، ئەو شتە بۆ من دەست نادا."

لەوانەیە ئەو خۆهەڵســەنگاندنە بۆ ئەوان دنەدەرێکی ڕۆحی نەبێ، یاخود وەهای دابنێن کە ڕۆبێکی دامەندرێژیان لەبەرکردبێ و چەند بخورێک لە دەوروبەری خۆیان هەڵبکەن. دەی ڕێگەم بدە دڵنیات بکەمەوە، دەکرێ جلی وەرزشت لەبەردابێ و لە سەر تەختەبەندێک لە پارکێک دانیشـــتبی، لێ هەموو ئەوەی پێویســـتت پێی هەیە وچانێک بدەی و لە ژیانی خۆت ڕابمێنی. زۆرجاران ئەوەندەی پێمبکرێ وەها دەکەم. بەگەشـــتێک بەنێو هزرەکانمدا بۆ قووڵایی ناخم شۆڕ دەبمەوە و دەگەڕێم شتە گرنگەکانی بۆ جیهان و ئەوەی بۆ ئەوەی بۆ خۆم و ئەوانی دیکە حەزی پێدەکەم دەریبهێنم.

هەنووکەش کە بە تەمەنتر بوومە، ئەوەی بۆم گرنگە ئەوەیە؛ بە شـــێوەیەک بژیم خەڵـک وەهـای ببینێ کە نموونەی ڕێز و خۆشـــەویســـتییە، من بەوە دەســـتم پێکرد، خۆم بە **جووتیارێکی ئاشتی** بچووێنم، چونکە جووتیار تۆو دەچینێ و چاوەڕێی ئەوەش دەکا بەرهەمێکی لێ دەســـتکەوێ، کە جێی بایەخ بێ. منیش تۆوی ئاشـــتی و ناتدوندوتیژی بەو گەنجانە دەڕوێنم و هیوام وایە گوڵ بگرن. هەوڵی ئەوە نادەم خۆم لەســـەر ئەو ژمارە "لایکە"ی لە

پۆستێکی فێیسبوک بۆم دێ هەڵبسەنگێنم، یان زۆرجار بە و پەیام و وەڵامکارییانەی تویتەر خۆم لاڕێ ببەم. من باکم بەو پەیامەیە کە تێیدا باس لەوە بکا، کە من کێم و پێناسەی ئەوەش بکا، کە من تەنها هەر بۆ خۆم ناژیم.

جارێکیان باپیرە پێی گوتم؛ "من هەست دەکەم بەو کەسایەتییەی کە هەم خۆشبەختم، هیوادارم تۆش وەها بیت." من ڕۆژانە هەست بەو خۆشبەختییەی خۆم دەکەم؛ پێویستە هەمووشمان هەر وابین. زۆر جار، ئەوسا تەمەن گرنگ نییە، ئێمە لەوەدا هەڵە دەکەین، کاتێک خۆمان بەو کەسانە بەراورد دەکەین کە زۆرتریان لە ئێمە هەیە، زۆری موڵک و سامان، ناوبانگی زۆر، ئامراز و کەرەستەی زۆروزەوەند. لێ کاتێک ئێمە هەندێک زیاتر چاومان بکەینەوە، ئەوا تێبینی ئەوە دەکەین، چەند خەڵکی غەمگین و نەداریش هەن، ئەوانیش لە حیساب نایەن، هەینێ پەی بەوە دەبەین کە دەتوانین خۆشبەختی خۆمان بۆ هێنانە کایەی جیاوازی گەورە بەکاربهێنین.

> من هەست دەکەم بەو کەسایەتییەی کە هەم خۆشبەختم، هیوادارم تۆش وەها بیت.

ئێمە پێویستمان بەو ساتە ئارامی و تەنهایانە هەیە تا لە خەڵک و چاوەڕوانییەکانیان دوور بکەوینە، بەڵکو لە ئەزموونی خۆمان ڕابمێنین. کاتێکیش ئەوەی خۆمان بە ئەوانەی دەوروبەرمان یان ئەوانەی ناودارن و ناویان لە هەواڵ و باسەکاندایە هەیە، بەراورد بکەین، ئەوا وێنە گەورەکە ون دەکەین. هەستی خۆدۆزینەوە لە

جیهانـدا ون دەکەین. خەڵکێکی زۆر لەم ڕۆژانەدا کێشـەی پەیداکردنی ئەو ئارامی و بێدەنگییەیان هەیە، تەنانەت خۆشـم بە هۆی ئەو هەموو شتە سەرنجڕاکێشەرە لادەرانە دەستخەرۆ دەبم. دەکرێ گوێ لە موزیک و بەرنامەیەک بگرین و بە دیار ڤیدیۆیەک دابنیشـتن یان بەنێو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا گوزەر بکەین. شارەزایان دەڵێن ئەو داتا و زانیارییانەی لەم دوو ساڵانەی دوایی بڵاوکراونەتەوە لە هەموو سەدەکان و هەزارەی ڕابردوو زیاترن. هەموو ئەو تەوژمە پڕ لە ژاوەژاوە بە پێداگرییەوە وامان لێ دەکا بیر لە کەلێنی بچووکی ئارامی و هێورەیی بۆ خۆمان بکەینەوە.

❖

ئێسـتا من زۆر جاران قسـە بۆ زانکۆکان دەکەم، ئەو شـوێنەی پێویسـتە کەسـانی گەنجی سـەر بە ڕەگەز و دین و بیروباوەڕ و کەلتوورە جیاوازەکان تێیدا بژین و بە یەکەوە فێرببن. لێ هەرچەندە زۆر لە کارگێڕایەتییەکان بە سـیاسـتی کرانەوەی زیاتر دنەی فرەیی دەدەن، کەچی زۆرجاران هەر خوێندکارەکان خۆیان ئەو دەرفەتە بنکۆڵ دەکەن. ئەوان خۆیان دەچنە ڕیزی ئەو ڕێکخراوە دەسـتەخوشـکانەی کە ئەندامەکانیان لەگەڵ خۆیان هاوشێوە و هاوچەشنن، یان لە کلاسـەکانی خۆیان داوای ناوچەی ئارام دەکەن، چونکە ئەوان بیر لە شـتگەلێکی دیکە ناکەوە بەوەی نوێن یاخود نائاسـوودەن. بیسـتووشـمە هەندێ زانکۆ هەن"زەنگی مەترسـی" بۆ ئەو کتێب و موحازەرانە لێ دەدەن، ئەوانەی لە هەندێ حاڵەتدا دەبنە مایەی سـەرسـامی هەندێ لە خوێندکاران، چونکە لەگەڵ بیرۆکەکەیان نایەتەوە. ئەرێ باشـە ئەو خوێندنە چ

خوێندنێکە؟ زۆر لە زانکۆکان ملکەچی ئەو تەسکبینییە بوون. خۆی پێویســـــتە خوێندن و فێربوون لەوە زیاتر بێ، کە هەر لە زانیاری نێو دەقەکانی کتێبی فێرخوازی و چۆنیەتیی پارەپەیداکردن قەتیس بمێنی. باپیرەم بەوە دڵخۆش نە دەبوو، کە لە زانکۆ هەرە باڵاکانی ئەمریکادا ئەو ترسە لای خوێندکارەکانی بووروژێنێ.

ڕوانینی باپوجی بۆ تەنهایی، ئەوە نەبوو تا گۆشـــــەگیرانە دەرکە لەســـــەر خۆت دابخەی و لێ نەگەڕێی بیرۆکە و هزری نوێ یان هزری ئەو کەسانە بێتە ناو دنیابینییەکەت، ئەوەی لەگەڵ هی خۆت جیاوازە. ئەو دەیەویست هەموو بیرۆکەکان گەشە بکەن. ئەو گوێی لە هەمووان دەگرت، ئینجا لەو کاتەی بە تەنها دەبوو، ئەو هزرانەی لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵدەســەنگاند و بڕیاری دەدا ئاخۆ لەســەر کامەیان بڕوا. باپوجی دەیەویست ڕوو بە ڕوو ئەو کەسانە ببینێ، ئەوانەی بیروبۆچوونی جیـاوازیـان هەبوو؛ پێموابێ ئەو لەو خوێندکارانە دەســـــڵەمییەوە ئەوانەی لە کاتی موحازەرەیەکدا هەڵدەستان و وانەبێژەکەیان جێدەهێشت، هەر لەبەرئەوەی شتێک دەڵێ بەلای ئەوان پەسەند نییە.

هەر بە ڕاســـــتی "ئەو مەودا ئارامە" ڕۆشـــــبیرییەی داوا دەکرێ دژوارترین مەودایە، چونکە ڕێگرە لەوەی لە دونیـابینی و بیروبۆچوونی ئەوانی دیکە نزیک ببیەوە. زەمینەیەکی بە پیت و لەبارە بۆ پەڕگیری و بە درێژەدان بە بە هەڵە لە یەکگەیشـــــتن. بە دڵنیاییەوە باپوجی بەو زانکۆیانەی وەک زانکۆی شیکاگۆ سەرسام دەبوو، بەوەی هەڵوەستەی لەسەر ئەو خاڵە کردووە، کە پێویست ناکا خوێندکار لەبەر جیاوازی ڕوانین پاشـــــەکشـــــە لە بیرۆکەکانی خۆی بکا.

میشکی تۆ پێویستە وەک ژوورێک بێ، چەندین پەنجەرەی کراوەی تێدا هەبێ. لێی گەڕێ با شنەی بای لە هەموو پەنجەرەکانەوە بێتە ژوور، لێ لێمەگەڕێ هیچ کامێکیان لە شوێنێ خۆی هەڵتفرێنێ.

باپوجی پێی گوتم: "میشکی تۆ پێویستە وەک ژوورێک بێ، چەندین پەنجەرەی کراوەی تێدا هەبێ. لێیگەڕێ با شنەی بای لە هەموو پەنجەرەکانەوە بێتە ژوور، لێ لێمەگەڕێ هیچ کامێکیان لە شوێنێ خۆی هەڵتفرێنێ." پێموایە بە ڕەهاییەوە ئەمە ئامۆژگارییەکی چارەنووسسازە. تۆ ڕێگە بە شنەبای زانیاری و بیرۆکە و ڕوانینە جیاوازەکان دەدەی بێنە نێو ژیانت، بەڵام ڕێگە نادەی لە شوێنی خۆی هەڵتقەنێنن. هەبوونی میشکێکی کراوە واتای ئەوە ناگەیەنێ بڕوا بە هەموو ئەو شتە بکەی، کە دەیبیستی، بەڵکو هەر ئەوە دەگەیەنێ، کە هەر خۆی خودی کردەی بیستنەکە زۆر گرنگە.

دەی ببە بەشێک لە جیهان و چەندی پێت دەکرێ بیرۆکەکان وەربگرە. ئینجا بگەڕێوە خەڵوەتە تەنهاییەکەی خۆت یان لە شوێنێکی ئارام دانیشە و بڕیار لەسەر ئەوە بدە ئاخۆ چۆن ئەو بیرۆکانە بۆ باشترکردنی جیهان بەرجەستە بکەی.

## وانەی چوارەم

## بەهای خۆت بزانە

خەڵکێکی زۆر لەم ڕۆژانەدا وێنەیەکی کاریکاتێرانەیان بۆ باپیرەم وەک کەسێکی چاک و پیرۆز دروستکردووە، ئەو کەسەی دەستبەرداری هەموو شتێک بووە و هەر تەنها پارچە قوماشێکی بەسەر شانی خۆی داداوە تا بە ئاستەم جەستەی دابپۆشی. لێ سەرسامییەکە لێرە دایە: هەر بە ڕاستی ئاخۆ ئەو وەک باقی ئەو خەڵکە لە بەهای پارە گەیشتبوو. ئەو لەو بڕوایەدا بوو هێزی ئابووری کلیلی سەربەخۆیی هیندستانە، چونکە دەیزانی سەربەخۆیی واتای نامێنێ ئەگەر تۆ نەتوانی خۆت و خێزانەکەت بژیێنی.

لە بارەی ژیانی ئابوری کۆژینەکەدا هیچ فەرق و جوداییمان نەبوو، تا بڵێی سادە و ساکار دەژیاین. بە هەموومان کاروباری ناو ماڵمان ڕادەپەڕاند، هەر لە کاری چاندنی سەوزە و میوە، تا خاوێن کردنەوەی ئاودەستەکان، هەروەها ئێمە لەسەر زەوییەکی ڕەقوتەق، نانمان دەخوارد و قسەمان دەکرد و دەشمانخوێند. کاتێکیش دەبووە ژەمی خواردن دەڕۆیشتین، کەس خزمەتی کەسی نەدەکرد، خۆمان قاپ و کەوچکی خۆمان دەهێنا، خۆمان پەرداخەکانمان بۆ خۆمان دادەنا، ئینجا کە لێ دەبووینەوە، هەر خۆشمان قاپوقاچاخی خۆمان دەشوشت و ئەو ناوەشمان پاک

دەکردەوە. کەس هەستی بە بەشمەینەتی نەدەکرد، چونکە هەموومان لە هەمان کەشوهەوای ژیاندا دەمانبردەسەر. باپوجی لەوە تێگەیشتبوو، کە زۆر لە ئێمە بە هەبوونی شتێکی کەم دڵشاد و بەختەوەر دەبن. ئێمە ئەو کاتە تووشی گرفت دەبووین، کاتێک خۆمان بە خەڵکی دیکە بەراورد دەکرد و بیرمان دەکردەوە کە ئەوان شتی زۆریان هەیە و باشتر لە ئێمە دەژین، ئینجا شتەکەش ئەوەی دەهێنا، بۆی بجەنگین. باپوجی دەیبینی کۆتایی هێنان بەو جیاوازییە ئابوورییە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی لە دونیا، هەنگاوێکی مەزن دەبێ. بەڵێ، خۆ تۆ هەروەک باپیرەم کردی، ناتوانی وتار و دوان لە بارەی ناتوندوتیژییەوە بدەی، بێ ئەوەی ئەوە بزانیت کە توورەیی بە هۆی نایەکسانی دنەدەدرێ و پەتەکەی کشتتر دەبێ.

باپوجی تێکۆشا بەڵکو بە سادەیی بژی، بەڵام هەر ئەویش چاوی بە هەندێک لە خەڵکە هەرە گرنگەکانی جیهان کەوت. لە ١٩٣٠دا سەفەری لەندەنی کرد تا لە یەکەمین کۆنفرانسی ڕۆند تێبل مێزگردی خڕ (first Round Table Conference) ئامادە بێ، ئەو کۆنفرانسەی حکومەتی بریتانیا بۆ تاوتوێکردنی ئایندەی هیندستان، ڕێکیخستبوو. وەک هەمیشە ئەو (خادی khadi) پۆشی بوو، ئەمەش ڕێگەیەک بوو بۆ هاندانی پرۆتێستی جووتیارە لادێیەکانی هیندستان. ئەوسا دەست بە بزووتنەوەی خادی کرا و دیار بوو کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر پیشەسازیی ڕستن و چنینی بریتانی کرد. ئاخر زۆر لە هیندییەکان مەیلی سەربەخۆیی خۆیان بە دروستکردن و لەبەرکردنی پۆشاکی خادی خۆیان نمایش کرد، بریتانیاش نەیتوانی چیدی هەموو لۆکەکەی هیندی بە نرخێکی

هەرزان بکرێ و ئینجا بیگوازێتەوە کارگەکانی خۆی لە بریتانیا و بـیـکـاتە قـومـاش و پـاشــــان بە نـرخـێـکـی گـران بە هیندییەکانی بفرۆشێتەوە.

ئامادەبووانی کۆنفرانســـی مێزگردی خڕ لە کۆشـــکی پەکینگهام بانگهێشـــت کران، باپیرەشـــم هەر بە مێزەر و شـــاڵە ئاســـاییەکی ســـەرشـــانی ئامادە بوو. وەزیر و گزیر و بەردەســـتانی کۆشـــک ترســـــان لەوەی نەوەک ئەم جلوبەرگە شـــتێکی نەشـــیاو بێ تا گـانـدی چـاوی بە پـاشـــــا بکەوێ، ئیـدی کەوتنە بۆڵەبۆڵ، کەچی بـاپوجی خەنـدەیەکی بۆ کردن و گوتی: خۆ ئەگەر پاشـــــا جۆرج نەیەوێ بە جلە ئاســـاییەکەی خۆم بمبینێ، ئامادەی دیدارەکە نابم. ڕۆژنامەنووســـــانیش گوێیان لەم ســـــەربردەیە بوو، ئیدی هەر بە ئەوەندە لێی نەگەڕان و هەواڵەکەیان پف دا. یەکێ لە سـەردێڕەکانی ڕۆژنامەیەکیان نووسـی: "گاندی هەر بە تای پارچە شـاڵێک دەچێتە ئاهەنگی پاشـا!" ئەو بیرۆکەیان لێ خۆشـهات کە گاندی بە میزەر و ئەو پارچە قوماشـــەی لە کەمەری وەرێناوە و بە جوتێ ســـۆلەوە بچێتە کۆشـکی پەکینگهام. ئەو ڕۆژە شـا جۆرج بە جلی فەرمییەوە؛ بە چـاکەتێکی ڕۆژانە و پـانتۆڵێکی خەتخەت، شــــــاژنە مـارییش فیســــتـانێکی زیوینی ڕەنگی چـایی پۆشــــیبوو. کـاتێکیش لە بـاپـوجـیـیـان پـرســــــی ئەرێ بە خــۆت و مــێــزەر و شـــاڵەکەی ســـەرشـــانتەوە لە بەرانبەر پاشـــادا هەســـتت بە وە کرد شـــــتێکت لەبەردا بێ، ئەویش وەڵامێکی وەهای دانەوە، بووە پەند: "بڵێم چی، خۆ **پاشا بایی هەردووکمان جلی لەبەردا بوو**!"

باپوجی پێی وانەبوو هەڵە بێ، گەر داوای ســـەرکەوتنی ئابووری بکا ، هەر تەنها ئەو پێی وابوو هەڵە لەوە دایە، خەڵکی دیکەش لەگەڵ

خۆتدا بەرز نەکەیتەوە. ئەو بۆ خۆی، باکی بە پارەوپوول نەبوو، لێ ئەو کەسێکی واقیعبین بوو، دەیزانی پڕۆژەکان پێویستیان بە کۆمەک و پاڵپشتییە. بۆیە پلانێکی داهێنا. بۆ هەر کوێ بچووبا، هەزاران کەس بە دواوەی بوون، بەڵکو واژۆیەکیان بۆ بکا. نوێژ و درووودەکانی ئەو لای هەمووان بە باوەشی گەرمەوە پێشوازی لێ دەکرا، لەنێو گوردەمی خەڵکی کە بە دوای ئەوەوە بوون، ژمارەیەکی زۆری هیندۆسی، موسڵمان، جوو، کریستیان و بودی هەبوون، بە سەرسامییەوە ئامادەی دوانەکانی دەبوون و بە پەرۆشیش بوون بەڵکو واژۆیەکیان بۆ بکا. ئیدی ئەو پەی بەوە برد، ئەگەر بێتو بڕە پارەیەکی کەم، هەرپێنج ڕوپییەیەک (بە پارەی ئێستا ناکاتە هیچێکی وا) بۆ هەر ئیمزایەک داوا بکا، ئەوا دەیتوانی بڕە پارەیەک بۆ پاڵپشتیی بەرنامە سۆشیال فێرخوازییەکەی خۆی پەیدا بکا.

لە یەکەمین سەفەرم لەگەڵ باپیرەدا، ئەو ئیشەم پێ سپێردرا کە دەفتەر و وێنە و ڕۆژمێر و پارەکان لە خەڵک کۆ بکەمەوە و بە قامت بیانهێنمە لای باپوجی تا واژۆیان لەسەر بکا. لێ گەلۆ، وەخت بوو لە خۆشیان بفرم! ئاخر هەستم کرد هێندە لە باپوجی نزیکم. من کەسێکی زۆر گرنگم و کارێکیش دەکەم ئامانجێکی مەزن هەیە.

ئەو ڕۆژانەی هەینێ، بەر لە سێلفی و کامیرای تەلەفۆنی دەستی، واژۆکردنی وێنەیەک یان کتێبێک لە لایەن کەسە ناودارەکان، شتێکی دانسقە و تایبەت بوو، هەندێکیشیان هەر زۆر بەهادار بوون. ئیدی دوای چەند ڕۆژێک لە کۆکردنەوەی ئەو شتانە، منیش بڕیارمدا بەڵکو باپیرەم واژۆیەکیش بۆ من بکا. لێ من ئەوکات پارەم نەبوو، نەشمدەزانی ئاخۆ باپیرەم من لەو ڕێسایەی خۆی (واژۆ بە پارە)

دەبوێرێ یـان نـا. من ئەمەم لە خۆمم پرســـییەوە، چونکە زۆر یارمەتیم دەدا، بۆیە تاقیکردنەوەیەکی وەها زیانی نەبوو. ئەوە بوو کـاغەزی ڕەنگـاوڕەنگم پەیـداکرد و بە مەقەســـــت بڕیم و وەک قەبارەی کتێبێکم لێ کرد و لە یەکم دان. ئەو شـــەوەی دوای نوێژ و دروود، کتێبە بچکۆلە نارێکەکەی خۆم خستە نێو بارستایی ئەوانی دیکە و بۆ باپیرەم برد. ئینجا لەسەری وەستام تا دەفتەر و کاغەزەکان واژۆ دەکا، خوا خوام بوو لەبەر زۆری کاغەزەکان و خێرا خێرا واژۆکردنەکەی، تێبینی دەفتەرەکەی من نەکـا و نەیناسێتەوە.

لێ، نەخێر، وا دەرنەچوو. بـاپیرەم پەرۆشـــیی هەر فلســـێکی باربووە بوو کە کۆ دەکرایەوە. ئەو پارەی بۆ کارەکەی پێویســـت بوو. کاتێکیش گەیشـتە سـەر دەفتەرەکەی من، بینی هیچ پارەی لە نێودا نییە، ئیستێکی کرد.

- "ئەرێ بۆچی ئەمەیان هیچ پارەی بۆ واژۆکردنەکە تێدا نییە؟"

+"ئـاخر بـاپوجی، ئەوە دەفتەرەکەی منە، خۆ منیش هیچ پـارەم نییە."

- بە پێکەنینەوە گوتی: "چییە دەتەوێ خۆڵ لە چاوم بکەی؟ باشـــە تۆ واژۆکەی منت بۆ چییە؟"

+ وەڵامی من: "چونکە هەمووان واژۆی تۆیان هەیە."

- "باشـــە، وەک خۆت دەیبینی، هەر کەســـێک واژۆی بوێ، پارەی خۆی دەدا."

+ بە تکاوە گوتم: "باپوجی، بەس خۆ تۆ باپیرەی منی!"

- "منیش بەختەروەم کە باپیرەی تۆم، بەڵام ڕێسا ڕێسایە. خۆ ئەگەر لەسەر هەمووان پێویست بێ پارە بدەن، تۆش دەبێ بیدەی. ڕیزپەڕی بۆ کەس نییە."
هەینێ منمنایەتییەکەم (ئیگۆکەم) شکستخواردوو بوو. حەزم لێ بوو تایبەت بم! بۆیە ڕووم وەرگێڕا بڕۆم، بەدەم ڕێیەوە گوتم: "باپوجی دەیبینیەوە، وات لێ دەکەم بەبێ پارە واژۆم بۆ بکەی. هەوڵی خۆم دەدەمەوە، گرفتیش نییە چەند درێژە بکێشی!"
چاوی باپوجیش بریسکانەوە و بە پێکەنینەوە گوتی: "ئا وەها؟ دەی با بزانین کێ دەیباتەوە."
یارییەکە دەستیپێکرد. لە هەفتەکانی دواتر، هەموو ستراتیژییەکە بە مێشکمدا هات، بەکارم هێنا بەڵکو بیهێنمە ڕایێ تا واژۆکەم بۆ بکا. تەکنیکە هەرە لە پێشەکەم ئەوە بوو، ئەو کاتەی لەگەڵ کاربەدەستی پلەباڵا یان لەگەڵ سەرکردەکانی جیهان لە دانیشتن و قسە و گفتوگۆدایە، لێی وەژوور بکەوم و داوای واژۆکردنی لێ بکەم. ڕۆژێکیان خۆم بە نێو کۆبوونەوەکەیدا کرد و بە دەنگێکی بەرز پێم ڕاگەیاند؛ هەر ئێستا پێویستم بە واژۆکە هەیە. ئیدی لە بری ئەوەی لێم تووڕە ببێ، بۆ باوەشی خۆی ڕاکێشام و دەستێکی لەسەر دەمم دانا، ئینجا لەگەڵ میوانەکانی درێژەی بە قسەوباسی خۆی دا. ئەو سیاسەتوانە باڵایەی لای دانیشتبوو، کە بە جۆشوخرۆشەوە کەوتبووە وتوویژ و لەگەرمەی قسەی خۆیاندا بوون، سەری سوڕما و نەیزانی چی لە بارەی دیمەنەکەوە بڵێ. منیش پێموابوو باپیرەم بۆ ئەوەی هێمنیی دانیشتنەکە نەشێوێنێ، مل دەدا و واژۆکەم بۆ دەکا، بەڵام دەبووایە بمزانیبا من

گرەوم لەگەڵ پیاوێکدا کردبوو، خۆی و خۆی دارڕســـابووە وڵاتێکی وەک شانشینی یەکگرتووی بریتانی.
بەم جۆرە کێبڕکاریەکەمان بۆ چەندین هەفتەی درێژەی کێشـــــا. یەکێ لە میوانە ئاستبەرزەکانی باپوجی ئەوەندە بەو قسە پێبڕینەی من هەراســان بوو، بووە بریگرتەی من و بە ســەخڵەتەوە داوای لە باپیرەم کرد: "باشــە بۆچی واژۆکەی بۆ ناکەی، با چیدیکە نەیەت و هەراسانمان نەکا؟"
باپیرەش بواری نەدا ئەو بکەوێتە نێوان باســوخواســەکەمان، بە ئـارامییەوە بـاگۆی دایەوە: "خۆی ئەمە، دارڕســــانێکی منە لەگەڵ نەوەکەم. پێویست ناکا خۆت تێ هەڵقورتێنی."
باپیرەم هەرگیز میزاجی نەرمیی خۆی لە دەست نەدەدا یان فەرمان بکا لە ژوورەکە بچمە دەر. هەرچەندە من تەشقەڵەم پێ دەکرد، لێ ئەو کۆنترۆڵی زۆری بەسەر تووڕەبوونی خۆیدا هەبوو.
جارێکیان لە بۆنەیەک بۆ ئەوەی هێورم بکاتەوە، لەســــەر پارچە کـاغەزێـک نووســــی بووی "بـاپو" و پێی گوتم: "بیگرە ئەوەش واژۆکە."
منیش یەکسەر پێمگوت: "ئەمە بەس نییە."
ئەویش بە هەمان سووربوونی خۆی لەسەر شتەکان گوتی: "هەر ئەمەم لە دەست دێ."
ئیدی خەریک بوو لە پەیامەکەی ئەو دەگەیشـــتم. دوای تێپەڕینی چەند ڕۆژێکی دیکە، پەییم بەوە برد هەرگیز نەچم داوای واژۆی بێ بەرانبەری لێ بکەم، لە کۆتـاییدا وازم لە ڕاوەدوونـانی بـاپیرەم بۆ واژۆ کردن هێنا. لێ لە بری ئەوەی هەست بکەم شـکسـتم هێناوە، هەسـتم کرد شـانازم. زانیم کێبڕکێکەمان هەر تەنها بۆ ئەوە نەبوو

ئەو لەســـەر پارچە کاغەزێک بەناوی واژۆوە خەتێکی تێکەڵاوم بۆ بکێشـــێ. بەڵکو لە جیـاتی ئەوە، بـاپوجی وانەیەکی بەهـاداری فێرکردم. ئـاخر لەو کـاتەی بڕیـاری دابوو واژۆکەی بەهـای پێنج ڕوپیەی هەیە، کەواتە پێویست بوو بۆ هەمووان هەر هەمان بەهای هەبووایە. خۆ ئەگەر واژۆکەی بە خۆڕایی بۆ من کردبایە، ئەوا لە بەهاکەی خۆی دادەشکاند. یەکسانی گرنگ بوو، ئیدی دارسانەکەی نێوان ئێمە ئەوەی نیشـان دام، خۆ ئەگەر بڕی پێنج ڕووپیەکەشـم نەبێ، ئەوا بەهایەکی گرنگم هەیە. باپیرەم ویستی بە هەمان ڕێز کە بۆ ســـەرۆکی دەوڵەتانی هەبوو، هەروەهاش لەگەڵمدا بجووڵێتەوە. ئەو منی لەبەردەم ئەواندا نەشــکاندەوە، ڕووشــکێنی نەکردم، یان وەک کەســـێکی بێزارکەر لەگەڵـم نەجوولایەوە. ئـاخـر خـۆ پێویســتییەکەی منیش هەروەک ئەوان ڕاســتەقینە بوو، شــایەنی بایەخپێدان بوو.

❖

هەرچەندە ئەو هەرگیز واژۆی لەســـەر دەفتەرەکەم بۆ نەکردم، بەڵام دیارییەکی زۆر بەهادارتری پێ بەخشـیم. ڕۆژانە سـەعاتێکی بۆ تەرخان کردم تا بە تەنها لەگەڵ من بێ، قســـە بکەین و گوێ بگرین. ئەو خشـــتەیەکی ڕۆژانەی ئەوەندە ســـەرقاڵانەی هەبوو، نەمدەزانی چۆن توانی جێگەی منی تێدا بکاتەوە، بەڵام دەرکەوت بە هۆی خوویەکی ڕەنگڕێژ لە پەروەردە، دەتوانێ شـــتی مەزنتر لەوەی چاوەڕێت دەکرد، بێنیتە دی. باپوجی وای لێکردم خشـــتەی کاروبارەکانی تایبەتی ڕۆژانەی خۆم بنووســـم، بە کاتی خوێندن و یـاری و کـاروبـارەکـانی کۆژین و نوێژەکـانیشـــەوە، ئینجـا بە

دیوارەکەم هەڵیبواسم تا هەست بکەم هەر چرکەیەک لە ژیانمدا، چەند بەبایەخە.

باپیرەم یارمەتی دام تا ببینم هەموو کەسێک بەهای تایبەتی خۆی هەیە. ئەو ڕێز و خۆشەویستی بۆ هەمووان هەبوو، ئەوسا گەنج یان پیر، دارا یان نەدار بووایە. منیش هات لەوە تێبگەم، کە پێزانین بۆ بەهای خۆمان وەک تاک، چەند شتێکی گرنگە. هەندێک جار نیگەرانی ئەوەین کە خەڵکی دیکە لە ئێمە باشترن، ئیدی ئێمە ئەوە لە بیر دەکەین ئاخۆ چی وامان لێ دەکا لەم جیهانەدا بایەخدار بین. خۆ ئەگەر جارێک متمانەمان بە خۆمان کرد، ئەوا پێزانین و شەرەفمەندیی بەهای ئەو کەسانەی دەوروبەریشمان بۆ دەردەکەوێ، ئەمەش بەبێ لەبەرچاوگرتنی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی یان ئەو هێز و دەسەڵاتەی دارای و دونیاییەی پێ بەخشیون.

هەندێ لە توێژەران ژیانی باپیرەمیان وەها وێنا کردووە، گوایە دژی پێشکەوتن و پارە بووە، بەڵام ئەوە لێدان و بەلاڕێدابردنی بەهاکانی ئەوە. ئەو، بەها و هێزی پارەوپوولی لەودا دەبینی کە چەند دەتوانێ کۆتایی بە کوێرەوەری بهێنێ و ئەو خەڵکە نەگبەتە لەم داماوی و دژوارییە ڕزگار بکات. لێ ئەو هەرگیز پارەی بە پێوەریک بۆ بایەخی کەسەکان دانەدەنا. ئەو هەرگیزاوهەرگیز پێی وا نەبوو کەسانێک کە پۆشاکی کەشخە و گرانبەهایان لەبەردایە و بە بلیتی کلاسی یەکەم دەفرن لەو کەسانە گرنگترن کە جلوبەرگێکی شڕووڕیان لەبەردایە و لە ژێر پردەکانیش شەو دەکەنەوە. وێنەی باپیرەم لەبن شاڵە خادییەکەی بینیوە کاتێک لەگەڵ سەرانی دەوڵەتان، لەمسەر بۆ ئەوسەری جیهان دانیشتووە. ئەو پاشا و ڕابەرانە جلی کەشخەیان پۆشیوە، بە زێڕ و زیو خۆیان

ئاراشت کردووە و شەپقەی گرانبەهایان لەسەر ناوە، بەلای منەوە هەر ئەوان ناشیرین و قێزەون دیارن. هەرگیز باپوجی پێویستی بە جلوبەرگێکی کەشخە و جوان نەبووە تا جیهان لە مەزنایەتی و بایەخی ئەو تێبگا.

خۆ ئەگەر تۆ پارە و دەستکەوتی ماددی بۆ پێناسەکردنی بەهای خۆت دیاری بکەی، لە کۆتاییدا هەست دەکەی گوێزێکی پووچی. بە داخەوەم بۆ ئەو کەسانەی خۆیان بە ترومبێلی کەشخە و کۆسک و سەرا هەڵدەکێشن، چونکە دەزانم ئەوان هەست دەکەن لە ناخیان چ شتێک ونە. قەت هیچ دەستکەوتێکی ماددی ناتوانی ئەو بۆشایەیی ناخیان پڕ بکاتەوە. لەسەرێکی دیکەشەوە، زۆر جاران خەڵکی وەها دەبینم خۆیان بە شکستخواردوو دەزانن، چونکە لەسەر کارەکەیان دەرکراون یاخود کێشەوبێشەیان لە کرێی خانوومانودا هەیە و تەنگەتاون. ئەوان لەوە دەترسن ئاخۆ دۆست و هاوڕێکانیان چۆن سەیریان دەکەن، لەوەش هەراسانن کە پارە و سامانی لەوە زۆرتریان نییە. ئیدی ئێمە پێویستە بەهای خۆمان، لەو شتومەکانەی بە دەستیان دێنین، جیا بکەینەوە.

کەسە سەرکەوتووەکان، ئەوانەی مووچەیەکی زۆریان هەیە، هەقی خۆیانە شانازی بە دەستکەوتەکانیان بکەن، بەڵام لەوەدا بە هەڵەدا دەچن ئەگەر پێیان وابێ قەبارەی حیسابەکەیان لە بانک پێوەری ڕاستەقینەی بەها و شایستەی خۆیان بێ. ئەوەی ڕاستی بێ دەکرێ ئەمە پێچەوانە بێ. باپوجی لەو بڕوایەدا بوو: "سامان و ڕەوشت پەیوەندییەکی پێچەوانەیان لەگەڵ یەکدا هەیە. کاتێک یەکێکیان بەرز دەبێتەوە، ئەوی دیکەیان بەرەو نزمی دەڕوا." مەبەستی ئەو، ئەوە نەبوو، کە بڵێ پەیداکردنی پارە شتێکی بێ

ڕەوشتییە یاخود هەژار و نەدار هەر بە سروشتکرد شەڕەفمەندییە. ئەو ڕەتی کردەوە هزرکۆییمان هەر بە تەنها لەسەر شتە مادییەکان بێ و شـــتەکانی دیکەی لێ دەربهاوێژرێ. خۆ ئەگەر پارە بۆ تۆ شـتێک بگەیەنێ، کەواتە لەگەڵی بڕۆ و کاری سـەخت و قورس بکە خۆت ماندوو بکە و پارەی زۆر پەیدا بکە. لێ هەمیشـــە ئەوەت لە بیر بێ لەپشت ئەمەشدا، بواری هەنگاوی ئەو دیکەش هەیە.

سـامان و ڕەوشــت پەیوەندییەکی پێچەوانەیان لەگەڵ یەکدا هەیە. کاتێک یەکێکیان بەرز دەبێتەوە، ئەوی دیکەیان بەرەو نزمی دەڕوا.

هەندێ لە منداڵ و نەوەکانم پرســـی ناتوندوتیژیی خانەوادەیان لەخۆگرتووە و یارمەتیی خەڵکی دەدەن. هەنووکە خێزانەکەمان لە چالاکوان و پیشـــەمەندی هەمەجۆر پێکهاتووە، منیش بە هەموویان شـــانازم. کوڕەنەوەیەکم لە هیندســـتان پارێزەرە کار دەکا بۆ ڕزگارکردنی ئەو کچانەی بازارگانیان پێوەدەکەن، کچەنەوەیەکی دیکەم ڕۆژنامەگەریی ڤیدیۆیی بۆ ڕۆشـــنای خســـتنە ســـەر ئەو ڕێخکراوانە بەکاردەهێنێ کە کەمتر ناســـراون و کاری باش و چاکەش لە گوندەکانی هینـدســــتانـدا ڕایی دەکەن. لە ئەمریکاش کوڕەنەوەیەکم پزیشـــکێکی کارا و ماندوونەناســـە، منیش بە هەمان شـــێوە بە نەوەیەکی دیکەم ســـەرســـامم، کە بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی وەبەرهێنەری ناسراوە لە لۆس ئەنجلس. داهـاتێکی زۆر وەردەگری کە لە چـاوەڕوانی من زۆر بە دوور بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خێرخوازە و لەوە تێدەگا کە لەم جیهانەدا ئەرکی گەورەتری لەســـەر شـــانە. هەروەک گوتم، ناکری پارە بۆ

بەها و شایستەی تاک بەهەر ئاراستەیەکەوە بێ، بکەیتە پێوەر، ئەوسا چ دارا بێ یان نەدار.

باپوجی لەوە گەیشتبوو کە شتە گرنگەکانی دیکە هەروەک ڕیشەکێشکردنی هەژاری و جیاخوازی و مشوورخواردنێکی باشتری باری تەندروستی بۆ خەڵک، پێویستیان بە بڕێکی زۆری پارە هەیە. ئەو هیچیشی بۆ خۆی نە دەویست، بەڵام شەرمیشی لە داواکردنی نەدەکردەوە تا پشتگیریی دۆزەکەی پێ بکا. کەواتە کە بۆ یەکەم جار گەیشتمە سەر خاکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمان نموونەی ئەوم تاقیکردەوە و بیرۆکەی دامەزراندنی پەیمانگای گاندییم بۆ ناتوندویژی دانا. ئەز و سوناندای هاوژینم لەو بارەیەوە قسەمان کرد، هەرچەندی خەیاڵ و بیرۆکەمان بۆ وۆرکشۆپ و کۆڕبەند و وتار و موحازەرەدان هەبوو، ئەوەندەی دیکە بۆی بە جۆش وخرۆشتر دەبووین. بیرمان لەوە کردەوە بەڵکو پەیمانگاکە لە حەرەمی زانکۆیەک بێ، هەر بۆیە نامەم بۆ ژمارەیەک لە سەرۆکی زانکۆکان نووسی و نیاز و نەخشەکەم بۆ باس کردن. کەسیان وەڵامیان نەدایەوە. لەوانەیە وایان دانابێ بیرۆکەکە دوورە دەستە و بەدی نایە، یاخود هەر بێ باکانە زەرفی نامەکەمیان بە نەکراوەیی فڕێ دابێتە تەنەکەی خۆڵ.

لە کۆتاییدا هاوڕێیەکەم دیدارێکی لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی برایانی کریستیان لە مەمفیس/ تێنسی بۆ ڕێکخستم. بۆ دیدارەکە ڕۆیشتم، ئەویش بە تاسەمەندییەوەماڵێک و نووسینگەیەکی لە کۆمەڵگە زانکۆیەکەی خۆی پێداین. ئای چەند نایاب بوو! لە خۆشیاندا شاگەشکە بووم، هەرچەندە ئەوەشی بە ڕوونی پێگوتم، کە زانکۆکەیان پارەی ئەوەی نییە کۆمەکی ماددی پەیمانگەکەمان بکا؛

دەبووایە خۆمان بەو کارە ڕابووباین. منیش دەستبەجێ بێ ئەوەی بزانم خەونەکەم چۆن بەدی دێ، خستنەڕوویەکەم پەسەند کرد.

چەندان شـەو بە بێداری ڕۆژم دەکردەوە، هەر بیرم دەکردەوە و تێ دەکۆشـام ئاخۆ چۆن پارەی پێویسـت بۆ کردنەوەی پەیمانگەکە بە دەســـــت بێنین. وێنەی باپیرەم لە خەیاڵدا بوو کاتێ جۆرێکی باربووخڕکردنەوەی لە دەســـــت دابوو، لە پەنجەرەی قیتارەکەوە لەبەردەم ئاپۆرای خەڵکی ئامادە بووی سـەرشـۆسـتەکانی ڕادەگرت بەڵکو پیتاکێک بۆ مەبەســـتی چاکەخوازی، بۆ تێ بهاوێن، هەروەها چۆن بۆ هەر واژۆیەکی، داوای پێنج ڕوپییەی لە مـاخۆکەی داواکار دەکرد.

واژۆکەی ئەو! لە هیکەوە ئەوەم بە مێشـکدا هات خۆ هەندی شـتی زۆر بەهاداری ئەوم لا ماون: کەشـــکۆڵێک لە نامەی دەســـتخەتی خۆی، هەموویان لەنێو سندوقێک ئاخنراون و لە گۆشەیەکی ماڵەکەم دان. ئەو نامانەی کە بە دەســـتخەتی خۆی بۆ دایبابمی و ئێمەی منـداڵی نووســـیبوون. حکوومەتی هینـدی کۆپی نـامەکـانی لا هەبوو، بەڵام نامە ماکەکان لای ئێمە شڕوشەپڕێو بووبوون، چونکە من ئامرازێکی وەهام نەبوو وەک خۆیان بە سـاغی و سـەلامەتی هەڵیان بگرم و بیانپارێزم. تۆ بڵێی من ئەوەندە بە هۆش و گۆش نەبم و لێ بگەڕێم ئەوانە لە شـــوێنی خۆیان بڕزن و لەبار یەک هەڵبوەشـێن؟ چۆن دەهێڵم شـتی وا ببێ؟ زانیم ئەمانە بۆ مۆزەخانە یان بۆ ئەوانەی ئارەزوویان کۆکردنەوەی شـتە کۆن و عەنتیکەکانە زۆر بە نرخن، خۆ فرۆشتنی ئەوانە پارەیەکی وەهای پێ پەیدا دەبێ تا بیخەینە خزمەت پرسی ناتوندوتیژی. پرسیارێکی لەم چەشنەش؛

"تۆ بڵێی باپوجی، لە جێی من بووایە، چی کردبایە؟" بەرسـقەکە ڕوون و ئاشکرا بوو.

ئەوە بوو پەیوەندیم بە مەزادخانەی کریسـتیان کرد و ئەوانیش نرخی کەلوپەلەکانی لای منیان بە ١١٠،٠٠٠ دۆلار قەبڵاند. هەنووکە خەریک بوو خەونەکە بۆ ڕاستی وەرچەرخێ. دۆستێکی خۆشەویست (ڕاویژکارێکی قانونی) پەیمانگای گاندی بۆ ناتوندوتیژی وەک ڕێکخراوێکی خێرخوازیی (a 501(c)3) تۆمارکرد. منیش نەمدەویست هیچ کەس بیری بۆ ئەوە بچێ تاکە یەک فلسیشی بۆ سوود و بەرژەوەندی خۆم بەکار بهێنم، هەر بۆیە داوام لە مەزادخانەی کریستیان کرد نامەکان ببا و داهاتەکەشی ڕاستەوخۆ بخاتە سەر حیسابی تایبەتی پەیمانگە نوێیەکە.

ئەوە بوو جاڕی فرۆشتنەکە درا، لە سەعات ٢ی نیوەشەودا زەنگی تەلەفۆنەکەم لە میسیسپی لێ درا. منیش بە پەشۆکاوی و خەواڵوویی دەسکی تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، نووسینگەی سەرۆکی وڵاتی هیندستان بوو لەوسەری دونیا لەگەڵم لەسەر خەت بوو. دیار بوو قیامەت ڕابووبوو. بەرلەوەی بتوانم یەک وشەش بڵێم، سکرتێری تایبەتی سەرۆک بە بەدقۆستنەوەی ناو و ناوبانگی باپیرەم بۆ سوود و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆم تاوانباری کردم و سوور بوو لەسەر ئەوەی دەبێ یەکسەر مەزادەکە ڕابگرم. منیش هەوڵمدا نەخشەکەی بۆ ڕوون بکەمەوە، بەڵام پێدەچوو ئەوکات و لەو ساتەدا نەمتوانی بێ باشی تێبگەیەنم. من زۆرم گوت و ئەویش کەمی گوێ لێ گرتم. لە کۆتاییدا کە تەلەفۆنەکە داخرا، پەییم بەوە برد قسەکانم هیچ کاریگەرییان نەبوو.

بۆ بەیـانییەکەی ســــەرۆک لێـدوانێکی بۆ ڕۆژنـامەکـان دا و منی لەســـەر ئەوە شــەرمەزار کرد، گوایە ناو و ناوبانگی گاندی لەکەدار دەکەم. منیش توورە بووم و لە هەموو لایەکی هیندستانەوە نامەی لۆمە و لۆمەکاریم بۆ هات. هێدمەگرتی بووم. ئێســتاش بێخەوی و خەوزڕانم وەک تۆڵەســـێن بۆ هــاتووە و پێویســــتم بە گیـانی دنەدەرانەی بـاپیرەم هەبوو، بەڵکو ڕێنوێنیم بکـا،لێبە داخەوە گوێم لە هیچ دەنگێک نەبوو.

پاشــــان بە درەنگانی شـــــەوێک هەر بیرم لە بیروبڕوای باپوجی دەکردەوە، بەوەی تێکڕای خەڵک لە بەهادا یەکســــانن و هەروەها چۆن ئەو ڕووبەڕووی دۆخی دووڕیان دەبووە، زۆر جاریان لەو حاڵەتانەدا پرســــیاری لە جەماوەر دەکرد ئاخۆ تەگبیر چییە. ئیدی پەیوەندیم بە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز کرد و داوام لێکردن ئەگەر هاتوو ڕوونکردنەوەیەکیان لەسـەر کێشـەکەم بۆ بنووسـم و داوا لە خوێنەران بکەم بەرچاو ڕوونییەکم بدەنێ، ئاخۆ بۆم بڵاودەکەنەوە. ئەوە بوو ڕوونکردنەوەکەم لە ژێر ناوی "باشە چی بکەم؟" نووسی. کاتێکیش کورتە نووســــینەکەم بڵاو بووەوە، کاردانەوەی زۆری بە دوای خۆیـدا هێنـا. زیـاتر لە ٩٠٪ی خوێنەران بـاگۆیـان بە بەڵێ دامەوە و پشــــتگیری نەخشــــەکەمیـان کرد. زۆر لە ڕۆژنـامە هیندییەکانیش نووســــینەکەی تایمزیان دووبارە بڵاوکردەوە، هەر زوو بووە هەرا. لە پڕێکەوە خەڵک ئافەرینیان دەکردم، کە لەســـەر ڕێبازی ڕاســــتەقینەی باپیرەم دەڕۆم و ئەو کەســــانەی پێشــــتر پەلاماریان دەدام، ئێسـتا دەسـتخۆشـیم لێ دەکەن و پیرۆزباییم پێ دەڵێن. هەموو ئەمەش کاردانەوەی پێچەوانەی بە دواوە بوو، ئاخر زۆر کەس لە کڕینی نامەکان ترســــان و ســـــڵەمینەوە، کاتێکیش

مەزادەکە کرایەوە، نامەکان هەر نیوەی نرخی قەبڵێنراویان کرد. ئەوەی مایەی تەوس بوو، کڕیارە نوێیەکەم حکومەتی هیندی بوو، ئەوەی جاری یەکەم ڕەتی کردەوە نامەکان بفرۆشم.

❖

باپوجی لەو بڕوایەدا بوو هەر یەکێکمان بەهرەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئیدی ئەرکی ئێمەیە ئەو بەهرەیە نەوەک هەر بۆ خۆمان، بەڵکو بۆ بەهێزکردنی ئەوانی دیکە و بۆ ئێستا و بۆ داهاتووش بەکاری بهێنین. ڕیکلامێک لە جامخانەی کۆمپانیایەکی زێڕ و گەوهەر هەڵواسرابوو، تێیدا هاتبوو کە تۆ هەرگیز کاتژمێرێکی وەهات نەبووە؛ هەوڵدە بۆ نەوەی داهاتووت پەیدای بکەی. من زۆر لە بارەی کاتژمێرە گرانبەهاکان نازانم، بەڵام ئەوەندە دەزانم دەکرێ هەمان ڕوانین بۆ بەهای باڵا بەکاربهێنین. زۆر جار باپوجی دەیگوت، هەرچەندە ئێمە بەهرەکانمان لە ڕێی خوێندن و هاوکاریی خێزان یان کاری سەخت و گران وەربگرین، لێ ئێمە خاوەنی نین، ئێمە تەنها بەسەریدا ڕاسپێردراوین. بەهرەکانمان لە ڕێی کردەوەکانمان و ئەوانەی یارمەتییان دەدەین، دەگوێزرێتەوە، بۆیە پێویستە وەک چۆن بۆ خۆت، ئاوەهاش بۆ بەشداری پێکردنی ئەوانی دیکەش بەکار بهێنرێ.

چەند ساڵێک بەر لە ئێستا دەستەیەک لە کچە خوێندکار و مامۆستاکانیانم لە زانکۆی ویلسی بۆ گەڕان و سووڕان، بردنە هیندستان. ویستم هەندێ کاری باش کە لەوێ کرا بوون، لەگەڵ ئەو جیاوازییە زۆرەی دەکرێ و یەکێک بە بەهای خۆی بۆ پێشخستنی ژیانی خەڵک پەیدای دەکا، نیشانیان بدەم. ڕۆژی یەکەممان بە سەردانکردنی گەڕەکە هەژار نشینەکانی مۆمبای و

پاشان بۆ شەوەکەی بە قیتار چووینە شارێکی بچووک کە کارخانەی شەکری لێ بوو، لەوێش پڕۆژەیەکی دیکە ئومێدێکی خستبووە دڵی خەڵکەوە. بە پاسێکی درێژ بە ڕێگەیەکی خۆڵاویدا رۆیشتین، زۆربەی ئەو میوانخانانەی سەر ڕیگاشمان گەرماویان تێدا نەبوو، هەر تەنها سەتڵە ئاوی گەرم و سارد لەو گۆڕە دانرا بوون، ئەویش بۆ ئەوەی جەستەت لە تەپوتۆزی ڕێگا پاک بکەیتەوە. پاش ماوەیەکی کەم ئەو کچانە بێزار بوون، ئاخر هەر بە ڕاستی دەیانەویست جێ خەوێکی ئاسوودەیان هەبی و گەرماوێکی ڕێکوپێکیش هەبێ تا پرچی خۆیان لێ بشۆن.

لە کۆتاییدا گەیشتینە شارێک کە هۆتێلێکی نوێی پێنج ئەستێرەی لێ کرابووەوە. وەک هاندانێک ژوورەکانیان بە نیوەی نرخەکەیان خستە بەردەستمان و ئێمەش بە خۆشییەوە پەسەندمان کرد. ئەوە بوو ئێمە لە هۆڵی پێشوازی هوتێلەکە بە دڵێکی خۆش و تامەزرۆوە چاوەڕێی چاوساغ بووین بۆ ژوورەکان، کچەکانیش لە خۆشیان باڵیان گرتبوو. لە کۆتاییدا هوتێلێکی کەشخە! کاتێک کلیلی هۆدەکانیان وەرگرت، یەکسەر بۆی ڕۆیشتن بەڵکو قەرەبووی ئەو چەند ڕۆژە ناخۆشەی بەسەریان بردبوو بکەنەوە.

پاش نیو سەعات لە ڕۆیشتنیان لە دەرکەی ژوورەکەم درا، بە سەرسامییەوە بینیم چەند خوێندکارێک بە شڵەژاوییەوە وەستاون. لەگەڵ دەرکە کردنەوەم، یەکێکیان گوتی: "تکایە مستەر گاندی دەمانەوێ لەو هوتێلە گرانە نەمێنینەوە بچینە شوێنێکی دیکە."

- "بۆ چی خراپ ڕووی داوە؟ پێم وابوو ئێوە بە هاتنە ئێرە شادمان بوون."

- "ژوورەکانمان جوانن، بەڵام پەنجەرەکان بەسەر کۆڵیتەکاندا دەڕوانن، ئەو کۆڵیتانەی خەڵکی تێدا دەژی، کە هیچ هیچیان نییە. ئاخر ئەمە دژی هەموو ئەو شتەیە کە لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا فێری بووین. خۆ پێویست ناکا لەم نیعمەت و کەیفخۆشییەدا بین، لە کاتێکدا خەڵکی دیکە هیچیان نییە."

منیش پێزانینم بۆ هاوسۆزییەکەیان دەربڕی، بەڵام پێمگوتن لێرە دەمێنینەوە. ئاخر ئەو دیمەنەی تەنگەتاوی کردن، دەکرا ئەزموونێک بێ بۆ لێفێربوون. " زۆر جار وایە، ئێمە لە شوێنێک بە ئاسوودەیی دەژین و پەنجەرەکانی هۆدەکانیشمان ناکەونە سەر نیوەکەی دیکەی دونیا. ئەمشەو ئێوە ناتوانن ئەو دونیایە بەرکەنار بکەن، ئێمەش هەرگیز وەها ناکەین. لەوانەیە ئەو دژیەکە ڕاشکاوەی ئێوە دەیبینن لە زەینی ئێوەدا بمێنیتەوە، هەر کاتێکیش ئێوە لە داهاتوودا بیرتان لێکردەوە، ئەوا پێویستییەکانی ئەوانەتان بیر دێتەوە، بەڵکو کارێکی بۆ بکەن."

هەندێک جار زۆر سەختە ڕووبەڕووی کێشەیەکی سەخت و دژواری ئەم دونیایە ببیتەوە. سووک و ئاسان ئەو خوێندکارانە نەیاندەتوانی ئەو شەوە بچنە نێو کۆڵیتەکان و داوا لە سەرنشینانی بکەن بێنە ژوورە پاکوتەمیزەکانی هوتێلەکە. لێ هەر ناسینەوەی ئەو دژبەرییانە خۆی هەنگاوی یەکەمی گۆڕانیانە. خۆ دەکرێ لە بارەی ناسینی دۆخی ئەو کۆڵیتنشینانە و پێزانینی تاک بۆیان لەسەر بنەمای بەهای تاکگەرایی کۆمەڵ هەنگاوی یەکەم بێ. ئیدی خوێندکارەکان لەو گەشتەدا چیدی سەیری ئەو خەڵکە هەژار و نەدارەیان نەک وەک گرووپێکی جیاواز، نە دەکرد تا بەسەریان باز بدرێ یان پشتگوی بخرێن. لە جیاتی

ئەوە، لەوە تێگەیشـــتن هەموو تـاکێـک وەک ئەوان دڵخۆش دەبێ ئەگەر هـاتو پێخەفێکی نەرمونیـان و دووشـــی گەرمـاوێکی خۆی هەبێ.

من بە کەسانی وەک بیل گێیتس سەرسامم، ئەوەی پێی وایە ئەو ســامانەی هەیەتی وای لێ ناکا لە خەڵکی دیکە باشــتر بێ. چەقی بـازنەی بیروبـاوەڕی دامەزراوەی بیـل و میلینـدا گێیتس ئەوەیە: "هەموو ژیان لە بەهادا یەکســـانە." ئەوان هەموو ڕۆژێک لە ڕێی بەرنـامەکانیـان بۆ توانســـت خســـتنە بەردەم هەژارترین خەڵکی جیهان، لە پشت ئەو دروشمەی سەروەیانن. ئەوان لە ڕێی بایەخی تەندروســـتی و خوێندنەوە یارمەتی گۆڕانیی ژیانی خەڵکی دەدەن، هەروەها تیشکۆی کاری ئەوان لەسەر دڵنیاکردنەوەی منداڵەکانیانە، بەوەی "هەم بژین و هەم مشووریان بخورێ". لەوانەیە بیل گێیتس لە دەوڵەمەندترین کەســانی ســەر ئەم گۆی زەوییە بێ، بەڵام ئەو دەزانێ بەهای ڕاستەقینە لە دوا ئەنجامی گەڕاندنەوەی لیستی باجدا نییە. ئەو دەوڵەمەندیی خۆی بە مشــوورخواردنی ئەوانەی کەمیان هەیە، دەسەلمێنێ.

زۆر جار باپوجی لە بارەی پێویســـتیی هـاوپشـــکردنی بەهرە وخۆشـــبەختی خۆمان لەگەڵ ئەوانی دیکەی دەدوا، ئێســـتاش لەوە دڵنیـام، ئەو حەزی دەکرد بیل گێیتســـی بینیبا و لەســـەر کارە چاکەکانی ســوپاســی کردبا. هەروەها ڕێز و پێزانینی زۆریشــی بۆ ئەو کۆمپانیایانە هەبوو، بەرپرســـیارێتی خۆیان بۆ جیهان لە ڕێی تێپەڕاندنی نرخ و گەڕاندنەوەی ســوود و کەڵک بۆ هاوبەشــەکانیان هەبوو. من خۆم بە چاوی خۆم نموونەیەکم بینی (ئەوەش دەزانم نموونەی دیکەش هەن)، ئەویش گروپی تاتاکانە لە مۆمبای. ئەمەیان

یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیا لە هیندستان، لە سەروبەندی سی کۆمپانیا پێکهاتووە، ئەوانە هەموو شتێک دەکەن، هەر لە دروستکردنی ترومبێل و ئاسن و پۆلا تا چا و قاوە. لە ساڵی ١٨٦٨یش دەستیان پێ کردووە، ئیدی خێزانی تاتاش لەو کاتەی سەرپەرشتی ئەو کۆمپانیانەیان کردووە، لەسەر پابەندییەکانی خۆیان بەردەوامن و منیش حەزم لێیە بە ناوی "سەرمایەدارییەکی بە سۆز" ناوی بهێنم. لە جیاتی ئەوەی ئەوان وەک پاشا بژین، کەچی تاتاییەکان ژیانیکی مامناوەنجییان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە؛ ئەوان ساڵانە بەشێکی زۆری قازانجی تایبەتی و قازانجی کۆمپانیاکانیان بۆ یارمەتیدانی خەڵکە هەرە هەژارەکەی هیندستان بەکار دەهێنن، بۆ ئەوەی خەڵکە نەدارەکە دەستیان بە ئاوی پاک ڕابگا، بۆ ئەوەی بارودۆخی کشتوکاڵییان باشتر ببێ، هەروەها بۆ ئەوەی دەرفەتی خوێندن و فێربوونیش بۆ منداڵە هەژارەکانیان دەستەبەر بکرێ. لە شاری جەمشیدپور، ئەو شارەی کارگەی پۆلات تاتای لێیە، کۆمپانیاکە هەموو پێداویستییەکانی بۆ کرێکارە خۆجێیەکان دابین کردووە. یەک دوو ساڵ بەر لە ئێستا یەکێک لە بەڕێوبەرە جێبەجێکارییەکانی کۆمپانیاکە نوکتەیەکی کرد، گوایە کۆمپانیاکە ئەوەندە لە دابین کردنی پێداویستییەکان، لە ترومبێل و ماڵ و شتەکانی دیکە (تەنانەت لە نەخۆشخانە و باخچەی ئاژەڵانی خۆجێی) خاترجەمە، تەنها یەک شتیان بۆ ماوەتەوە، ئەویش پێویست بکا سەرو ژن یان میردیان بۆ بێنێ!

تاتاییەکان زەردەشتین، ئەندامی بزووتنەوی دینێکی کەونارن، لە ئێرانەوە سەریهەڵدا. هەروەک زۆر جار لە ئایینەکان دەقەومێ، هەر کاتێک دینێکی نوێ هات، ئەوا دینە کۆنەکە بە سامناکترین شێوە

دەچەوسێنرێتەوە. ئەو زەردەشتییانەش لە سەدەی حەفتەمدا لە وڵاتەکەی خۆیان هەڵاتوون. بەلەمێکی پڕ لە ئاوارە دەگاتە کەناری خۆرئاوای هیندستان، لەوێ داوا لە پاشا دەکەن بەڵکو لە وڵاتەکەی جێیان بکاتەوە و ڕێگەی مانەوەیان پێبدا، بەڵام پاشا هیندییەکە ئاماژە بە پەرداخێکی پڕ لە ئاوی سەر مێزەکەی دەکا و پێیان دەڵێ: "**هەروەک دەبینین ئەو پەرداخە پڕ ئاوە، شانشینەکەشم پڕ لە خەڵکە، جێگەمان بۆ هیچ کەس نەماوەتەوە.**"

لە وەڵامدا ڕابەری کۆمەڵە ئاوارە زەردەشتییەکە، کەوچکێک شەکر دەخاتە نێو ئاوەکە و هەندێک تێکی وەردەدا تا شەکرەکە دەتاوێتەوە، ئەوسا پێی دەڵێ: "**هەروەک ئەو شەکرە چۆن لە ئاوەکەدا توایەوە، ئاوەهاش خەڵکەکەم لەنێو کۆمەڵگەی ئێوەدا دەتاوێتەوە و شیرینی دەکا.**"

پاشاش لە پەیامەکە گەیشت و ڕێگەی مانەوەی پێدان، ئیدی لەو کاتەوە هەبوونی زەردەشتییەکان، کۆمەڵگەی هیندستانییان شیرین کردووە.

هەر کەسێک گوێی لەو چیرۆکە دڵگیرە بێ، بە بیرۆکەی شیرینکردنی ئاوی پەرداخەکە بزە دەیگرێ، بەڵام پێویستە ئەمە ببێتە شتێکی گرنگ، زیاتر لە تەنها چیرۆکێک. کاردانەوەی یەکەمی پاشا هەر ئەوەیە کە ئێستا لە سەرتاپای جیهان هەیە، کاتێک ڕووبەڕووی ئاوارە دەبن، هەر هەمان قەوان لە بەرانبەر هەژار یان ئەوانەی لە ڕووی دین و ڕەگەز و یان ئەتنەوە لە یەک جیاوازن لێ دەدەنەوە. باشە بۆچی لە بری ئەو کاردانەوەیە، نایسەلمێنین کە هەموو کۆمەڵگەیەک پێویستی بە هەندێ شەکر و نوقڵ هەیە؟

دەی تۆش بیر لە بەهـای خۆت لە نێو پەرداخە ئـاوەکە بکەوە و لەوە دڵنیـابەوە، کە کردار و ڕەفتـاری بەرزت هەمیشـــــە پەرداخە ئاوەکە شیرین بکەن.

## وانەی پێنجەم

## درۆ بەڕەڵلاییە

باپوجی نەخۆشـــیی بەرزبوونەوەی فشـــاری خوێنی هەبوو، بڕواشـــی هەر بە چارەســـەری ســـروشـــتی هەبوو. کاتێکیش لای بووم، ئەو کاتی زیاتری لای نۆرینگەیەکی چارەسەر بە داودەرمانی سروشتی لای دکتۆرێک لە شاری پونا بەسەر دەبرد، ئاخر ئەوێ هەوای پاک و کەشوهەواشی مامناوەند ی بوو. زۆریشم پێخۆش بوو کاتێک لەگەڵ خۆی بردمییە ئەوێ. هەرچەندە لەبەر پرســـی لەشـــســـاغییەکەی خۆی چووبووە ئەوێ، کەچی کەســـانی بە شـــانوشـــەوکەت و خانەدان بەردەوام دەهاتنە لای و ڕاوێژیان پێدەکرد.

بەیانییەکیان دوای نوێژ و یاری یۆگا، لەســـەر پەیژەکانی نۆرینگەکە دانیشـــتبووم، چێژم لە شـــنەبای فێنک و بۆنوبەرامەی تەڕوتازەی گوڵان وەردەگرت. ئەوە بوو لە گژ هزران ڕاچووم و خۆم لە بیر کرد، تا یەکێک لە پشتمەوە وەستا و دەستێکی لەسەر شانم دانا. کە ئاوڕم دایەوە، بۆ مایەی سەرسامیم، جەواهیر لال نەهرۆم بینی، ئەو کەســـەی بووە یەکەمین ســـەرۆوەزیری هیندســـتانێکی ســـەربەخۆ. ئەو لەســـەر ئاســـتی جیهان پیاوێکی بەناوبانگ بوو، لە ڕووی گرنگی و بایەخیشـــەوە، لەو وڵات، لە دوای باپیرەم دووەمین کەس بوو. بۆ من ئەوە یەکەمین جاریش

بوو ڕووبەڕوو ئەو ببینم، ئیدی لە جێی خۆم وشـــک هەڵاتم. وا ڕاهاتبووم هەر لەگەڵ باپوجی بێم و بڕۆم، کەچی وا ئێســتا نەهرۆ دەبینم!

نەهرۆ لێی پرسـیم: "بەیانیت باش. دەکرێ نانی بەیانی بە یەکەوە بخۆین؟"

منیش باگۆم دایەوە؛ "بەڵێ، بێگومان." لە شـــوێنی خۆم هەڵســـام، زۆرم لە خۆم کرد ئارام بم، بە یەکەوە بەرەو ژووری نانخواردن ڕۆیشتین، ئەو هێشتا دەستی هەر لەسەر شانم دانابوو.

کاتێک لەســـەر خوانەکە دانیشـــتین، خێرا چاوێکی بە لیســـتی خواردنەکاندا گێڕا و لێی پرسیم ئاخۆ چی داوا دەکەم.

هەرچۆنێک بێ منیش پێم گوتەوە: "هەرشتێک تۆ بیخوازی."

ئەویش گوتی: "نـا، من داوای هێلکەوڕۆن دەکەم، پێشـــم وانییە باپیرەت حەز بکا گۆشـــت بخۆیت." ئەو دەیزانی باپیرەم لەســـەر ڕێژێمێکی توندی ڕووەکخۆری دەڕوا، نە هێلکە دەخوا و نە گۆشت، وەهاشـی لای خۆی دانابوو منیش لەسـەر ڕووەکخۆری پەروەردە کرابم. هەروەک دەرچوو، ئەو ڕاست بوو، بەڵام من ویستم کاری تێبکەم، ئیدی لە پڕێکەوە شـــتێکی وەهام بۆ هات کە گرنگە منیش هەمان ژەمە خواردنی وەک ئەوم هەبێ.

بە متمانەوە پێمگوت: "ئەو باکی بەوە نییە من چی دەخۆم."

نەهرۆ ڕێزوپێزانینی زۆری بۆ بـاپیرەم هەبوو، زۆر بە پـارێز و دەســـتونوێژ بوو لەوەی کارێک بکا بە دڵی نەبێ، بۆیە پێی گوتم پێویســـتە بەر لەوەی داوای خورادنەکە بکەین، پرســـێک بە باپیرە بکەین ئاخۆ ڕێگە دەدا یان نا. منیش لە شـــوێنی خۆم هەڵســـام و هەر بە ڕاکردن خۆم بە ژووری بـاپیرەدا کرد. ئەویش لەگەڵ

سەردار پاتێل لە گەرمەی گفتوگۆیەکی جددیدا بوو. ئەو پیاوەی لە ژێر ڕابەرایەتیی جەواهیر لال نەهرۆ بووە جێگری سەرۆکوەزیری هیندستانی سەربەخۆ. لێ ئەو کات دیار بوو بۆ من، نانی بەیانی لە چارەنووسی هیندستان گرنگتر بێ.

بە جۆشوخرۆشەوە پرسیم: " باپوجی، ئەرێ بۆم هەیە هێلکەوڕۆن بخۆم؟"

ئەویش بە سەرسامییەوە سەیرێکی کردم و لێی پرسیمەوە: "هەرگیز پێشتر هێلکەت خواردووە؟"

باگۆم دایەوە: "بەڵێ، لە باشووری ئەفریقا خواردوومە. خۆی ئەمە درۆیەکی زەقوزۆپ بوو، بەڵام زۆر بە ئاسانی بەسەر زمانمدا هات.

ئینجا گوتی: "زۆر باشە، کەواتە دەتوانی بیخۆی."

ئای کە درۆکردن چەند ئاسان بوو! گەڕامەوە لای نەهرۆ و پێمراگەیاند باپیرەم لاری لێ نییە ئەگەر هێلکەوڕۆن بخۆم.

ئەویش گوتی: "پێم سەیرە". لێ داوای هێلکەوڕۆنی بۆ من و بۆ خۆی کرد. هەستم کرد نانی بەیانی سەرکەوتنێکی گەورە بوو. ناکرێ ئەوە بڵێم کەوا بە شێوەیەکی تایبەتی حەزم لە هێلکە بوو، بەڵام خۆ بە درۆیەکی بچکۆلە توانیم ژەمە خواردنێکی چەوروخۆش لەگەڵ نەهرۆدا بخۆم.

چەند هەفتە تێپەڕین، من و باپوجی لەگەڵ ئەندامانی خێزانی بیرلا لە مۆمبای بووین، ئەوان خێزانێکی دەوڵەمەندی کەرتی پیشەسازیی هیندستان بوون، بانگهێشتی کۆشکە کەشخەکەی خۆیانیان کردبووین. شوێنەکە ئەوەندە خۆش بوو، زۆر لە کۆژینەکەمان جیاوازتر بوو، بە ئاستەم بڕوام بە چاوەکانی خۆم

دەکرد، کە لەو شـــوێنە خۆشـــە بم. دوای نیوەڕۆیەکیان بە نێو باخەکەیاندا گەڕام، شـــوێنەکە دەکەوتە ســـەر ئۆقیانووســـی پانوبەرینی هیندی. درکم بەوە نەکردبوو کە دایبابیشم گەیشتبوون، ئەوان لە نهۆمی یەکەمی کۆشـکەکە هاتبوونە لای باپوجی. پاشـتر زانیم، یەکەمین شـت کە باپوجی لەوانی پرسـیبێ، ئەوە بوو ئاخۆ من لە مـاڵەوە هێلکەم خواردووە یـان نـا، ئەوانیش وەڵامیـان دابووەوە، "بێ گومان نەخێر!"

ئەزیش لە باخەکە بە خەون و داڵغەی خۆمەوە بووم، هەر هێندەم زانی ئابهای خزممان، ئەویش بەردەوام لەگەڵ باپوجی دەردەچوو، گەیشـتە سـەرم و پێی گوتم: "باپوجی دەیەوێ لە هۆدەکەی خۆی بتبینێ. باشـتر وایە خۆت نەوەخرێنی و ڕاسـتەوڕاسـت بچیتە لای، چونکە تووشی گرفت بووی."

منیش بڕوام بە قسـەی ئەو نەکرد و پرسـیم "چیم کردووە؟" ئاخر هەموو هەوڵێکم دەدا تا ڕەفتاری نموونەیی بنوێنم.

خانمە خزمەکەمان شانێکی هەڵتەکاند و گوتی: "لە من مەپرسە."

منیش بەغار گەڕامەوە کۆشـکەکە و بۆ مایەی سـەرسـامیم، کە دایک و باوکم بە کڕنووشبردنەوە لەوێ بینی. کاتێ گەیشتمە لایان هەر ســـەریـان بەرزنەکردبۆوە. پێـدەچوو هەمووان لە دۆخێکی جددی دابن. بۆ ساتێک وام بە بیردا هات ئای کە باپوجی لە ژوورە گەورەکەدا چەنـد بچووک و وردیلە دیـارە، بەڵام خۆ هێز و گەورەیی ئەو، بە زل و زەبەلاحی نەبوو.

باپیرەم لە شـوێنی خۆیەوە بە بێدەنگی ئاماژەی بۆ کردم و بچمە لای و لە تەنیشـتی دابنیشـم. ئینجا باسـکی خسـتە سـەر شـانم و پرسی: "ئەرێ ئەو ڕۆژەی لە پونا بووین لە بیرت ماوە، ئەو کاتەی

هاتی لێت پرســـیم ئاخۆ دەتوانم هێلکەوڕۆن بخۆم؟ هەینێ پێتگوتم گوایە پێشـــتر هێلکەت خواردووە، بۆیە منیش ڕێگەم پێدای ئەو ڕۆژە هێلکەوڕۆن بخۆی. تـازەش لە دایبـابتم پرســـی، ئەوانیش گوتیـان هەرگیز پێشـــتر لە مـاڵەوە هێلکەی نەخواردووە. دەی ئێستاش بۆم ڕوون بکەوە ئاخۆ باوەڕ بە کامەتان بکەم؟"

هەســـتمکرد دڵم زۆر توند لێ دەدا. ئاخر نەمدەویســـت باپوجی بڕوای بە من لەق بێ. خێرا بیرم کردەوە و بە ســەنگینییەوە گوتم: "باپوجی، ئێمە لە ماڵ کێک و کولیچەمان خواردووە، پێشـــم وایە ئەو شتانە لە هێلکە دروست کراون."

بۆ ساتێک باپیرە سەیری ناو چاوی کردم، قسەکەی منی بە هەند هەڵگرت، ئینجا لە قرتەی پێکەنینی دا. دەســـتێکی لە پشـــتم دا و گوتی: "کوڕم، دەکرێ ببیتە پـارێزەرێکی بـاش. من ئەوەت لێ وەردەگرم. دەی ئێستا بڕۆ و یاری خۆت بکە." منیش بە خێرایی لە ژوورەکەی دەرچووم، خۆم لە چـاوی هەمووان بە دوور گرت. پەرێزی خۆم پـاک کردەوە، لێ هێشـــتـا ئەو خەم و خەفەتەی گرتبوومی بەری نەدام. پاشـــان لەو هەموو ســـاڵە دووورودرێژانە هەر بیرم لەو هەڵوێســـتە دەکردەوە. زۆر جاران لە کات و ســـاتی خۆیدا قەت هیچ لە درۆکردن ســـاناتر نییە، بەڵام کاتێک درۆ لەگەڵ بەرانبەردا دەکەین، ئەوا درۆ لەگەڵ خۆشماندا دەکەین. خۆ دەکرێ شـــتی زۆر بە دەســـت بێنین ئەگەر هەر لە ســـەرەتاوە ڕووبەڕوو لەگەڵ ڕاســـتیدا بڕۆین. ڕۆژێ گۆرینێ، لە پونادا، وام بۆ باپوجی نمایش کرد، کە خواردنی هێلکەوڕۆن مەســـەلەیەکی گرنگ نییە، لە ناخڕا هەرواشـــم بەخۆم گوتووە. بە دەگمەن وایە بێ باکانە بیر بکەینەوە؛ "من ئەمڕۆ دەبمە کەســـێکی ســـەر بە گۆبەند و درۆ

دەکەم." بەڵکو لە جیاتی ئەوە باوەڕ بە خۆمان دەهێنین، کەوا بە شێوەیەک لە شێوەکان، ئەوەی دەیکەین، شتێکی لە بار و گونجاوە. ئێمە بەوەی ڕاستی لە بەرانبەر دەشارینەوە، ئاوەهاش لە خۆمانی دەشارینەوە.

خۆدوورخستنەوە لە درۆکردن سەختە، چونکە وا دەخوازێ لە حەز و ئارەزووەکانمان تێبگەین و پاشان دانیان پێدا بنێین. خۆ بۆ باپوجی و من وەها باشتر بوو، هەر هەمان ڕۆژی پونا، لای باپیرە دانم پێدانابا، کە پێشتر هەرگیز لەماڵەوە هێلکەم نەخواردووە، بەڵام پێموابێ کاتی هاتووە ئەم جارە بیخۆم. دەبووایە بۆی ڕوون بکەمەوە، خۆ بایی ئەوەندە هەراش بووم خۆم بڕیار لەسەر ئەوە بدەم ئاخۆ دەق لەسەر ڕێژیمی ڕووەکخۆری بڕۆم یان وازی لێ بهێنم. خۆی دەکرا دانی پێدابنێم کە بە نەهرۆ سەرسام و کارانگاز بووم و ئەوەشم بە بیانوو زانیوە، ئیدی ئەو پرسەم لەگەڵ باپوجیدا باسکردبایە.

زۆر کەس لە ئێمە لە نائومێدی ئەوەی جڵەوی ژیانی خۆی لە دەست داوە، درۆ دەکا. ئەمەش لە نێوان منداڵ و هەرزەکاران ڕەوشێکی باوە، ئەوانەی وا چاوەڕوان دەکرێ بە دوای ڕێوشوێنی کەسانی لە خۆیان گەورەتر بکەون. لەو دواییانەدا گوێم لە منداڵێکی زیت و زیرەکی تەمەن دە ساڵان بوو، چۆن لە بارەی ئەوەی ئاخۆ چەند لە پشت کۆمپیوتەرەکەی خۆی بمێنێتەوە، لەگەڵ دایبابی دانوستانی دەکرد. ئەو تازە فێری کۆدەکان بووبوو، بە تاسەوە بوو تا پڕۆژەکەی تەواو بکا، کەچی دایبابی سوور بوون لەسەر ئەوەی وازی لێ بێنی و کاتی نووستنی هاتووە. کاتێکیش کوڕە دەستی بە بەڵگەوبەندی ڕاستەقینەی خۆیەوە گرت و گوتی

(ئاخر من له ناوەڕاستی شتەکە دام!) گوێم لێ بوو بایدایەوە سەر ئەوەی شتێک بڵێ هەندێ ڕاستی تێدا بوو: (مامۆستاکەم لێمی ویست هەر ئەمشەو ئەرکەکەم ڕاپی بکەم!) دەکرێ دایباب یارمەتیی منداڵەکانیان بدەن تا لە درۆکردن دووربکەونەوە، ئەمەش بە ڕەفتارێکی ڕاست و ڕێزلێگیراوە لەگەڵ خواست و ئارەزووەکانیان.

هەروەها ئەوەش زۆر گرنگە، دایباب بەرەو درۆکردن هەڵنەخلیسکێن هەر لەبەر ئەوەی درۆکردن ئاسانترە لە گوتنی ڕاستی. کاتێک دایباب لە بارەی شتی بچووکەوە پەنا بۆ درۆ دەبەن، بۆ نموونە (دەرزییەکە نایەشێنێ)، ئەوا منداڵەکەش لەوە تێدەگا ئەمە فەن و فنونێکی پەسەندە.

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک -بە منداڵ و هەراشەوە- لەو کاتەی هەست بە ناتوانایی خۆیان دەکەن پەنا بۆ درۆ دەبەن، پێیان وایە درۆکردن بە هێزیان دەکا. هەرچەندە هەر وایە درۆ مرۆڤ لاواز دەکا. جاری وا هەیە بەسەر درۆدا دەکەوێ، هەروەک من لە خواردنی هێلکەوڕۆندا کردم. لێ خۆ ئەگەر کەسیش ئەو کات پەی بە درۆکەت نەبرد، ئەوا پەتی درۆکردنەکەت هەر کورتە. بە درۆکردن، هەستبەخۆکردن و ئەو هێزەی بۆ بە دەستهێنانی ئامانج لای خۆت ئامادەت کردووە، بنکۆڵ دەکەی. دەکرێ وات لێبێ کە وا بزانی هەر بە نمایشکردنی ڕووە ساختەکەت دەتوانی ڕووبەڕووی جیهان ببیتەوە.

زۆر کەس لە خاڵێک و قۆناغێکدا تووشی درۆکردن دەبن، بەڵام خۆشبەختانە زوو ئەوان متمانە پەیدادەکەنەوە و تێدەگەن کە دەبێ

هەر دان بە ڕاســـتییەکەدا بێنن. من لەوە تێدەگەم ئـاخۆ بۆچی منداڵان درۆ دەکەن، لێ مایەی داخە سیاسەتبازانیش بکەونە هەمان داو و درۆ لە دوای درۆ بکەن. شــــتەکان لای ئەوان وای لێدێ لووتبەرزییان زۆر لە پاکیی ئەو پێگەیە گرنگتر بێ، کە دەیانەوێ بیگەنێ. ئەوان هەوڵـدەدەن هەڵبژێردرێن، بەڵام هەرگیز نـابنە ڕابەر، چونکە ئەوان لاوازن و لە ناخەوەش ئاراملێبڕاون.

ئێســـتایش بۆ ئەوەی تێبگەین چۆن ئەو بوو بەو پیـاوە، بـا لە باپیرەم بڕوانین: ئەو مرۆڤێکی دانا و زانا بووە، کەســێک بووە لە دژی هەموو لە خشــتەبردن و لادانێکی خۆیی وەســتاوەتەوە و بە قەد ســـەرە دەرزییەک لە ڕاســـتگۆیی ڕەها لای نەداوە. لێخۆ هیچ کـامێـک لە ئێمە بێکەموکوڕ نین. بـاپوجیش دەیزانی درۆ خـاڵی لاوازی بنیادەمە. ئەویش کاتێ هێشـــتا نەوجەوان بوو، ئەزموونی تایبەتی خۆی بۆ لە خشتەبردن، هەبوو؛ پێدەچێ هەر لەبەر ئەوەش بووبێ لێگەڕا وا بە ئاسانی ئەز لە چیرۆکی هێلکەکە دەربچم.

کاتێک تەمەنی باپوجی لە ســـەروبەندی دوازدە ســـاڵاندا بوو، ئەویش کەوتبووە نێو تەپکە و داوی هێندێ شـتی بڤە، ئەو شـتانەی زۆر لە منداڵان بەرگەی ناگرن و بۆی دەکشـــێن. بۆ ئەویش ئەو شـتانە بریتی بوون لە گۆشـتخواردن و جگەرەکێشـان. ئەو دەیبینی خەڵکی بە بەرچاوییەوە جگەرە دەکێشـــن، ئیدی قوم لە جگەرەدان و دووکەڵ بە باکردنی بە شـــتێکی خۆش و ســـەرنجڕاکێش بینی. سەرەتا بە هەڵگرتنەوەی قونکە جگەرە دەستیپێکرد. پاشان ویستی بیکاتە جگەرەی ڕاســـتی، جۆری هیندی، هێندە وردە پارەی لە مـاڵەوە بـدزێ تـا بچی پێی بکڕێ. لێ ئەو هەر زوو مەیلی

جگەرەکێشـــــانی نەمـاو و پێش ئەوەی خەڵکی دیکە بـاســـی زەرەروزیانی جگەر بکەن بۆ تەندرووستی، ئەو ڕای خۆی ڕاگەیاند کە جگەرەکێشـان"کارێکی وەحشـیگەرانە و پیس و ئازاربەخشـە." ئەو حەزی نە دەکرد بەو قیتارانەش سـەفەر بکا، خەڵک جگەرەیان تێدا دەکێشا، دەیگوت وام لێ دەکا بخنکێم.

گۆشـتخواردنەکەشـی فێڵێکی تێدا بوو، بەڵام هۆکارەکەی هەندێ جوامێرانەتر بوو. باپوجی وەک منداڵێکی چورچە و لاواز پەروەشـی سەربەخۆیی هیندستان بوو، ئەوەی لا مەراق بوو بتوانێ لە ڕووی ئینگلیز بوەسـتێتەوە، ئـاخر ئەوان وەک تـاک زۆر لەو کەتە و کەڵەگەتتر و ئـازاترن. هەینێ گۆرانییەکی منـدالان هەبوو، تێیـدا هاتبوو بریتانییەکان بۆیە بەهێزن چونکە گۆشتخۆرن، ئیدی هیندییە ڕووەکخۆرەکـان هەرگیز لەگەڵ ئەوان هیچیـان پێنـاکرێ. بـاپوجی وەرداشـێکی (هاوڕێیەکی) ئازیزی خۆشـەویستی هەبوو، موسڵمان بوو، هەمـان ڕوانینی هەبوو. کوڕەکە وەهـای بە باپیرەم گوتبوو: "خۆ ئەگەر بتەوێ وەک بریتانییەکان ببێتە کەسێکی بەهێز و ئەوان لە هیندستان دەربکەی، پێویستە گۆشت بخۆیت."

بـاپیرەش بڕیـاری دا بە دزییەوە گۆشـــت بخوا تـا خورت و کەڵەگەت بێ. بۆ لە خشـــتەبردنی دایبابی پێویســـتی بە هەندێ فرتوفێڵی ئاڵۆزوباڵۆز هەبوو. ئەوە بوو خۆی و هـاوڕێکەی خۆیان دەدزیەوە تا لە شـوێنێکی پەناوپەسـیوی کەناری ڕووبارەکە بچن گۆشت بخۆن، بۆ یەکەمین جاریش بوو باپوجی تامی بکا. کاتێکیش خواردی حەزی پێنەکرد و پـاشـــان خەونی نـاخۆش نـاخۆش و مۆتەکی بە دوادا هـات.لێلەگەڵ ئەوەش هەر بە دزییەوە بڕیاری دا درێژەی پێبدا. بۆ ماوەی نزیکەی ســـاڵێک هاوڕێکەی بە دزییەوە

گۆشـــتی بزن و گوشـــتی دیکەی بۆ ئامادە دەکرد و دەرخواردی دەدا، ئیدی باپوجیش بە دزییەوە دەکەوتە ســـەری و دەیخوارد. درۆش سـەر بۆ درۆی زیاتر سـەردەکێشـێ. جارێکیان کە لە پەناگە بە دزییەکەی لە گۆشتخواردن دەهاتەوە ماڵ برسی نەبوو، هەرچی دایکی بۆی ئـامـادە کردبوو دەمی لێ نەدا و نەیخوارد، وای خۆ نمایش کرد گوایە سکی دێشێ. تەنانەت پارچە زێڕێکی لە کاکیشی دزی بوو، تا نەختێ پتر گۆشتی پێبکڕێ.

ئەو هەموو خۆدزینەوە و خۆشـــاردنەوەیە وای لە باپوجی کرد هەســـت بە خراپی خۆی بکـا. لەگەڵ ئەو هەموو گۆشـــتەی خواردبووی، کەچی وەها باڵای نەکرد کە هیواخواز بوو. دەرکەوت گۆشـــتخواردن وات لێ ناکا لە کەســـێکی دیکە بە هێزتر بی، کە پەیڕەوی سیستمی هاوسەنگیی ڕووەکخۆری دەکا! بۆیە بڕیاری دا واز لە گۆشتخواردن بهێنێ و چیدی درۆ لەگەڵ دایبابی نەکا.

ددانپێنان بە درۆیەکی تولانی و درێژخایەن کارێکی قورسە، بۆیە عەیامێک باپوجی بە ئازاری ویژدان دەتلایەوە. نەیدەتوانی بچێتە بەردەم دایبـابی و ڕووبەڕوو بـاســـی درۆکـانی خۆی بکـا، بۆیە بڕیاری دا نامەیان بۆ بنووســـێ، لە نامەکەدا دانی بە لە خشـــتە بردنەکە نابوو، داوای لێبووردنی لێ کردبوون. ئەو کاتیش باوکی زۆر نەخۆش و کەنەفت بوو، لەســـەر جێگـا کەوتبوو، بـاپوجی یارمەتی دەدا و خزمەتی دەکرد. شـەوێکیان کاتێک هەردووکیان بە تەنها لە مـاڵ بوون، زاتی ئەوەی کرد نـامەی بەرکی دەربهێنێ تـا بیداتە دەســـت باوکی. باوکەکەش نامەکەی خوێندەوە، پاشـــان سـەرلەنوێ بەسـەر وشـە بە وشـەیدا چووەوە، زۆری نەخایاند ڕیزە فرمێســـک بەســـەر گۆنای هەردووکیاندا هاتنەخوار. لە کۆتاییدا

باوکەکە، باپوجی لە باوەش کرد و چرپاندییە گوێی: "کوڕم، گەردنت ئازاد بێ."

باپوجی بە دڵێکی پڕ بە خەمەوە یادی ڕابردووی دەکردەوە. کاتێک ئەو چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە، بۆی ڕوون کردمەوە، دانپێدانانێکی پاک و بێگەردی گرێدراو بە بەڵێن و سۆز بەوەی هەڵەی پێشووت دووبارە نەکەیتەوە دەبێتە مایەی ئەوەی بەرانبەرەکەت دووبارە متمانەت پێبکاتەوە. لێ ئەو ویستی ئەوەش بزانم، کە درۆکردن و دوورکەوتنەوە لە ڕاستی ڕەفتارگەلێکن تووشی هەموومان دەبێتەوە. **درۆ وەک لم وایە؛ ناتوانێ بناغەیەکی پتەو دروست بکا. هەرشتێکی لەسەر ڕۆ بنێی لەرزۆک و شلۆقە و جێگەی بڕوا نییە. خۆ ئەگەر لەسەر کەڵەکەکردنی بەردەوام بیت، لە کۆتاییدا قەڵا لمینەکەت بەسەریەکدا دەڕمێ.**

باپوجی هەر بە خۆی و ڕاستەوخۆ ئەوەی دۆزییەوە؛ **بەرگەگرتنی لێکەوتەکانی ڕاستی لە پەشیمانی درۆکردن باشترە.** خۆی مایەی خۆشبەختییە یەک جار لەو وانەیە فێر ببی و بە درێژایی ژیانت پێیەوە پابەند بی. لێ تەنانەت باپوجیش دەبووایە وانە لە دوای وانە لە نۆژەنەوە فێر ببێ. ئاخر ئەو لە بارەی جگەرەوە درۆی کرد، لە بارەی گۆشت خواردنیشەوە هەر درۆی کرد، هەروەها لە بارەی دزییەکەشەوە تا لە دواییدا پاش ئەوەی لە نامەکەی بۆ باوکی دانی پێدا نا، ئینجا بڕیاری دا هەرگیز وانەکانی لە بیرنەچنەوە و جارێکی دیکە ببڕای ببڕ درۆ نەکاتەوە. شتەکەش ئەو کاتە بوو لە کۆتاییدا ئەوەی نووسی، کە ڕاستی "**ڕەونەقێکی ئەوەندە سەرسوڕهێنەری هەیە بە ملیۆن جار لە ڕەونەقەکەی ڕۆژ پڕشنگدارترە.**"

باپوجی گرێدانێکی سەرنجڕاکێشی لە نێوان درۆکردن و چەمکی ئاڵۆزی ***ئاشیما*** دروست کرد. ئاشیماش یەکێک لە خەسڵەتە بنگەییەکانی هیندویزم و بودایزم و دینەکانی دیکە، ئاشیما وەها دەخوازێ، کە لەسەر ئێمە پێویستە هەرگیز شتێک نەکەین ئازاری یەکیدی و خۆمانی پێبدەین... خۆی ئاسانیشە لەوە تێبگەی ئاخۆ بنەمای بزووتنەوەی ناتوندوتیژیی باپوجی چییە؟ بەڵام خۆ واتایەکی زۆر لەوە قووڵتری هەیە، کە هەر جۆرەکانی ئازار بە یەکگەیاندن بگەیەنێ کە مرۆڤ دەیکا. باپوجی بیروڕای وابوو، کەوا جڵەوکردنی هەستە خۆزاییەکانمان بۆ درۆکردن و لە خشتەبردن زۆر سەختترە لە دەستبەردار بوونی شەڕی ڕووبەڕووی جەستەیی.

منیش هەروەک باپیرەم پێویستم بە یەک دوو کەڕەت لە درۆکردن هەبوو تا لە کۆتاییدا بەو لایەدا بشکێمەوە بەوەی لە هەموو ڕەوشێکدا هەر ڕاستی بێژ بم. هەر بەمەش گەیشتم و هەرواش دەمێنمەوە. کاتێک دەبیستم کە ڕاستی چۆن و چەند لەلایەن مشتومڕی سیاسەتبازانەوە دەشێوێندرێ، سەیرم پێدێ تا لەوە حاڵی ببم هەندێ کەس دەیانەوێ هەر تەنها باوەڕ بەو ڕاستییە بکەی ئەوەی ئەوان دەیانەوێ. زانست هەموو وەڵامێکی لەبەر دەستدا نییە، بەڵام بۆ بەدوا داگەڕانی ڕاستی ڕەها لەسەر ئێمە پێویستە پشت بە ڕاستییە باوەڕپێکراوەکانی بەردەستمان ببەستین. خۆ ئەگەر تۆ شتێک بڵێی بەوەی گوایە گەرم داهاتنی گۆی زەوی ڕاستی نییە، هەر کۆچبەرانیش هۆکاریی تاوانن، یان جیاخوازی (دیسکریمینێشن) بوونی نییە، ئەوا تۆ بە مەبەست ڕاستییەکان فەرامۆش دەکەی و لێدەگەڕێی درۆی شاخداری

هەڵچوونی هەستوسۆزت بیباتەوە. هەڵبەتە هۆکاری خۆت لە دژی کۆچبەران یان لە پشـــتگیریی جیاخوازییەوە هەیە، بەڵام هەر هیچ نەبێ لەو بابەتانە لەگەڵ خودی خۆت ڕاســـتگۆ بە. ئایندەی خۆت یـان حکومەتەکەت لەســـەر بنـاغەییەکی لمینی هەڵخەڵەتـانـدن و دەســـتخەرۆیی بنیات مەنێ. باپوجی گوتی، **خۆ تەرخانکردن بۆ ڕاسـتی پاڵی پێوەناوە بەرەو سـیاسـەت بڕوا. ئەمەش نموونەیەکی مەزنە بۆ ئەوەی ئەوانی دیکەش چاوی لێ بکەن!**

پیـاوێـک دەنـاســـم نوکتەی ئەوەی کرد کەوا ئەو لە درۆکردن وەستاوە، چونکە ئەو بایی خۆی ئەوەندە زیرەک نەبووە تا هەموو ئەو چیرۆکانەی گێڕاوینەتەوە لەگەڵ ئەوەی چی گوتووە و بە کێی گوتووە، بیر بکەوێتەوە. ئاخر نەیدەویســـت چیدی ژیانی خۆی بە درۆکردن بشـــێوێنێ. دەی خۆ بەهەر هۆیەک بێ دەســـتگرتن بە ڕاستییەوە زۆر لەوە بەهێزترە کەخۆت وانیشان بدەی، کە کەسەکە خۆت نیت.

ئەمریکاییەکان پەســـنی ئەو کەســـانە دەدەن، کە "ڕەســـەن"ن، ئەوانەی خۆیـان بۆ دۆزەکەیـان تەرخـان کردووە یـان ئەوەی بە ڕاســـتی بڕوایان پێیەتی. زۆر جاران بیر لە باپیرەم دەکەمەوە بە خۆی و شاڵ و سۆلەکەیەوە، کە بە ملیۆنان کەس لایەنگری هەبوو. باشـە ئەو کارەی چۆن کرد؟ پێموایە خەڵک لە دڵی خۆیان بە دوای ڕاستی و ڕەسەنایەتیی کەسەکە دەکەون.

خەڵک بە شـــکۆوە باســـی ڕابەرایەتیی ڕێڕۆیشـــتنی خۆی دەکا، ئەوەی ســـاڵی ١٩٣٠، ئەو ڕێڕۆیشـــتنەی وەک پرۆتســـتۆیەکی ناتوندوتیژ لە بەرانبەر دەســـەڵاتی بریتانی وەســـتایەوە. خوێ توخمێکی بنەڕەتی خۆراکی هیندییەکان بوو، بەڵام دەســـەڵاتدارە

خۆجێیەکان کۆکردنەوەی خوێی خۆماڵی و فرۆشـــتنیان قەدەغە کردبوو. دەبوایە هیندییەکان خوێیەکە لە بریتانییەکان بکڕنەوە. باجێکی قورسیشیان لەسەر دانا بوو. باپیرەشم بڕیاری دا لابردنی ئەو باجە بخاتە سـیاسـەتی داهاتووی هەڵمەتە ناتوندوتیژییەکەی. ئەو لەمێژ بوو بڕوای بە دانوســتان و گفتوگۆ لەگەڵ بریتانییەکان هەبوو، بۆیە نامەیەکی دڵسـۆزانەی بۆ بریتانییەکان نارد و هانیدان بەڵکو دادپەروەرتر بن، ئەو نامەیەی لە کانگای دڵییەوە نووسیبوو، بۆ جێگری پاشـای بریتانیا لە هیندسـتانی نارد، تێیدا ئەو کێشـە و نادادییەی هەبوو باسکردبوو، داوای ڕاستکردنەوە و چارەسـەری کردبوو. جێگری پاشـــاش وەڵامێکی چوار دێڕی بۆ ناردبووەوە تێیدا هاتبوو نابێ گاندی قانون پێشێل بکا.

"باپوجیش بە لایەنگرانی گوت: "**من لەســـەر ئەژنۆوە داوای نانم کرد، کەچی لە بری نان بەردیان تێگرتم.**"

ئینجا نەخشـــەکەی خۆی ڕاگەیانـد، لەوێش ڕێڕۆیشـــتنێکی جەماوەری بوو بە درێژایی نزیکەی چوار ســـەد کیلۆمەتر بەرەو دەریای عەرەب. خۆی هەر بە گەیشتنە ئەوێ و کۆکردنەوەی خوێ پێشـــێلکردنی قانون بوو. ئەمەو ئەوانەی لە کۆژینەکە لە گەڵیدا دەژیان دەیانویست بۆ ئەو ڕێڕۆیشتنە یاوەری بکەن، لێ ئەو تەنها هەر دە بیســـت کەسـێکی لێ گرت. هەرە بچووکەکەیان شـــازدە ساڵان و باپیرەشم هەرە بە تەمەنەکەیان بوو، کە شـەست و یەک سـاڵان بوو. ئەو بەیانییەی بۆی دەرچوون، هەموو سـەرنشـینانی کۆژینەکە لەگەڵ گەردە گەردەی بەیان لە خەو هەڵســـا بوون، تا ببینن کاتێ ڕێدەکەن. ئاپۆرایەکی هەزار کەســـیش لە شـــارە نزیکەکـانی ئەوێ ڕەگەڵی کەوتن و پەیـامنێرانی ڕۆژنـامە و

ڕادیۆکانیش لە هەموو ئەوروپا و ئەمریکا و هیندســــتان بوونە یاوەریان.

هەموو ڕۆژێکیش کاتێک ڕێڕۆیشـــتنە دەگەیشـــتە شـــار و ئاوەدانییەک، باپیرەم دەوەستا و قسەی بۆ دەکردن و نەخشەکەی ڕوون دەکردەوە، ئیدی خەڵکی زیاتر و زیاتر ڕەگەڵ ڕێڕۆیشتنەکە کەوتن.

ئەو لە یەکێ لە گوندەکـان بە خەڵکەکەی گوت: "خۆی ئەمە خەباتی تەنها کەســێک نییە، بەڵکو هی ملیۆنانمانە. لەو کاتەی ئەو قسانەی بۆ دەکردن سی هەزار کەس خڕ بووبووەوە.

لە دوای مانگێک کاتێک باپوجی گەیشـــتە ســـەر کەناری دەریا، دەیان هەزار کەس لەگەڵی ڕۆیشتن. ئەوسا باپیرە گەیشتە سەر کەناراوەکە، دانەوییەوە و مشـــتێ خوێی خاوی لە نێو قوڕاوەکە هەڵگرتەوە و ڕایگەیاند:

**"بەو خوێیە تەخت و تاجی ئیمپراتۆرییەت دەهەژێنم!"**

ئەو بەبێ توندوتیژی و بێ تووڕەیی دارســـایە بریتانییەکان، ڕووبەڕوویان بوویەوە، نیشـــانی دان چەوســـاندنەوەی خەڵک هەڵەیە. مەهادیڤ دێسایی دۆستیشم، کە ئەوکات لە پاڵ باپوجیدا بوو، پاشان نووسی کەوا ئەو کاتەی باپوجییان لەسەر کەناراوەکە بینی، ئیدی ئاپۆراکەش دانەوینەوە و پڕ بە مشت خوێیان هەڵگرت، ئەوســـا پێکەنین و گۆرانییان گوت و درووودیان خوێند. هەموو هیندســـتان کاردانەوەی تێکەوت و بە دەنگ هات. هەر زووش بریتانییەکان کەوتنە خۆو باپیرە و شەست هەزار کەسی دیکەیان گرت و بۆ زیندانەکانیان ڕاپێچان. لێ گەلۆ، پەیامەکە نێردرا و بە ملیۆنان کەس لە خەڵکەکەش کەوتنە دۆخی یاخی بوونی مەدەنییانە.

هەمووی هەر بە یەکەوە، بە درێژایی کەناراوەکە ناسیونالیستە هیندییەکان بە ژمارە و ئاپۆرای قەبە قەبەوە خۆیان کۆ کردەوە. زیندانەکانیش لە گیراوان پڕبوون، جێگە نەما خەڵکی دیکەی تێبپەستن.

باپیرەم وتاربێژێکی لەبلەبان و قسەتوند و ئاگراوی نەبوو، هەروەها نە سوپا و نە حزبێکی سیاسی دەویست لە پشتی بێ. لێ لەگەڵ ئەوەشدا پشتیوانیی دەیان هەزار کەسی بۆ ڕێڕۆیشتنە جۆش داو بە ملیۆنان لایەنگیریشی پەیدا کرد، ئەوانەی هەستیان دەکرد، باپوجی لە قووڵایی تەواوی ڕاستییەوە بۆیان دەدوێ. کوانووی ئەو ڕاستی و بیروبڕوا بوو. زۆریش سەختە دژی ئەوە بوەستیتەوە.

**خۆ ئەگەر بڕیارت دابێ واز لە درۆ بهێنێ و هەر بە دوای ڕاستیدا بگەڕێی ئەوا ژیان و خۆت و لەوانەشە هی وڵاتەکەشت بگۆڕی.**

## وانەی شەشەم

## بە فیرۆدان توندوتیژییە

لەو ڕۆژەی لە پونا لەگەڵ باپوجیدا بووم، خۆشیم بینی. هەرچەندە غوربەتم بۆ تەنهایی کۆژینەکە هەبوو، لێ خۆ پونا زۆر لە سیڤاگرام گەورەتر بوو، زۆر خۆش بوو بەناو بازاڕ و دوکانەکانیدا بسووڕێیتەوە. ئێمە لەوێ زۆر ماینەوە، تا باپوجی سەرپەرشتیارێکی لە شارەکە بۆ من دۆزییەوە، ڕۆژێکیشیان کاتێ لە وانەکانم بوومەوە و بۆ ماڵ دەگەڕامەوە، قەڵەمدارێکی جوان و گەورەم لە جامخانەی دوکانێکی سەر ڕێگەمدا بینی. سەیری قەڵەمەکەی دەستیشم کرد، هەر پارچەیەکی بچووکی لێ مابووەوە، ئیدی بڕیارم دا شایەنی ئەوەم قەڵەمدارێکی نوێم هەبێ. بۆیە کوتەقەڵەمۆکەی خۆم هەر لەسەر ڕێگا فڕێدایە نێو گژوگیاکەی قەراخ ڕێ.

ئەو ئەنگۆرەیە، لە میانەی کاتی خۆم و قسەی ڕۆژانەم لەگەڵ باپیرەدا، پێمڕاگەیاند پێویستیم بە قەڵەمدارێکی نوێ هەیە. پێنەدەچوو داواکەشم شتێکی گەورە و گران بێ، بەڵام خۆ باپوجی هیچی لێ بزر نەدەبوو. پێی گوتم خۆ تۆ ئەو بەیانییە قەڵەمدارێکی جوانت پێبوو.

- منیش پێمڕاگەیاند: "زۆر بچووک بوو."

- "من وەهام نەبینی بچکۆلە بێ، دەی نیشـــانم بدە." ئەو بە دەم ئەم قسەیەوە دەستی هێنا تا قەڵەمە کۆنەکەی بدەمێ.

- منیش بێ باکانە گوتم: "ئۆی باپیرە، پێم نەماوە. لەســـەر ڕێگا فڕێم دا."

- باپوجیش بە چاوێکی سەیرەوە تەماشایەکی کردم و گوتی: "فڕێتدا؟ کەواتە دەی بڕۆ بیدۆزەوە."

کاتێکیش ئەو قســـەوباســـەم بۆ کرد، تاریک داهاتبوو، ئەوە بوو لایتێکی دەســـتی دامەدەســـت. "دەکرێ ئەمە یارمەتیت بدا. دڵنیام ئەگەر شـــوێن پێی خۆت باش هەڵگریتەوە و مێشـــکت بەکاربهێنێ، دەیدۆزیتەوە."

دەمزانی چـاری دیکەم نییە، بۆیە هەڵســـــام و بەو تـاریکەییە بەڕێکەوتم، لە نێو گژوگیا و تەڕاشـــی ســـەر ڕێگاکە گەڕام. بۆ بەدبەختیم یەکێک منی وەها بینی و پرسی ئاخۆ لە شتێک دەگەڕێم. منیش هەستم بە ناقۆڵایی خۆم کرد، بەڵام ڕاستییەکەشـم پێگوت، بەوەی بە دوای قەڵەمـدارێکی بچووکدا دەگەڕێم، کە لێمکەوتووە. کـابراش بە پێکەنینەوە پرســـی: "بۆ قەڵەمەکە لە زێڕ دروســـت کرابوو؟"

ئەوەبوو خۆم گەیاندە ئەو شـوێنە پیسـەی پێموابوو قەڵەکەم لێی فڕێداوە. دوو ســـەعاتی ڕەبەق لە گەڕان و پشـکنینی نێو گژوگیا و تەڕاشـــەکانی ســـەر ڕێگاکە خەریک بووم، لە کۆتـاییدا پارچە قەڵەمەکەی گۆرینێ لەوێ کەوتبوو. کـاتێکیش دوای ئەو گەڕانە لەبن تەڕاشـێکدا دۆزیمەوە، هەسـتێکی وەهام بۆ هات وەک ئەوەی بەسـەر گەنجینەیەکدا کەوتبم. خۆی هەر قونچکە قەڵەمدارێکی بوو، شتێک بوو نەمدەویست. بە خاترجەمیشەوە کاتێک باپوجی دەیبینێ

تێدەگا و دەزانێ هێند ناهێنێ و من لەســــەر هەقم، کە فڕێم داوە. ئیدی بە غاردان و بە کەیف خۆشییەوە گەڕامەوە لای باپیرە.

"باپوجی، فەرموو ئەوە قەڵەمدارەکەیە. تەماشاکە چەند بچکۆلانەیە؟" ئەویش لێی وەرگرتم و بە دەســتییەوە گرت. ئینجا گوتی: "بچکۆلە نییە. دەکرێ یەک دوو هەفتەی دیکەش بەکاری بهێنی. دڵخۆشـــم کە دۆزیوتەوە."

قەڵەمدارە بچکۆلەکەی لەســەر مێزەکەی داناو بە خەندەوە ڕووی تێکردم و گوتی: "دەی ئێستا وەرە تەنیشـتم دانیشـە، دەمەوێ بۆت ڕوون بکەمەوە بۆچی وام لێ کردی بە دوایــدا بگەڕێیتەوە و بیدۆزیەوە."

منیش لە تەنیشـت ئەو دانیشـتم و دەسـتێکی خسـتە سـەرشـانم، ئینجا وەها کەوتە سەر قسە: "بە فیڕۆدانی هەر شتێک لە خوویەکی خراپ، زیاترە. ئاخر بە فیڕۆدانەکە دەربڕی بێ باکییە لە بارەی جیهان و توندوتیژی نواندیشە بەرانبەر بە سروشت."

**بە فیڕۆدانی هەر شـــتێک لە خوویەکی خراپ، زیاترە. ئاخر بە فیڕۆدانەکە دەربڕی بێ باکییە لە بارەی جیهان و توندوتیژیی نواندیشە بەرانبەر بە سروشت.**

پێشتر پێموابوو توندوتیژی تەنها ئەوەیە، یەکێک لە بەرانبەرەکەی بدا، بۆیە زۆر بە وریاییەوە گوێم لێ گرت.

ئەو درێژەی بە قسەکەی خۆی دا: "دەمەوێ ئەوە بزانی، کە ئەرک و ماندووبوون و پارە و کاتێکی زۆر لەو شـتانە خەرج کراوە، ئەو شــتانەی ڕۆژانە بەکاریان دێنین، تەنانەت شــتە بچکۆلەکانی وەک

قەڵەمداریش. کاتێک شـتێکی وەها فڕێ دەدەین، ئەوا سـەرچاوە و دەرامەتی ئەو وڵاتە و ئەرک و مـانـدووبوونی خەڵـک بە فیڕۆ دەدەین، لە کاتێکدا مەبەست لە دروستکردنیدا ئاسوودەییمان بو."

هەروەک مەزندەم کرد بوو، باپوجی پرسی:

- "ئەرێ کاتێک بەسـەر شـەقامەکاندا دەڕۆی، کەسـانی نەدار دەبینی؟"

- "بەڵێ باپیرە، دەیانبینم."

- ""ئەو کەسـانە لە توانایاندا نییە قەڵەمدارێکیش بکڕن، لە کاتێکدا کەسـانێکی وەک ئێمە، ئەوانەی دەتوانن پێداویستـەکانیان بکڕن، زۆرینەشـیان بە فیڕۆ دەدەین. کاتێک دەرامەتی زۆری ئەم جیهانە خەرج دەکەین، لێکەوتەکەی وا دەشـکێتەوە بە دەگمەن بۆ خەڵکی دیکە بەردەست بێ."

**کاتێک دەرامەتی زۆری ئەم جیهانە خەرج دەکەین، لێکەوتەکەی وا دەشکێتەوە بە دەگمەن بۆ خەڵکی دیکە بەردەست بێ.**

منیش منگەیەکم لێوەهات: "زۆر باشە باپوجی. تێگەیشتم."

ویسـتم هەڵسـم، بەڵام خۆ وانەکە کۆتایی نەهاتبوو. بە چاوێکی پڕ لە ڕەونەقەوە گوتی: ئەرکێکی دیکەم بۆ تۆ هەیە. بۆ ڕاپەڕانـدنی ئەم ئەرکەشـیان پێویسـتت بە شـتێکی زیاتر لەو قونچکەقەڵەمە هەیە."

باپوجی داوای لێ کردم دەسـت بدەمە قەڵەم و کاغەز و وێنەی داری توندوتیژی بکێشـم. ئەو خوازیار بوو ئەوەم نیشـان بدا کە زۆر کار و کردەوەی ئێمە هەن کارتێکەرن. ئەم دارەیان دوو لقی

ســــەرەکی هەبوو، یەکێکیان توندوتیژیی فیزیکی و ئەوی دیکەش توندوتیژیی پاســـیڤانە. هەموو ڕۆژێکیش لێی دەخواســـتم کردەوەکانی خۆمان و ئەوانەی دەوروبەرمان لێک بدەمەوە، ئینجا وەک پەلوپۆ بیانخەمە ســـەر دوولقە دارەکە. ئەگەر هـاتوو لە کەســـێک بدەم یان بەردێکی تێبگرم، ئەوا کردەوەکە لەســـەر لقەدارەکەی توندوتیژیی فیزیکی، لێ ئەوەیشی لێ خواستم ئاگام لە هەڵســـوکەوت و خووخـدەی خەڵکی بێ لەوەی ئەگەر هـات و یەکێکیان دڵی ئێشـــا، یان هەر یەکێک ســـووکایەتی پێکرا یان لە ئەوانی دیکە جیاکرایەوە و حیسـابی بۆ نەکرا، یاخود حەســوود و چاوچنۆک بوو، ئەوا دەبێ لەسەر لقە دارە پاسیڤەکەی توندوتیژی وێنەی بکەم.

بۆ یەک دوو ڕۆژی پاشتر زۆر بە چڕی کارم لەسەر وێنە کردنی دارەکە کرد بە هەردوو لقەکانییەوە، کاتێکیش بۆ باپوجیم بردەوە، بە شـــانازییەوە نیشـــانم دا کە لقە توندوتیژیی فیزیکییەکەم چەند بچووک بووە، پێم گوت: "تووڕەیی خۆم جڵەو کردووە!"

ئەویش ســـەری لەقاند، ئینجا هەردووکمان ســـەیری هەموو چڵەوپۆپی لقە دارە توندوتیژە پاسـیڤەکە کرد، کە سـەرنجم بۆ لای ڕاکێشـــا. ئەویش ڕوونی کردەوە: "ئەگەر بمـانەوێ ئـاگری توندوتیژییە فیزیکییەکە بکوژێنینەوە، لەســـەرمـان پێویســـتە سوتەمەنی لە عەمبارەکە ببڕین."

**ئەگەر بمـانەوێ ئـاگری توندوتیژییە فیزیکییەکە بکوژێنینەوە، لەسەرمان پێویستە سوتەمەنی لە عەمبارەکە ببڕین.**

باپوجی بە ماوەیەکی زۆر بەرلەوەی لە بارەی ژینگەپاریزییەوە قسـە بکریَ و پەی بە کـاریگەریی زۆری مرۆڤ لەسـەر هەسارەکەمان هەبیَ، زیاد بەکارهێنان و بەگەڕخستنی سـەرچاوە و دەرامەتە سروشـتییەکانی لای کەمینەیەک، کە ناهاوسـەنگی ئابووریی هەمەلایەن دروسـتدەکریَ باس کردبوو. خۆ ئەگەر ماتریالیزمێکی زیرەکانە و هاوسـۆزییەکی بەکاربردن بەکار هێنرابایە، ئەوا بۆ هەر تاکێکی سەر ئەم زەمینە دەربەستی ژیانێکی لایەقانە دابین دەبوو، بەڵام ئەو ماتریالیزمە بە شـێوەیەکی دیکە دەقۆزرێتەوە و بە بەدکاری بەکار دەهێنریَ ئەوا لاسـەنگییەکی حەتمی دەئافرێنیَ. لەگەڵ ئەوەشـدا لە سـەردەمی باپیرەمەوە ئەو بۆشایی و کەلێنە نابەرانبەرە هەر فراوانتر و خراپتر دەبیَ. ڕێژەی ١٪ هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان خاوەنی زیاتر لە نیوەی سـامانی سـەرلەبەری جیهانن. ئەو دەوڵەمەندە دەسـتڕۆیشـتووانەش وا دەزانن مۆڵەتیان هەیە بۆ ئەوەی دەیانەویَ هەیانبیَ و ئەو باقییەشی فڕیَ بدەن.

باپیرەم پێی گوتم: "چـاوچنۆکی و نەریتە پڕووپوچەکـانمـان خوڵقێنەری هەژارییـن، ئەمەش توندوتیژییەکە، دژی مرۆڤایەتییە."

**چـاوچنۆکی و نەریتە پڕووپوچەکـانمـان خوڵقێنەری هەژارییـن، ئەمەش توندوتیژییەکە، دژی مرۆڤایەتییە.**

باپوجی کە دژی بە فیڕۆدانی هەموو شـــتێک بوو، تەنانەت بە پقونچکە قەڵەمداریکیش، ئەوا نەیدەزانی لە بەرانبەر ئەو تەوژمە کلتوورە بە فیڕۆدەرەی ئێرە چی بکا. ئـاخر بە فیڕۆدان بووەتە بەشـێک لە ژیانمان و لێکەوتەی مەزنتریشـمان فەرامۆش کردووە. نزیکەی سـێیەکی ئەو خواردنەی لە ئەمریکا دەکڕدرێ، فڕێدەدرێتە نێو زبڵدان و بڕێکی لەوەش زۆرتر لەلای سەوزە و میوەفرۆشەکان بەرلەوەی بۆ فرۆشـــتن ئامادە بکرێ، لەناو دەبردرێ. ئێمە بایی زیاتر لە بڕی ١٦٠ بیلیۆن دۆلار لە خۆراک فڕێدەدەینە نێو تەنەکەی خۆڵەوە. لە هەمان کاتیشـدا بە ملیۆنان منداڵ لە سـەراسـەری ئەم جیهانەدا شەو بە برسێتی سەر دەنێنەوە. باپیرەم ڕاهاتبوو بڵێ کە تا دڵۆپە فرمێسـک لە چاوی تاکە کەسـێکی ســەر ئەم زەویە بێتە خوار، مرۆڤایەتی، خۆشی بە خۆیەوە نابینێ. ئاشتی و ئارامی هەر ژیارییەک بەندە بە ئاشـــتی و ئارامی هەموو تاکێکەوە. خۆ ئەگەر ئێمە دەســت بە خەرجییەکانمانەوە بگرێن و شـت بە فیڕۆ نەدەین، ئەوا بە ملیۆنان دۆلارمان بۆ دەگەڕێتەوە، ئەوەی لە گواســتنەوەی خۆراک خەرج دەکرێ، کە لە نێو تەنەکە خۆڵەکان دەگیرســـێتەوە، ئینجا لە بری ئەوە دەکرێ ئەو بڕە پارەیە بۆ ئەو شـوێن و خەڵکە بنێردرێ، کە هەر بە ڕاستی پێویستیان پێی هەیە.

ئەز لە وانەکەی بـاپوجی لە بـارەی قونچکە قەڵەمـدارەکە تێنەگەیشـــتم، تا ئەو کاتەی تەمەنم هەندێک هەڵنەکشـــا و چاوم بەسەر ئەو لاسەنگییەی لە جیهاندا هەیە کردەوە. تۆ پێتوایە گۆڕانە بچکۆلەکان لە ژیانت هیچ شـــتێک چارەســـەر ناکا، بەڵام خۆ ئەو هەموو کردە بچووک بچووکانە دواجار کاری خۆیان دەکەن. من هەمیشـــە دەســـتەســـڕێک لە بەرکمدا دەنێم لە جیاتی کلینکس و

هاوشێوەکانی ئەو جۆرە شتانە بەکاری دەهێنم. لەوانەیە ئەم شتە جیهان نەگۆڕێ، بەڵام وەها بیر بکەوە ئەگەر هەمووان ئەم کارە بکەن چی ڕوودەدا. لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکاندا خەمڵاندنێک هاتووە، ئەگەر هاتوو هەموو ئەو قوتووە ئەلەمنیۆمانەی وڵات، جارێکی دیکە بگەڕێندرێنەوە بۆ کارخانە، ئەوا دەکرێ بە هۆیەوە هێزی وزە بۆ چوار ملیۆن ماڵ دابین بکرێ و بڕی٨٠٠ ملیۆن دۆلاریش پاشەکەوت بکرێ. ئەرێ ئەمە ئەرکێکی زەحمەتە ئەگەر هاتوو قووتووە بیرەکەت (کۆلایەکە)ت لە بری ئەوەی فڕێی بدەیتە نێو تەنەکەی خۆڵەوە، بەریتەوە شوێنی کار پێکردنەوە و ڕیسایکڵ بکرێتەوە!

تویژەنەوەکانیش ئەوەیان نیشان داوە کە خەڵک هۆشیارییەکی باشیان لا پەیدا دەبێ کاتێ سەرنجی مشوورخۆرانەیان بدەنە سەر ژینگە. نۆژەنکردنەوەی بەکارهاتووەکانیش ئەوەندە هەرمێنی و خۆشەویستی لای خەڵکی پەیدا کردووە، لە زۆر شار و شارۆچکەدا بەرنامەی تایبەتیان بۆ هەیە. زۆر لە ئێمە کیسێکی وا لەگەڵ خۆیان دەبەنە لای سەوزە و میوەفرۆش کە چەندین جار بەکار بهێنرێتەوە، هەروەها ئاو و شلەمەنیش لە قوتووی کانزایی دژە ژەنگ لە جیاتی قوتووی پلاستیک دەکرن. لە سایەی ئابوورییە گلۆباڵەکەی ئێستادا، هەر ڕێکارێک لەماڵەوە لە گەڕەکێکی لاپەڕگەی شاری ئیندیانای ئەمریکی بگیرێتەبەر، کاردانەوەی بەسەر هەژارترین گوند لە هیندستاندا دەبێ. خۆی ئەمە بۆ پرسە گەورەکانی وەک وەستانەوە لە بەرانبەر گۆڕانی کەشوهەوا و گەڕان بە دوای چارەسەری بارودۆخێکی باشتر بۆ کشتوکاڵ و بۆ زاڵبوون بەسەر هەژاریی جیهان دروستە، بەڵام خۆ کردەوە و ڕێکارە بچکۆلەکانیش

پشـــکی خۆیان لە گۆڕانکارییەکان دەبێ. خەڵک لە بری ئەوەی جلە کۆنە بەکارهێنراوەکان فڕێبدەنە نێو حاویەی زبڵ و بیانســـووتێنی، دەیانبەخشـــن. بۆیە ســـەیر نییە ئەوە ببینی منداڵە پێخواســـەکانی هیندســـتان تیشـێرتێکیان لەبەرە نیشـانەی شـیگاکۆ کەبس یان نیو ئینگلاند پاتریۆتی لەســـەرە، ئاخر ئەمە ئەو تیشـــێرتانەن کە خەڵک لەمسەر بۆ ئەوسەری جیهان بەخشیویانە.

باپیرەم بۆ گۆڕینی جیهان بڕوای بە هێزی تاک هەبوو، ئەزیش لەوە تێدەگەم کە خەڵک بە مەراقەوە بپرســـن ئاخۆ کاروکردەوەی تاکەکەسی هەر بە ڕاستی کاریگەریی بەسەر ئەم جیهانە گەورەیەدا دەبێ. ئێمە ئەوە دەخوێنینەوە کە ئاســـتی کاربۆن دایۆکســـاید لە بەرگە هەوادا خـێـراتـر لەوە بەرز دەبـێـتەوە کە خـودی زانـا ڕەشـــبینەکانی گۆڕینی کەشـــوهەوا پێشـــبینیان کرد بوو. کاتێکی زۆریشی پێناچێ کاریگەرییەکەی وێرانکردنی ژینگەیە. لێ سوودی چییە کە تۆ هەوڵی کەمکردنەوەی ئەو کـاربۆنە بـدەی لە کـاتێکدا کۆمپانیا گەورەکان و هێڵەکانی ئاســـمانی و تەونی جاڵجاڵۆکەی تڕومبێلان لەســـەر بەزموڕەزمی خۆیـان بەردەوامن، کە هەر ئەوانیش هۆکاریی ســـەرەکی ئەم کێشـــەیەن؟ لەوانەیە باشـــترین بەرسڤیش لە دایکی باپوجییەوە بێ، ئەو ژنەی هیچی نەخوێند بوو، بەڵام بنەمای ئاوەزێکی مەحکەم بوو بۆ باپیرەم. ئەو لە فەلسەفەی هیندی و گریکی کۆنی دەزانی (ئەوی دواتر زانســـتێکی بە کەڵکی لێهەڵێنجرا) **کەوا هەموو شتێک لە شتی بچووکەوە پێکهاتووە، ئەو وردیلە پێکهێنەرانە کە پێی دەگوترێ ئەتۆم، ئەوەی ســـەرتـاپـای هەموو شـتێکی دەوروبەرمانیان پێکهێناوە. ئەو باپوجی فێرکرد کە "ئەتۆم ڕەنگدانەوەی گەردوونە.**" هەر لە بچووکترین کردەوەوە تا

گەورەترینیان، ئیدی ئەوەی ئێمەش لە ژیانی خۆماندا دەیکەین هەر ڕەنگدانەوەی ئەو جیهانە گەورەیەی دەوروپشـــتمانە. کاتێک ئاگات لە دەوروپشـــتی خۆت بێ، جیهان بەخۆی شـــوێنی باشـــی خۆی وەردەگرێ.

دەکرێ هەبوونی زۆر کێشــە چارەســەر بکا، بەڵام چاوچنۆکی و بێ هۆشــیوگۆشــی کێشــەی زۆر دەنێتەوە. باپوجی بەدەر لە مێز، قەڵەمدارێک و کاغەزێک هیچ شتی پتری نەدەویست تا دنەی خەڵک بدا و جیهان بگۆڕێ، بەڵام زۆر لە خەڵکی ئێســتا ئەوەندە شــمەک لای خۆیان کەڵەکە دەکەن تا ڕادەی لێدانی زەنگی هۆشـداری. ئێمە هەر دەکڕین و هەر دەکڕین، ناشزانین چی لەو هەموو شتە بکەین. هەر خۆی پیشـــەســـازی بۆ ئەوە پەیدا بوو تا یارمەتی خەڵک بدا کەلوپەلی ماڵەکەیان ڕێک بخەن. زۆر جار کتێب و ڕاوێژکارییەکان (بەڵێ، ڕێکخراوی ڕاوێژکاری هەن!) دەڵێن یەکەمین ئەرک ئەوەیە، زۆرینەی ئەو شـــتانەی کۆمانکردوونەتەوە و فڕێ بدەین، چونکە ســوودیان نییە، بەڵام پرسـیارە ڕاسـتەقینەکە ئەوەیە: باشــە بۆ لە هەوەڵەوە شتەکانت دەکڕی؟

دەکرێ کردەی کڕین -ئەوســـا پێڵاو یان قەنەفە و ناوماڵ یان ئەڵقەی ئەڵماس بێ- ئاسوودەییەکی کورتخایەنت پێببەخشێ، بەڵام تـام و چێژەکەی زۆر نـاخـایەنێ. ئێمە لەســـەر ئەوەی هەمـانە ڕاهاتووین، ئینجا بادەدەینەوە ســـەر کڕینی شـــتی زیاتر و زیاتر، بەو هیوایەی خۆشـییەکی زیاترمان بدرێتێ. لێ خۆ بارسـتایی هیچ شمەکێک ئەو بۆشاییەی لە ناو دڵمان هەستی پێدەکەین پڕبکاتەوە. پێویســـتمان بەوەیە فێری ئەوە بین، کە تام و خۆشـــی زیاتر لەو شـــتانەدا بدۆزینەوە، ئەوانەی بەخۆمان دروســـتی دەکەین لەو

شــتانەی دەیکڕین و فڕێیان دەدەین. لەو ڕۆژگارەی لە باشــووری ئەفریقا گەورە بووم، خانووەکەمان لە دار و ئاســـنی چەماوەوە دروســتکرا بوو، وەردە وردەش پێکهاتەکەی دەخورا و دادەشــۆرا. کونوکەلەبەری گەورە لە ناوکەو[22] و ژێرزەمینی خانووەکە پەیدا بوو، هەوڵی باشیشی دا چاکی بکاتەوە، بەڵام زۆری نەخایاند وەک خۆی لێهاتەوە. ئێمە کارەباشــمان نەبوو، شــوێنەکەش پڕ مارومر بوو، هەندێ جار ئەو خشــۆکانە بۆ کون و کەلەبەرەکان دەخشــان. کاتێکیش شەوان پێویستیم بە ئاودەست دەبوو، ترس دایدەگرتم.

لە کۆتایدا باوکم بڕیاری دا کەوا پێویســتیمان بە خانوویێکی نوێ هەیە. لم و چیمەنتۆی هێنــا بەڵکو دینگەی کۆنکرێــت بۆ مــاڵەکە دروســت بکا و بە بلۆک خانووەکەی لەســەر هەڵبنێ. ئەوەندەش بە پەرۆشــی دروســتکردنەوەی بووین، هەمووومان قۆڵمان لێ هەڵماڵی و لە دروســـتکردنی دینگە و بناغەکە هاوکار بووین و بلۆکەکانمان لەبەر خۆرەتاو دانان تا وشــک ببنەوە. ســاڵێکی تەواوی پێچوو تا خانوەکەمان دروســـتکرد، کاتێکیش گواســـتمانەوە هەســـتمان بە دەســـتکەوتێکی مەزن کرد. بۆ بەدبەختی، هەر لە هەمــان مــانگی چوونە نێو خــانووەکە داپیرەم، ژنی بــاپوجی کۆچی دوایی کرد؛ باوکیشــم لەســەر شــەرەفی داپیرە خانووەکەی بەناوی (کاســتور بهاڤان)[23]ەوە ناونا. منیش زۆر شــانازیم بە خانووەکە کرد، چونکە لە بنیاتنانەکەیدا بەشدار بووم.

---

[22] ناوکەو پێچەوانەی بنمیچە، واتە زەمینی (ئەرزیەی) ژوور ماڵ هتد...

[23] Kastur Bhavan واتە ماڵی ...

باپوجی پێویستی بە کاڵای ماددی نەبوو تا باندۆری خۆی بخاتە سەر جیهان، هەروەها کەسیش لە ئێمە ئەو پێویستییەی نییە. جارێکیان هەوڵمدا لە ڕێی نمایشکردنی شتێکی گرانبەهاوە خۆم بە گرنگ نیشان بدەم، کەچی بە شێوەیەکی تەوساوی بەسەرمدا شکایەوە. ئەمەش دوای مەرگی باپیرەم ڕوویدا، ئەوکات جەواهیر لال نەهرۆی سەرۆوەزیر بانگهێشتی کردم، تا لە ماڵەکەی خۆی نانی بەیانی لەگەڵدا بخۆم.

نەهرۆ و باپیرەم کاتێک بۆ سەربەخۆیی هیندستان تێدەکۆشان، ڕێز و پێزانینێکی زۆریان بۆ یەکدی هەبوو، کاتێکیش نەهرۆ بووە یەکەمین سەرۆوەزیری هیندستانی سەربەخۆ، باپیرەم بە بۆنەیەکی مەزنی زانی. کاتێکیش باپیرەم کوژرا، نەهرۆ وتارێکی ناخ هەژێنی دا و ڕووی لە نەتەوەی هیندی کردو گوتی: "ڕووناکی لە ژیانی ئێمە کوژایەوە و ئێستاش لە هەموو لایەک هەر تاریکییە."

ڕێزو پێزانینم بۆ نەهرۆ هەبوو، ئاخر سەربارەی ئەو فشارەی لەسەر نووسینگەکەی هەبوو، کەچی دوای مەرگی باپوجیش ئەو هەر بە دۆستی نزیکی ماڵباتەکەمان مایەوە، منیش بە بانگهێشتنی نانی بەیانی لەگەڵ ئەو شادمان بووم. ئەندیرا گاندی کچی و مێردەکەشی لە سەر خوانەکە ئامادە بوون. (وێڕای لە یەکچوونی ناوەکەش، کەچی ئەو هیچ پەیوەندییەکی خزمایەتی بە ئێمەوە نەبوو.)

ئەوکات من ترومبێلم نەبوو، بە تەمابووم بە تەکسییەک بچمە ماڵەکەی نەهرۆ، بەڵام مامم کە بزنسمانێکی دارا بوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی نابێ بە تاکسییەکی ئاسایی بچمە سەر خوانی سەرۆوەزیر. بەم جۆرە ئەو، ئەو ڕۆژە ترومبێلە لیمۆزینەکەی بە

شــوفێرێکەوە خســتە خزمەتم. کاتێکیش گەیشــتمە ئەوێ، هێشــتا نەهرۆ نەهاتبووە سەر خوانەکە، لە ئەندێرام پرسی ئاخۆ لە کوێیە. ئەندێراش بۆی ڕوون کردمەوە؛ کە خووخدەی ئەو وایە، خێرا نان دەخوا ئیدی نایەوێ بەر لە میوانەکان دەســـتی لێ هەڵبگرێ و خوانەکە جێ بهێڵێ، بۆیە هەمیشـــە درەنگ دێتە ســـەر خوانەکە تا ئەو کـاتەی هەرچی میوانە بە ئـارەزووی خۆی لە خواردنەکە دەبێتەوە.

لەســـەر خوانی نانی بەیانی گفتوگۆیەکی گەرممان لە بارەی باپیرەم و ڕەوتی سـیاسـەتی ڕۆژ کرد. نەهرۆ ماندوونەناسـانە بۆ دارشــتنی ســیاســەتێکی لەبار و گونجاوی دەرەکی تێدەکۆشـا، هەروەهـا بۆ ئەوەی بـارودۆخێکی مەزنی خوێنـدن و فێربوون بۆ هیندســتان بێنێتە کایە. (نەشــماندەزانی ئەندێرا بە دوای ئەودا بۆ دوو کەڕەت وەک سەروەزیر جێگەی دەگرێتەوە.)

دوای نانخواردنەکە سەروەزیر و من لە نانینەکە هەستاین و بە پێوە لە دەرەوە وەســـتابووین قســـەمان دەکرد، ئاخر چاوەڕێی ترۆمبێلەکـانمـان دەکرد بێن و هەڵمـانگرن، من بۆ مـاڵی خۆم و ئەویش بۆ نووســـینگەکەی خۆی. یەکەم جـار ترۆمبێلەکەی ئەو هـات. ترۆمبێلێکی بچکۆلانەی نـاپێشـــچاو و هـاکەزایی بوو، هەر یەکســـەریش بە دوای ئەودا لیمۆزینە پانوپۆڕە کەشـــخەکەی من هــات. نەهرۆ زۆر بە بیروبـاوەڕی بـاپیرەم ئـاشـــنـا بوو، بە ســـەرســـوڕمانەوە ســـەیری منی کرد. پرســـی: "ئەرێ ئارون، لە ناخەوە هەست بە ناڕەحەتی ناکەی، کە ترۆمبێلێیەکەی تۆ وا گەورە و کەشخەیە و هی منیش وا بچکۆلە؟"

منیش باگۆم دایەوە: "من هیچ نارەحەت نیم. ئاخر تۆ ترۆمبێلەکە هی خۆتە، هەرچی هی منە خواستراوەتەوە."

**ئەوە بوو هەردووکمان پێکەنین، ئاخر باش دەمانزانی کاڵاکانمان، گەورە یان بچووک، پێناسەی ئێمە ناکەن. ئەوەی بۆ سەروەزیر دەیخوارد گەورەیی و کەشخەیی ترۆمبێلەکەی نەبوو، بەڵکو هێزی ئاوەز و هزری بوو. ترۆمبێلەکەی مامیشم هەرچەندە گەورە و کەشخە بێ، ناتوانێ ناسنامەکەم بگۆڕێ.**

❖

ئەو شت بە فیرۆدانەی باپوجی وێنای کردبوو، تەنها سەرەتایەک بوو. تەنانەت لەوەش پۆلکتر ئەوەیە ئاخۆ چۆن ئێمە شت بە فیرۆ دەدەین و ژیانی بوونەوەرەکان لە پێناو لووتبەرزیی خۆمان بە فیرۆ دەدەین. هێشتاش ڕاوچییە دەوڵەمەندەکان دەچنە ئەفریقا تا هەر بۆ خۆشیی خۆیان تەقە لە پڵنگ و شێر و فیلە نازدارەکان بکەن. چەند ساڵێک لەمەوبەر پزیشکێکی ددانساز لە ویلایەتی مینوسۆتا بووە ئاگری بن کایەی گۆبەندێکی گەورە، ئاخر ئەو چوو بووە زیمبابۆی و لەوێ شێرێکی زەبەلاحی بژڕەشی بە ناوی سێسیل کوشت، ئەوەی بە گەنجینەی باخچە سروشتییەکەی ئەوێ دەزاندرا. کەچی ڕووبەڕووی سزا نەبووەوە، چونکە سوکوئاسان ئەو بۆ ڕاو چوو بوو، ڕاویش لە ڕووی قانوونییەوە قاچاغ نەبوو. ئەو کابرایە بڕی دە هەزار دۆلاری بۆ ڕاوکردنی ئەو ئاژەڵە نازدارانە دابوو. بەڵێ هەندێ وڵات، ئەوانەی ئەو پارێزراوە نێودەوڵەتییانەیان بۆ ئاژەڵان تێدایە هەیە، تا سەردانیان بکرێ و بە هۆیەوە دەستکەوتێکیان پەیدا ببێ، بەڵام خۆ ئەوە مافی ئەوەیان ناداتێ ئەو بوونەوەرانە بکوژن. بەدقۆستنەوەی دۆخی هەژاری و

تەنگەتاوی وڵاتەکان بە بەکارهێنان لە دەستدانی دەرامەتەکانیان بە توندوتیژترین شێوازی بە فیڕۆدان دادەندرێ.

بەڵێ دەکرێ لە هەموو شـــتێک خەمبارتر ئەوەبێ، کە چۆن ئێمە تـاکەکـانی کۆمەڵ بەلاوە دەنێین، هەروەک چۆن بێبـاکـانە من کوتەقەڵەمـدارەکەم فڕێدا. ڕۆژێکیـان لە ســـاڵی ١٩٧١دا خۆم و هـاوژینەکەم بە پیاســـە بەنێو شـــەقامێکی جەنجاڵی بۆمبـای دەڕۆیشـــتین، دوای ئەنجامدانی چالاکییەک دەگەڕاینەوە ماڵێ. ئەو کاتیش هەروەک ئێستا بۆمبای شـارێکی پڕ لە ئاپۆرا و سـیخناخ بە ڕێبوار و دانیشتووان بوو، خەڵک لە هەموو لایەکەوە بۆی دەهاتن، لە سـەرێکی دیکەشـەوە سـەرشـەقامەکان پڕ بوون لە سـواڵکەر و دەستگێڕەکان، ئەوانەی شتی عەنتیکەومەنتیکەیان دەفرۆشـت. ئەو زبـڵ و خــاشــــاکەی لەو گۆڕە فڕێ دەدرا، بووبووە مەکۆی مێشـومەگەز. دەڕۆیشـتم و چاویشـم هەر لەبەر پێم بوو. نەبادا پێ لە شـــتێکی نەخوازراو بنێم، ئەوە بوو لەو کاتەدا ســـەرنجم لە بوخچەیەک گیر بوو، شتێک لەنێو پارچە قوماشـێکدا لوول درابوو. بە دەوریدا سووڕامەوە، لێ کاتێک بینیم لە شوێنی خۆی دەجووڵێ، بانگی سوناندام کرد.

لەنـاو جەرگەی ئەو هەموو قەرەبـاڵغییەی دەوروبەرمـان، بە وریـاییەوە دانەویم و بوخچە لوولـدراوەکەم هەڵگرتەوە. بینیم لە نێویدا کچێکی کۆرپەلە گرمۆڵە بووە، هێشـــتا ســـێ ڕۆژی ژیانی تێنەپەڕانـدبوو. بە چواردەوردا ڕوانیمـان، بەڵکو یەکێـک هەبێ شـــتێکی لە بارەوە بزانێ، لێ خۆ کەس ســـەرنجی ئێمەی نەدا. ژنەکەم بە دیار مەلۆتکەکە وەسـتا و منیش خۆم گەیاندە نزیکترین بنکەی فریادڕەســیی پۆلیس دواتر دەســتەی فریادڕەس پێیانگوتم

زۆر جار تووشـــی ئەو دۆخە بوونەتەوە و مەلۆتکەی فڕێدراو دەبیننەوە. ئەوە بوو ئەوان مەلۆتکەکەیان لە ژنەکەم وەرگرتەوە و گوتیـان دەیبەنە خـانەیی میریی بۆ هەتیوان. ئەو کـات وەک هەواڵنێرێکی تایمس ئۆف ئیندیا، ڕۆژنامەی دیاریی ڕۆژانە کارم دەکرد، پێمگوتن دەتوانم منیش لەگەڵیـان بچم. ئەوانیش ئاماژەیەکیان کرد و گوتیان لاریمان نییە.

پێموا بوو کاتێ مرۆڤ بەردەوام هەر کوێرەوەریی ببینێ، ئەوا لە تێبینی و سەرنجدان دەوەستێ، بەڵام کاتێ گەیشتمە هەتیوخانەکە، تەواو شـلەژام؛ ئاخر لەوێ بەســەر دەیان مەلۆتکە و هەڵگیراوە و منداڵی ونبوو و فڕێدراو و یان هەتیوکەوتوودا کەوتم. پۆلیســیش پێی گوتم هەولێک بۆ دۆزینەوەی کەســوکاریان دەدەن، بەڵام زۆر جار سەروسۆراخیان بێ ئەنجامە، چونکە دۆزینەوەی کەسوکاریان لە ڕێژەی ٥٪ تێ ناپەڕێ. منداڵەکان دادەهێزرێن و هەندێک جاریش دەمرن. منیش مەراق بووم بزانم ئاخۆ چی بەســـەر ئەو مەلۆتکە کیژۆڵەیەدا دێ، کە لەســەر جادە دۆزیبوومەوە. سـەرپەرشـتیاری هەتیوخـانەکەش بۆی ڕوون کردمەوە؛ پێـدەچێ ئەو مەلۆتکە کیژۆلانەی لەبن بـاری بەدخۆراکی دەنـاڵێنن بەختیـان لە کوڕانی هاوشانیان، باشتر بێ و قۆناغەکە دەرباز بکەن و بژین.

لێ هێشـتا ئەو منداڵانەی ئەو هەتیوخانەیە هیوایەکی ئەوتۆیان بۆ ژیان لەبەردەمدا نییە. ئاخر کارمەندانی هەتیوخانەکە مووچەیەکی کەم وەردەگرن یان پارەکە دەدزن یان ئەو خواردنەی بۆ منداڵەکان تەرخـان کراوە دەبردرێ. لەبەر ئەوەی هەتیوخـانەکە لەلایەن میرییەوە بەڕێوەدەبردێ، بۆیە بەلایەنی کەمەوە هەندێ چاودێری بەســـەرەوە هەیە. لە گوند و شـــارە بچکۆلەکاندا ڕێژەی مردنی

منداڵانی بێ دایباب دەگاتە ٨٠٪. خۆ ئەگەر منداڵەکەش بمێنێ ئەوا لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا لە خانەکە وەدەردەنرێ و دەکەوێتە جیهانی دەوروبەر، زۆرجاریش وایە ئەو کەسانەی ڕەوانەی نێو کۆمەڵگە دەکرێن بەبێ یارمەتی، یان بێ هیچ پارێزبەندییەک بەڕەڵڵا دەکرێن. هەر بۆیە زۆر لە کچان دەخلیسکێنە نێو بازاڕی لەشفرۆشی، هەروەها زۆر لە کوڕانیش بە دەستە و تاقمە دزە جەردە و لاسارەکان کۆتایی پێدێ، لەوێوە لە دزیی بچووک بچووکەوە بەرەو دزی گەورە دەڕۆن و دەکەونە نێو دونیای تاوانی گەورەتر.

من لە باپوجییەوە فێر بووم، کە بە فیرۆدان توندوتیژییە، بە فیرۆدانی ژیانی گەنجانیش جۆرێکە لە توندوتیژییەکی پاسیڤانە، ئەو، ئەو وانانەی لە ڕێی پرسی قونچکە قەڵەمدارەکەوە پێگوتم. ئیدی دەمزانی لەسەرم پێویستە شتێک بکەم. هەر بۆیە سەردانی زۆر لە هەتیوخانە و خانەی داڵدەکانیانم کرد. لە یەکێ لەو سەردانانەمدا ژنومێردێکی مووزەردی چاوشینم بینین، منداڵێکی بچکۆڵەی هیندییان بە باوەش هەڵگرتووە. کاتێ لێیان چوومە پێش و لێم پرسین، تێگەیشتم ئەوان لە سویدەوە هاتوون و خەریکی ڕێکارە ئاڵۆزەکەی هەڵگرتنەوە و بەخێوکردنی ئەو منداڵەن کە لەنێو باوەشیاندایە. ئەوان منیان بە پیاوێکی سویدی دیکە ناساند، پێشتر منداڵێکی هیندی هەڵگرتۆتەوە، ئەمجارە ئەو ژن و مێردەشی بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ خۆی هێناون، لە ڕێکارەکەشدا چاوساغییانە. ئەوانە پێویستیان بە جۆرێک لە پشتیوانی هەبوو، چونکە زۆر جار پێناوە بێویژدانەکان خۆیان لە شتەکە

هەڵـدەقورتێنن و چـاویـان لەوەیە پـارەیەکی زۆر لە داواکـارەکە بەربدەنەوە.

من و ئەو پیاوەی ناوی لیف بوو، بە یەکەوە وەستاین و قسەمان لەو بـارەیەوە کرد، ئەو منی هێنـایە ســـەر ئەو بڕوایە، کە زۆر خێزانی سوێدی هەن حەزیان لێیە منداڵێکی بێ دایک و باوک بگرنە خۆ و بەخێوی بکەن، بەڵام پێویســـتیان بە کەســـێک هەیە تا لە ڕێکارە ئاڵۆزەکاندا دەســـتباریان بگرێ. تۆ بڵێی من بۆ ئەو کارە بشێم؟ دەمزانی باپوجی مابووایە پێی دەگوتم بەڵێ گونجاوی.

لەو کاتەوە بۆ ماوەی دوازدە ساڵی دواتر لەگەڵ ژنەکەمدا شوێن و خێزانمان بۆ ١٢٨ منداڵی بێ دایک و باوک دۆزییەوە، هەندێکیان لە سوێد و هەندێکی دیکەش هەر لە هیندستان و دانەیەکیشیان لە فرەنسـا. ئەو ئەزموونەشـمان لە نێوان دڵشـادی و دڵشـکاندا بوو. خێزانێکمان بۆ منداڵێکی هەتیو دۆزییەوە، ئینجا منداڵەکەمان دەبردە شـــوێنێکی چاودێری بۆ ماوەی ســـێ مانگ تا ڕێکارەکان تەواو بکرێن. هەموو هیواشـــمان ئەوە بوو، بەڵکو منداڵەکە لەم ماوەیەدا کێشی زیاد بکا و تەندروستییەکەی باش ببێ. زۆر جاران بەختمان دەبوو، بەڵام بەلای کەمیشـــەوە لەو مـاوەیەدا دوانزەیـان مردن. منیش نەمدەویســـت دەســـتبەرداریان ببم؛ زۆر جار هەر بەخۆم تەرمە بچکۆلانەکانم دەبردنە گۆڕســتان و دەمناشـتن. جارێکیان بە چەندین کیلۆمەتر بەســـەر شـــەقامێکدا ڕۆیشـــتم، بەڵکو بگەمە نزیکترین گۆڕســـتان، بیرشـــم هەر لای باپوجی بوو، کە دەیگوت لەسەر ئێمە پێویستە لەم جیهانەدا کۆتایی بە نایەکسانیی بهێنین.

ئەو خێزانانەی منداڵێکیان دەســـتدەکەوت، تا ئەوپەڕی شـــادمان دەبوون. جارێکیان لە هیندستان ژنێکمان بینی، پێیان گوتبوو گوایە

نەزۆکە و هەرگیز منداڵی خۆی نابێ. بۆ ئەو خانمە کیژۆڵەیەکمان بۆ دۆزییەوە، زۆر پێی کەیفخۆش بوو. ئیدی ئەو ژنە لەگەڵ مێردەکەی وەها لەگەڵ ئێمە دەجووڵانەوە وەک ئەوەی فریشتەیەک بین لە ئاسمانەوە بۆیان دابەزیوین، چونکە ژیانی ئەو جووتەمان پڕ لە خۆشی و پێکەنین کردووە. دوای چەندین مانگ بیستمانەوە ژنەکە دووگیان بووە، تاقیکردنەوە پزیشکییەکانیش سەلماندیان، کە دەکرێ کوڕێکی ساغ و سەلیمی ببێ.

من و سوناندا بەم هەواڵە دڵخۆش بووین، لێ لە هەمان کاتیشدا نیگەران. ئاخر لە نێو خێزانی هیندیدا کوڕان بەرزتر دەنرخێندرێن، ئێستاش ئەو کۆرپەیەی هەڵیگرتۆتەوە تا بەخێوی بکا هەم کچە و هەم هەڵگیراوەشە. ئێمە لەوە ترساین نەبادا لە هەڵگرتنەوەی کچە مەلۆتکەکە پەژیوان بووبێتەوە و بایەخی پێنەدا و بە خراپی لەگەڵیدا بجووڵێتەوە. بۆیە بڕیارماندا لەگەڵ ئەو ژنومێردە ڕاشکاو بین و قسەیان لەگەڵ بکەین بەڵکو بیانەوێ کچەکە بۆ هەتیوخانە بگەڕێننەوە.

کەچی دایکەکە بە گریانەوە پێی گوتین: "کچەکە شازادەی ئێمەیە. ئەو لەگەڵ خۆیدا بەختی بۆ هێناین و ئێمەش خۆشمان دەوێ. هەموو شتێک دەکەین تا لای ئێمە بمێنێتەوە." ئیدی خۆی و مێردەکەی دەستیان بە گریانێ کرد، ئێمەش تێگەیشتین ئەوان بەو چوونەی ئێمە و ئەو بابەتەی لەگەڵمان کردنەوە، هەستیان بە سووکایەتی کرد. ئێمەش هەر ئەوەمان وەبیرخۆمان دەهێنایەوە، لەو هەموو بە فیڕۆدان و توندوتیژییەی لە جیهاندا هەیە، هێشتا زۆر چاکە ماوە. ئێمە پەیوەندیمان بەو خێزانە ماوە و بینیمان ئەو کچە و کوڕەکە لەگەڵ یەک چەند بە کەیفن.

زۆرینەی ئەو خێزانانەی منداڵیان هەڵگرتۆتەوە لەگەڵمان هەر لە پەیوەندیدا بوون و ناوبەناویش وێنەی منداڵەکانیان بۆ دەناردین. حاڵەتێکی ڕیزپەڕیش لە خێزانێکی پاریسییەوە بوو، هەر لەو کاتەی کچە هەتیوەکەی برد، ئیدی خەبەریان نەما. هەرگیز وەڵامی نامە و پەیـامەکـانی ئێمەیـان نەدایەوە، دوای مـاوەیەک بێ هیوا بووین، نوێژمان بۆ کردن بەڵکو سەلامەت بن.

دوای زیـاتر لە دوو دەیە پەیـامێکم لە دامەزراوەی گـانـدی بۆ ناتوندوتیژی لە ژنێک لە فەرەنساوە بۆ هات، دیار بوو هەوڵیدا بوو پەیوەنـدییم پێوە بکـا. منیش نەمـدەزانی ئـاخۆ ئەو خـانمە کێیە و بۆچی دەیەوێ قســـەم لەگەڵدا بکا. دیســـان ژنە زەنگی لێدایەوە و پەیامی نارد و پاڕایەوە کەوا زەنگی بۆ لێ بدەمەوە. منیش وەهام کرد. ئەو ژنە گەنجە ناوی ســـۆفیا بوو، پێی گوتم بە مەلۆتکەیی هەڵگیراوەتەوە و بەخێو کراوە، بەڵام هەرگیز دایبـابی پرســـی پاشـــخانەکەیان لەگەڵدا باس نەکردبوو. هەرچەند پرســـیاری لەو بارەیە کردبا، پێیان دەگوت: "ئەو بەشـــەی ژیانت گرنگ نییە، دەی وا باشـــترە فەرامۆشـــی بکەی." ئێســـتاش ســـۆفیا بووتە بیســـت و شـــەش ســـاڵ، لەو دواییانەدا لەنێو کاغەزە کۆنەکانی دایبابی دا بەڵگەنامەیەکی دۆزیوەتەوە، کە بەرواری لە دایکبوونەکەی تێدایە و هەروەها ناوی منیشـــی لەســـەر بەڵگەنامەکە دۆزیەوەتەوە. وەهای مەزنـدە کردبوو، من بـاوکە بـایەلۆژییەکەی ئەو بم، یـان بەلای کەمییەوە شـــتێک لە بارەی پاشـــخانەکەیەوە بزانم. بۆیە لە ڕێی گوگلەوە بە دوای ناوی مندا گەڕاوە و لە دواییشدا دۆزیویەتەوە.

ئیدی تێگەیشـتم، ئەم کچە هەر ئەو منداڵەیە کە کاتی خۆی دامانە دەســـت خێزانێکی فەرەنســـی و دواتر هەواڵیان نەما. بۆ زیاتر لە

سـەعاتێک قسـەمان کرد، هەموو وەختەکەش کچە بە هەنسـکەوە دەدوا و منیش هەوڵم دەدا دڵی بدەمەوە و وردەکاری ڕابردووی بۆ بگێڕمەوە. ئەو پرسـیاری زۆری هەبوون. منیش نەمدەتوانی بەرسڤی پرسیارە زۆروزەوەندەکانی بدەمەوە، چونکە ئەو تۆمارەی کاتی سـەروکاری لەخۆگرتنی منداڵەکانی تێدا بوو، لەبەر دەسـتدا نەبوو. لە هیندسـتان من و سـوناندا لە ئەپارتمانێکی ٣٥٠ پێی چوارگۆشـەدا دەژیان، شـوێنەکەمان بچووک بوو جێگەی دۆلابی ئەرشـیفی ئەو بەڵگەنامانەی تێدا نەدەبووە، بۆیە ڕێکارەکانم بە باشی بە بیر نە دەهاتنەوە. ئەو دەستە ڕاوێژکارییەی لە ڕێکخستنی ئەو کـاروبـارانەدا یـارمەتی خەڵکیـان دەدا، زۆر بـایەخییـان بە ئەرشیفەکە نەدەدا: دوای چەند مانگێک شتەکان فڕێ دەدران.

سـۆفیا لە ماوەی هەفتەیەکدا سـێ کەڕەت زەنگی لێدا. وەک ئەو گوتی هەر بیسـتنی دەنگی من مایەی خۆشـحاڵی بوو بۆی، لەگەڵ ئەوەشـدا هەر بە ڕاستی دەیەویست لە نزیکەوە بمبینێ. نەخشـەی هاتنە ڕۆشـسـتەر، نیویۆرکی دانا بوو، ئەو شـوێنەی لێی دەژیام. هەر دوو ڕۆژ دواتر بە گریـانەوە زەنگی لێ دایەوە؛ ئـاخر بۆی دەرکەوتبوو بلیتی فڕۆکە لە فەرەنسـاوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان چەند گرانە و لە توانایدا نەبوو بیکڕێ.لێخۆ ئاسـمانیش سـەری بە پووش نەگیراوە، من هەواڵی خۆشـم بۆ ئەو پێبوو. من تـازە لە فیسـتیڤاڵی ئەدنبرە وەک قسـەکەر بانگهێشـت کرا بووم، لەوێ لە سکۆتلاند بۆ ماوەی هەفتەیەک دەمامەوە. بێگومان لە پاریسـەوە بۆ سکۆتلاند هەم هەرزان و هەم ئاسانیش بوو.

بەم جۆرە لە ئیدنبرە هەفتەیەک مـامەوە و بە دیداریی ئەو کچە گەنجە خۆشـەویسـتە شـاد بوومەوە. ئەو هەر پێی دەگوتم "باوکی

ڕۆحی"، تا ئێستاش ناوبەناو پەیوەندیمان بە یەکەوە ماوە. زۆریش دڵشادم بەوە کە یەکێ لە منداڵەکانمە.

پێشـــتر ئەزموونێکی هاوشـــێوەم لەگەڵ ئەو منداڵە هیندییانەی هەڵگیرابوونەوە هەبوو، ئەوانەی لە باوەشـی خێزانە سـویدییەکان گەورە بووبوون. ئەوکاتەی بینیمانەوە گەیشـــتبوونە تافی لاوی. زۆریان پێیان گوتم بەڵکو یارمەتیان بدەم تا دایبابە بایەلۆجییەکەی خۆیـان بـدۆزنەوە. یەکێکیـان بۆی ڕوونکردمەوە: "لەو کـاتەوەی دەچینە قوتابخانە، گوێمان لە منداڵەکانە باسی ڕەنگی چاو و پرچی خۆیـان دەکەن، کە دەچێتەوە ســـەر کێ. ئێ خۆ ئێمەش هیچ لە بارەی دایک و باوکمانەوە نازانین. نازانین ئاخۆ ئێمە ئەو شـتەمان بۆ باوکمان یان بۆ دایکمان دەگەڕێتەوە." منیش پێشـــتر زۆرم لەو شـــتە نەکردبووەوە؛ پێمان هیچ نەبوو، بەڵام کاتێ گەورە دەبی و بۆ بنەچەت دەگەڕێیتەوە، ئەوسا بایەخی خۆی دەردەکەوێ.

هەرچۆنێک بێ، چۆن بۆ ســـۆفیام ڕوون کردەوە، وەهاشـــم بە ئەوانی دیکە گوت؛ قەیـدنـامەی[٢٤] لە دایکبوونیـان-خۆ ئەگەر لە بنەڕەتدا هەشـــبووبێ- فەوتاوە ئێســـتاش کارێکی ئاســـان نییە بە دوای سۆراخی دایبابی بایەلۆژیدا بگەڕێن.

من گوتـم: "خۆی ئەمە واقیعەکە بوو. کـاتێـک دایبـابتـان دەسـتبەرداری ئێوە بوونە بڕیارێکی سـەختیان داوە، هیوایان ئەوە بووە بەڵکو بەختێکی بـاشـــتـان دەبێ و دەژین؛ بەڵکو بەم جۆرە بتوانێ ڕێڕەوی خوێندنی خۆی وەربگرێ و ئێستاش کارەکە ڕاست دەروا. دایبابتان هەر ئەمەی بۆ ئێوە دەخواســـت. ئێمە بە نیەتێکی

[٢٤] قەیدنامە: تۆمارنامە، سجل، ڕیکۆرد.

پاکەوە ئێوەمان دەرباز کرد. لەوانە بوو گەر هەر لە هەتیوخانەکە مابانەوە بمردبان و نەگەیشتبانە ئەو تەمەنە. ئێستاش ئێوە دایبابی خۆشەویستتان هەن و هەم ساغ و سەلامەت و هەم بەختەوەریشن. خۆ ئەگەر وا بزانن ئێمە هەڵەمان کرد و ژیانی ئێوەمان وێران کردووە، تکایە ئەوکات لێمان خۆش بن."

ئیدی منداڵەکان کۆبوونەوە و دەورەیان لە من و سوناندا و داو باوەشیان پێدا کردین، هەمووشمان بە یەکەوە گریان. یەکێ لە مێردمنداڵەکان پرسی بەڵکو وەک داپیرە و باپیرە لە ئێمە بڕوانن، ئێمەش بە بەڵێ وەڵاممان دایەوە. ئەم قسەیە وای کرد کچۆڵەیەکی دیکە بڵێ: "ئێوە کێشەی ئێمەتان چارەسەر کرد! ئێستاش ئێمە دەتوانین بە ڕووگەشییەوە بە هەمووان بڵێین. کە بە داپیرە و باپیرەمان دەچین."

چەند ساڵێک دواتر دیدارێکی بەیەک گەیشتنەوەمان لەگەڵ ئەوانەی سوێد ڕێکخست؛ هەنووکەش منداڵەکان هەراش بوونە، زۆربەیان ژنیان هێناوە و مێردیان کردووە و خاوەن منداڵی خۆیان بوون. کاتێکیش سەیرم کردن، بیرم کردەوە هەر تاکێک لە ئێمە چەند بە بایەخە کاتێک کاتی خۆی پێدەدرێ و بە بایەخەوە لێی دەڕواندرێ. لەبەر ئەوەی هەر هەنگاوێک دواتر دوو هێندەی لێدێ، ئیدی لەوە گەیشتین کەوا ئەو هەنگاوە بچکۆلەی کاتی خۆی لەگەڵ ژنەکەم نامان شتێکی چەند گرنگی لێ بەرهەم هات.

دەکرێ توندوتیژیی پاسیڤانەش هەروەک توندوتیژیی فیزیکییانە وێرانکەر بێ. هەندێک جار شتێکی سەرنجڕاکێشە بیر بکەیتەوە؛ "خۆ من لەو حەوت ملیار کەسەی سەر ئەم گۆی زەوییە تەنها تاکێکم، باشە بە تەنها چیم پێدەکرێ و چیم پێدەگۆڕدرێ؟" ئێمە

هەمووومان لە تەونێکدا بە یەکەوە پەیوەندین. لە سەردەمێک کە توندوتیژی -لەسەر شەقام، لە هزرمان، لە قسەکانمان، لە سیاسەتی گلۆباڵ- وەک پەتایەک بڵاوبووەتەوە و دیارە ئاشتیش دوورە دەستە، ئیدی لەسەر ئێمە پێویستە پەی بەوە ببەین، کە هەڵمەتی ناتوندوتیژی زۆر لە دان بەخۆداگرتن و توورەییەکی بێ هوودە، زیاترە. ئەمەش بە قووڵی ڕۆچۆتە نێو ڕەگوڕیشەی جیهانبینیمان و ڕووبەڕووی کاروکردەوەکانمان بووەتەوە. کاتی خۆی باپوجی منی گەڕاندەوە تا بە دوای کوتەقەڵەمدارە فڕێدراوەکەم بگەڕێم، ئەمەش وانەیەک بوو، ئێستا پێویستیمان پێی هەیە: "دە ببە بەو گۆڕانەی بە نیازی لەم جیهانەدا ببینی." ئەگەر حەزت بە چارەی بە فیرۆدان و بەشداری لە نایەکسانی نەبێ، ئەگەر سەرت لەوە سوڕ بمێنێ کە چۆن بەڕێوبەرە کارگێڕییەکانی ئەمریکا پتر لە دوو سەد هیندەی کرێکارێکی ئاسایی وەردەگرن، ئەوا فەرز و سوننەتە هەڵوێستێکی پێچەوانەیی خۆت هەبێ.

باپوجی دژی بە فیرۆدان بوو، ئەوسا هەر جۆرێکی هەبایە، لێ ئەو هەستێکی گاڵتەئامێزانەی لە بارەی شتە بچووکەکان هەبوو، ئەوانەی بێ بەهابوون و هی ئەوە نەبوون هەڵبگیرێن. لە کاتێکدا لەگەڵ ئەودا لە ئەشرەمەکە دەژیام، یەکێک لە کارەکانم، کردنەوەی ئەو بارستە زەرفە نامانە بوو، کە ڕۆژانە بۆی دەهات. ئەرکێکی شایستە بوو. زۆر بەرلەوەی پرسی نۆژەن کردنەوەی شتە بەکارهاتووەکان بێتەگۆڕێ، ئەو بە کردەوە ڕۆژانە پەیڕەوی دەکرد. فێربووبووم بە مشووورخۆرییەوە زەرفەکان هەڵبپچڕم بەڵکو لەسەر پارچە سپییەکان بنووسێ و کاغەزی نوێ بە فیرۆ نەدا.

باپوجی لە ناوجەرگەی ئەو مشـــتومڕە لە ئارا بووبوو لە بارەی سـەربەخۆیی وەرگرتنی هیندســتان لە بریتانیای مەزن. کاتێکیش ئەو لە ســاڵی ١٩٣١دا لەســەر مێزگردی خڕدا پرســی ئایندەی هیندستانی تاوتوێ دەکرد، کاربەدەستێکی بریتانی زەرفێکی قەبەی دایە دەســت. بۆ شــەوەکەی باپوجی خەریکی خوێندنەوەی نامەکە بوو، کە پڕ لە ڕەخنەی تیژ و لێدوانی نەســەلمێنراو بوو. ئەو دەرزییەی لاپەڕەکـانی پێکەوە گرێـدابون هەڵپچڕی، بینی هیچ لاپەڕەیەک بە سـپی نەماوەتەوە تا شـتێکی لەسـەر بنووسـێ، بۆیە هەموو نامەکەی فڕێدا. بۆ بەیانییەکەی کاتی کاربەدەســـتەکە لێی پرسی ئاخۆ نامەکەی خوێندۆتەوە و وەڵامیشی چییە.

باپوجیش وەڵامی دایەوە: "دوو شتی بە نرخی نامەکەم لای خۆم هەڵگرتوون، دەرزیلەی لێکدانی کاغەزەکان و زەرفەکە، باقی دیکە لەنێو تەنەکەی خۆڵەکە دایە."

ئێمە بەم چیرۆکە پێکەنین، بەڵام خۆ ئەو هەر بە ڕاســتی بوو. باپوجی لەوە نیگەران بوو مێشکی خۆمان بە شتی پڕوپووچ و بێ بایەخ خەریک دەکەین و وازمان لە شـتە سـەنگینەکان هێناوە. ئەو کاتی بۆ ڕقوکینە و توندڕەوی نەبوو.

هەنـدێک جـار وەهـا لە گژ هزران ڕادەچم، گەلۆ گەر هـاتبـا و باپوجی زیاتر بژیابا، تۆ بڵێی چی کردبایە. ئەو هەستی بە پێویستی ئەوە دەکرد کەوا هەموو سـاتێک بە شـتێکی سـەنگین پڕبکەینەوە، بەڵام ئەوەندە هۆشمەند بوو بزانێ ئێمە ناتوانین پێشبینیی ئەو کاتە بە نرخە بکەین کە هەمانە. زۆرترین و کۆتا توندوتیژیی کردەی بە فیرۆدان لەدەســتدانی هەر بەشــێکی ئەو ڕۆژەمانە تێدا دەژین. لە کۆژینەکەدا وای لێکردم دەســت بە خشـتەیەکی ڕۆژانەی کاتبەندی

ڕێکوپێکدا بگرم، ڕۆژەکەم بە ســـاتی بێدار بوونەوەم دەســـتی پێدەکرد تـا ئەو کـاتەی دەچوومە ســـەر پێخەفەکەم و دەڕازام، هەمووی بە ڕێکوپێکی خــانەبەنــدی کرابوو. هەنووکەش کە بە تەمەنتر بووم، باشــتر لە مەبەســتەکەی تێدەگەم، کاتێک پێی گوتم: "**کات زۆر بە بایەخە، هەرگیز بە فیڕۆی مەدە.**"

## وانەی حەفتەم

## دایابێتی ناتوندوتیژانە

هەر کاتێک بیر لەو کاتەم دەکەمەوە کە لای باپوجی بووم لە کۆژینەکەدا، گەرموگوڕی و ئاوەز و خەندەی سەرلێوی ئەوم بیردەکەوێتەوە. ئاخر ئەو بە خۆشەویستی و ئارامییەوە شتی فێر دەکردم.

ڕۆژێکیان ژن و مێردێک کە لە نزیک باپوجی دەژیان، بە خۆیان و ئانیلی کوڕیژگە شەش ساڵانەکەیان هاتنە لای. ئاخر پێشتر پزیشک گوتبووی لەسەر ئەم منداڵە پێویستە واز لە نوقڵ و شیرینی بهێنێ، چونکە شەکر باری تەندروستی لەنگ دەکا. هەرچی ئانیلیشی بوو شێتی شیرنەمەنی بوو، بەو گریان و نووزانەوەی بۆ نوقڵ، هێندەی دیکە خۆی نەخۆش دەکرد. لەپاش چەند هەفتە لەو دەردەسەرییەی خواردن و نەخواردن، دایکەکە کوڕیژگەکەی خۆی هێنا بووە لای باپوجی، بەڵکو قسەی لەگەڵدا بکا بیهێنێتە ڕەدایێ تا چیدی نوقڵ و شیرنەمەنی نەخوا. باپیرەش پێی گوت "بڕۆ و دوای دوو هەفتەی دیکە وەرەوە لام!"

دایکەکە نەختێک بە دڵڕەنجاوی گەڕایەوە و نەشیدەزانی ئاخۆ بۆچی وەهای پێگوت تا دوو هەفتەی دیکە چاوەڕێ بکا، لێ کاتێکیش هاتەوە، باپوجی کوڕیژگەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و شتێکی لەبن گوێدا چرپاند. ئەوە بوو هەردووکیان لەپی دەستیان

لە یەک دا و دایکەکەش بە دیاریانەوە مەندەهۆش بوو، ئاخر لە ڕۆژەکانی دوایی بینی منداڵەکەی بایی پێویســـتی خۆی لە نوقڵ و شیرینەمەنی دوور دەکەوێتەوە. تا دەهات ڕۆژ بە ڕۆژ تەندروستی باشــتر دەبوو، دایکەش هاتە ســەر ئەو بڕوایە باپوجی ســیحرێکی کردبێ. بۆیە هـاتەوە لای باپیرەم و تـا لێی بپرســـێ ئاخۆ چی پێگوتووە و چۆن قایلی کردووە؟

باپوجیش بە خەندەیەکەوە پێیگوت: "نا خانم، **خۆی ســـیحر و پەڕجووی چی؟ منیش بەر لە ئەو، پێویســـتیم بەوە بوو واز لە شــیرنەمەنی بهێنم بەرلەوەی وا لەو منداڵە بکەم هەمان شــت بکا. کــاتێکیش گەڕایەوە پێمگوت ئەوە بۆ دوو هەفتە دەچێ وازم لە خواردنی شــیرنەمەنی هێناوە، ئێســتاش نۆرەی ئەوە هەوڵێکی لەو جۆرە بدا."**

بیرۆکەی باپوجی بۆ خوێندن و فێربوون لە بیرۆکەی زۆرینەی خەڵکی جیـاواز بوو. ئەو پێی وابوو منـداڵان ئەوەنـدە لە کتێبی قوتـابخـانەی بەردەســـتیـان فێرنـابن بە بەراورد بە کـاراکتەر و نموونەی ئەو خەڵکەی دەبنە مامۆســـتایان و فێریان دەکەن. **ئەو گاڵتەی بەو ئامۆژگارییە کۆنباوەکە دەهـات: "بە قســـەم بکە، بە کردەوەم مەکە."** ئەو بڕوای تەواوی بەوە هەبوو، مـامۆســـتایان خۆیان، دەقاودەق پێویستیان بەو وانەیە هەیە کە بە قوتابییەکانیان دەڵێنەوە. ئەو لەسەر دایباب و مامۆستایان پێداگر بوو بەوەی "بەو شــێوەیە بژی کە دەتەوێ منداڵەکانمان لەســەری ڕابهێنێ و فێریان بکەی."

من بۆ بابەتەکانی ماتماتیک و زانســت مامۆســتام هەبوو، بەڵام باپوجی دەیزانی وانەی هەرە قووڵ و کاریگەر لەوەوە دێ، سەیری

ئەو بکەم. ئەو مامۆستایەکی دلۆڤان و ئارامگر بوو، وەهای دەخواست هەموو کەسێک وەک باوک یان باپیرە لێی بڕوانێ و ئەوانەی دەکرێ لێیانەوە فێر ببن. بۆ یەکەمین جاریش لە ١٩١٠دا ئەو ئەو ڕۆڵەی بینی، ئەوکاتەی لە کێڵگەی تۆلستۆی لە باشووری ئەفریقادا دەژیا، یەکێ لە ئەزموونە هەرە بەراییەکانی ئەوە بوو، خەڵکێکی زۆر بە یەکەوە دەژیان و بە هەرەوەزی کاریان دەکرد. ئەو کێڵگەکەی وەک خێزانێک وێنا دەکرد، ئەو خێزانەی ڕۆڵی باوکی دەبینی و بەرپرسیاریێتیی فێرکردنی منداڵەکانی لە ئەستۆ گرتبوو. هەینێ ئەو پێی وانەبوو بتوانێ هیچ مامۆستا یان سەرپەرشتیارێک بۆ منداڵە غەیرە سپیپێستەکان بدۆزێتەوە، بۆیە ئەو خۆی ئەو کچ و کوڕانەی لەوێ دەژیان، فێر دەکرد.

نموونەی باپوجی بۆ پێشەنگایەتی ئەوەندە بە هێز و کاریگەرە، دەکرێ هەنووکەش دایباب چاوی لێ بکەن و لەسەری بڕۆن. زۆر لە دایباب گازاندەی ئەوە دەکەن منداڵەکانیان زۆر زۆر خۆیان بە شاشەوە خەریک دەکەن، بەڵام خۆ هەر خۆشیان ئەو کاتەی گوایە لەگەڵ ماڵومنداڵیان کات بەسەر دەبەن، هەر خەریکی تەلەفۆن کردنن یان هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی شاشەی تەلەفۆنە زیرەکەکەیانن. بەم جۆرە منداڵان وەها فێر دەبن، گوایە تەلەفۆن یان هەر ئامێرێکی ئەلکترۆنی لە هەموو شتێک گرنگترە، بە دڵنیاییشەوە هەر هیچ نەبێ زۆر لەوان بە بایەخترە. من سەرم لەو دایبابە سوڕ دەمێنێ ئەوانەی شیرینی بە چاو قاوە یان بە تەنها دەخۆن و بە منداڵەکانیشیان دەڵێن دەبێ لە چوکلێت و نوقڵ و شیرینی دوور کەونەوە، هەر بە تەنها میوە سەوزە بخۆن. ئاخر ئەوان ئەوەیان

له بیرکردووه؛ منـداڵ لەو کەســـــانە فێر دەبن کە لە خۆیـان هەراشترن.

بەر لەوەی بچمە کۆژینەکەی بـاپوجی، زۆر حەزم بە چـارەی قوتابخانە نەدەکرد، چونکە مامۆســـــتاکان نموونەی ترس و تۆقین بوون. لەبەر پەڕگیریی ڕەگەزپەرســـتی لە باشـــووری ئەفریقادا، ئەوەندە قوتابخانە نەبوون تا منداڵانی غەیرە سپیپێست لە پۆلەکانی خۆیان وەربگرن. کاتێکش تەمەنم گەیشـــتە ســـەروبەندی شـــەش ســـــاڵان، دایبابم قوتابخانەیەکی کاســــۆلیکیان بۆ دۆزیبوومەوە دەمتوانی تێیدا بخوێنم، بەڵام لە شـاری دابان بوو، ٢٨ کیلۆمەتر لە ماڵی ئـەوە دوور بوو. لەگەڵ سیتای خوشکم دەچووم، سیتاش بە شـــەش ســـاڵ لە من هەراشـــتر بوو. هەموو بەیانیان لە ســـەعات پێنجەوە لەخەو هەڵدەســـــتاین، خێرا خۆمان بۆ ڕێگەیەکی دوور و هیلاک ئامادە دەکرد. ســـــەرەتا دەبووایە کیلۆمەتر و نیوێک بە نێو کێڵگەی چەوەندەری شـەکردا ڕۆیشـتباین تا دەگەیشـتینە وێستگەی پاس، لەوێشـەوە بە پاس شـەش کیلۆمەترمان دەبڕی بۆ وێستگەی قیتار. ئەوســـا بە قیتارەوە بۆ شـــارەکە. کە دەگەیشـــتینە شـــارەکە دەبوایە لەو وێستگەی لێی دادەبەزین دوو کیلۆمەتری دیکەش بەپێ بۆ قوتـابخـانەکە بڕیبا. گەڕانەوەش بە هەمـان تـاس و حەمـامی چوون.

بەڕێوبەری قوتابخانەکە ســـیســـــتەر ڕیگس بوو، ژنێکی توند و بەســـــام و بە ترس بوو. وانەکان لە ســـــەعات ٨:٢٠ ی بەیانی دەستیان پێدەکرد، خۆ ئەگەر بەر لەوکاتە پێڕانەگەیشتبای، ئەوا لێ نەدەگەڕا بچیتە ژوور، ئیـدی دەبووایە بچیتە نووســـینگەکەی، ئەویش بە خۆی و دارێکی بریقەدار، بۆت دەوەستا. دەستت بێنە و

داری خۆت وەربگرە. من و خوشـــکەکەم زۆر جار بانگ دەکراینە نووســـینگەکەی، وەک لە بیرم مابی تێر لێدانی خۆمان دەخوارد. سیستەر ڕیگیش باش دەیزانی من و سیتای خوشکم هەر دەبووایە بە پاس و قیتار و پێ بێین، بۆیە گەر شـتێک قەومابا، ئەو دوانە لە کاتی خۆیان نەهاتبانایە، ئەوا هیچمان لە دەســـت نەدەهات، ئێمە بەدڕەفتار نەبووین و لە خەودا نەدەماین، کەچی ئەو بێهوودە، هەر سزای دەداین و دارەکانی خۆمان هەر دەخوارد.

ئەو هەموو لێدان و دارکارییە، تۆزقاڵێک هەڵســـوکەوتی منی باشتر نەکرد، هیچیشی نەبووە مایەی ئەوەی لە کاتی خۆی بگەیننە پۆلەکەمان. بەپێچەوانەوە، ئەو ڕەفتارە توندانە منی کردە قوتابیەکی تووڕە و ســـەرەڕۆ، قوتابییەک حەز بە چارەی قوتابخانە نەکا. هەنووکە دەروونناســـەکان دەڵێن ئەو قوتابییەی لە قوتابخانە لێی بدرێ، لە ژیانی ڕۆژانەی ئایندەیدا کەســـێکی توندوتیژی لێ دەردەچێ، ئەزموونی خۆشـم ڕاسـتی ئەو تیۆرییەی بۆ سـەلماندم. کاتێکیش نووسینگەی سیستەر ڕیگیسم بە و شێوەیە بەجێهێشت، سـەرتاپای پێسـتی لەشـم بە شـوڵەکانی شـین و مۆر بووبووەوە، هەسـتم کرد کەسـێکی داهێزراو و تووڕەم، ئەوکات خواخوام بوو، بەڵکو منیش کەسـێکم بکەوێتە بەردەسـت و کۆڵی خۆمی پێبڕێژم. بۆیە کـاتێـک گەورەیەک لە منداڵێـک دەدا ، ئەوا هەر ئەو بـازنە توندوتیژییە بێســـوودە دووبـارەدەکـاتەوە، کە ڕۆژێ خۆی چێشتوویەتی.

ســـالانێک دواتر لە میانەی وۆرکشـــۆپێکمدا بۆ مامۆســـتایان لە مێمفیس (Memphis)، هێـدمە دایگرتم کـاتێـک یەکێـک لە مامۆسـتاکان لەسـەر ئەوە مکوڕ بوو، گوایە لێدان و گوێڕاکێشـان

باشـــترین ڕێگەیە بۆ تەمبێکردن و دیســـپلینی عەملاندنی منداڵان.
خـانمە مـامۆســـتـایەک ڕوونی کردەوە، گوایە دوای ئەوەی لە پۆلەکەی لە یەکدوو منـداڵی داوە، ئیـدی فێربوون لێی بترســـن، پاشـان ئەرکی مامۆسـتاکە هەر چاوسـوورکردنەوە بووە، ئەوانیش کڕ و عاقڵ لێی دابنیشن. ڕەنگبێ ئەو مامۆستایە ئەو دەمە شانازی بە خۆوە کردبێ، گوایە پۆلەکەی بێ دەنـگ کردووە، بەڵام خۆ هەموو ئەنجامە دەسـتکەوتووەکەی قوتابخانەکەی سـسـتەر ڕێگس هەر تێکشـکان و داڕوخان بوو. وەنەبێ مامۆسـتایەکە هەر بە تەنها بە تونـدوتیژییەوە شـــتی فێری قوتـابییەکـان کردبێ، بەڵکو بە بەردوامی زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی توندوتیژی خۆی کردووە، تا بەســـەر قوتابیانی پۆلەکەی زاڵ بێ و کڕو بێ دەنگیان بکا. ئەم شـــێوازەی فێرکـارییە بێڕێزی دێنێتە کـایە. قوتـابییەکـانی ئەو مامۆستایەش لە مرۆڤدۆستی دادەشۆرێن.

لەوەدا سـەرسـام بووم ئەم شـێوازە توندوتیژییەی فێرکارییە لە قوتابخانەکانی ئەمریکا پەســـەند بێ، لێ خۆ من زۆر هێدمەگرتیتر بووم کاتێک بۆم دەرکەوت لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا لە نۆزدە ویلایەتدا هێشتا ئەو سزا جەستەییە هەر ماوە و پەیڕەو دەکرێ. ئامار ئەوە دەخەملێنێ ســاڵانە لە قوتابخانەکانمان بە دەســـتی دەســـەڵاتی گەورانەوە لە ٢٠٠ هەزار منداڵ دەدرێ. ئێمە پێویســـتە ئەو شـــتە بوەســـتێنین کە پێی دەگوترێ "دیســـپلین"، هەروەها دەبێ دانی پێدابنێین کە ئەمەیان بەکارهێنانی توندوتیژییە دژی منداڵەکانمان. ئێمە ڕێگە (بەو مامۆستا و بەڕێوبەرانە) دەدەین تا بێ هوودەیی و نامرادیی خۆیان بەوە دەرببڕن، پەلاماری منداڵە بەستەزمانەکانمان بدەن. دایباب و مـامۆســـتاکان ئەوکاتە پەنا بۆ لێدانی منداڵەکان

دەبەن کاتێک خۆیان لە بەرانبەر شـــێوازە ڕەفتارێکی باشـــتر و چۆنایەتییەکی ئاڵۆزی فێرکاریی لاواز و زەبوون دەبینن.

هەرچەندە هەندێک لە دایباب وازیان لە توندوتیژیی جەســـتەیی هێناوە، لێ هاوشـــان پەنایان بۆ تەکنیکێکی بەزەڕتر بردووە. من لەوە زۆر سەخڵەت بووم کاتێک لەم دواییانەدا بیستم مێردمنداڵێک ناچارکراوە لە ســەرەڕێدا بوەســتێ و تابلۆیەک بە ملی هەڵواســێ، کە لەســـەری نووســـرابوو "من عەنتەرم. دەی فیکەی بۆ لێ بدە ئەگەر ڕقــت لە عەنتەران بێ[٢٥]." بەڕای من ئەو دایبــابەی ئەو فەرمانەیان بەســـەر ئەو مێردمنداڵەدا دەرکردووە، هەر بە ڕاســتی کەڵەگان. ئاخر ئەدی کەڵەگایی چییە ئەگەر هێزی خۆت بەســـەر کەســـێکدا نەشـــکێنییەوە کە لە تۆ زەبوونترە؟ دەکرێ لێکەوتەی ســـووککردنی منداڵان بەم ڕێگایە، بە بەکارهێنانی زەبروزەنگێکی ســۆزدارییانە، هیچ ســوودێکی نەبێ. من لەوە تەواو شــۆک بووم کاتێک بیســـتم باوکێک پرچ و کەزییە درێژەکەی کیژە ســـێزدە ســـاڵانەکەی بڕیوە، لەبەر ئەوەی وێنەیەکی ســـێکســـی بۆ کوڕە هــاوپۆلێکی خۆی نــاردووە. پــاشـــــان وێنەی ڤیــدیۆی کچەکە پەشـــۆکــاوەکەی گرتووە، کە هەر هەڵــدەلەزی و پێی گوتووە: "کچەتیم، ئەمە ئەوەی دەهێنــا؟" ئیــدی ڤیــدیۆکە کەوتە نێو یوتیوبیشــەوە. دواتر زۆری نەخایاند کچە لەســەر پردێکەوە خۆی فڕێــدایە خوارێ و خۆی کوشـــــت. هەرچەنــدە زۆر هۆکــار بۆ خۆکوشـــتنی هەرزەکاران هەن، لێ بە دڵنیاییەوە هەر دەبێ باوکە

[٢٥] لێرەد مەبەست کەڵەگا و کەڵەگاییە، لە زمانی هاوچەرخیشماندا ئیدیۆمی خۆبەعەنتیەزانین ڕۆیشتووە، بۆیە عەنتەرم لەجێگەی کەڵەگا و فسفسپاڵەوان پێ دەربڕتربوو. وەرگێڕ

جەرگسووتاوە، دەربارەی توندوتیژییەکەی، لەخۆی پرسی بێ: "ئەرێ باشە ئەوەی دەهێنا؟

باپوجی لەو باوەڕدا بو هەر بە ڕێگەی ناتوندوتیژییانە منداڵان فێردەکرێن و پەروەردە دەکرێن، ئەمەش زۆر وردتر و مەحکەمترە لەوەی خۆت لە ڕووبەڕووبوونەوەی جەستەیی دوور بخەیتەوە. بۆ ئەوەی منداڵەکەت بە گیانێکی ناتوندوتیژی پەردەوەردە بکەی، واتای ئەوە دەگەیەنێ ماڵەکەت پڕ لە خۆشەویستی و ڕێزگرتن و ئامانجگەلی هاوبەش بکەی. کاتێکیش دایباب و مێردمنداڵ لەسەر ڕێسایەک ناکۆکن، هەندێک جار دایباب پەنا بۆ جۆرە داواکارییەک دەبەن بەوەی بڵێن: "ئەمە ماڵی منە، تا تۆ لەو ماڵەدا دەژی، دەبێ ملکەچی ڕێساکەم بی." ئەمەش پەیامی ناکۆکیی نەیاری بۆ دایباب و منداڵان دەگەیەنێ بەوەی هەریەکەیان خۆی بە دژی ئەوی دیکە بزانێ. لە پیادەکردنی ڕێکارەکانی ناتوندوتیژیدا، دایباب و منداڵانیش لە زەمینەی هاوبەش و هۆکارێکدا دەگەڕێن تا هەریەکەیان پشتی ئەویدیکە بگرێ. دایباب ئەوە دەپەژرێنن[٢٦]، کە ئەو کەوتن و ساتمەکردنەی ڕووبەڕووی منداڵەکانیان بووەتەوە، لەوانەیە ئاکامی خودی کورتهێنییەکانی خۆیان بێ.

من خۆم بە دەست ئەزموونی ڕەفتاری ناتوندیژییانەی دایبابم ئێستاش دەتلێمەوە؛ ئاخر لەوکاتەی تەمەنم شازدە ساڵان بوو، باوکم داوای لێ کردم بە ترۆمبێلی ماڵباتەکەمان بیگەیەنمە ناوشار و هەندێ کاروباری ماڵەوەش ڕابپەڕێنم، لەوکاتەی ئەو ئامادەی کۆنفرانسێک دەبوو. ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی لادێیی باشووری

[٢٦] پەژراندن: قبوڵکردن. سەلماندن.

ئەفریقـادا دەژیـان، بۆیە زۆر پێویســـــتی بەوە نەدەکرد زووزوو دابیەزمە نێو شـــار، ئیدی هەر کاتێک ئەو دەرفەتەم بۆ هەڵکەوتبا، حەزم لێ بوو بگەڕێم و سـیماکانی شـار زیاتر ببینم. هەینێ زۆرم لەبـارەی فیلمە ئەمریکییەکـان بیســـتبوو، هەرچەنـدە پێموانەبوو داییابم قایل بن بەوەی بچمە سینەما، لێ بەو هیوایەی خێرا هەموو کاروبارەکانم ڕابپەڕێنم و ئینجا خۆم بدزمەوە و سەری سینەماش بدەم.

کاتێک سـەرلەبەیانی باوکم لەبەر دەرکەی شـوێنی کۆنفڕانسـەکە دانا، داوای لێ کردم ئێوارە سەعات پێنج لە هەمان شوێن هەڵیبگرم تا بە یەکەوە بگەڕێینەوە ماڵ. دایکیشـم داوای لێکردم لای دوکانی سەوزەفرۆش و دوکانەکانی دیکە بازاڕی بۆ بکەم، لە خشتەی ئەو ڕۆژەی بـاوکم ئەوە بوو، ترۆمبێلەکەش ببەمە لای فیتەر و خزمەتگوزاریی پێویسـتی بۆ بکەم و ڕوونیشـی بۆ بگۆڕم. بۆ ئەم کارەش پێیگوتم: "تۆ ڕۆژێکی تەواوت هەیە و پێموایە بێ کێشە بەو هەموو کارانە ڕادەگەی."

منیش لە کـاتی خۆیـدا بە هەموو کـاروبـارەکـان ڕاگەیشـــتم و ترۆمبێلەکەشـــم بۆ ڕۆنگۆڕین گەیاندە گەراج، ئینجا بۆ ســـەعات دووی پـاش نیوەڕۆش کـاتی ئەوەم هەبوو بچمە ســـینەمـا و فیلمەکەش ببینم. ئەوە بوو لە سـینەماکە بە ئاسـوودەیی لەسـەر کورســـییەکەم دانیشـــتم و پاڵم لێدایەوە، دڵخۆش بووم دوای تەواوکردنی ئەرکەکانم سەیری فیلمی جۆن واینم دەکرد، پێموابوو فیلمێکی باشـە. کاتێکیش لە سـەعات ٣:٣٠ لە سـەیرکردنی فیلمەکە بوومەوە، سەرنجمدا فیلمەکە دوانەیە، فیلمێکی دیکەشی بە دوادادێ و خەریـک بوو ئەویش نمـایش بکرێ. لای خۆم خێرا وەهـام

خەملاند، دەکرێ نیو سـەعاتی یەکەمی فیلمی دووەمیش ببینم و هێشـتا کاتیشـم لەبەردەمدا دەمێنێ بۆ ئەوەی بە باوکم ڕابگەم. لێ هەروەک پێشـبینی دەکرا، بەنێو قوولایی فیلمەکەدا شـۆڕبوومەوە و خۆم لەبیرکرد، هەرهێنـدەم زانی سـەعـات بووەتە ٥:٣٠. ئۆی، نەخێر! بە پەلەپروزێ لە سـینەمـا دەرچووم و خۆم گەیـانـدە ترۆمبێلەکەم، بەلاّم تا سـەعات نەگەیشـتە ٦ی ئێوارە نەگەیشـتمە بەردەم شوێنی کۆنفرانسەکە.

بـاوکم کە منی بینی دڵخۆش بوو، وا دیـار بوو نیگەران بووبێ نەوەک شـتێکم لێ بەسـەرهاتبێ. ئەوە بوو لە کاتی سـواربوونی بۆ نێو ترۆمبێلەکە پرسی: "بۆچی دواکەوتی؟"

منیش شـەرمم کرد پێی بڵێم: بە دڵخۆشـی بەدیار فیلمێکی پر لە توندوتیژتی ڕۆژئاوایی لە سینەما دانیشتبووم و خۆم لەبیرکردبوو. دەکرێ تۆ هەر ئەوەم لێ چاوەڕێ بکەی، دوای ئەو ئەزموونەی لە کۆژینەکە و دوای ئەوەی لەگەڵ جەواهیر لال نەهرۆ هەم بوو، درۆ نەکەم. لێ هەندێ جار بۆ نەشـێواندنی شـکۆی خۆمان، مندالاّنە ڕەفتـار دەکەین. منیش وەهـا وەلاّمم دایەوە: "ترۆمبێلەکە ئـامـادە نەبوو."خێرا ئەم پاکانەیەم بۆ هات، بەلاّم هەر ئەو وشـانەم لە دەم دەرچوون، لە ڕوخساریدا،هەستم کرد باوکم باوەڕی پێنەکردم.

ئەویش گوتی: "**ئەدی من پەیوەندیم بە گەراجەوە کرد، وەهایان پێنەگوتم." کورتەدالّغەیەکی لێدا و ئەوجا سـەری خۆی بە هێمنی لەقاند و گوتی:"مەخابن، تۆ ئیمڕۆ درۆت لەگەڵ کردم. منیش وەک باوکێک شکستم هێنا و سەرکەوتوو نەبووم، وات پەروەردە بکەم و متمانەت پێبدەم کە هەمیشە ڕاستیم پێ بڵێیت. وەک سزایەک بۆ ویژدانی خۆم، بڕیارمدا ، من بە پێ بگەڕێمەوە ماڵ."**

ئەوە بوو دەرکەی ترۆمبێلەکەی کردەوە و دابەزی و بە پێیان کەوتە ڕێ. منیش لە ترۆمبێلەکە دەرپەڕیم و بە داوای لێبووردنەوە بە دوای باوکم کەوتم. کەچی ئەو درێژەی بە ڕۆیشتنی خۆی دا. هەوڵم دا قسەی لەگەڵ بکەم و لە بڕیارەکەی پەشیمان بکەمەوە و بەڵێنیشی پێبدەم لەمەوپاش هەرگیز درۆی لەگەڵ نەکەمەوە، بەڵام ئەو سەری بادا و بەدەم ڕۆیشتنەوە پێیگوتم: "**لە شوێنێک و لە قۆناغێکی پەروەردەکردنتدا هەڵەیەکم کردووە. من لێرەوە تا ماڵ بە پێ دەڕۆمەوە، بیر دەکەمەوە ئاخۆ چۆن ڕێگەیەک بدۆزمەوە تا باشتر پەروەردەت بکەم بۆ ئەوەی فێربیت کە ڕاستیی گوتن چەندە بایەخدارە.**"

منیش بە پەشۆکاوی چوومەوە ناو ترومبێلەکە. نەشمدەتوانی بە پێ لەگەڵ باوکم بڕۆم، ئاخر دەبووایە ترۆمبێلەکە بگەیەنمەوە ماڵێ. ئێ خۆ نەشدەکرا ترۆمبێلەکە لێبخوڕم و ئەو بەجێبێڵم تا بە پێیان بەو ڕێیە چۆڵەوانەییە تاریکەدا بڕوا. بۆیە بەدوای ئەودا بە هێواشی لێمخوڕی، بۆ شەش سەعاتی ڕەبەق ترۆمبێلەکەم بە دوای ئەودا و بەپێی ئەو لێ دەخوڕی و بەرپێشم بۆ ڕووناک دەکردەوە. هەڵبەتە هەردەبێ بە پێ ڕۆیشتنەکە بۆ ئەو سەخت بووبێ،لێلە هەمان کاتیشدا بۆ منیش عەزابێکی سەخت بوو. باوکم لەبەر ناڕاستگۆیی من خۆی ئازار دا، ئینجا لە بری ئەوەی سزام بدا، خۆی بەرگەی سزاکەی گرت.

دایکیشم چاوەڕێی دەکرد بۆ نانی شێوان بگەینەوە ماڵ، ئەوەشم دەزانی بەو بە درەنگکەوتنەمان زۆر ناڕەحەت دەبێ دەشڵەژێ. هەینێش تەلەفۆنی گشتی نەبوو، زۆر سەخت بوو لە دەرەوەی شار تەلەفۆنێک بدۆزیتەوە تا پەیوەندی پێوە بکەی و لە مەسەلەکە

ئاگاداری بکەمەوە. ئیدی وام بە خەیاڵدا دەهات ئێستا دایکم لەگەڵ خوشـــکەکانم لەبەر دەرکە لە چاوەڕوانیمان وەســـتابن و بەو تاریکاییە چاویان بڕیبێتە تارمایی دوور، بەڵکو شـــۆق و دەنگی تڕومبێلەکەمان دەربکەوێ. لە کۆتاییدا نزیکەی نیوەی شـــەو داهات کە گەیشـــتینەوە نزیک ماڵ و ڕۆناکیی تڕومبێلەکەم لای ئەوان بەدەرکەوت. دایکم لای خۆی وەهای دانا بوو، ڕەنگبێ ترومبێلەکە شـکا بێ یان عەیبێکی لێ پەیدا بوو بێ. تا نەگەیشـتینەوە و ئێمەی بەو دۆخە نەبینی نەیزانی چی قەوماوە.

خۆی سوکوئاسـان دەکرا باوکم لەسـەر ئەو پێشـێلکارییە سزای دابام. منیش دڵنیا بووم هەستم زیاتر بە سووکایەتی دەکرد لەوەی تاوانباری، هەورەها سووکایەتیش سەریدەکێشا بۆ هەڵگەڕانەوە و تۆڵەکردنەوە، یاخود ئارەزووی ئازاردانی کەسێکی دیکە. باوکم بە بەکـارهێنـانی ڕێگەیەکی نـاتونـدوتیژانە کە لە بـاپوجییەوە فێری بووبوو، وای لێکردم هەم لە کێشـەکە پشـکدار ببم و هەم بەدوای ڕاســتکردنەوەشــیدا بگەڕێم. کاریگەرییەکەشــی زۆر بەهێز بوو و درێژمەودا بوو، بە ئامانجی ئەرێیانەی خۆشی گەیشت، لەوەی گەر هـاتبا و ڕێگەی ڕەق یـان تونـدوتیژانەی بەکـارهێنـابـایە. ڕێگـای باپوجی یارمەتیی دایبابی دا کە فێربن لە پەروەردەکردنی منداڵدا، متمانە لە ناخ و زیرەکیی سۆزدارانە لە هزردا بەرجەستە بکەن.

منداڵان ئەوکاتە گەشـــە دەکەن و دڵخۆش دەبن کاتێ گەورە و هەراشـەکان ڕێزیان لێ دەگرن و داوای شتێکی وەهایان لێ ناکەن، کە ئەو گەورانە لە ژیـانی خۆیـانـدا هەرگیز نەیـانکردبێ و بەلایـدا نەچووبن. ئامانجیش ئەوەیە منداڵ وا لێبکەی کەســێکی چاک و بە هێزی لێ دەربچێ و نەبێتە قوربانیی بەدفەڕایەتیی منداڵێکی دیکە.

هەواڵەکان پڕن لە تۆماری شەڕ و دەمەقاڵێ منداڵان لەگەڵ یەکدی، کاتێک پەلاماری یەکدی دەدەن و لەکاتێکدا برادەرەکانیان بەدیاریان وەســـتاون و ڤیدیۆکەیان دەگرن. خۆ ئەگەر باپوجی بووایە ئەوا نەیدەپرســـی: "ئەرێ ئەوا منداڵەکانمان چیان بەســـەر هاتووە؟" چونکە بەرسڤەکە بۆ ئەو ڕوون و ئاشکرا بوو: خۆ ناکرێ گلەیی و گازاندە لە منداڵان بکەین بەوەی بۆ وا ســاردەخەمن یان بێ باکن، لە کاتێکدا ئێمە خۆمان ئەو بەها ئەرێیانەیان نیشـــان نەدەین کە پێیان جوانن.

دایباب جلوبەرگی کەشـــخەی مۆدە و یاری تازە پەیدا بو بۆ منداڵانیان دەکڕن، کەچی ئەوان هێشتا چاویان لەسەر زیاترە. بۆیە دایباب دەکەونە گلەیی و گازاندە بەوەی منداڵەکانیان سوپاسگوزار نین. زۆر لە منداڵانی ئەمریکا لە بەزمورەزمی خواپێداویی تایبەتی خۆیان دەژین و هەرگیز ڕێگەی دایباب جلوبەرگی کەشـخەی مۆدە و یاریی تازەباو بۆ منداڵانیان دەکڕن، کەچی ئەوان هێشـتا چاویان لەســـەر زیاترە. بۆیە دایباب دەکەونە گلەیی و گازاندە بەوەی منداڵەکانیان ســـوپاســـگوزار نین. زۆر لە منداڵانی ئەمریکا لە بەزمورەزمی خواپێداویی تایبەتی خۆیان دەژین و هەرگیز دژواری و چەرمەســـەریی ژیان نابینن یان نازانن. ئاخر چۆن پێزانینیان بۆ ئەو هەموو ســەڵتەنەتەی تێدا هەن هەبێ، لە کاتێکدا شـێوەژیانێکی دیکەیان لەبەردەســـتدا نییە تا لای خۆیان بەراوردێکی پێبکەن؟ پێزانین و سوپاسگوزاری ئەوکاتە سەرهەڵدەدا، کاتێک پێگەی خۆت لەنێو جیهانی گەورەتردا دەدۆزیتەوە. ئێمە ئەو کاتە ئاسـوودەتر و بەختەوەرتر دەبین کە هەموومان بەیەکەوە بین.

کاتێک هەردوو منداڵەکەم هێشتا هەراش نەبووبوون، وەک هەموو منداڵێک حەزیان دەکرد و دەیانەویست ڕۆژی لە دایکبوونیان ئاهەنگیان بۆ بگێڕین. من و هاوژینەکەم منداڵەکانمان زۆر خۆشدەوێن حەزیشمان لێ بوو ئاهەنگ بە بۆنەی ڕۆژە مەزنەکەیانەوە بگێڕین، جا ئەو ئەزموونەی لە منداڵە هەتیووەکانی هیندستان وەدەستمان هێنابوو، لەو بێ دایکوباوکانەی لایماڵباتی دیکە هەڵگیرابوونەوە و بە خۆشەویستی و میهرەبانییەوە پەروەردە دەکران، ئێمەش دەمانەویست منداڵەکانمان لەوە تێبگەن، کە هەبوونی خێزان و هەبوونی کەسانێک کە مشووریان بخۆن چ واتایەکی مەزنی هەیە. ئەوە بوو بڕیارمان دا جەژنی لە دایکبوونی منداڵەکانمان لە هەتیوخانە خۆجێیەکان بگێڕین، تا هەموو منداڵان بە یەکەوە ئاهەنگ بگێڕن و کەیف بکەن و دڵخۆش بن.
کەچی کیژەکەم لێی پرسیم: "ئێ، باشە، بۆچی ئاهەنگ لەگەڵ لایدە و غەریباندا بگێڕین؟ بۆ دەستەخوشک و برادەر و ناسیاوەکانی خۆمان بانگهێشت نەکەین؟"
منیش بۆم ڕوون کردەوە: "ئاهەنگگێڕان لەگەڵ ئەوانەی کەسوکاریان زۆرە، واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنی، ئێمە دەمانەوێ شتێک ببەخشینە ئەوانەی نییانە یان کەمیان هەیە."
تا ئەوکاتەی سەردانی یەکێ لە هەتیوخانەکانمان نەکرد، کیژ و کوڕەکەم بیرۆکەی ئاهەنگگێڕان لەگەڵ لایدەی نەبوویان پێ قووت نەدرا و پێیان بیرۆکەیەکی پەسەند نەبوو. هەر بە ڕاستیش ئەو هەتیوخانەیەی بۆی چووین، یەکێک بوو لەوانەی لە خەیاڵماندا بوو؛ شوێنێکی پەڕپووت و تاریک و تنوک، لە هەموو لایەک هەر پەڵەی ناشیرین بوو. منداڵە هەتیوەکان نە یاری و نە بووکەڵەیان

هەبوو گەمەی پێبکەن، نە هیچ. هەندێکیان هێندێکیان لەســـەر ئەو ئەرزە دانیشـــتبوون، لەو ناوەدا هەر ڕاوێچکەیان [27] دەدا و دڵی خۆیان خۆش دەکرد. ئەوان هیچیان نەبوو تا لە باوەشـــی بگرن، یان بە دەســـتیەوە بگرن و یاری پێبکەن. کاتێکیش منداڵەکانم ئەوەیان بینی، سـامگرتی بوون. لە دوای ئەوە دەسـتیان دایە یاری و بووکەڵەکانیان بۆ هەتیوخانەکەیان برد. جارێکیان پایســـکلێکی ســێ تایەمان بۆ بردن؛ هەتیووەکان پێشـــتر شـتێکی لەو جۆرەیان نەبینی بوو، تەنانەت نەشـیان دەزانی لەسـەری دابنیشـن، چ جای هاژۆشتنی، نەیاندەزانی پەیدانەکان بۆ پێڕۆیشتنە.

جارێکیان کە منداڵەکانم لەگەڵ ئەو منداڵە هەتیووانە کەوتنە قسـە و ئاخاوتن و کات بەســـەر بردن، ســـەرلەبەری بیر و بۆچونیان بەرانبەر جەژنی لە دیکبوونەوەکەیـان لەوێدا گۆڕا. "**ئـاهەنگگێڕان لەگەڵ کەســـانێک دەســـتکورتتر و بێدەرانەتربن، پێدەچێ واتای تایبەتیی خۆی بگەیێنێ**. وای لێهات چیدیکە غەریب و بێگانە نەمان و هەمووان بوون بە دۆست و هاوڕێی یەکدی."

ئەگەر هاتوو نموونەیەکی ڕاسـت و دروسـتت پێشـکەشـی منداڵان کرد، ئەوسـا ئەوان دەسـتبەجێ لە هێزی کاریگەریی ناتوندوتیژیی تێدەگەن. دوای ئەوەی زانیم کەوا مامۆســـتایانی میمفیس بڕوایان بە سزای جەستەیی هەیە، وام بیرکردەوە دەکرێ هەڵوێستەکان لە ڕێی کۆڕسـێک لە بارەی چارەسـەرکردنی کێشـەکان بگۆڕدرێن. بۆ من وەک خۆری ڕوونـاک ڕوون بوو، کە منـداڵان، بۆ ئەوەی

[27] ڕاوێچکەدان: هاتن و چوون لە سەر یەک هێڵ و لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا. وەرگێڕ

کێشـەکان چارەسـەر بکەن، پێویسـتیان بە نموونەی ناتوندوتیژییە. ئاخر خۆ ئەوان لە ژیانی خۆیان وەک نموونە لە کەسـانی هەراش و گەورە فێرنابن. یەکەمین وانەی من لە کۆرسـەکەدا لەسـەر ئەوە بوو، چۆن لە قوتابخانەدا دەبیتە کەسـێکی ناوبژیوان. منداڵانیش بە تاسـە بوون تا ئەو دەرفەتەیان پێ بدرێ و ڕۆڵی ناوبژیوان زیاتر و زیاتر ببینن. منیش بۆم ڕوون کردنەوە کە ئاکاری ئەوان، ئەوەیە چۆن دوو کەسـی ناکۆک دەگەیەننە خـاڵێکی بێ لایەن تـا لە بەرانبەرەکەیان دابنێن و خۆشـیان وەک ناوبژیوان لەنێوانیاندا بوەسـتن. ئینجا ناوبژیوانەکە سـەرەداوی قسـە و گفتوگۆکە بگرێتە دەسـت، هەردوو لاش لەوە دڵنیا بکا کە قسـەی دڵی خۆیان بکەن بێ ئەوەی یەکێک تووڕە ببێ و قسە بە ئەوی دیکە ببڕێ.

ئەوە بوو منداڵان دەسـتیان بە ڕاهێنان کرد، هەریەکەیان لەگەڵ ئەوی دیکە، هەرچەندە لە سـەرەتادا پێواژۆکە ئاسـان نەبوو، لێ هەر زوو کـاریگەریی ئەو فەن و فنونەیـان بۆ دەرکەوت. ئەوان فێربوون نـاکۆکییەکـانیـان بەبێ بەکـارهێنـانی تونـدوتیژی و بە شـێوەیەکی ڕێز لە یەکدی گرتن چارەسـەر بکەن. ئەوان هەسـتی ئەوەیان لاپەیدا بوو ژیانی خۆیان جڵە و بکەن، زانییان دەتوانن بێ ئەوەی دەست بۆ زەبروزەنگ ببەن و بە یەکدا هەڵشاخێن و دەنگ لەسـەر یەک بەرز بکەنەوە و بەسـەر یەکدیدا هاوار بکەن، کێشەکانیان چارەسەر بکەن. دواتر بیستمەوە، کە چۆن قوتابییەک دوای وانەکە دەچێتەوە ماڵ، ئەوە دەبینێ دایک و باوکی بەسـەر یەکدیدا هاوار دەکەن. یەکەمجار کەوای بینی هەروەک جاری جاران مات و مەلول، خۆی خزاندە ژوورەکەی خۆی، لێ دواتر

غیرەت دەداتە بەر خۆی و لە ژوور دێتە دەر و دەبێتە ناوبژیوانی نێوان دایک و باوکی.

ئەوەبوو دلێرانە پێیان دەڵێ: "ئەز ئێستا ناوبژیوانێکم بڕوانامەم هەیە و دەزانم چۆن دەکرێ یارمەتیتان بدەم و ئەو هاوار هاوارەتان کۆتایی پێ بهێنم. من دەمەوێ لە نێوانی هەردووکتان دابنیشم و ببمە بەڕەوانی[28] و ناوبژ."

هەرچی دایبابەکەش بوون ئەوەندە بە ئاوەزی ئارامگرانەی کوڕەکەیان هێدمەگرتی بوون، یەکسەر ئەوانیش هێور بوونەوە و داوای لێبووردنی و گەردنئازاییشیان لێ کرد، ئینجا بە گەرمی باوەشیان تێوەرێنا.

❖

**زۆر لە ئێمە وەسیەتنامە هەر بۆ ئەوە دەنووسێ ئەوەی هەیەتی لە پارە و ماڵ و خشڵ و زێڕ و زیوو بەسەر نەوەی دوای خۆی دابەش بکا. لێ پرسیارەکە ئەوەیە: ئەدی وەسیەتمان بۆ ڕەوشت و باها مرۆڤایەتییەکان چی دەبێ؟** ــ ئەوسا چ بە خۆشەویستییەوە بێ یان خاڵی لە خۆشەویستی ـــــ نەوەکانیش، وەک بازنە، بۆ نەوەکانی خۆیان پەیڕەوی دەکەن و ڕەوشت و بەهاش فت. ناسینەوە و دۆزینەوەی سەرەتای ناتوندوتیژی لای باپوجی و هێزی خۆشەویستن لە خودی دایبابییەوە هاتبوو. کاتێکیش ئەو هەڵەی کرد (ئەویش کەسێکی تەواوعەیاری کامڵ نەبوو)، ئەوا دایبابی بە خۆشەویستییە و لێ تێگەیشتنییەوە کاردانەوەیان

---

[28] بەڕەوانیکەر: ئەو کەسەی دەکەوێتە نێوان دووکەسی شەڕکەر و لەیەکیان دەکاتەوە.

هەبوو. پێشـــتر وێنای ئەوەم کرد، کە باپوجی دوای ئەوەی درۆی لەگەڵ باوکی کردبوو، نامەیەکی پەشـیمانی بۆ باوکی نووسـیبوو، باوکیشـــی کە نامەکە دەخوێنێتەوە دەگرییَ و باوەشـــی پێدادەکا. دواتر باپوجی نووســـی کە باوکی: "یارمەتی دام گوناهەکانی بە فرمێســـکەکانی خۆی بشـــواتەوە." خۆ ئەگەر هاتبا و باوکی ئەو زللەیەکی لێدابا یان لەسەر کەتنەکەی ڕیسوا و شەرمەزاری کردبا، یاخود لە هۆدەکەی دەری کردبا دەرەوە، تۆ بڵێی ئەوکات باپیرەم نەبووبایە کەسـێکی دیکە؟ ئەوکات گاندییەکی تووڕە و تۆڵەسـتێنی لیَ دەردەچوو، باندۆری خۆیشـــی بەســـەر جیهانەوە نەدەبوو. لەوانەیە ئەو قســـەیەمان زۆر هەڵبگریَ گەر بڵێین: چارەنووســـیی ملیۆنان کەس بەندە بەو خۆشـەویستی و تووڕەییەی کە ئێمەمانان نیشانی منداڵەکانی خۆمانی دەدەین.

ئیدی بۆ من ڕوون و ئاشکرایە ئەگەر هاتوو خۆشـەویستی و ڕێز و هاوســـۆزی لە نێو یەک خێزاندا ئەو کاریگەرییەی هەبیَ، ئەوا لە زۆر خێزانی دیکەشـــدا باندۆری خۆی دەبیَ. ئینجا ئەگەر ئەمە کاریگەریی خۆی لە نێو زۆر لە خێزاناندا هەبیَ، بۆچی ســـەرتاپای وڵات و جیهانیش نەگرێتەوە؟ تۆوی بەرایی ناتوندیتیژییانەی کە لە لای باپیرەم هەبوو، چێنراوی ڕۆژگاری کوڕوکاڵی بوو، لە میانەی ژیانیشیدا لەسەری ڕۆیشت. ئێستا هەندێک کەس ئەو بە کەسێکی پیرۆز (بیَ هەڵە و کەموکورتی) دەزانیَ،لێبە هیچ شـــێوەیەک ئەو وەها خۆی نەدەبینی. ئەو زۆر تێکۆشـــا تا خۆی وەک کەســـێکی ئاسایی، بە هەست و سۆزی ئاسایی نیشان بدا، کەسێک کە خۆی بگۆڕیَ و بیکاتە ئەو کەسەی کە هەموو کەسێک لە ژیانی ڕۆژانەیدا دەتوانیَ بیکا: ئەویش بە تێکۆشـــانی کۆڵنەدەرانە و بەرگە گرتن.

کـاتێکیش من لە کۆژینەکە لای ئەو دەژیـام، ئەو وای لێ کردم بەڵێنی ئەوەی پێبدەم، هەموو ڕۆژێکم لە ڕۆژی پێشترم باشتر بێ. کـاتێکیش تۆ ئـامـانجێکت لە مێشـــکی خۆت دانـا، ئەوا لە هزرتـدا دەچەقێ. ئیدی هەموو بەیـانییەک کە لە خەو هەڵدەســـتام بیرم لێدەکردەوە.

کاتێک باپوجی لە تافی لاوێتیدا بەنێو دارِســـانی ئاســـاییانەی مێرمنداڵییدا تێپەڕ بوو، ئەو دەســـتی بە بەها چاک و بەرزەکانەوە گرت. بەڵێ، خۆ ئەو شـــتە تەنـانەت لە هەرە جوامێرەکـانی نێو ئێمەشـــدا ڕوو دەدا! لێ لە بری ئەوەی بەنێو قووڵایی لاســـاری و لەڕێلادانـدا شۆڕببێتەوە، کەچی ئەو بەهۆی ئەو خۆشـەویستییەی لە مـاڵبـاتەکەی وەریگرت گۆڕا. زۆر وایە دایبـاب ئەو قســـەیە بە منـداڵەکـانیـان بڵێن: "خۆشـــمـان دەوێن"، بەڵام دایبـابی بـاپوجی خۆشـــەویســـتییەکی بێ مەرجییـان بۆ دەربڕی، بێ ئەوەی ئەو وشـانەشـی پێبڵێن. بۆ ئەوان لە هەموو هاوکێشـەی ژیانیانادا و بێ هیچ بـارگرانی و قوربـانییەک منـداڵەکەیـان بە پلەی یەکەم دەهـاتن. ئەو لە هەموو کار و کاردانەوەیەکدا لە ڕێی هەســـت و ســـۆزی خۆشـەویسـتییەوە کەڵک و سـوودی پێدەبەخشـی. لە بری گلەیی و گازاندەکردن لەوەی نابێ تۆ چیدیکە بچێتە ئاهەنگ و بەزم و سەفا و ســـەیران و گەڕانی ژیـانی تـایبەتی خۆت، دەکرێ بە نرخترین دیاری پێ ببەخشـــی، بەوەی کە وای لێبکەیت، هەســـت بکا، ئەو، گەورترین سامان و گەنجینەیە بۆ دایبابی خۆی.

من نیگەرانی ئەوەم ، لە ژیانی ڕۆژانەی خۆماندا زۆر جاران ئەو نموونەیەی "شـــادی و میهرەبانی" کەم بایەخترە لە" دەوڵەمەندی و ســـەرکەوتن." کاتێک ژن و پیاوێک خێزانێکی نوێ پێکدەهێنن، تا

ڕادەیەکی زۆر دەڵێن گوایە هەموو هیوا و ئاواتیان شـــــادمانیی منداڵەکانیانە، لێ کاتێ منداڵەکان گەورە دەبن ئەوا فشـــــاریان دەخەنە سـەر - فشـار دەخەنە سـەر خۆشـمان -. ئاخر پەرەپێدانی کارنامەی ژیان و پەیداکردنی پارەوپوول پێگەیەکی گرنگتر دەگرێ لە خۆشـەویسـتییەکی سـرووشـتکرد و متمانە و لێتێگەیشـتن و کاتبەسـەربردن لەگەڵ منداڵەکانمان. پێشـکەشـکردنی دیاریی گرانبەها جێگەی خۆشـەویسـتی و مشـوورخواردنی گرتۆتەوە. من ئەوە ناڵێم کە هاوسـەنگ ڕاگرتنی کار و کاروباری خێزان بۆ هەریەکێکمان شتێکی ئاسانە، منیش سەرسامم بەو ژن و پیاوانەی هەموو شـتێک دەکەن تا ژیانێکی پڕاوپڕیان هەبێ. لێخۆ دەبێ ئێمە وریا بین لەوەی خۆمان بە بەها سـاختەکان سـەرقاڵ نەکەین و هەموو توانا و کۆشـشـی خۆمان بۆ ئەزموونی کورتمەودا بە فیڕۆ نەدەین لەبری سوود و کەڵکی درێژمەودا و شایستە.

کاتێکیش بارمانکردە ئەمریکا و لە کۆمەڵگەیەکی زانکۆ ژیان، ئەوە بوو من و ژنەکەم زۆر جار بانگهێشتی خوێندکارانمان دەکرد تا لەسـەر خوانەکە بێنە لای ئێمە و قسـە و گفتوگۆیان لەبارەی ناتوندوتیژی و خۆشـەویسـتی و فەلسـەفەی باپوجیدا بکەین. هاوژینەکەم ژنێکی زۆر میهرەبان و دایکێکی دڵسـۆزە، حەزی دەکرد باوەش بە خوێندکارەکاندا بکا و لێیان بپرسـێ ئاخۆ چی دەکەن، ئاخۆ پێویستییان بە چی هەیە یان پێویستیتان بەوە هەیە لە بارەی بابەتێک وتووێژ بکەن. لە بیرمە جارێکیان کچە خوێندکارێک گەڕایەوە نێو باوەشـی و گریا. بەدەم هەنسـکی گریانەوە گوتی: "هەرگیز دایک و باوکی خۆم ئەو پرسـیار و

داوایەیان لێ نەکردووم. خۆزیا ســـەد خۆزیا بەو دەســـتور و شێوازەی تۆ مشووری منیان بخواردبایە."

دیارە دایبابی کچە خوێندکارەکە ئەویان خۆشــویســتووە، بەڵام دەکرێ ئەوەندە ســەرقاڵی کاروباری ڕۆژانەی خۆیان بووبن، ئیدی نەپرژابنە ســەر پێداویســتییەکانی تا خەمەکانی هەڵگرن و دەســتی میهرەبانیی بەسەردا بێنن.

کاتێکیش کچەکەم لە نیۆرک ســیتی خەریکی بەخێوکردنی منداڵی خۆی بوو، ئەویش هەر ئەو دەســـتور و دابونەریتەی ژیانی منی پەیڕەو دەکرد، ئەوەی لە هیندســـتان پەیڕەو دەکرا بەوەی دەبێ خێزان ســـەعـات حەوتی ئێوارە لەســـەر خوان کۆببێتەوە. خۆ هەرچییەکی دیکە بکەین، منداڵ دەزانن لەو کاتەدا دەبێ لە سەرمێز ئامادە بن. ئەمەش ســـەری گرت تا ئەوکاتەی منداڵەکان هێشـــتا تەواو گەورە نەبووبوون، لێ کاتێک گەیشـــتنە قوتابخانەی باڵا، هەندێ لە دۆســـتەکانی منداڵەکانیان پێیان ســـەیر بوو، کە دەبێ هەمـوو ئـێـوارەیەک بـرادەرەکـانـیـان بـگەڕێـنەوە مـاڵەوە لای خاوخێزانیان. کچەکەم پێشـنیازی ئەوەی بۆ منداڵەکانی کرد، بەڵکو هـاوڕێـکـانـیـان بـانگهێشـــت بکەن و تـا ئەوانیش بە دابونەریتی ماڵباتەکەیان شارەزا بن.

یەکێ لە برادەرە بانگهێشــتکراوەکان کاتێک هاتە ســەر خوانەکە، بینی هەموو ماڵباتەکە لەسەر سفرەکە کۆبووەتەوە، کە ئەوەی بینی ئـامـادەبووان چیرۆکی ئەوەی لەو ڕۆژەدا ڕوویـداوە بۆ یەکـدی دەگێڕنەوە، چاوی لێ زەق بۆوە و حەپەسـا. ئیدی ئەو کچە میوانە لە کۆتـاییدا دانی بەوەدانا کە ئەمە یەکەمین جارە مـاڵـبـاتێک وەهـا لەســـەر خوانی ئێوارە بە یەکەوە ببینێ. ئاخر هەر یەکە لە دایک و

باوکی کچە میوانەکە کاریان دەکرد، هەریەکەشیان وەها ڕاهاتبوون، هەر ئەوەشیان لێ چاوەڕوان دەکرا لە کاتی جیاواز جیاوازدا بێنەوە و هەریەکەشیان نانی خۆی بەجیا بۆ خۆی ئامادە بکا. کچە میوانەکە بە چاوی فرمێسک تێزاوەوە گوتی: "ئێمە هەر کاتێک دەگەڕێینەوە ماڵەوە، یەکسەر بۆ لای بەفرگرەکە ڕادەکەین، هەر بە ڕاستیش کەس هەقی بەسەر ئەوی دیکەوە نییە ئاخۆ چی دەکا." ئەو خۆشەویستییەی وەک ئەزموون، لای خێزانی کچەکەمی بینی، ویستی بە خۆیشی تاقیبکاتەوە و لەسەری بڕوا.

منداڵان دەیانەوێ سەربەخۆیی خۆیان بسەلمێنن، هەربۆیە وەها ڕەفتار دەکەن کە هەبوونی دایک و باوک لە دەورەیان وەک بارگرانییەک وایە لەوەی خۆشی و شادی و ئاسوودەیی بێ. لێ لە دڵی خۆیاندا ئەوان پێویستییان بە خۆشەویستی و لێتێگەیشتن هەیە. کاتێکیش دایباب زۆر سەرقاڵ بن لەوەی خۆشەویستی پێشکەش بکەن، ئەوا لەبارەی هەست و سۆز و هیوا و مرازەوە زیان بە منداڵەکانیان دەگەیەنن.

❖

ئەو پەروەردە و عەملاندنە ئاوەزدارییە ناوازەیەی باپیرم کاریگەریی هێدمەگرتووانەی لای زۆر کەس بەجێهێشت. هێزوگوڕی ئەو لێبڕاوەییە ئاوەزدارییەی ئەو بۆ ساڵانی زوو دەگەڕایەوە، ئەوکاتەی تەمەنی گەیشتبووە پێنج ساڵان. ئاخر دایکی لە پەیڕەوانی دابونەریتی هیندییانە بوو، ئەوەی تایبەت بوو بە نەزرلەخۆگرتن - بەوەی بۆ ماوەیەک واز لە شتێکی خۆی بهێنێ -

ئیدی کاتێکیش باپیرەم تازە سەرپێ دەکەوت، داپیرەم ئەوەی لەخۆ گرتبوو تا ئەو کاتەی خۆر نەبینێ نان نەخوا. هەرچەندە ئەم نەزرەی شتێکی گەورە و قورسیس نەبوو، بەڵام خۆ ئەو لە وەرزی باوبۆرانیش هەر هەمان سۆزی دابوو. پاشان باپیرەم گێڕایەوە جاری وا هەبوو بۆ یەک دوو ڕۆژ لە دوای یەک خۆر لە پشتی هەوران خۆی دەشاردەوە و بەدیار نەدەکەوت، لەگەڵ ئەوەشدا داپیرەم بە مشوورخۆرییەوە نانی بۆ خێزانەکەی ئامادە دەکرد و لەگەڵیان لەسەر خوان دادەنیشت، کەچی یەک پارووە نانیشی بۆ دەمی نەدەبرد. باپیرەشم ئەو قوربانییە درێژخایەنەی بە شتێکی سامناک دەبینی. هەر دەبێ ئەمەش یەکەمین ئەزمونی ئەو بووبێ.

ڕۆژێکیان دوای نیوەڕۆ دەچێتە پشت پەنجەرە و درووود و نزای خۆی دەخوێنێ، بەڵکو هەور بڕەوێتەوە و خۆر دەرکەوێتەوە. لە پڕیش تیشکی ڕۆژ دەرکەوێ، ئەویش بە تاسەوە بانگی دایکی دەکا. لێ تا ئەو کاتەی ئەو دێتە پشتی پەنجەرە، دیسان خۆرەکە دەکەوێتە پشت هەوران و ئاسمانیش دایدەبارێنێ. ئینجا بە خەندەوە بە ڕۆڵەکەی دەڵێ: "دیارە خوداش پێیخۆش نییە ئەمڕۆ نان بخۆم."

لەوانەیە لەو کۆمەڵگەی ئێستاماندا ئەو جۆرە نەزرلەخۆگرتنەی داپیرەم بۆ خۆکۆنترۆڵکردن شتێکی سەیروسەمەرە بێ.لێئەم شتە کاریگەریی تەواوی لەسەر باپیرەم بەجێهێشت. پاشان لە خەبات و تێکۆشانیدا بۆ مەبەستی سیاسی ڕۆژووی دوورودرێژی گرت، ئەمەش هەر بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک لە سەرتاسەری جیهان بۆ لای دۆزەکەی خۆی ڕابکێشی. ئەم ڕۆژووگرتنەشی بۆیە بۆ

مەیسەر بوو، چونکە ئەو هەر لە زووەوە لە منداڵی لەسەر ئەو شتە ڕاهاتبوو. ئەو کاتەش من لە کۆژینەکە دەژیام، ئەو هەموو ڕۆژێکی دووشەممانی بە ڕۆژی بێدەنگی دانابوو، زۆر جارانیش ڕۆژووی کورتمەودای لەخۆ دەگرت بۆ ئەوەی بتوانێ جڵەوی عەقل و ئارەزووەکانی خۆی بکا. هەموو ئەو نموونانەشی لە دایکییەوە وەرگرتبوو، ئەو کاتەی هێشتا هەر منداڵێکی بچووک بوو. ئەو هێزە سۆزدارییەی دایکی لە کاتی منداڵی نیشاندا بوو، ئەویش دواتر بۆ باندۆر خستنەسەر خەڵکی دیکە بەکاری هێنا.

ئێمە خۆشمان پەی بەوە نابەین ئاخۆ چۆن هەڵسوکەوتمان کاریگەریی بەسەر منداڵەکانمانەوە دەبێ. ئەوان هەست بە خۆشەویستیمان دەکەن هەروەک چۆن کاتەکانمان بە خۆشی پڕ دەکەنەوە و وامان لێ دەکەن ئاگامان لە خۆمان نەبێ، هەروەها ڕەفتاری ڕۆژانەشمان بۆ ئەوان دەبێتە وانە و پەند. خۆ ئەگەر تۆ منداڵت هەبی، ئەوا لە خۆت دەپرسی تۆ بڵێی چ بەشێکی نموونەی ژیانی خۆیان پێشکەش بکەن تا لە ژیانی منداڵەکانیان ڕەنگ بداتەوە؟ یان ئەگەر دایک و باوکێکت هەبێ (بەڵێ، خۆ هەمووشمان هەمانە!) ئینجا تۆ بڵێی کامە وانە و پەند هەیە ئەوەی لە دایبابت وەرگرتوە، ئێستا لە ژیانی خۆتدا دەتەوێ لێی قوتار بی؟ هەندێک جار بێ مەبەست ئەو ڕەفتارە توندوتیژییە و شەرمەزارییانە دووبارە دەکەینەوە، ئەوانەی لە منداڵیماندا بەسەرماندا هاتووە، ئەمەش شتێکی زیان بەخشە، دەبوایە بوەستابایە. دەکرێ هەوڵ و کۆششێکی وشیارانەی ناتوندوتیژیی داییاب بۆ ژیانی خۆمان بگوازینەوە و وەک دیاریش ببەخشینە منداڵەکانمان و باقی جیهان.

باپوجی و ژنەکەی پێنج کوڕیان هەبوو بە مانهیلالی باوکیشـــمەوە، کە دووەمین کوڕی بوو.

باوکم و برا گەنجەکانی بە ناوی داڤاداس و ڕامداس، تێکۆشــــان شــــوێنپێی باپوجی هەڵبگرنەوە و پەیڕەی لە هەســــتە خۆزاییەکانی چاکە و بەخشندانەی ئەو بکەن. هەرچی هارلیلالی کوڕە گەورەکەی بوو، هەر لە منداڵەییەوە کەسێکی چەتوون و لاسار بوو، هەرگیزلە کێشەوبێشەکانی خۆی دەربازی نەبوو. کاتێکیش گەورە و هەراش بوو، بووە کەســــێکی کاســــۆلیکی، کە ئالودەی مەیخواردنەوە بوو، زۆر جاریش بە دزی خەتابار کرا. باپیرەشــــم لەســــەر ئەوەی لە پەروەردەکردنی شــــکســــتی هێناوە خۆی خەتابار و ســــەرزەنشــــت دەکرد و دەیەویســــت دەســــتی بگرێ و کۆمەکی بکا، بەلام خۆ خۆتۆمەتبارکردن بۆ ڕەفتاری بەدفەســــاڵیی منداڵ (وەک ئەوەی باوکم لە پرســــی ترومبێلەکە لەگەڵ منی کرد) دادی نەدەدا، ئەگەر منداڵەکە خۆی لەباری نەبایە، گوێ بگرێ و نیازی خۆچاککردنی هەبێ. هاریلالیس ئەو نیازە خۆچاککردنەی نەبوو. باپیرەم پێی خۆش بوو ئەو کوڕەی بۆ بگەڕێتەوە و لە ماڵێ دەســــتی بەســــەر دابێنێ، بەلام کوڕەی لاســــار نەیدەویســــت بگەڕێتەوە باوەشــــی خێزانەکەی. ئەو چەند ســــاڵێک وەک ســــەرگەردان و لانەوازێک لەســــەر جادە و کۆلانان ژیانی بەســــەربرد، هەموو کردەوەیەکی باپیرەشــــمی دەبێزراند. دیار بوو ئەو ژیانی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو ئاخۆ چۆن چۆنی کەســــێتیی گاندی لەکەدار بکا و ناوبانگەکەی بنکۆڵ بکا.

جارێکیان هارلیلال لە شــــاری دلهی دەچێتە مزگەوتێک و لەوێ نمایشــــێکی گەورە دەکا بەوەی لە ئایینی هیندۆســــی هەڵگەڕاوەتەوە

و بووەتە موسڵمان. باوکیشم هەموو دینەکانی لا پەسەند بوون، بۆیە هەبوونی کوڕێکی موسڵمانی لا گرفت نەبوو و بە هیچ شێوەیەک ئازاری نەدەدا. لێ دەرکەوت کە هارلیلال هیچ باکی بە دین، بە هیچ دینێک نەبوو، بەڵکو ئەو شتەی هەر بۆ خاتری پارە کردبوو. ئەوکات لە کێشمەکێشم و گرژیی دین، هەندێک کەس پێیان وابو لە ڕێی کوڕەکەی دەتوانن باپوجی هەراسان بکەن و سەرئێشەی بۆ پەیدا بکەن: ئەوەی ڕاستیش بێ، هاریلالیش هەر کەسێک پارەی زیاتری دابا، خۆی پێ دەفرۆشت. دواتر باپوجی نووسی: "من دەبێ دانیپێدابنێم، ئەم شتە ئازاری دام. ئاخر ئەو لەو بڕوایەدا بوو دەبێ ئایین لە قووڵایی پاکیی دڵەوە هەڵبقوڵێ و بۆیە بەوە پەشۆکا بوو، کە ڕۆڵەکەی خۆی وا لاسار دەرچێ و هەرچی چاکە و ڕاستیی و پاکی هەیە پێشیل بکا.

خۆ هارلیلال هەر بە هەمان خۆشەویستی و دلۆڤانی و گیانی چاوساغانەی باپیرەم بۆ باوکم و برایەکانی دیکە پەروەردە کرا بوو. بۆیە قسەی لەسەر نییە لەو بارەیەوە لۆمەی باپیرەم ناکرێ، چونکە من باش ئەو لایەنە پەروەردەییەی باوکم و مامەکانم لێکداوەتەوە. من هیچ شتێک نابینم لەم بارەیە باپیرەم لە شکستهێنانی هارلیلالدا خەتابار بێ. کاتێکیش دایباب هەموو ئەوەی لەسەریانە بۆ منداڵەکانیان دەکەن و هێشتاش کێشە هەر بمێنێ، ئەوا ئەوان لۆمەی خۆیان دەکەن. هەندێ جار سروشت کەشێکی نەرێیانە دروست دەکا، هەرچەندە ئێمە تاسە و پەرۆشی پەروەردەیەکی پاک و بێگەردی منداڵەکانیشمان بین.

❖

بەڵێ، دەکرێ کارامەییەکی خۆڕسکانە شتێکی گرنگ بێ، بەڵام لێتێگەیشتنی قووڵ بۆ جیهان گرنگە. کاتێکیش باپوجی وانەی دەدایە منداڵانی وەک من لە کۆژینەکەدا، ئەوا ئامانجی ئەو گەیاندنی ئاوەز بوو نەوەک هەر پێ گوتنی ڕاستییەکان بە تەنها. ئەو لەو باوەڕەدا بوو باشترین خوێندن ئەوەیە لە سەروسەودا لەگەڵ هاموشۆ و هەست و سۆز یارمەتیت دەدا و فێریشت بکا چۆن جڤاتێکی هاوبەش لە بری جڤاتێکی ڕکابەر ڕۆبنێی. لەو ساڵە دوورودرێژانەی کە ئەو وانەی ئاوەزی پێداوم، چەند دەروونزان و مامۆستا هاتوونەتە سەر ئەو ڕایەی، بە هەمان شێوازی بیرکردنەوەی ئەودا بچن و ئێستا باس لە پێویستیی "هەست و سۆزی زیرەک" دەکەن.

جارێکیان باپوجی لە کتێبی پیرۆزی هیندییانە چیرۆکێکی بۆ گێڕامەوە، چیرۆکەکە لەبارەی پاشایەک بوو کە کوڕە تاقانەکەی خۆی ناردبووە جیهانی دەرەوەی خۆی تا فێر ببی. پاشان کوڕەکەی گەڕایەوە، دڵنیا بوو لەوەی هەموو شتێک دەزانێ و لە هەمووانیش ئاوەزدارترە. لێ باوکە پاشاکە ئەوەندە لێی خاترجەم نەبوو. "بۆیە لێی پرسی: "ئەرێ ڕۆڵە، فێربووی چۆن شتی نەزانراو بزانی و چۆنیش بچییە قووڵایی ئەو شتانەی خەڵک لێیان تێناگا تا لێیان تێبگەی؟"

کوڕەش وەڵامی دایەوە: "نەخێر، باوکە، شتی وا چۆن دەکرێ؟"

ئینجا باوکەکە داوای لە ڕۆڵەکەی کرد بچێتە ناندین و هەنجیرێکی بۆ بێنی، کاتێکیش کوڕە بەخۆی و دانە هەنجیرێک هاتەوە، پاشاکە هەنجیرەکەی کردە دوو لەت. هەردووکیان سەیری دەنکە

وردەکانی نێو هەنجیرەکەیان کرد. پاشـــــا لێی داوا کرد: "دەی دەنکێک بکە دوولەت و ئینجا پێم بڵێ چیت تێدا دۆزییەوە."

کوڕەش هەوڵی دا دەنکەکە بکـــاتە دوو لەت، بەڵام دەنکەکە ئەوەندە بچووک و لیچ بوو لەنێو پەنجەکانی هەڵدەخلیســــکا و دەکەوت . ئەوسا گوتی: دەنکە هەنجیری چی، کوا کێوە چوو؟ هیچ نییە."

پاشــاکەش ســەری بۆ لەقاند. "**ئەوەی تۆ پێتوایە هیچ نییە، دارێکی گەورە و بەبەری لێ دەردەچێ. ئەو "هیچە" تۆوی ژیــانە. هەر کاتێک فێربووی بزانی ئەو -هیچە- چییە، ئەوسا خوێندنەکەت کامڵ و تەواوعەیار دەبێ."**

❖

باپوجی تا بلێت پشوودرێژ و بە ئارام بوو، قەت تاکە چرکەیەکی بە فیڕۆنەدەدا، تا من و جیهانیش فێرە ئەو وانانە بکا کە پێویستن. ئەو لە ســاتەوەختی ئاژاوە و لاســاریدا هەڵنەدەچوو، بە هێورەیی دەمایەوە. ئەو دەیویســـــت لە ئەفســـــوونە گەورەترەکانی دیکەی جیهان بگا، **ئەو دەیزانی گەر هاتوو بچووکترین تۆوی هەنجیر لە خاکێکی گونجاودا بچێنرێ، ئەوا شتێکی مەزنی لێ دەردەچێ.**

**لەســەر ئێمە پێویستە دەرفەتی تێگەیشتن لە جیهاندا، لە دەست خۆمـان نەدەین و وێڵ و ســـەرگەردان بین بەدوای ڕاســـتییە مەزنەکاندا، ئەوانەی لەودیو هەمووشـــتێکەوە، دەیانبین و لێیان تێدەگەین.**

## وانەی هەشتەم

## خاکەڕایی هێزە

زۆر کەس لە کۆژینی سـیڤاگرامدا سـەردانی باپیرەمیان دەکرد. ڕۆژێکیان پیاوێکی گەنج گەیشـتە ئەوێ، تازە لە ئینگلیسـتانێ گەڕابووەوە و دکتۆرای لە ڕشـتەی ئابووری لە زانکۆی لەندەن هێنابووەوە. ئەو کوڕێکی زیرەک و بیرمەندێکی تەڕدەسـت بوو، بە دوای ئەوەدا دەگەڕا، بەڵکو ئابووری هیندسـتان بگۆڕێ. باوکی کوڕە لە ئەڕبابی پیشـەسـازکارە دێرینە ناودارەکانی وڵات بوو، باوک و دایکی کوڕە دۆسـتی باپیرەم بوون و زۆر ڕێزیان لێدەنا. ئەوان پێشـنیازیان بۆ کوڕەکەیان کردبوو، بەرلەوەی دەسـت بەکـاری خۆی بکـا، واچـاکە بچێتە لای بـاپوجی و پیرۆزیی لێ وەربگرێ و دەستێکی موتفەرکی بەسەریدا بێنێ.

بۆ ئەم مەرامە شیرمان گەیشتە کۆژینی سیڤاگرام. نزیکەی نیو سـەعـات خۆی لەبەردەم بـاپوجیدا بەوە هەڵدەکێشـا، گوایە دەسـتکەوتی زۆری بەدیهێنـاوە، ئەوەی ڕوون دەکردەوە چۆن دەیەوێ ئـابووریی وڵات وەربچەرخێنی. بـاپوجیش زۆر بە ئارامییەوە گوێ لێگرت.

ئینجا شـیرمان گوتی: "دەی تکایە ئێسـتاش پیرۆزیی خۆتم پێبدە تا بتوانم بچمە سەر کار و قۆڵی لێ هەڵبماڵم."

باپوجیش بەرسڤی دایەوە:

- "ڕاستە، تۆ پێویستە پیرۆزیی من بە دەستبهێنی."
+ "باشە دەتەوێ بۆ ئەو شایستەبوونە چی بکەم؟"
- "وەرە ڕیزی ئێمە و ئاودەستەکانی کۆژینەکە پاک بکەوە."
+ شیرمان تووڕە بوو. "ئاخر، من دکتۆرام لە ڕشتەی ئابووری لە زانکۆی لەندەن هێناوەتەوە، تۆش دەتەوێ کاتی خۆم بە پاککردنەوەی ئاودەستەوە بە فیڕۆ بدەم."
- باپوجیش بە لەسەرخۆیی پێی گوتەوە: "بەڵێ، ئەگەر پیرۆزیی منت بوێ، پێویستە وا بکەی."

شیرمان بە شێوەیەک کە باوەڕی بەوە نەدەکرد ژوورەکەی باپیرەی جێبهێڵێ. ئەو بۆ شەو و بەیانییەکەی لە کۆژینەکە مایەوە و بە نابەدڵی لەگەڵ ئێمەدا بە سەتڵ ئاودەستەکانی پاک کردەوە. ئینجا خۆی تەکاند و خۆی پاک کردەوە و خێرا بەرەو لای باپوجی ڕۆیشت و پێی گوت: "ئەوەی داوات لێکردم، کردم. دەی فەرموو پیرۆزیی خۆتم پێ ببەخشە."

باپیرەش بە خەندەوە پێی گوت: "هەروا بە پەلەپەل نابێ. تۆ ئەوکاتە پیرۆزیی من وەردەگری، کە قەناعەتم هاتبێ تۆ بە جۆشەوە وەک ئەوەی چۆن دەتەوێ ئابووریی وڵات بگۆڕی، ئاوەهاش ئاودەستەکان پاک بکەیتەوە."

خۆی باپوجی پیاوێکی سەرسەخت نەبوو؛ مەبەستی دروستکردنی گرفت و کۆسپ نەبوو، بەڵام بینی شیرمان خۆی زۆر بە گرنگ دەزانی، بۆیە ویستی هەڵسوکەوتەکەی وا لێبکا، هەر بە ڕاستی بتوانێ بە ئاسانی گۆڕانکارییەکان بەدی بێنێ. خۆ ئەگەر منمنایەتییەکی (ئیگۆیەکی) بەرزت هەبێ، ئەوا کاتی سەختت لە پێشدا دەبێ تا ڕێز و هاوسۆزی بۆ خەڵکی دیکە دەرببڕی،

هەروەها بە ئاسـانیش جیاوازییەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەپەژرێنی. خۆ ئەگەر ئێمە هەر خۆمـان پێ ڕاسـت بێ، ئەوا بیربۆچوونی ئەوانی دیکەمان پێ قبوڵ ناکرێ. باپیرەم دەیەویست یارمەتی هەژاران بدا، وەهای هەسـت دەکرد بۆ ئەوەی هەر بە ڕاستی لە پێویستییەکان تێبگەی، پێویستی بەوە بوو وەک ئەوان بژی. هەر بۆیە ژیان لە کۆژینەکەدا سادە و ساکار بوو هەروەک ژیانی سـادەیی هەرە هەژارەکانی وڵات. بە هەمان شـێوە لە سـەرتاسـەری هیندسـتاندا، ئەندامانی چینی خوارەوەی کۆمەڵ، ئەوەی پێیان دەگوترا "هیندییە گڵاوەکان"، کاری پیسـوپۆخڵیان پێ دەکرا، کـاری وەک خـاوێنکردنەوەی ئـاودەسـت و هەڵگرتن و گواسـتنەوەی پیسـایی و پاشـەڕۆ. باپوجیش هەسـتیکرد ئەگەر شیرمان بیەوێ ئابووریی وڵات بگۆڕێ بەو شێوەیەی کە یارمەتی هەمووان بدا، ئەوا پێویستی بەوە هەیە لە ژیانیان تێبگا.

تەنانەت کاتێ باپوجی لە نێوەڕاسـتی دانوسـتانی گۆڕانکاریی جیهانی سـەبارەت بە ئایندەی هیندسـتاندا بوو، هەر بە خاکەڕایی مـایەوە. ئەو خـاکیبوونی وەک هێمـایەکی زەبوونی و ملکەچی نەدەزانی، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە. ئەو دەیبینی لووتبەرزی زیان و ناتەواوی دابەشـکاریی بە دواوەیە. خۆ ئەگەر ئێمە وەها بیر بکەینەوە، گوایە لە ئەوانی دیکە بـاشـترین، ئەوا ئەمە بۆ توورەیی و تونـدوتیژی و نـابینـایی لە بەرانبەر ئەو ڕاسـتییە سـەردەکێشـێ، کە ئێمە هەموومان بە یەکەوە بەندین. ئەگەر ئێمە خاکەڕا نەبین، ئەوا بە چاوێکی سـووک سـەیری خەڵکی تێکۆشـەر دەکەین؛ بەسـەری لووت سەیری ئاوارە و پەنابەران دەکەین، ئاخر لەوە تێناگەین ڕۆژێک دێ ئێمەش هیچمان نامێنێ؛ ئێمە ئەوە لە بیر

دەکەین، کەوا باشتر نین لەوانەی بە هۆی شەڕوشۆڕ و بە هۆی پاشاگەردانی و ئاژاوە، بە ناچاری لە ولاتەکەی خۆیان هەلاتوون. ئێستاش لە نێو ئەو هەموو ئەو ململانێ زۆرەی نێوان ڕەگەز و چین و دین و پێگە سیاسییە جۆربەجۆرەکان (کە لە زیادبوونیشدان)، ئەوا بۆ هەموومان باشترە و سوودیش لەوە دایە لەسەر پێداگیرییە خاکەڕاییەکەی باپوجی بوەستین.

هەندێک هەوڵ دەدەن ئەوە نیشان بدەن، کە خاکیبوون و مرۆڤدۆستی، بەو پێشنیازە بەدی دێ کە ئێمە پێویستمان بەوەیە "لێبووردەیی" فێری یەکدی بکەین. لێ من پێمواپە ئێمە بە ئاراستەیەکی هەڵە بۆ کێشەکە دەچین. ئەدی ئەوە لوتکەی لووتبەرزی نییە، نەتوانی "لێبوردەیت" بۆ کەسێکی دیکە هەبێ؟ وشەکە لەبنەوە واتای ئەوە دەگەیەنێ، خۆت لە ئەوانی دیکە پێ شایستەتر ببینی، لێ ئەرکی ئەوە دەکێشی دۆخەکە بپەژرێنی. وای بۆ دەچم باپوجی بیگوتبا کە لێبووردەیی بە تەنها بەس نییە؛ ئاخر بە یەکدی نامۆترمان دەکا. ئەوەش ناکرێ خۆمان لە بەرپرسیارێتی ئەوە بشارینەوە، کەسانێکی دیکە، کە بە تەواوی پاشخانیان لە ئێمە جیاوازە، وەک هی خۆمان تێبگەین و ئەوەندەش خاکەڕابین تا لە جیاوازییەکان تێبگەین و پەسندیان بکەین.

زۆر لە هاوولاتییانی ئەمریکا لە هەڵبژاردنی ٢٠١٦دا، لەو دەربڕینە سامناک و ژەهرڕێژ و ڕق و قینەی یەکێ لە بەربژێری پارتیی سەرەکی هێدمەگرتی بوون. ئاخر سەرتاپای خۆپەسنینی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی لەسەر بە کەمگرتنی خەڵک بوو، هەوڵی دەدا قەناعەت بە لایەنگرانی بکا ئەگەر هاتو دایانە پاڵ ئەو، ئەوا دەکرێ خۆیان زۆر لە "ئەوانی دیکە" باشتر بن. ئەو ڕەفتارە

ستەمکارییانەی ئەو وای لە خەڵکی کرد، دیکتاتۆرە پێشترەکانی سەرتاپای جیهانیان بیر بکەوێتەوە، ئەوانەی هیچ چارەسەرێکی ڕاستەقینەیان بۆ گەلانی خۆیان پێنەبوو، کەچی لە نووسینگەکانی خۆیان هەر گوێیان لە دەنگ و سەدای لووتبەرزانەی خۆیان دەبووەوە. خۆی ئەمەش هەواڵێکی نوێ نییە، ئاخر مێژووی جیهان پڕیەتی لەو کەسە کەڵەگا و زیانبەخش و تێکدەرانە. باپوجیش دەیزانی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ زۆر لەوانە بکا. ئەو دەیزانی ئەوانەی پڕ بە دەنگیان هاوار دەکەن، زۆر جاران هیچی وەهایان بۆ گوتن پێ نییە. ئەو جارێکیان بە بزەیەکەوە پێی گوتم: "دەهۆڵە ناوبۆشەکان، وەک هەورن دەنگیان گەورەیە." ئەوانەی خاوەن بیرۆکەن و چارەسەریان پێیە و سەرڕاستن، پێویستیان بە دەهوڵ و زوڕنا نییە، تا گوێیان لێبگیرێ.

لەو کاتەی من لە کۆژینی سیڤاگرام بووم، باپوجی بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی هیندستان لە دەستی بریتانیا لە گەرمەی خەبات و تێکۆشانێکی گیانفیدایدا بوو. ئەو لە دژی دابەشکردنی هیندستان بوو، ئەو دژی سازشکردن بوو بۆ دابەشکردنی وڵات بە جیاکردنەوەی پاکستان وەک وڵاتێکی سەربەخۆی موسڵمانان. ئاخر ئەو دەیزانیماڵباتی ئەو موسڵمان و هیندۆسانەی لەمێژبوو بەیەکەوە دەژیان، بنکۆڵ دەکرێ و لە ڕەگوڕیشەوە هەڵدەکەنرێ و زەبروزەنگ و توندوتیژی زۆری لێ دەکەوێتەوە. ئەو بە دوای مافی هاوبەشیی ژن و پیاوانی چینە ڕەشوڕووتەکەی هیندیدا دەگەڕا، ئەوانەی دەکرانە دەرەوەی بازنەی شارەکان و بە زۆریش لە کۆڵیتەکانی لاپەڕگەی شار یان گوندەکان دەژیان و ڕێگەی قوتابخانە و پەرستگەشیان پێ

نەدەدرا. زۆر لە سەرکردە سیاسییەکان پێیان دەگوت، جەنگان بۆ مافی یەکسان لە ڕێلادانی خەباتە، خۆ دەکرێ کاتێ هیندستان سەربەخۆ بێ، ئەوسا لایی لەم پرسە بکرێتەوە. باپوجیش لەسەر ئەوە مکوڕ بوو، کە ئازادی بۆ هەمووان شتێکە نابێ دوابخرێ. بەو هەستە قووڵە خاکەڕاییەی ئەو، هەر جۆرە جیاکارییەک (دیسکریمینێیشن) لێدانە لە دۆستایەتیی مرۆڤایەتیمان.

هەر کاتێک سەیری کلتورێکی جیاواز بکەین و ببینین کە چەوساندنەوە هەیە، دەستبەجێ پەی بەوە دەبەین، ڕژێمەکە چەند هەڵەیە. زۆر جار ئەو ئەمریکییانەی دەیانبینم و گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەم، بە سەیری لە بیرۆکەی چینی هیندییە ڕەشوڕووتەکان دەڕوانن و سەری بۆ بادەدەن. باشە تۆ بڵێی بۆچی چینی باڵادەستی هیندی هەست بەوە بکەن، کە کەسانی چینی هیندییە ڕەشوڕووتەکان بێن و لە هەمان بیرە بچووکەکەی ئاودا سەتڵە ئاوی خۆیان هەڵبهێنجن؟ منیش بە هێمنییەوە ئەو تابلۆیانەیان بیردەهێنمەوە، ئەوانەی لە سەرتاپای ئەمریکا و سالانێکی دوورودرێژ بوو لە شوێنە گشتییەکان، لە گەرماوەکان، لای فوارە ئاوەکان و لە مەلەوانگەکان هەڵواسرابوون، لە سەریشیان نووسرابوو "تەنها بۆ سپیپێستەکان". لێ ئەوە پرسیارێکی بەجێیە: ئەرێ بە ڕاست، دەراوی ئەو نیگەرانییە لەکوێوە دێ؟ لەوانەیە لە هەستی لووتبەرزیی خۆمانەوە بێ، ئاخر هەر ئەو لووتبەرزییە پێمان دەڵێ، ئێوە لە ئەوانی دیکە باشترن، یاخود لەبەر ئەو هەستە شاراوەی ناخمانە، کە هەر بە ڕاستییش لە ئەوانی دی **باشتر** نین و کەچی لووتبەرزی و منمۆکییە خۆپەسەندی و بەرژەوەندییە بەرتەسکەکەمان پێ لەسەر خۆ بەگرنگزانینەکەمان دابگرێ.

- باپیرەم لەوە گەیشــتبوو، ژیان و چارەنووســی ئێمە تێکچڕژاوە و پێویستمان بە خاکەڕایی هەیە تا ڕاستیی سەربەخۆیی خۆمان بزانین. ڕۆژێکیان ئەو وانەی ژیانی نیشــان دام، ئەو کاتەی داوای لـێـکـردم خەڕەکەکەی چـنـیـن ببەمە ژوورەوە. مـنـیـش خەڕەکەکەم هێنا و لە تەکی دانیشــتم، هەردووکمان دوو بە دوو بووین، بەوە دڵخۆش بووم کە ئەمە هەم تژی دەبێ لە دەرس و عیبرەت، هەم چنینەکەش دەکەم. کەچی لەبری هەڵوێزنینەوەی سەرەداوە بەنەکان، داوای لێکردم خەڕەکەکە سەرلەبەر لە باریەک هەڵوەشـینم. منیش سـەرم سـوڕما، بەڵام بە گوێم کرد، ئەوە بوو ئامێرەکەم لە باریەک هەڵوەشـاند و پارچەکانم بە ڕیز لە تەنیشـت یەک دانا. خۆی دەبووایە بمزانیایە، ئەو ماســتە مووێکی تێدایە. ئێستاش داوای لێکردم بەڵکو لۆکەکە بڕێسم و بیانکەمە داو.

- "ئـاخر چۆن ئەو کـارە بکەم؟ ئەدی ئەوە نییە ئـامێرەکە لە باریەک هەڵوەشاوە."

- "زۆر باشە. دەی چاکی بکەوە؟"

- مـنـیـش نەخـتـێ بە داوایەکە قەڵـس بـووم و بە کــات بەفیڕۆدانم زانێ، لێ وردە وردە پـارچەکـانی ئـامێرەکەم لەیەک دایەوە و خەڕەکەکەم ئـامـادە کردەوە. کـاتێ خەریـک بوو لێی دەبوومەوە، دەســتی هێنا و ســپرینگێکی بچکۆلەی برد، ئەوەی خەڕەکەکەی بە خولخلۆکە دەبەستەوە. سپرینگەکەی بە دەستەوە گرت، دیار بوو تەمای وانەبوو بیداتەوە دەســت من تا ئامێرەکەی پێ تەواو بکەم.

- منیش پێمگوت:

- "خۆ ناتوانم بەبێ ئەو سپرینگە ئامێرەکە لەیەک ببەستمەوە."

- "باشـــە بۆچی نا؟ ئەم پارچە بچووکە خۆی چییە و قیمەتی چییە؟ "

- بەڵێ وایە، بەڵام بەم پارچۆکە، خەڕەکەکە دەســـورِێ و کاردەکا."

- "ئاها، ئای چەند بچکۆلەیە، تۆ بلێیت بەبێ ئەو شتە بچووکە، خەڕەکەکە کار نەکات؟" "بە دلنیاییەوە دەتوانی خەڕەکەکە بەبێ ئەو پارچە بچکۆلانەیە بخەیتە گەر."چاوێکی هەر لەســەر ســپرینگەکەی ناو دەســـــتیدابوو و ئەوجا گوتی:" دەی، بەبێ ئەو ســـــپرینگۆکە، خەڕەکەت بادە."

- منیش بە پێداگیرییەوە گوتم: "نەخێر، ناتوانم."

- دەق وایە." ئەوە بوو باپیرەم بە تۆنی دەنگێکی دڵخۆشکەر، هاتە وەڵام، وەک ئەوەی بیەوێ نهێنی ئەم کارەم لە مســـت نێ: "هەموو بەشـــێک گرنگە و گرێدراوی بەشـــەکانی دیکەیە. تەنانەت پارچە ســـپرینگێکی بچکۆلانەش پێویســـتە تا خەڕەکەکە بە تەواوی بکەوێتە گەڕ و کاری خۆی بکا. کەواتە هەموو تاکێک، بەشـــێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگەیەکی لەخۆی گەورەترە. ناکرێ دەســـتبەرداری هیچێکیان بیت یان هیچیان بێ بایەخ دابنرێ. ئێمە بە یەکانگیری کار دەکەین."

**هەموو بەشێک گرنگە و گرێدراوی بەشەکانی دیکەیە. تەنانەت پارچە سپرینگێکی بچکۆلانەش پێویستە تا خەڕەکەکە بە تەواوی بکەوێتە گەڕ و کاری خۆی بکا. کەواتە هەموو تاکێک بەشـــێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگەیەکی لەخۆی گەورەترە. ناکرێ دەستبەرداری هیچێکیان بیت یان هیچیان بێ بایەخ دابنرێ. ئێمە بە یەکانگیری کار دەکەین.**

لە ئامێری دەزگای ژیاندا، پێویستمان بە هەموو بەشێکی هەیە بۆ ئەوەی خەرەکی دەزگاکە بە ئاسانی خول بخوا. دەکرێ وانەکانی باپوجی تەنانەت بۆ سەرکەوتنی کاروبار (بیزنس)یش کلیل بن. لە هاوکاریی مەزندا، سەرکردە بەهێزەکان تێدەگەین لەوەی ئەوان هەر بەقەد ئەو خەڵکەی لەگەڵیاندا هاوکارن، باشن. خۆ ئەگەر بایی ئەوەندە خاکەڕابن تا بە شێوەیەکی ڕێزلێگیراوانە لەگەڵ خەڵک و لە هەموو ئاستێکدا بجووڵێنەوە و پێزانینیشیان بۆ شایستەبوونی هەر تاکێک هەبێ، بەم جۆرە هاوکارییەکەیان زیاتر و زیاتر پێشدەکەون و بەردەگرن. لەم دواییانەدا زنجیرە کۆمپانیای وۆلمارت (Walmart) بڕیاریان دا لەڕێی بەرزکردنەوەی کرێ و مزی سەرجەم کرێکارەکانیان بەم ڕێچکەیەدا بڕۆن. بە پێی ئەوەی کۆمپانیای وۆلمارت بە بەراورد لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکەدا، زۆرترین کرێکار و کارمەندی هەبوو، بۆیە ئەم هەنگاوەیان بە زۆر لەسەریان کەوت. دەکرا لە ماوەیەکی کورتمەودادا کۆمپانیا پارەیەکی زۆر زەرەرمەند بێ، بەڵام کۆمپانیاکە گرەوی لەسەر ئەوە کرد، کە کرێکار و کارمەندەکانی زیاتر خۆیان ماندوو دەکەن و بۆ کڕیارەکانیشیان دڵسۆزتر دەبن، ئاکامەکان یەکجار دڵخۆشکەر دەبن، بازاڕی دوکان و کۆگاکان گەرمتر دەبێ و کڕیاریش ڕازیتر و دڵنەواتر دەبن.

دیار بوو باپوجیش باکی بە هەڵکشان و داکشانی نرخی کاڵاکانی لای وۆلمارت نەبوو، بەڵام بەوە دڵخۆش بوو کە پرسی بیردۆزە ئابوورییەکان هاوتەریب و هاوشان بوون لەگەڵ ڕۆحە مرۆڤدۆستییەکەی خۆی. ئاخر ئەو کەسەی بە ڕەفەکانی دوکان و کۆگایەکی کۆمپانیاکە بەستراوەتەوە، وەک ئەو پارچە سپرینگەی

ئـامێری خەڕەکەکە وایە: چونکە کۆی شـــتەکە بەبێ پێکهێنەرە بچووکەکە کاری خۆی ناکا. ڕەفتارباشـی لەگەڵ بەشـە بچووکەکە وا دەکا سـەرتاپای کارەکە سـەرکەوتووتر بێ. ئەو بەڕێوبەرە جێبەجێکارەی بە شـێوەیەکی خاکەڕاییانە لە بایەخی هەر کرێکار و کارمەندێک بڕوانێ، زۆر باشتر و سەرکەوتووتر دەبێ لەو کەسەی بە هزرێکی خۆ بە گەورەزان لە پشـت دەرگـا داخراوەکـانی نووسینگەکەی بڕیار دەربکا.

ئێمە لەسـەر ئاسـتێکی گەورەتردا دەکەوینە هەڵەی قەبە قەبەوە کاتێک کەسـانێکی زۆر فەرامۆش دەکەین، گوایە ئەو کەسـانە وەک ئێمە گرنگ و بایەخدار نین. تەنانەت بەر لە کارەسـاتی ١١ی ئەیلولیش، جیهان بەوە سـامگرتی بوو، کە گەنجێکی موسـڵمان دەبێتە بۆمبێکی خۆکوژ. بێ هیچ بایەخ و ڕێزگرتنی یان بایەخ و ڕێگرتنی ژیانی ئەوان، ئەوان ئامادەن بۆ ئەوەی سـەری خۆیان لە پێناو پرسێکی گەورەتر (هەرچەندە لە مەدا شاشیشن دابنێن). زۆر لە ئێمە بەو ڕەفتارەیـان سـامگرتی دەبن، ئـاخر دیـارە ئەم هەڵسـوکەوتە بە بەها و بایەخی ژیان لای ئێمە نامۆیە. لێ ئەوەش دەکرێ گەنجێکی موسـڵمان پەیامێکی وەهای بۆ بێ، کەوا ژیانی ئەو لە بەرانبەر کۆمەڵگەیەکی گەورەتر نرخێکی وەهای نییە، ئاخر کەس گوێیان پێنادا و لێیان دەگەڕێ هەروا بێهوودە و هیوابڕاو لە شـوێنی خۆیان بچەقن. خۆی ئەمەش دەربەسـت و پاکانەیەک نییە بۆ کارە سـامناکەکەیان، بەڵام وەبیرهێنانەوەیەکە بۆ خەڵک، بەوەی ئەو کەسـانەی لەسـەر بنەمـای بێ بایەخی بەلاوە دەنرێن و فەرامۆش دەکرێن، دەکرێ ڕێگەیەکی دژوار بۆ سـەلمـانـدنی شـایستەبوونی خۆیان بدۆزنەوە. خۆ ئەگەر ڕێگەی بەشـداربوونی

کــاری خەڕەکیــان پێنەدرێ، دەکرێ تێکی بــدەن. ڕووداوی توندوتیژی تەقەکردن لە هەندێ گەڕەکی دواکەوتووی ئەمریکا لە بناوانی شتەکەدا هاوشێوەن. کاتێک ئێمە هەندێ گرووپی ڕەگەزی یان دینی بەلاوە دەنێین و پەراوێزیان دەخەین یان بە چاوێکی سووک تەماشایان دەکەین، بەم ڕەفتارە فێریان دەکەین، کە تاکە دەرەتانیان پەنا بردنە بۆ توندوتیژی.

زۆر جاران لە ڕۆژگاری باپوجی و ئێمەشدا، گەورەترین کارەساتی مرۆڤایەتی لە کورتهێنی خاکەڕایی و نایەکسانیی قەبە و ناقۆلاوە سەرچاوە دەگرێ. سەرکردە لووتبەرزەکان و ئەوانەی منمنۆکایەتی پاڵیان پێوەدەنێ تا دەسەڵاتیان فراوان بکەن و ئەوانی دیکەش بخەنە ژێر جڵەوی دەسەڵاتی خۆیانەوە، هۆکاری شەڕ و ئاژاوەن. تیرۆریزم لە لایەن ئەو جۆرە کەسانەوە دەکرێ، ئەوانەی هەست دەکەن پشتگوێ خراون و بەلاوە نراون. لە دوای ئەو شەپۆلە تەقەکردنەی پۆلیس لە ڕەشپێستەکان لە وڵاتی ئەمریکا، جووڵانەوەیەک بە ناوی پرسی ژیانی ڕەشپێست بەرپا بوو، هەر ناوەکە خۆیشی دەربڕە. ئاخر خەڵک دەیانەوێ بزانن ئەوانیش هەن و گرنگن. دووبارە و چەند بارە ئێمە ئەوە فەرامۆش دەکەین یان ڕەتی دەکەینەوە کە ژن، لانەواز، موسڵمان، هیندۆس، سوننی، شیعی، جوو، کریستیان، ئاوارە و پەنابەر، هەر هەموویان شت بن و بایەخی خۆیان هەیە. لەسەر ئێمە پێویستە ئەوە بوەستێنین وەک منداڵێکی نێو گۆڕەپانی یاری بجووڵێینەوە کاتێک خۆی دەپەسنێ و دەڵێ "من لە تۆ باشترم!" پێویستە پەی بەوە ببەین ئەو ڕێڕەوە چەند گەوجانە و منداڵکارانەیە. باپووجی سوور بوو لەسەر ئەوەی هەرگیز بەوە قایل نەبێ، کە زۆرینەی خەڵکی هەیانبێ و لەوپەڕی

خۆشـــگوزەرانیدا بژین. لەســـەر ئێمە پێویســـتە بۆ ***هەمووان تێبکۆشین***، تا هەر هەموویان لە پەرەسەندنەکە سوودمەند بن.

باپیرەم هەر لە ســـەرەتای ژیانی خۆیدا بیری لە خاکیبوون کردبووەوە. بە منداڵی لەوە تێنەدەگەیشـــت ئاخۆ بۆچی بۆی نییە لەگەڵ کوڕی ئەو کەســـەی زبڵ و خاشـــاکی بەردەمی ماڵانی لادەبرد، یاری بکا. (لەبەر کاری کابرا تەواوی ماڵباتەکەی"گڵاو" بووبوون.) کـاتێکش هەراش بوو، بینی چۆن هێزی کۆلۆنیـالی بریتانی خەڵکی هیندســـتان دەچەوســـێنێتەوە، لە کۆتاییشـــدا لە باشـــووری ئەفریقا ڕووبەڕووی جیاکردنەوە ناقۆڵاییەکەی سپیپێستەکان لە دژی ڕەشپێستەکان بووەوە. ئەو لەوە تێگەیشت کە جیاکاری لەو کاتەدا ڕوودەدا، ئەو کاتەی خەڵکێک خۆیان وەها دادەنێن گوایە لە ئەوانی دیکە باشترن، ئیدی بە شێوەیەکی شایستە لەگەڵیـان نـاجووڵێنەوە. ئەو لەو بڕوایەدا بوو دژەژەهری ئەو جیاکردنەوە بڕێکی زۆری خاکیبوونە.

لە هەوڵ و تێکۆشـــانی بەرایی خۆی بۆ ئەوەی هیندییەکان لە باشـــووری ئەفریقا ڕەفتاری باشـــتریان لەگەڵدا بکرێ، ئەوە بوو باپوجی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کاربەدەســـتێکی میری ســـازدا، ئەوەی بەرپرســـی هەڵســـوکەوت کردن بوو لەگەڵ هیندییەکانی باشووری ئەفریقا. لە کۆبوونەوەکەدا باپوجی بە کاربەدەستەکەی گوت؛ هیندییەکان بۆ باشـووری ئەفریقا کێشـە نین وەک وەهایان لێ دەڕوانن؛ بەڵکو ئەوان کەســـانی نـاســـک و ئیشـــکەرن و ماندوونەناســـانە و پشـــکدارییەکی زۆری بنیاتنانی کۆمەڵگەکەیان کردووە. کاربەدەستەکەش باگۆی دابووەوە، لەم بابەتە هاوڕایە و لە پشتی باپوجییەوەیە. لێ کاربەدەستەکە ئەوەشی بۆ قسەکانی

زیادکرد، کە باپوجی پێویســـتی بەوە هەیە لەوە تێبگا، جیاکاریی ڕاســـتەقینە بنەمای جیاوازتری هەیە. ئەو گوتی: "خۆی ترســـی ئەوروپییەکان لە بەدڕەفتارییەکانی هیندییەکانەوە نییە، بەڵکو لە ڕەفتارە چاک و باشەکانیانەوەیە."

ئەمەش وانەیەکی گرنــگ بوو. ئــاخر کــاتێـک ئێمە خەڵکی دەچەوسێنینەوە و مافەکانیان ناسەلمێنین - ئەوسا ژن و کەمایەتی بن یان کۆچبەران بن - ئەوا ئێمە ئەوە هەڵدەبژێرین کە بایەخیان نەبینین. کــاتێـک ئەوان بە نزم دادەنێین، وا لە خۆمــان دەکەین هەست بە بەهێزتربوون بکەین. لێ ئەمەیان هەستێکی چەواشەیە. خۆ ئەگەر هەست بە متمانەداریی خۆمان بکەین، ئەوا پێزانینمان بۆ بەهرە و توانستی ئەوانی دیکەش دەبێ و هانیان دەدەین درێژە بە ڕەوشـــی ژیانی خۆیان بدەن کاتێ لە بەرزیدا دەبن، هەروەها کاتێکیش نزم دەبنەوە دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەکەین.

باپوجی تۆوی خاکەڕایی چاند و هێزوگوڕی ڕاســـتەقینەی خۆی لە ڕێی کاری خۆبەخشانە لە نەخۆشخانەی هەژارانی (دوربان) لە باشـــووری ئەفریقا تەرخان کرد. بە کاری برینپێچی و مشـــوور خواردنی نەخۆش، یـارمەتی کەســـانێکی دا، کە لەوانە بوو بە پێچەوانەوە باریان دژوار کەوتبایەوە. کاتێکیش زۆری پێ نەچوو دوای ئەمە (شـــەڕی بور) هەڵگیرســـا، بـاپوجی ئەوەی لە نەخۆشـــخـانەکە فێری بووبوو بۆ ڕێکخســـتنی دەســـتەیەکی فریاگوزاری خســـتەکار. ئەو زیاتر لە هەزار هیندیی خۆبەخشـــی کۆکردەوە، زۆریشـــان کرێکاری بێکار بوون، هەر زوو ڕاهێنانیان لەسەر مشوورخواردنی برینداران پێکرا. هەینێ ئەو خاکە سەخت و بەردینەی زۆر لە شـــەڕەکانی تێدا کران بۆ هاتوچۆی ترومبێلان

سـەخت و نەکردە بوو، باپوجی و کارمەندە خۆبەخشـەکان بریندارەکانیان لەسەر دارەباز دادەنا و لە مەیدانی شەڕەوە بەرەو نەخۆشخانەکان دەگوازرانەوە. زۆر جار زیاتر بە قرچەی گەرما لە ٣٢ کیلۆمەتر پتر بە پێ دەڕۆیشـتن. کاتێکیش جەنگەکە کۆتایی پێهات، لەبەر ئازایەتییەکەیان خەڵات کران، بریتانیاش میدالیایەکی بە باپیرەم بەخشی.

باپوجی بەو دڕندایەتییەی شەڕەکە دنەی دەدا، سامگرتی بوو. لە سەرەتای شەڕی ئەنگلۆ-زولوودا، بە چاوی خۆی کوشتارگەی بریتانییەکانی دژی زولووەکان بینی، ئەوانەی لە ژمارەدا لە خۆیان پتر بوون. پاشـان لەو بارەیە وەهای گوت: "وەک ئەوە وابوو بە دوای خەڵات و بەراتدا بگەڕێن." سەربازە بریتانییە چەکدارەکان بەسەر پشتی ئەسپەکانیانەوە بوون پەلاماری هەر جەنگاوەرێکی خۆجێییان دەدا، ئەوانەی لە ڕێگەوبان بە تیروکەوان یان بە بەرد و دار تووشـیان دەهاتن. باپیرە لە ملهوڕیی بێباکیی هێز سـامگرتی بوو، ئاخر چۆن ئەو شـتە ئەو خەڵکە خراپەی هێناوەتە پێش. کاتێکیش چاوسـاغی بۆ دەسـتەی فریاگوزاریی لە هەردوو جەنگەکەدا دەکرد، لەگەڵ هەموو کەسـێک بە یەکسـانی دەجووڵایەوە، هەروەک چۆن مشـووری بریندرانی بریتانی دەخوارد، بە هەمان شێوەش بریندارانی زولو، سوور بوو لەسەر ئەوەی بە ڕێزەوە ڕەفتار لەگەڵ هەموو لایەکدا بکا.

ئەزموونی باپوجی لە جەنگەکاندا هێنایە سـەر ئەو بڕوایە، کۆمەڵگاکان گەورەترین هەڵە دەکەن، کاتێک کلتووری توندوتیژی وەک ئامرازێکی دەستبەسەرداگرتن و خۆسەپاندن دەبینن. ئاخر خۆ سامانی ڕاستەقینە لە پارە و خۆسەپاندنەوە نایەت، بەڵکو لەو

پێزانینەوە دێ، کە هەموو خەڵک شکۆ و شایستەیی خۆی هەبێ.

باپوجی پێی گوتم: "**چاکەی تاک لە چاکەی هەموانەوەیە.**"

هەروەها ئەو باش لەوەش گەیشتبوو، کە ئەو توندوتیژییەی لە جیهاندا هەیە لێکەوتەی ئەوەیە، کە بە حەوت گوناهەکەی کۆمەڵگە ناودەبرێ:

***سامان بەبێ کارکردن.***

***خۆشی بەبێ ویژدان.***

***بازرگانی بەبێ ڕەوشت.***

***زانست بەبێ مرۆڤایەتی.***

***زانین بەبێ کەسایەتی.***

***دین بەبێ قوربانی (نەوەک قوربانی بە ئاژەڵ بەڵکو بە سامان).***

***سیاسەتیش بەبێ سەرەتا (پرنسیپ).***

لەم دواییانەدا منیش ئەمەم بۆ زیاد کرد:

***ماف بەبێ بەرپرسیارێتی.***

هەر کاتێک ئێمە لەوە تێگەیشتین کە هەر ژیانێک، ژیانی هەر کەسێک دەیهێنی، ئەوسا دەتوانین ئەو شتە بۆ داهێنانی ئەو گۆڕانکارییە بەکاربهێنین تا هەموان لێی سوودمەند بن. پەروەردەکارێکی هیندی بە ناوی بەنکەر ڕۆی، کە من زۆر پێیەوە سەرسامم، لە باشترین قوتابخانەکانی هیندی خوێندوویەتی و بۆ سێ ساڵیش پاڵەوانی تۆپی سەرمێز بووە. ئەو ڕایگەیاندبوو: "سەرتاپای جیهان بۆ من سازوئامادە بوو. هەموو شتێک لەبەر پێمدا بوو." لێ لە بری ئەوەی ئەو خوێندنە گرانبەها و گوڵبژێرەی بۆ ئەوە بەکاربێنێ ببێتە دکتۆر یان دیپلۆمات، هەروەک دایک و

باوکی دەیانەویســـت، کەچی بڕیاری دا لە گوندێکی هەژارنشـــیندا بژی و بیری ئاو لێبدا. (ڕۆی) بە هەموو توانای خاکەڕایی خۆی لە گونـدەکە نزیـک بووەوە. هەوڵی ئەوەی نەدا کەســـانی لە خۆی گەورەتر فێر بکا؛ بەڵکو ویســـتی بەخۆی لەوانەوە فێر ببێ. ئیدی بەو شـــێوەیە دەســـتی پێکرد تا بەوە بێیرفوت کۆلیچ (بەرنامەی پێخواسـان)[29] ناسـرا، ئەو دەزگا بەرنامەڕێژەی بەهرە و لێهاتوویی هەبووی خەڵکی بەکاردەهێنا تا بیرۆکەی نوێ و نمایشـی کردەوەی نوێی پێ بەرهەم بهێنێ و خزمەتی لادێنشینانی پێبکا.

(ڕۆی) کردە نیازەکەی خۆی لەســـەر بنەمای فێرخوازیی باپیرەم ڕۆنا بوو: واتە یەکســـانی و خاکەڕایی. ڕۆیی بونکەریش هەروەک کۆژینەکەی بـاپوجی هـانی خەڵکی دەدا تـا بێن و ســـنوورە ئاســـاییەکەی خۆیان ببەزێنن و توانســـتی نوێ فێر ببن، لێ نەوەک بۆ پارە. لە بەراییەوە خەڵکەکەی هەر لەســـەر زەوی دەیانخوارد و دەڕازان[30] و کـاریـان دەکرد. لە جیـاتی ئەوەی بە هەژارەکـان بڵێ ئاخۆ **پێویستە لەسەریان** چی فێر ببن، بڕیاری ئەوەی دا تیشکۆی هزر و کاری بخاتە سەر ئەوەی ئاخۆ ئەوان هەر بە ڕاستی چی بە گرنگ دەزانن. خوێندنەوە و نووســـین لە داخوازییەکانی ســـەر لیستی ئەو نەبوو، بەڵکو توانستی ئەوەی لە گوندێکی دوورەدەستدا

[29] بێرفوت کۆلیج Barefoot College مەڵبەندی لێکۆڵینەوە و کاری کۆمەڵایەتییە، ڕێکخراوێکی خۆبەخشی کار لە مەیدانی فێرخوازی و پەرەپێدانی بەهرە و تەندروستی و ئاوی خواردنەوە و پەرەپێدانی ژنان و وزەی زۆر بۆ خەڵکی لادی دەکا. لە ساڵی ١٩٧٢دا لەسەر دەستی بەنکەر ڕۆی لە هیندستان دامەزراوە. وەرگێڕ.

[30] دەڕازان: دەخەوتن

کارەبا و ترۆمپای هەڵهێنجانی ئاو هەبێ، پێشـــنۆرە بوو. بۆیە دەســـتی بەوە کرد چۆن ژنە هەژارە نەخوێندەوارەکان فێری ئەوە بکا ببنە ئەندازیاری وزەی خۆر. ســـەرکەوتنیشـــیان بووە دیاردە. هەر تەنها لە ماوەی چەند مانگێکدا و بەبێ ئەوەی سەریان بەسەر کتێبی مەکتەبێدا بگرن یان بە دوای کتێبی بەڵگەدار و کەتەلۆکدا بگەڕێن، ئەو ژنانە فێر بوون چۆن هێزی وزەی خۆر دابکەن و بیکەنە چرا و ســـــەرتاپای گوندەکەیان پێ ڕووناک بکەنەوە. هەنووکەش ژنانی بەرنامەی پێخواســـــان (بێیرفوت کۆلیج) لە ســـەرتاســـەری هیندســـتاندا شـــار و گوندی کارەبادایان هەیە. حکومەتەکانی دیکەش کاتێ ئەو ئەنجامە ناوازەی ئەوانیان بینی، داوایان لێ کردن بەڵکو یارمەتی ئەوانیش بدەن، ئیدی بەم شـــێوە تەکنیکەکانیان بە ئەفغانســـتان و زۆر لە دەوڵەتانی ئەفریقاشـــدا بڵاوبوویەوە. وای لێهات ئەم داپیرە نەخوێندەوارانە هێزی وزەی خۆر بگەیەننە سیرالیۆن و گامبیا و وڵاتانی دیکەش.

کاتێکیش ڕۆیی بەنکەر بۆ یەکەمین جار چووە گوندێک، پیاوە بە ســـاڵاچووەکان مەراق بوون بزانن ئاخۆ ئەم پیاوە بۆچی هاتۆتە گوندەکەیان، تۆ بڵێی لە دەســـت قانون یان لە دەســـت ڕابردووی شـــکســـتخواردووی خۆی ڕایکردبێ. ئەو کاتێکی ســـەختی لەو ڕوونکردنەوە بەڕێ کرد کە خۆی بڕوای بەوە هەبوو هەموو هەژارێک لە ســەری پێویســتە بەهرەی لێهاتوویی خۆی پەرە پێبدا، ئەمەش هەر ئەوەی دەویســت تەوژمی ئەو لێهاتوویە بخاتە ســەر ڕێڕەوە ســـەرەکییەکەی خۆی، چونکە زۆر لە ژنانی ئەو گوندەی بۆی چووبوو نەخوێندەوار بوون و بە زمانێکی دیکەش دەدوان، ئەویش ســـەری خۆی بە وتاردان و وتوویژ نەیەشـــاند؛ ئەو بۆ

فێرکردن زمـانی ئـامـاژە و بووکەڵەی بەکـارهێنـا. ئەو نوکتەی ئەوەشـــــی دەکرد، گوایە ئەو بووکەڵانەی بەکـاریـدەهێنـان لە پاشـماوەی ڕاپۆرتەکانی بانکی نێودەوڵەتییەوە دروسـتی کردبوون. بە قســــەیەکی دیکە، ئەوەی عەقڵ و دەزگا مەزنەکـان بەرهەمی دەهێنن مەرج نییە لە بەرهەمی خەڵکی ئاســــایی باشــــتر بێ. ئەو بەڕێوبەری تـاقە خوێنـدنگـایەک (کۆلیژێـک)ی هینـدی بوو، کە مامۆســـتای هەڵگری دکتۆرا و ماســـتەری وەک مامۆســـتا بەکرێ نەگرتبوو؛ ئەو پەیوەســت و بەند بوو بەو زانینەی لە کەسـانێکەوە دەهـات، ئەوانەی بە ڕەنج و بـازووی خۆیـان ئەو کـارامەیەیـان وەردەستهێنا بوو، لە شکۆی کاری جەستەیی خۆیان گەیشتبوون.

خۆی ئەوە خاکەڕاییەکی مەزن بوو بڵێی تەنانەت ئەو کەسـەی لە باشـــــترین فێرگەدا دەرچووبێ، بتوانێ لە پیرەژنێک فێر ببێ، کە هەموو ژیـانی خۆی هەر هەژار بووە و ســــــەربـاری ئەوەش نەخوێنـدەواریش بووە. ڕۆیی بوکەر حەزی لێ بوو ئەو وتەیەی باپیرەم بهێنێتەوە، کە گوتبووی: "یەکەمجار ئەوان تۆ پشـــــتگوێ دەخەن، ئینجا پێت پێدەکەنن، پاشـــــان دژایەتیت دەکەن، لەپاش ئەمەدا ئینجا تۆ دەیبەیتەوە." ئەو بەوە بردییەوە، کە توند دەســـتی بە بنەماکانی یەکسـانی و بڕیاری بە کۆمەڵەوە گرتبوو. زۆر جاران خەڵکی لایدەی نیازپاک بە خۆیان و جێپەنجەی گۆڕانکارییان دێنە گوندە هەژارنشــــینەکان. ڕۆیی ئەو خاکەڕاییەی هەبوو تا زانین و لێهاتوویی خەڵکی بە تەمەن بناسێتەوە و دەستیان بگرێ بۆ ئەوەی پەرەیـان پێبـدا. ئەو ئەو جۆرە تەکنەلۆژییەی هێنـا و خســــتییە بەردەستیان کە بتوانن بەکاری بهێنن و کۆنترۆلیشی بکەن.

**یەکەمجار ئەوان تۆ پشـــتگوێ دەخەن، ئینجا پێت پێدەکەنن، پاشان دژایەتیت دەکەن، لەپاش ئەمەدا ئینجا تۆ دەیبەیتەوە.**

سـەرکەوتنی بەرنامەی پێخواسـان (بێیرفوت کۆلیج) سـەلماندی، کە بیرۆکەکانی باپیرەم لە بارەی خاکیبوون و دنەدەری ڕۆحییانەی ئەو هێشــتا هی ئەوەیە گۆڕانکاریی گەورە گەورە لە جیهاندا بێنێتە گۆڕێ. هەروەها ئەوەشمان بیر دەخاتەوە، کە ئێمە دەتوانین شتی مەزن بخولقێنین کاتێک بەبێ لەخۆبایی بوون بەرەوپیری جیهانەوە دەڕۆین.

باپیرەم ڕوانینێکی ڕاســتگۆیانەی بۆ خۆی هەبوو. هەرچەندە ئەو لەبــارەی گۆڕانگــاریی جیهــانەوە کەســـێکی نــاوازە و تــایبەت بوو،لێبڕواشـــــی وا نەبوو کەســـێکی مەزنە و خاوەن بەهرەیەکی تــایبەتە. ئەو گوتی: "**من زۆر خــاترجەمم لەوەی کە هەر ژن و پیاوێک دەتوانێ ئەوەی من بە دەستم هێناوە ئەویش بیگاتێ ئەگەر هاتوو هاوشـــێوەی من تێبکۆشـــێ و هەمان تۆوی هیوا و بڕوا بچێنێ.**"

❖

ئەو قســـەیە ئاســـانە بڵێی پێزانینم بۆ شـــایســـتە بوونی هەموو کەسێک هەیە، بەڵام بە کردەوە زۆر سەختترە. زۆرینەی کات ئێمە لەو بڕوایە داین کەوا لەســـــەر ڕاســـتین و بڕیاری ڕاســـــت و دروســـتیشـمان داوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەوانی دیکە هەڵەن. دەروونناسـەکان ئەوەیان دۆزیوەتەوە، کەوا زۆر لە خەڵکی لە بری ئەوەی زانیاری کۆبکەنەوە ئینجا بڕیار بدەن، پێشـوەختە بۆچوونی خۆیـان هەیە، پـاشــــان بە دوای فــاکتەرەکــانــدا دەگەڕێن تــا

بیروبۆچوونەکەیان پێ پشتڕاست بکەنەوە. ئێمە لە پرسە گەورە و بچووکەکان بێ مەبەست ئەو کارە دەکەین. هەر بۆ نموونە، ئەگەر تۆ لە پێشانگا بی تا ترۆمبێلێک بکڕی، سەرەتا یەکێک دەبینیتەوە کە حەزت پێیەتی، پاشان بە دوای ڕوانین و کاردانەوەی ئەوانی دیکەدا دەگەڕێی تا پشتگیری بکەن کە بۆچی ئەو جۆر و مۆدیلە ترۆمبێلە باشترینیانە. ئێمە ئەم کارە لە کاتی هەڵبژاردنیشدا دەکەین. لە جیاتی ئەوەی بە وریاییەوە هەموو ڕاستییەکان هەڵبسەنگێنین، بەربژێرێک بۆ پشتگیریی لێکردن لێ دەگرین، ئینجا تیشکۆی هزری خۆمان دەخەینە سەر ئەو چیرۆکە ئەرێیانەی لە بارەی ئەوەوە هەن و هەرچی شتە نەرێیەکانیشە بەلاوە دەنێین.

من ئەزموونی خۆمم لە ژیاندا هەیە بەوەی بڕیار بدەم و دڵنیاش بم لەوەی ڕاستم، پاشان خاکیبوونە ڕاستەقینەکە داوام لێ دەکا دیوەکەی دیکەش ببینم. دەی با بگەڕێینەوە ساڵی١٩٨٢، کە ڕیچارد ئاتنبۆرۆو (Richard Attenborough) فیلمی گاندی دەرهێنا، فیلمەکە لەسەر ژیانی باپیرەم دروست کرا بوو. کاتێکیش زانیم بۆ یەکەم جارە فیلمێکی وەها بەرهەم هێنراوە، نیگەران بووم. ئاتنبۆرۆیی دەرهێنەریش بڕیاری دابوو لە دەرهێنانی فیلمەکەدا پرس بە هیچ کەسێک لە ماڵباتەکەمان نەکا. ئینجا بیستم حکومەتی هیندی بڕی ٢٥ ملیۆن دۆلاری لە بەرهەمهێنانی فیلمەکەدا خەرج کردووە، ئیدی من شێتوهار بووم. ئەوە بوو ستوونێکم لە ڕۆژنامەی تایمس ئۆف ئیندیا نووسی و ڕەخنەم لە حکومەت گرت و جەختم لەوە کردبووەوە ئەگەر باپیرەم لە ژیاندا مابوایە، پێی باشتر دەبوو ئەو بڕە پارەیە لە هەژاران خەرج بکرابایە. ئاخر بیست و پێنج ملیۆن دۆلار بڕە پارەیەکی قەبە بوو و کاریگەریی

بەســـەر ژیانی هەژاراندا دەبوو، پێویســـت نەبوو ئەم بڕە پارەیە لە فیلمێک بە هەدەر بدرێ.

زۆری پێ نەچوو فیلمی گـانـدی نمـایش کرا، منیش بۆ بینینێکی پێشـوەختە بانگهێشـت کرام. بە دەمارگرژییەکەوە لەسـەر کورسـی نمایشـــەکە دانیشـــتم، ئیدی خەریکبوو دەســـتبەجێ چاوم پڕ لە فرمێسـک بن. ڕاسـتە فیلمەکە هەندێ شـتی نادروسـتی تێدا بوو، بەڵام بە شـــێوەیەکی نـایابانە دنەدانی گیانی باپیرەمی تێدا بوو. فیلمەکە بە لێدوانێک دەســـتیپێکرد کە تیـایدا هـاتبوو هەرچەنـدە نەتوانراوە هەموو ڕووداوەکـانی ژیـانی ئەو جوامێرە تۆمـار بکـا، بەڵام هەوڵدراوە "لە گیانی دنەدەرانە و دڵی ئەو پیاوە نزیک ببێتەوە و بیهێنێتە گۆ." بەڵێ ئەم کارەشـــی کرد. منیش دوای تەواوبوون گەڕامەوە ماڵ و ســـتوونێکی دیکەم نووســـی و لە ڕەخنەکانی پێشـــووم پەژیوان بوومەوە و دانم بەوەشـــدا نـا بەدەر لە ســەرســامبوون و دەســتخۆشــی هیچی دیکەم بۆ فیلمەکە نییە. لە نیشـاندانی کەسـایەتی باپیرەمدا بێن کینگسـلی (Ben Kingsley) ئەکتەر پەیامی ناتوندوتیژییانە و خۆشـــەویســـتی گەیاندە ملیۆن کەس، خۆ ئەگەر فیلمەکە نەبووایە ئەوا کەسـانێک هەبوون هیچیان لەو بارەیەوە نەدەزانی. فیلمی گـاندی خەڵاتی ئەکـادیمی وەرگرت بەوەی کە لە باشترین فیلمەکانە، هەروەها کینگسلی و ئاتنبۆرۆوش شایستەی بردنەوەی خەلاتی ئۆسکار بوون.

منیش وانەیەکی مەزن لە خاکەڕاییەوە فێربووم.

❖

باپوجی ویســـتی لەو پێناســـانە دەربازی ببێ، ئەوانەی ئێمە بۆ وەسفی یەکدی و ئەو جیا کردنەوانەی ئێمە لەسـەر ئاسـتی جێندەر

و نەتەوایەتی و دین دەیکەین. ئەو لە نیشــتمانپەروەرییش نیگەران بوو، بەوەی کە ڕێگایەکە تۆ هەوڵ دەدەی گۆشــەکەی خۆت لە نێو ئەو جیهانەدا بپارێزی بێ ئەوەی حیســـــاب بۆ هیچ کەســـــی دیکە بکەی. کاتێک خۆمان لەنێو گرووپێکی تایبەتدا قەتیس دەدەین و ئاستەنگ بۆ خۆمان دروست دەکەین، ئەوا دەڵێین ڕێبازەکەمان لە ئەوانی دیکە باشترە و ئیدی ئێمە حەز دەکەین خۆمان لە ڕوانین و بیستنی هەڵوێستی دیکە بپارێزین. ئەم ڕێگایەش تەنها دابەشکاری و توندوتیژی لێ پەیدادەبێ. لەخۆگرتنی ناتوندوتیژیانە بەو برە شایستەی خاکیبوون دێتە ئارا، کە بڵێی ئێمە ڕێز لە ڕوانگە و حەز و ئارەزووکانی خەڵکی دیکەش دەگرین، تەنانەت ئەگەر ئەوان وەک ئێمەش نەبن.

هەرگیز وازهێنان لە پێناسەکردنی و لە باوەشگرتنی گۆشەنیگای دیکە شتێکی ئاسان نییە، بەڵام دەکرێ ئەنجامی بەهێزی بە دواوە بێ. لەم دواییانەدا مامۆســـتایەک لە ڕۆچســـتەری نیویۆرک داوای لێکردم وانەیەک لە پۆلەکەی ئەو لە بارەی ناتوندوتیژی بڵێمەوە، ئیدی منیش لە بارەی چۆنیەتی نزیکبوونەوەی باپیرەم بۆ ئەو پرســـــانە دوام و باســـــی بیروڕای ئەوم کرد، چۆن بە هۆیەوە هەڵســـــوکەوتی لەگەڵ خەڵکی کردووە، هەڵســـــوکەوتێکی پڕ لە خۆشەویستی و ڕێز و شکۆ، کە دەکرێ زۆر شت لەو تووڕەیی و بێ هیواییە کەم بکاتەوە، کە ڕووبەڕووی دەبینەوە. دوای ئەوەی لێ بوومەوە، مامۆســتاکە داوای لە خوێندکاران کردبوو پڕۆژەیەک دابهێنن، کە لەســـەر بنەمای پەیامەکانی ژیانی ڕۆژانەی باپوجیەوە ڕۆنرابێ. لەپاش مانگێک گەڕامەوە خوێندنگاکە تا گوێ لە نمایشـــی پڕۆژە داهێنەرانەکەی خوێندکاران بگرم. کچێکی قەڵەوی خەپانە

ڕوونی کردەوە؛ قەڵەوی و کێشـــەکەی بووەتە مــایەی زۆر لە پێڕابواردن و نوکتە و زۆر جاریش لە لایەن خوێندکاران کەڵەگایی بەسەرەوە کراوە. بە شێوەیەکی ئاسایش کاردانەوەی تووڕەبوون و جوێندان بووە بەو کەسانەی پێیان ڕابواردووە یان سووکایەتییان پێکردووە. لێ دوای ئەوەی گوێی لە کردەنیازەکانی باپوجی بووە، بڕیــاری داوە لە جیــاتی تووڕەیی و جوێن، ئەوە بزانێ ئــاخۆ دەربڕینی خۆشــەویســتی چ کاریگەرییەک بە دوای خۆیدا دەهێنێ. هەر کاتێک کەڵەگایی بەسەردا دەکرێ، ئەویش بە وشەی دلۆڤانانە وەڵام دەداتەوە، پاشــان ئەم کاردانەوەیە دەبێتە مایەی چەککردنی ئەوانەی کەڵەگــایی بەســـەردا دەکەن و هیچیــان پێنــامینێ لە بەرانبەریدا بیکەن. ئەوســــا کچە یانەیەکی بە نــاوی (دڵێک لە ئەڵمــاس) دروســـــت کرد و خوێنـدکارانی دیکەی خوێنـدنگەکەی بانگێشت کرد تا کێشەکانیان بە خۆشەویستی لە بری سووکایەتی پێکردن چارەسەر بکەن.

من ئەوەندە بە پڕۆژەی ئەو کیژە سەرسام بووم: ئاخر ئەو کچە گەیشــتبووە ئەو ڕاســتییە گرنگەی بەوەی کەڵەگاچییەکان ئەوەندە بەهێز نین وەک خۆیــانی پێ هەڵدەدەنەوە، بەڵکو ئەوان بە دوای کەســـانێکدا دەگەڕێن کە لە خۆیان لاواز و زەبوونتر بن، هەســـت بکەن خۆیــان گرنگن. تەکنیکی ئەم کچە خوێنـدکــارە وای لە کەڵەگاچییەکان کرد دەســتبەرداری تووڕەیی خۆیان بن و هەســت بە لەخۆگرتن و باوەشــی گەرمی بەرانبەر بکەن. بەخۆشــانازبوونی کچە بۆ ئەوانی دیکەش پەڕییەوە. ئیدی لە بری پیاهەڵشـــاخان و هاوارکردن و شەڕکردن بۆ گەیشتن بە پەیژەی باڵای خەیاڵپڵاوی،

ئەوە هاتەدی کە هەموویان هەست بەو چاکە و ڕەزامەندییە بکەن بەوەی هەموویان لە خۆشەویستی و ڕێزی یەکدیدا هاوشانن.

باپوجی بە هێزەوە هەستی بەوە دەکرد کە پێویستە دادپەروەری و ڕێزگرتن لە هەر کۆمەڵگەیەکی ژیارییدا بەرقەرار بێ. ئەوەی ئەوەشی پەژراندبوو، کە دەکرێ یەکسانی تەواوعەیاری ئابووری نەیەتە دی، بەڵام نابێ ئەو جیاوازە داراییە قەبەیەش هەبێ، ئەوەی ئەمڕۆ لە ئارادایە. خۆ ئەگەر دارا و هەبووەکان لە کۆشکی خۆیاندا بژین و بە شوورەیەکی ئاسنین خۆیان لە ژان و ناسۆری ئەوانیکەدا داببڕن، ئەوا ئەو ناهاوسەنگییە هەر بۆ کێشە و ململانی سەردەکێشێ. ئێمە هەموومان حەزمان بەوەیە لەسەر دەستکەوتەکانمان پەسن بدرێین، بەڵام ئەوەی ڕاستیش بێ هیچ کامێکمان بە تاقی تەنها سەرکەوتوو نابین. ئێمە پێویستیمان بە خاکەڕایی هەیە تا ئەو بەشدارییەی ئەوانی دیکە بۆ خۆشگوزەرانیمان کردوویانە بناسینەوە و پێزانینمان بۆی هەبێ.

ناسیاوێکم بەناوی (ڕیجێندرا سینگ) وەک دکتۆری داودەرمان ڕاهێنانی پێکرا و لە کۆتاییشدا نۆرینگەکەی لە گوندێکی بچکۆلانە بەناوی (ساریکا) دانا، گوندێک لە ناوچەیەکی هەرە وشکوبرینگی هیندستان. دوای یەک دوو هەفتە لە دامەزراندنی نۆرینگەکەی خۆی لەوێ، پیرە پیاوێک دەچێتە لای و پێی دەڵێ کەوا گوندنشینان بە قەدەر ئاوی پاکی خواردنەوە ئەوەندە پێویستیان بە داودەرمان و خوێندەواری نییە. ئیدی پیرە پیاوەکە بانگهێشتی پزیشکەکە دەکا و پیاسەیەکی لەگەڵدا دەکا و ئەو درز و شەقارە گەورانەی سەر ڕووی گاشە بەردەکانی زنجیرە شاخەکە نیشان دەدا.

ئینجا پیرەمێردەکە بۆی ڕوون دەکاتەوە: "ئەو کەمە بارانەی دەباری دەڕژێتە نێو ئەو درزانە و ون دەبێ." کابرا قسەی نەستەقی پێشینانی بۆ باس دەکا، کە چۆن دەکرێ بیری بچوک لێ بدرێ و ئاوەکە گل بدرێتەوە. ئەم قسەیەش بە گوێی دکتۆر سینگدا دەچێ، ئەوسا پێشنیازی ئەوە بۆ پیاوەکە دەکا، بەڵکو چاوساغی بۆ بکا تا پڕۆژەکەی لەو بارەیە دەستپێبکا. پیرەمێردەکەش وەڵامی دەداتەوە: "من بۆ ئەو کارە زۆر پیرم، خەڵکی گوندیش منیان پێ پیاوێکی قۆشمەیە، بەڵام خۆ تۆ بڕوانامەت هەیە، کەواتە ئەوان گوێ لەتۆ دەگرن نەوەک من."

بە دنەی گیانیی باپیرەمەوە، دکتۆر سینگ بڕیاری خۆی دەدا لەو بارەیەوە ببێتە پێشەنگ. کاتێکیش دوو ئەستێلک لە زەویەکەی خۆی دروست دەکا تا ئاوی بارانی تێدا گل بداتەوە، ئەوە بوو لەگەڵ باران باری ئەستێلکەکان پڕ لە ئاو بوون و لەسەریانەوە ڕژا و زەوییە تێنووەکەش ئاوەکەی بۆ خۆی هەڵمژی. گوندنشیان کە وایان بینی، بە کارەکەی سەرسام بوون و داوایان لە دکتۆرەکە کرد بەڵکو یارمەتییان بدا تا ئەستێڵکی زیاتر لێ بدەن. زۆری نەخایاند ئەو زەوییە بەیار و قاقڕانە بووژانەوە و بە پیتوفەڕ بوونەوە و جڤاتەکەی ئەوێش بووژایەوە.

پاشان دکتۆر سینگ یارمەتی جڤاتی گوندنشینانی دیکەی دا تا ئاو گل بدەنەوە. ئیدی ئەو زیاتر لە هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی خاکی وشکوبرینگی کردە مێرگێک بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری. ئەو ئاماژەی بەوە کرد، کەوا پێویستی بە داهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ یان جاڕدانی هەڵمەتی پڕۆژەی ملیۆنان دۆلار نەبوو؛ سوکوئاسان ئەو پشتی بە زانیارییەکانی بەردەستی جڤاتەکە خۆی بەست. ئاخر

ئەوەی بینی چۆن هەڵقولانی ئاو ناوچەیەک دەگۆڕێ و ئەوەشمان بە بیردێنێتەوە کە "هەڵقولان" لە ژیانی هەر هەمووومان چ شتێکی چارەنووسسازانەیە. وەک تاکێکیش، ئێمە ئەو کاتە دەبووژێینەوە و پێش دەکەوین، کاتێک وەک بەش و کاژی جڤاتێکی گەورەتر لەگەڵ یەکدی پەیوەست دەبین و کار لەیەک دەکەین.

خاکەڕایی دەرفەتی ئەوەمان پێدەدا پێزانینمان بۆ یەکدی هەبێ، چونکە جیهان بە هێزتر و ئەرێنیتر دەکا و بەرگری هەریەکشمان تۆکمەتر دەکا. کاتێکیش سەرۆک باراک ئۆباما کە کۆتایی بە گەڕی دووەمی سەرۆکایەتییەکەی هات، لە وتارەکەیدا باسی لە زۆر کەس کرد، ئەوانەی بەشێک بوون لە دەستکەوتە بەدیهاتووەکانی. ئەو ئێمەی لەوە ئاگادار کردەوە خۆمان وەها ببینین، کە هەر "کۆمەڵە تیرە و هۆزێکین هەرگیز لە یەک ناگەین" ئینجا بە پێداگرییەوە باسی لەوە کرد دەبێ ئێمە ئەوە بناسینەوە کە "یەک کۆمەڵگەی گەورەین پێویستە یەکدی ببینین و یەکمان خۆش بوێ و لە یەکدیش فێرببین." گەر باپیرەم مابایە خۆ بە گەرمییەوە هاوڕای دەبوو.

بەو هەموو زانیاری و تەکنەلۆژییەی هەمانە، پێویستمان بە خاکیبوونیش هەیە تا پەی بەوە ببەین، کە پەروەردەکەمان دەکرێ بۆ سەرتاپای ژیانمان درێژە بکێشی. زانایانی فیزیای گەردوونی لەم دواییانەدا لە لێکۆڵینەوەکانیاندا خەملاندوویانە ئێمە هەر تەنها بە ڕێژەی ٥٪ زانیارییمان لە بارەی گەردوونەوە هەیە. ڕێژەی ٩٥٪ی باقییەکەش ماوەتەوە بۆ فێربوون و دۆزینەوە. دۆزینەوەکانیشمان لە سەرچاوەی زۆرەوە دێن. ئیدی ئێمە پێویستیمان بە خاکیبوون هەیە تا پشت بە گوندنشینە ئاسایی و

بیرمەندە مەزنەکان ببەستین بۆ ئەوەی ئاسۆی ڕوانگەی جیهانمان بۆ فراوان بکەن. هەروەک باپیرەم گوتی: "دەی لێگەڕێ با شنەبای زانیاری لە هەموو پەنجەرە کراوەکانەوە بێتە ژوورەوە."

**دەی لێگەڕێ بـا شـــنەبـای زانیـاری لە هەموو پەنجەرە کراوەکانەوە بێتە ژوورەوە.**

## وانەی نۆیەم

## پێنج ستوونەکەی

## ناتوندوتیژی

زۆر لە ئێمە لەسەر ئەو ڕایەن، کەوا کەسە گرنگەکان، کەسانی زۆر جدی و بە شانوشکۆن، بەڵام وێنەی من بۆ باپیرەم ئەوەیە: ئەو جۆرە کەسێکی دۆستانە و قسەخۆش و حەزی لە یارییش بوو. ئەو بە شەوان حەزی لەوە بوو بۆ چەند کیلۆمەترێک بە نێو کۆژینەکەدا بڕوا، زۆر جاریش یاوەرییم دەکرد. باپیرەم هەر پێنج پێ و پێنج ئینج بەژندرێژ بوو، ئەو کاتەش کە من چواردە ساڵان بووم، زۆر لەو بەژندرێژتر بووم. ئەو هەروا دەڕۆیشت دەستێکی دەخستە سەر شانی من و دەستەکەی دیکە سەر شانی ئەو کەسەی لەگەڵیدا دەردەچوو؛ ئەو ناوی لێنابووین "داردەستی ڕۆیشتن". ئەو لە ڕۆیشتندا کە دەستی لەسەر شانی ئێمە دانابوو، هەندێ جار خۆی بەرز دەکردەوە و شانەکانی ئێمەی وەک جۆلانە بەکاردەهێنا و بە کەیف و جەفەنگەوە هەروەک چۆن منداڵ هاوار دەکا، ئاوەها هاواری دەکرد "وای چەند خۆشە!" کاتێکیش لەپڕ ئەو وازییەی خۆی دەکرد و ئێمەش دەکەوتین، ئیدی پێمان پێدەکەنی و دەیگوت: چییە، ئاگاتان لە خۆتان نییە!"

هەستە تەنزاوییەکەی باپوجی بۆ میزاج خۆشـی وای لێ کردبوو پیاوێکی خاکی لێ دەربچێ، ئیدی ئەویش ئەو هەست و خاسییەتە خۆکردییانەی خۆی بۆ ئەوە بەکاردەهێنا، کە خەڵکی دەوروبەری خۆی بهێنێتە ڕایێ، بەوەی ئەو هیچی لە ئەوان جیاواتر نییە. کاتێکیش تەمەنی هەڵدەکشا، خەڵکەکە تیشکۆیان خستەسەر خاسییەتە جوامێرییەکانی و وەهایان دەزانی ئەو هەر لەو کاتەی هاتۆتە سەر دونیا، کەسێکی وەها چاک و پیرۆز و موفەڕک بووە. لێ ئەو هەرگیز ئەوەی نەگوتووە گوایە بە بەهرەی نـاوازەوە لە دایک بووە، هەمیشەش ئەوەی بە بیر دەوروبەری هێناوەتەوە، ئەو هەر لە بەراییەوە هەروا خاکەڕا بووە. ئەو هەر بە تەنها لە ڕێی خۆبڕیاردان و پابەندییەکانی گەیشتۆتە مەزنایەتیی خۆی. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەوە بوو، ئەگەر هاتوو نیازمان وابێ، ئەوا هەموومان دەتوانین خۆمان چاکتر بکەین.

باپوجی ڕاهاتبوو بە ڕۆژووبوونی خۆی بۆ لێدوانی سیاسییانە بەکاربهێنێ، لێ کاتێ گەنج بوو، هێشتا دەستی بە ژیانی سادەیی خۆی نەکردبوو، ژەمە خۆراکی بۆ مەبەستی جیاوازتر بەکاردەهێنا. ئەو حەزی لە خواردن بوو، یەکێ لە خواردنە خۆشەویستەکانیش لای ئەو، جۆرە نانێکی شیرینی هیندییانە بوو، ئەوەی پێی دەگوترا پوران پۆلی puran poli.[31] ڕۆژێکیان لە باشووری ئەفریقیا، ئەو لەگەڵ داپیرەم کە ئێمە بە با Ba ناومان دەهێنا، هەندێ میوانی بۆ سەرنانی نیوەڕۆ بانگهێشت کردبوو. داپیرە (با)ش لە ناندین خەریکی شـێولێنان بوو، لەو کاتەدا باپوجی لەبەر بۆنوبەرامی

[31] دەکرێ بڵێین کەلانەی کوردی. وەرگێڕ.

چێشـــتەکە خۆی بە ناندینەکەدا کرد. دڵی بەوە خۆش بوو خواردنە خۆشـــەکەی لەگەڵ میوانان بەش دەکا، بەڵام بە نیگەرانییەوە بە (بای) گوت؛ "دەترسم بەشی هەموو میوانەکانمان نەکا."

ئەویش لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە: "نا ، زۆرە و بەش دەکا."

بـاپوجی بە مکورڕ بوونەوە: "لی خۆ من هەر بە تەنهـا دەتوانم هەمووی بخۆم!"

داپیرەشم بەسەر بادان باگۆی دایەوە: "نا، نەخێر، ناتوانی."

چاوی باپوجی بریســـکەیان دایەوە و لە داپیرە هـاتەپێش و پێی گوت: "چییە دامدەڕســـێیێ[٣٢]. دەی لەســـەر نانەکەت بەردەوام بە، هەموو ئەوەی لەبەر دەستتە تەواوی بکە، ئینجا دەردەکەوێ بزانین کێ ڕاستە."

داپیرەم هەژدە دانەی لە پۆران پۆلی ئامادە کرد، هەر دانەیەکیان بەقەد ئەســـتورکێک. ئینجـا هێنـای و لەبەردەم بـاپوجی داینـان، ئەویش بە کەیفخۆشـــییەوە کەوتە ســـەری و یەک لە دوای یەکی هەڵلوشـــین. ئینجا داپیرەم دانی بە شـــکســـتی خۆیدا نا. (لەوانەیە هەژدە دانەکە بەشـــی هەموو ژیـانی کردبـا!)، لەگەڵ ئەو نـانە دەســـتبەرداری جۆرە خورادنی دیکەش بوو، ئاخر تا دەهات ژیانی ســـادە و ســـادەتر دەبووەوە. لەو کاتەش کە من لە کۆژینەکە لای ئەو بووم، خواردنەکەی ئەو بە شـێوەیەکی ڕەها زۆر ســـادە بوو، بەبێ خوێ و بەبێ بەهـارات بوو. جـارێکیـان لە ئـابهـای خزممـان پرســـی، ئاخۆ کێ ژەمە خواردنی بۆ ئامادە دەکا، بەڵکو ڕێگەم بدا بەر لە بردنی بۆ باپیرە تامی بکەم.

---

[٣٢] دامدەڕسێیێ: تەحەدام دەکەی، ئاڵنگارم دەبی.

ئەو خانمە ئاگاداری کردمەوە: "دەزانم حەزی پێ ناکەی، چونکە بە خاترجەمییەوە خواردنێکی بێ تام و بۆیە."
خواردنەکەی لە تێکەڵەیەکی سەوزە پێکهاتبوو، لە نێو شیری بزندا کوڵێنرا بوو. منیش کەوچکێکم لێدا، بە ئاستەم توانیم قووتی بدەم. بۆ جاری داهاتوو کە باپیرەم بینی، لێم پرسی ئاخۆ بۆچی ئەو ژەمە خواردنێکی وەها بێتام دەخوا؟.
ئەویش بە بزەیەکەوە وەڵامی دامەوە: "**من بۆ ئەوە دەخۆم پێی بژیم، نەوەک بژیم تا بخۆم.**"
من ئەوەم گوت، کە باپیرەم کەسێکی تەواوعەیار (پێرفێکت) نەبوو، لەوانەشە هەندێکیش لە بارەی سادەییەوە پێی لێ هەڵبڕیبێ. لێ ئەو دەیەویست ئەوە تەواو ڕوون بکاتەوە، ئەگەر هاتوو ئێمە فێر بین سادە بژین، ئەوا دەتوانین سوکوئاسان یارمەتی ئەوانی دیکەش بدەین بژین.
باپوجی باوەڕی بە هێزی گۆڕانکاریی کەسایەتی هەبوو. هەندێک جاریش ئەم کارە هەوڵ و کۆششێکی زۆری دەویست، هەندێک جاریش هەر ئەوەندەمان دەویست بکەوینە سەر ڕاستە ڕێگا. ئەو لەو بڕوایەدا بوو، کە کردە بچکۆلەکان دەکرێ تۆپە بەفرینە پاڵ بنێ و بیکاتە تۆپێکی زۆر گەورە. هەروەک کردەی ئاساییانەی خۆی، ئەو دەرسی لەو بارە پێ نەدەگوتم، بەڵکو فێری کردم خۆم لە ئەزموونی ئەو چیرۆکانەی خۆی، شت فێر ببم.
شەوێکیان کە بە ئاسوودەیی هەردووکمان لە بەرانبەر یەک دانیشتبووین و بە خەڕەکەکە داوەبەنمان هەڵدەوێزنینەوە، چیرۆکی گەنجێکی بێ سەروبەری هیوابڕاوی بۆ گێڕامەوە، ئەو گەنجەی لە ئەپارتمانێکی بچکۆلەدا بە تەنها دەژیا. کابرا نە خۆی و

نه ماڵەکەی پاک نەدەکردەوە، کەلوپەلی ماڵەوەشی ڕێک نەدەخست، ناو ماڵەکەی هەر پاشاگەردانییەک بوو بۆ خۆی، پیسی و پۆخڵیش هەموو ماڵەکەی داگرتبوو. باپوجی دەق گوتی: "ناندینەکەی لەبەر قاپوقاچاخی پیس گەنی کردبوو، هەر بۆنی ناخۆشـــی لێوە دەهات. وەنەبێ هەر پیسی و پۆخڵی لە ناوکەوی ماڵەکە بە گۆڕێوەربووبێ، بەڵکو شـتە پیسـەکانی لەسـەر یەک کەڵەکە بووبوو تا بنمیچەکەی دەهات!" کابرا دەیزانی ماڵەکەی وەک خۆکی[٣٣] بەرازانی لێهاتووە، مادام کەسـیش بانگهێشـتی ماڵەکەی ناکا، ئەوا کەس هەر پێی نازانێ.

ڕۆژێکیان لەسـەر کارەکەی ژنێک دەناسـێ، ئیدی وردە وردە لەگەڵ ژنە دەکەوێتە داوی خۆشـەویسـتی. ئەو لە چەند شـوێنێک ژوانی لەگەڵ ژنە دەبەسـت، بەڵام هەرگیز لەگەڵ خۆی نەبردە ماڵەوە. ئەوان لە پارک یان لە کەنار ڕووباردا پیاسـەی خۆیان دەکرد، تـا ڕۆژێکیـان ژنە گوڵێکی سـووری جوانی لێکردەوە و پێشکەشی کوڕەی کرد.

خۆی ئەمەش دیاری خۆشـەویسـتی بوو، تەنانەت ئەو کەسـەی ڕێگەی بە خۆی دابوو بە کەسـاسـی و قێزەونی بژی، لێ ئەوەشـی دەزانی دەبێ شکۆی خۆیشی بپارێزێ. ئەوە بوو گوڵە سوورەکەی هێنـایەوە مـاڵ، دوای ئەوەی قـاپوقـاچـاخە پیسـوپۆخڵی مـاڵەکەی

[٣٣] خۆک: شوێنی ڕەشەوڵاخ، لە بەرانبەر تەویلەی وڵاخە بەرزەیە، لەبەر ئەوەی لە کوردیدا شوێنی تایبەتی بەخێوکردنی بەراز نییە، بۆیە هەر خۆکم بەکارهێنا. وەرگێڕ.

خســـته لایەکەوە، گوڵدانێکی دۆزییەوە. دەســـتی دایە گوڵدانەکە و پڕی ئاوی کرد، ئینجا گوڵە ڕەزەکەی خسـتە ناو. ئێسـتاش کابراکە پێویســـتی بە شـــوێنێک هەبوو تا گوڵدانەکەی لێ دابنێ، بەم جۆرە ناچار بوو مێزی ناندینەکەی پاک بکاتەوە و گوڵدانەکەی لەســــەر دابنێ. کە ســــەیری کرد گوڵدانەکەی بە جوانی بینی، ئینجا بیری کردەوە خۆ ئەگەر ســــەرتـاپـای ژوورەکە خـاوێن بکـاتەوە، ئەوا جوانتر دەردەکەوێ، بەم جۆرە قۆڵی لێهەڵماڵی و دەســـــتی دایە گەسـک و ناو ماڵەکەی خاوێن کردەوە. پاشـان هەرچی هیرباری[٣٤] پیس هەبوو، شـــووشــــتی. بەم جۆرە کردەی بەدواییەکداهاتنی شوشتنی سەرمێز و هیرباری ناندین خاوێن کردنەوە و گەسکدانی تەواوی ناوکەوی ناندین و پاشـــان ســـەرتاپای ماڵەکەیشـــی بە دواداهـات. ئیـدی مـاڵەکەی خـاوێن و بژوون لێهـات. حەزی کرد هەرچی لە دەوروبەریەتی بە چەشـنی گوڵەڕەزەکە خاوێن و باوێن بێ. ئەوە بوو ئەو ژنەی بە کردەیەکی بچووکی خۆشەویستیانە کە گوڵێکی پێشکەش کرد، وای لێکرد سەرتاپای ژیانی بگۆڕێ.

ئەوکـات تەنـانەت من وەک هەرزەکـارێکی بزۆزیش بە چیرۆکی خۆشــــەویســــتییەکە کارانگاز بووم. ئاخر خۆ هەر یەکێک لە ئێمە خەوشی خۆی هەیە، لێ تەنها ئاوڕدانەوەیەکی بچکۆلەی نەرمونیان و میهرەبـان هەســـــتێک وای لێدەکا بەرەو تـاکێکی دیکە بگۆڕێ، تاکێکی باش، بەڵکو باشترین تاک لە ئێمە. ئیدی بە دەم دانیشتن و

[٣٤] هیربار: قاپوقاچاخی ناوماڵ.

خەڕەک بادانەوە، هەر بە تەنها بە ئاوڕدانەوەیەکی خۆشــەویســتی کەسێک لە من، ئەوا بە خاترجەمییەوە وا لە خۆم دەکەم شایستەی ئەو خۆشـــەویســـتییە ببم. (هەڵبەتە ماڵەکەشـــم خاوێن و بژوون ڕابگرم.)

باپوجی لەســەر ئەوە کۆک بوو، کە خۆشــەویســتی دەتوانێ ببێتە ماخۆی هێزێکی مەزن، بەڵام ئەو هەر بە تەنها کەسـێکی ڕۆمانسـی نەبوو. ئــاخر ئەو هۆکــاری دیکەی هەبوو، تــا چیرۆکەکەم بۆ بگـێـڕێتەوە. ئەو وای لە مـن داخـواز بـوو، - هەروەهــا لەهەر هەموومــان - ببینە گوڵەڕەزەکــانی ئەم جیهــانە. خۆ دەکرێ هەریەکەمان ترووسـکەیەک لە ڕووناکی و هیوا ببەخشـین تا وا لە خەڵک بکەین چاکتر ببن. ئاخر هەر بە تەنها یەک نموونەی زیندوو لە خۆشــەویســتی یان هیوابەخشــی یاخود ڕاســتی وا دەکا هەموو شتێک بە جارێک لە شکۆمەندی خۆیدا بگەشێتەوە. هەر کاتێک ئەو جیــاوازییە لە نـێوان دوو دژدا خرایە ڕوو، ئەوا کەســـــــانی دەوروبەرمان بەرچاویان لە بارەی توانســـــتیان ڕوون دەبێتەوە. ئەوســـــا لە شـــــکۆمەندی بەشـــــدار دەبن یان دەچنە ڕیزی ئەوەی گوڵەڕەزی زیاتر بخەنە نێو گوڵدان و ئینجانەکان. هەر کاتێک تۆ باش بیت، ئەوا وا دەکەی هەموو شـتێکی دەوروبەری خۆت باشـتر بێ لەوەی هەیە.

خاڵێکی دیکە لە بارەی چیرۆکەکە: ئەو کابرا سەڵت و زگورتییەی نێو چیرۆکەکەمان هەر لە خۆیەوە و بێ ئەوەی کەس بیخاتە بەر تانەوتەشـەر، دەسـتی بە خاوێنکردنەوەی خۆی و ماڵەکەی کرد. بە

ئەو نەگوترابوو ئەوەی دەیکەی هەڵە و شاشییە، ئاخر هەر خۆی دەیزانی وەهایە. ئەو هەر پێویستی بە نموونە سەرمەشقێکی دنەدەر بوو تا وای لێ بکا هەست بە دڵشادی زیاتر بکا، بەوەی قاپەکانی بشوا نەوەک هەر لەسەر سەرشۆکەکە بە پیسوپۆخڵی بەجێیان بێڵی. خۆ ئەگەر ئەو ژنەی گوڵەڕەزەکەی پێشکەش کرد، لە بری گوڵەکە لەسەر خووخدە بەدەکەی سەرکۆنەی کردبا، لەوانە بوو هەرگیز نە گۆڕابا. ئاخر ئێمە باشتر لەگەڵ دنەدانی ئەرێیانە دێینەوە تا نەرێیانە. خۆ ئەگەر بە هاوڕێیەک، بە دۆست و ناسیاوێکیان بە ئەندامێکی ماڵباتەکەمان بڵێین، گوایە ئەو شکستخواردووە و یان ڕاستەڕێ ناڕوا، ئەوا هەر ئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە لە بری ئەوەی باش بی. کاتێک پەلاماری کەسێک دەدەی، ئەویش بەرگری لە خۆی دەکا و لێت هەڵدەگەڕێتەوە، لێ ئەگەر هاتوو شتێک بدۆزییەوە تا بە هۆیەوە پەسنی بدەی و سەرسامی خۆتی بۆ نیشان بدەی، ئەوا دەکرێ کار لە ڕەفتارەکەی بکا، ئەوەی دەتەوێ چاکی بکا و هیوایەکیش دەبێ بۆ هاندانی لە بری ئەوەی ڕووبەڕووت ببێتەوە.

ئەو نموونە سەرمەشقەی باپوجی بە سروشتە بەخشندەییەکەی و شێوازی نەرمونیان و دلۆڤانەکەی خۆیەوە کردی، بۆ گۆڕانکاری لە هیندستاندا بە قەد وتارەکانی یان بە قەد نووسینەکانی کاریگەر بوون. ئاخر گیانی دنەدەرانەی ئەرێنی یەکێکە لە بەهرە هەرە بە هێزەکانی، کە دەکرێ ئێمە بیدەینە ئەوانی دیکە. دەروونناسەکانیش ئێستا ئەوەیان دۆزیوەتەوە، هەر کاتێک هەست و سۆزێکی وەک

خۆشەویستی، پێزانین و بەخشندەیی دەرببڕین، ئەوا بە شێوەیەکی بەرچاوانە ئەو هەســـــتی خۆشـــــگوزەرانی خۆمان پتر دەکەین و کاریگەری ئەرێنیانەی زۆریشـــی لەســـەر لەشـــســـاغیمان دەبێ، بە دابەزینی فشـــــاری خوێن و کەمبوونەوەی دەمارگرژی باشـــــتر دەخەوین. ئەو ڕێبـازەی نـاتونـدوتیژیـانەی بـاپوجی ڕێگەیەکی لێهاتوو و هیوابەخشـــــانەی دایە خەڵک تا لەو دۆخە بێ هیوای و نامرادی و کەسـاسـییەی تێی کەوتبوون قەڵەمبازێک بهاوێن و لێی دەربچن.

❖

زۆر جاران خەڵک وەها بیر لە باپیرەم دەکەنەوە، وەک ئەوەی لە بنەماکانی خۆی کەسـێکی سـازشـنەکەر بووبێ و بە تەنها بۆ خۆی لە پێناوی دادپەروەری تێکۆشـاوە، بەڵام هەندێ لە مێژوونووسـان ئەوەیان دەرخســـتووە، ئەو بە پلەی یەکەم کەســـێکی دانوســـانکار بووە. یەکێ لە بەهرە مەزنەکانی هاوسۆزی و لێتێگەیشتن بووە لە پێگەی بەرانبەرەکەی. لە ســـــەرەتـاوە بـاپوجی هەوڵیـداوە لەگەڵ حکومەتی بریتانی دانوســتان بکا و لەو بارەشــدا بەڕێز و ئارامگر بمێنێتەوە. لێ لە کۆتاییدا پەی بەوە بردووە، کە داری دانوستاندنەی بەر ناگرێ، ئیدی پێویســـــتی بە گرتنەبەری ڕێگەیەکی جیاوازاتر هەبووە. ڕێڕۆیشـتنە ئاشـتیخوازانەکەی خۆی نموونەیەکی جووڵەی ئەو بووە بۆ پەڕینەوە بۆ قۆنـاغێکی دیکە. خەڵکی هینـد ئەوانەی ویسـتوویانە سـەربەسـت و سـەربەخۆ بن، لە تووڕەییان دەکوڵان، زۆر ڕووداوی تونـدوتیژی و تەقینەوەش لە ســـــەرتـاپـای وڵاتـدا قەومان. باپیرەشـم ڕێگایەکی ئەرێنی خسـتنە بەردەمیان تا دەنگیان

هەڵبڕن و هەوڵێکی باش بدەن بۆ ئەوەی شتەکان باشتر ببن. ئاخر ناتوندوتیژی دنەی لایەنی چاکە و هیوابەخشـــی دایە خەڵک پتر لەوەی بێزاری و تووڕەی دەیگەیاند. ڕەفتاری هێمنانەی باپیرەم و خەندە ســادە و ئاســانەکەی، ئەوەی بە بیر خەڵک دەهێنایەوە، کە هەمیشە گەڕان بە دوای دەرفەتێکی ئاشتییانە باشترە لەوەی لەنێو نائومێدیدا نغرۆ ببیت.

هەر چەند ساڵێک لە دوای ڕێڕۆیشتنی خوێ، ئەوە بوو پەرلەمانی بریتانیا قانونێکی حکومەتی هیندســـتانی تێپەڕاند، ئەوەی بووە هەنگاوی یەکەم بۆ ئەوەی مافی خۆبڕیاردان بۆ ٣٠٠ ملیۆن هیندی بهێنیتە دی. زۆر کەس ئەو شـــتەی بە ســـەرکەوتنێکی مەزن بۆ باپیرەم گەڕاندەوە، بەڵام ئەو ویســـتی لەوە دڵنیا بێ، کە پەیامی بنەڕەتیی خۆشـەویستی و ناتوندوتیژی گوێی لێگیراوە. سـووک و ئاســان ئامانجی ئەو ئەوە نەبوو حکومەتێک بڕوات و یەکێکی دیکە جێگەی بگرێتەوە؛ ئاخر بزووتنەوە ســـاتیاگراهای[٣٥] ئەو لەودیو سـیاسـەتەوە بوو. ڕۆژنامەنووسـێکی ئەوێ ڕۆژێ کە دژی پێگەی باپیرەم بوو، وێنای ئەو دانیشـتنەی کردبوو، کە هەندێ هیندی تێدا ئامادە بوون، ئەو دانیشـــتنەی بۆ ڕادەســـتکردنەوەی دەســـەڵاتی بریتـانی بۆ هینـدییەکـان ڕێکخرابوو. ئەو ئەوانی بە کەســـــانی خوێنســـــارد و لووتبەرز هەروەک ئەو کەســـــانەی کە جێگەیان دەگرتنەوە، وێنا کردبوو، لێ لە هەمان کاتدا ئەو دەربڕینی باپوجی وەها وەســـف کردبوو، وەک ئەوەی "پاکی و نەرمونیانییەکی زێدە

[٣٥] ساتیاگراها: ئەو ڕوانینە بوو لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە لایەن ماهاتما گاندییەوە بە شێوەیەکی لێبڕاو و شێلگیرانە بۆ بزووتنەوەیەک خستییە ڕوو، بەڵام بزووتنەوەیەکی ناتوندوتیژانەی دژی شەڕانگێزی بوو. وەرگێڕ.

جیاواز کە دوو بریسـکەی نەرمونیانی لە چاوەکانیدا دەهاتە دەر."
هەرچەندە ڕۆژنامەنووسـەکە لەگەڵ پێگە و هەڵسـوکەوتی ئەو ناکۆک بوو، لەگەڵ ئەوەشدا سەرسامیی خۆی پێ نەشاردرایەوە.

ئەو دوو تیشـکە نەرمانەی لە چاوەکانی باپوجیدا هاتنەدەر، ڕەنگدانەوەی خۆشـەویسـتیی ڕاسـتەقینە و گیانی ئەرێنی و چاکەخوازییەکەی بوو، ئەوەی هەموو شـتێکی لە پێناودا دانابوو. دەی تۆش ئەوە واژەیە بەبیر خۆتی بهێنەوە، کە بۆ جوولانەوەکەی بەکار هێنابوو، ئەویش ساتیاگارا بوو، دەستەواژەکە واتای "هێزی گیان" دەگەیەنێ. ئاخر کاتێک دەبێتە پاڵنەری کردەوە، ئەوا تۆ هێز لەلایەنی ئەرێنی و گیانی خۆشـەویستانە وەردەگری. ئەو هەرگیز بە دەستەواژەی سوودمەندبوونێکی بازنە تەسک لە بزووتنەوەکەی نەڕوانیوە. ئەو ویسـتوویەتی قەناعەت بە بریتانییەکان بهێنێ بەڵکو هەڵوێسـتی خۆیـان بگۆڕن، بەڵام ئەوەشـی داخواز بووە لێتێگەیشـتنێکی مەزنتر و ڕۆشـنایەکی ئەرێنیتیر بۆ جیهان بهێنێتە کایە.

باپوجی وەهای دەبینی، زۆر جار حکومەت و دینەکان بە ترسـوتۆقینەوە دەسـەڵات ڕایی دەکەن. ئاخر ئایین جڵەوی خەڵکەکەی بەوە دەکا، کە هەڕەشـەیان بە خوایەکی تووڕە لێبکا، ئەوەی دەیەوێ سـەرزەنشـتیان بکا، ئەگەر هاتو لاڕێش بوون ئەوا فڕێیان بداتە نێو دۆزەخ. ئەو کەسانەی لە نێو بازنەیەکی دینی دان، دەکرێ ئەوانیش فەرمانیان بەسـەردا بکرێ و خەڵکی لە بازنەکە بهاوێنە دەرەوە، هەر لەبەر ئەوەی لە بۆچوون و داخوازییەکانیان لەگەڵیاندا نین. دیارە حکوومەتەکان کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆتر بەسەر خەڵکەوە دەکەن، هەروەک ئەوەی زیندانیـان بکەن یان سـزای

پێبژاردنی داراییان بەســـەردا بدەن. تەنانەت زۆر جاران هەروەک بینیمان، دایباب و مامۆستاکانیش، لە ڕێی ترسوتۆقین و هەڕەشەی سزادانەوە دەسەڵاتەکەی خۆیان ڕایی دەکەن.

باپوجی لەو بڕوایەدا بوو، ئێمە پێویســـتمان بەوە هەیە جیهان لە ڕێی خۆشەویستییەوە نەوەک ترس بجووڵێنین. ئەو خۆشەویستی و دلۆڤانی و گەشـــبینی نیشـــان دا، خەڵکیش لە دەوروخولی ئەو قەراپەستانەیان بوو.

| جیهان لە ڕێی خۆشەویستییەوە نەوەک ترس بجووڵێنە. |
|---|

❖

باپیرەم خوازیار بوو خەڵک لە وردەکاری ناتوندوتیژی تێبگا بەوەی لەودیو خۆدوورخســـتنەوەیە لە هەر شـــەڕانگێزییەکی جەســـتەیی. ئەو بە گوێرەی پێنج ســـتوونی ناتوندوتیژی ژیا و ویســـتی منیش بە دوایدا بڕۆم. منیش تێکۆشـــاوم بە گوێرەی ئەو پێنج ستوونە بنەڕەتییە گرنگانە بژیم:

**ڕێزگرتن**

**لێتێگەیشتن**

**پەسەندکردن**

**پێزانین**

**هاوسۆزی**

هەندێک جار گوێم لێ دەبێ، گوایە باپوجی ڕوانینێکی یۆتۆپییانەی هەبووە، کە ناتوانرێ لە جیهانی ڕاســـتەقینەدا بهێنرێتە دی. لێ من وا بیردەکەمەوە پێچەوانەکەی ڕاســـتە. ئەو بنەمایانەی دایناون هەر

بە ڕاستی و بە ڕەهاییەوە بنچینەی ژیارین و ئێمەش ئەگەر پشتگوێیان بخەین، ئەوا باجەکەی دەدەین.

## ڕێزگرتن. لێتێگەیشتن. پەژراندن. پێزانین. هاوسۆزی

ڕێزگرتن و تێگەیشتن لە خەڵکی دیکە، ئەوسا سەر بە هەر دین، ڕەگەز، چین یان وڵاتێک بن، هەر ئەمە تاکە ڕێگەی هەنگاونانە بەرەو پێشەوە. دیواربەندی کردن و بەشبەشکردن هەمیشە لە ئەنجامدا ئاوەژوو دەبێتەوە، چونکە بۆ توورەیی و یاخی بوون و توندوتیژی سەردەکێشێ. بە پێچەوانەشەوە هەر کاتێک ئێمە ڕێز و لێتێگەیشتنمان بۆ یەکدی نواند، ئەوسا بەرەو ستوونی سێیەم هەنگاو دەنێین، ئەویش پەژراندنە. توانستی پەژراندنی ڕوانینی ئەوی دیکە و هەڵسوکەوتەکان ڕێگەمان دەدا بەهێزتر و ئاوەزمەندتر بین.

هەرچی دوو ستوونەکانی دیکەی ناتوندوتیژیین -کە پێزانین و هاوسۆزیین- بۆ پرسی شادمانی کەسەکی کۆمەکبەخش و بە ئاوات گەیشتنە، هەروەک چۆن هاوئاهەنگییەکی مەزنیش بۆ دونیا بەرهەم دەهێنێ. پێزانین سەدایەکی زۆر قووڵی هەیە و دەکرێ نمایشی ژیانی هەریەکەمان جیاوازتر بکا. شادمانترین کەس ئەوانە نین کە داران و پارەیەکی زۆریان هەیە، بەڵکو ئەوانەن پێزانین بۆ جوانی و چاکەی دەوروبەری خۆیان هەیە. خۆی شتێکی ئاسانە گازاندە لە دەست شتێک بکەی و ڕەخنە بگری و ئەو خاڵە دەستنیشان بکەی کە هەڵە و شاشە. خۆی دەکرێ دڵی خۆمان زیاتر بەوە خۆش بکەین بە وەی لە بری گلەیی و گازاندە و بە دوای هەڵەدا گەڕان، بچین بە دوای ئەو شتانەدا بگەڕێین کە ڕۆژانە پێزانینمان بۆی هەیە.

باپوجی لە بارەی پێزانینی جیهانی دەوروبەری ئوســـتادێک بوو بۆ خۆی. ئەو لە هەموو کەســێکدا بە دوای لایەنی چاکەدا دەگەڕا. هەندێک جار کاتێک سەردانی هیندستان دەکەم، چاوم بەو منداڵ و ئەو خێزانــانە دەکەوێ کە زۆر کەمتریــان لە منــداڵ و خێزانی ئەمریکی هەیە، کەچی هێشـــتـاش دیـارە زۆر پێزانینیـان بۆ ئەو شـتانەی دەیکەن هەیە. من مەراقم بزانم چۆن توانسـتی خۆمان بە کەم زانیوە لە بەرانبەر ئەوەی خۆمـان لەنێو ئەو هەموو شـــتە زۆرەی هەمـانە نغرۆ کردووە. شـــتەکەش وەک ئەوە وایە ئێمە هەموو ژیـانمـان لە بۆفیەیەکی خواردن خەرج بکەین، بەوەی دەتوانین هەموو شـتێک بخۆین و خۆمان لە بیرکردووە، لە کاتێکدا ناتوانین چێژ لە خواردنی سـێوێکی لاسـووڕەی بریقەدار ببینین. زۆر کەس لە ئێمە بە نیاز نین لەســـەر ئەو ســـادەییە ناوازەیەی بـاپوجی بۆ ژیـانی خۆی هەڵبژاردبوو، بڕۆن، بەڵام خۆ ئێمە دەتوانین ئەو شتە وەک نموونە سەرمەشقێک بەکار بهێنین و ئەوە بیرخۆمـان بهێنینەوە کە هەنـدێ جـار هەبوونی کەم خۆی زۆرە و کیفـایەتە. دەکرێ شـــتگەلی کەم و خۆســـەرقاڵکردنێکی کەم بۆ پێزانینی و سـوپاسـگوزاریی زیاتر سـەربکێشـێ و ئەمەش ببێتە شادمانییەکی ڕاستەقینەتر.

خۆ ئەگەر کێشـەت هەبوو لەوەی ئەو شتانە بدۆزیتەوە کە مایەی پێزانینن، دەکرێ فێری چەند هەنگاوێک بیت تا ئەم کارە بکەیت. دەی کەواتە لە میانەی کاری ڕۆژانەتدا چەند خولەکێک وچان بدە و دەرفەتی ئەوە وەربگرە تا بە پێزانینەوە سەیری جوانیی زەردەی خۆر بکەین کاتی لە کەل هەڵدێ، سـەیری خونچەگوڵێکی دەمکراوە بکە، یـان گوێ لە پێکەنینی منـداڵێـک بگرە. هەر وەک لایـدەیەک

سـەیری ژیانی خۆت بکە و بیر لەو خەڵکەی سـەر ئەم زەوییە بکەوە، ئەوانەی ئەگەر لە جێگەی تۆدا بن چەند شـادمان دەبن. لیسـتێک لەو شـتانە دروسـت بکە، ئەوانەی لە بارەیماڵباتەکەت و هاوڕێ و دۆسـتەکان مایەی پێزانینن. ئینجا لیسـتەکان لەنێو چەکمەجەی مێزەکەت دابنێ هەڵیانگرە بۆ ئەو ڕۆژە پێویستانەی بە بیرت دێنێتەوە، کەوا پێزانین و سـوپاسـگوزاری لە ناوەوەڕا دێ نەوەک لە دەرەوە.

ئێمە توندوتیژی لەگەڵ خۆمان دەکەین لەو کاتانەی هەر بە تەنها تیشـکۆی هزرمان دەخەینە سـەر ئەو شـتانەی لە دەسـتمان داون، یاخود نیمانە لەبری ئەوەی تیشـکۆی هزرمان بخەینە سـەر ئەو دیاری و خەڵاتانەی پێماندراون. خۆ تۆ پێویست ناکا ببیتە یەکێ لە پەیڕەوانی دینێکی تایبەت یان هەر دینێک تا پێزانینت بۆ ئەو هەموو شـتە ئەفسـووناوییانەی لە جیهاندا هەن هەبێ، ئاخر خۆ ئەو شـتانە بۆ هەر هەمووانن. خۆ ئەگەر بتەوێ پێزانینی زیـاترت بۆ ژیـانی خۆت هەبێ، ئەوا ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ڕوانینی خۆت بۆ جیهان بگۆڕە.

زۆر جـاران ئێمە خۆمـان هەر بەو کەسـانە بەراورد دەکەین، ئەوانەی لە ئێمە زۆرتریان هەیە. لێ پێزانین بۆ ئەوە سـەردەکێشـێ لەگەڵ ئەو کەسانە هاوسۆز بین، ئەوانەی پێویستیان بە کۆمەک و یارمەتیی ئێمە هەیە. هاوسۆزیی زۆر لەوە زیاترە کە چەکێکی پارە بۆ دەزگـایەکی خێرخوازی خۆجێی بنووسـی (کە بە دڵنیـاییەوە ئەمەش یارمەتیدەرە). کاتێک لەسـەر بنەمایەکی هاوسـۆزییەوە دەجووڵێی و کردەیەک دەنوێنی، ئەوا لەسـەر ئەوە دەوەسـتی ئاخۆ خـاڵی بە هێز و هیوای کەسـەکە چییە و ئەوە دەدۆزییەوە کە

پێویسـتە یارمەتی بدەی تا کەسـەکە لەسـەر پێی خۆی بوەسـتێ و پشـــتی بەخۆی ببەســـتێ. کـاتێـک ڕێگە بە خۆت دەدەی بە هاوسـۆزییەوە ببیتە وەڵامگۆی ئەوانی دیکە، ئەوا پێویسـتییەکانیان دەناسـیتەوە، ئەوانەی مایەی ڕێز لەخۆگرتن و ئەوسـا بە یەکسـانی ڕەفتار لەگەڵ هەمووواندا دەکەی.

هەر کاتێک لە ئەوانی دیکەی تێگەیشـــتی و لەگەڵ ژیانی خۆتدا هێناتەوە و گونجاندت، ئەوا هەر پێنج ســـتوونەکەی باپوجی بە ناتوندوتیژی وەک شـــتێکی چارەنووســـی ڕەهایان لێدێ و دەبنە مایەی خۆشگوزەرانی و ئاشتی بۆ هەر یەکێک لە ئێمە و بۆ جیهان بە خڕی. ئەوە بێنە بەرچاوی خۆت، ئێمە هەست بە چ شادمانییەکی زۆر دەکەین و بۆ ژیانی ئەوانی دیکەشی دەگوازینەوە ئەگەر هاتوو بە هەر پێنج ســـتوونە نـاتونـدوتیژییەکەی بـاپوجییەوە بژین، کە ئەوانیش ئەمـانەن: ڕێزگرتن. لێتێگەیشـــتن. پەژراندن. پێزانین. هاوسۆزی.

❖

باپوجی لە بن هەلومەرجی ســـەیروســـەمەرەشـــدا توانی خۆی ڕێگایەگ بۆ گەیاندنی پەیامەکانی بدۆزێتەوە. چەند ســـاڵێک بەر لەوەی من بچمە کۆژینەکە، باپیرەم ئامادەی کۆنفرانســـێک بوو لە لەندەن تا ئایندەی هیندســـتان تاوتوێ بکەن. وەک هەمیشـــەش بڕیاریدا بوو هەر ئەو جلە لۆکە پەشـــتراوانەی دەســـتکردی خۆی، وەک یەکبەرگییەکی فەرمی بپۆشـــێ و پێی ئامادەی کۆنفرانســـەکە ببێ. ئەو لە کۆنفرانســـەکە نوێنەرایەتی گەلی هیندی دەکرد، خۆی زۆرینەی هیندییەکانیش لەبن هێڵی هەژارییدا دەژیان، پۆشـاکەکەش

نیشـــــانەیەکی وەبیرهێنـانەوی دۆخەکە بوو. کـاربەدەســـتە بریتانییەکانیش بەوپەڕی ڕێزەوە پێشــوازییان لێکرد و شــوێنێکی کەشـــخە و نایابیان لە لەندەن بۆ دۆزییەوە، کە ئاســـایش تێیدا مسـۆگەر بوو، شـوێنێک بوو هەر لایەق بە سـەرانی دەوڵەت بوو. لێ باپوجی ئەمەی نەویســت. ئەو پێی ڕاگەیاندن: "من دەمەوێ لە ناو کرێکارانی کارگەی ڕســتن و چنین بژیم، پێمخۆشــترە میوانی ئەوان بم."

کاربەدەســتە بریتانییەکان بەم کاردانەوەیە شـڵەژان. ئاخر دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە هەڵوێســتی باپوجی لەســەر مانەوەی لۆکەی هیندی لە هیندســـتان ســـەخڵەتی کردبوون، ئازاری دابوون. ئاخر کاتێ هیندییەکان خۆیان لۆکەی خۆیان دەڕسـت و دەچنی، ئەوسـا کۆمپانیا بریتانییەکان نەیاندەتوانی برە پارەی زۆر و قەبە هەروەک پێشـــتر قازانج بکەن، هەروەها کرێکارانی بریتانیش لەبەر کرێ و مزی کەمەوە لە باپیرەم تووڕە بووبوون.

ئەوە بوو یەکێ لە کاربەدەســـتان هۆشـــداری دایە باپیرەم و پێیگوت: "خۆ ئەگەر تۆ لای کرێکارانی ڕســـتن و چنین بمێنیتەوە، هەندێکیان ئەوەندە تووڕەن لە سەلامەتی تۆ دەترسین."
باپوجیش لەســەرخۆ وەڵامی دایەوە: "سـا هەر لەبەر ئەو هۆیانەیە دەمەوێ لایان بمێنمەوە، بەڵکو بتوانم پرســی خەڵکی هیندســتانیان بۆ ڕوون بکەمەوە."

لە دواییدا بە نابەدڵی کاربەدەســـتان ملیان دا و لەگەڵ باپوجی ڕۆیشـــتن تا لەگەڵ کرێکارەکان کۆ ببێتەوە. ئیدی ئەو بەڕێز و لێتێگەیشـــتنەوە لە کرێکارەکان چووە پێش، کە هەمیشـــە ئەمە خاسیەتی پێشچاوی ئەو بووە، ئەو خاسیەتەی پێی دەناسرایەوە.

ئەو لەوێ دۆخی هەژاری و قاتوقڕی هیندییەکانی بۆ ڕوونکردنەوە، کە چۆن گوندنشـــینان بە چ دەرد و کولەمەرگییەکەوە پۆشـــاکی خۆیان بە دەســـتی خۆیان دروســـت دەکەن، ئەمەش وای لەو گوندنشـــینانە کردووە مەمرە و مەژی بگوزەرێنن. ئەو هەر لەوێ هاوســـۆزیی خۆی بۆ بەشـــمەینەتی کرێکارانی بریتانی دەربڕی و لێشـیان تێگەیشـت بەوەی ئەوانیش دەیانەوێ بە باشـترین شـێوە ژیان و گوزەرانی خاوخێزانیان باشـــتر بکەن. لێ بە پێداگرییەوە داوای لێ کردن بەڵکو بچنە ڕیزی باپوجییەوە تا یارمەتی خەڵکی هیندســـتان بدەن بەڵکو لەو قاتوقڕیەی تێی کەوتن دەرباز ببن. وەنەبێ کرێکارانی بریتانی ڕســـتن و چنین هەر بە ڕێزەوە گوێیان لە باپوجی گرتبێ، بەڵکو پەســەندنامەی ئەوانیشــی بەدەســت هێنا. زۆریان لەوان بوونە هەواداری باپوجی و لە هەوڵ و کۆشــیشــیدا کۆمەکیان کرد.

ئاخر خۆ شــتێکی ئاســایی نییە خەڵکی تووڕە هەڵوێســتی خۆی بگۆڕێ، لەوەش ســـەیرتر ئەوە خەڵکەکە هەڵبگەڕێتەوە و دژی بەرژەوەندییەکانی خۆی بوەســـتێتەوە. لێ باپوجی بە گوێگرتن و لێتێگەیشـتن توانی تووڕەیی کرێکارانی ڕسـتن و چنین بڕەوێنێتەوە و خاڵی ڕامان و تێروانینی نوێیان بخاتە بەردەســـت و وەریبگرن. ئەو یارمەتی ئەوەی دان تا ئەو کرێکارانە بتوانن پێداویســـتییە جیهانبینییەکەیان ببینن لەوەی هەر بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان.

بزووتنەوەی ســـاتیاگاراهای باپوجی لە ســـۆنگەی کاردانەوە ناتوندوتیژییانەکەی ڕێزی لێگیرا و بایەخی زانرا، نەخاسـمە کاتێک خەڵکەکە بە یەکەوە شـــان بەشـــانی یەکـدی ڕووبەڕووی نادادپەروەری وەک جیاکاری و دەمارگیری دەبنەوە و بە کۆمەڵ

وەک خالێکی هەڵە و شـــاش لێی دەڕوانن. ئەوان وەها لە بەرانبەر کێشە هەڵسوکەوت دەکەن تا ڕووبەڕووی ببنەوە و هەوڵوتێکۆشانی خۆیان بۆ گۆڕینی بە شـێوەیەکی پاسـیڤی و بەرگرییەکی ڕۆحییانە بدەن. لە پاڵ باپیرەم، هەریەک لە مارتن لوســـەر کینگ جۆنیۆر و نیلســـن ماندێلا خەڵکی زۆری دیکەش لە هەمان ڕێباز و ڕێرەوی نزیک بوونەتەوە و گرتوویانەتەبەر. ئەوان بە بەرهەڵســـتییەکی ناتوندوتیژانە ڕووبەڕووی چەوســـاندنەوە و زوڵم و زۆر دەبنەوە. لێ خۆ باپوجی باوەڕی بە کردەی ناتوندوتیژی کارایانەش هەبوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پێشوەختە زەمین و زەمان بۆ کردەیەکی باش خۆش بکرێ. خۆ ئەگەر تۆ تۆوی لێتێگەیشـتن و هاوسـۆزی بچێنێ، ئەوا دارێکی لێ دەڕوێ دەبێتە چەترێـک بۆ ئەوەی لە بارینی خراپەکاری بتپارێزێ. هەر بۆیە باپوجی تۆوی هەستیارێتی و هـاوســـۆزی لە نێوان کرێکارانی ڕســـتن و چنیندا هەروەک ناتوندتوتیژییەکی کارای چاند. ئەو تۆوی لە یەک تێگەیشتنی چاند. خۆ ئەگەر وا نەبووایە دەکرا کرێکـارەکـان بەرەو تونـدوتیژی چووبان و هەوڵی ڕیشـەکێشـکردنی ئەو هیندییانەیان دابا، ئەوانەی عەودالی ئەوە بوون لەبن خەتی قاتوقوڕی دەربچن. ئەوە بوو لە بری ئەم کارە، ئەوان هاتنە پاڵیان.

❖

بـاپیرەم ئەوەنـدە بە قووڵی مشـــووری دۆزەکەی دەخوارد و دادپەروەری لە جیهـانـدا پەخش دەکرد، کە خۆی لە بیر دەکرد دەرفەتێک بۆ خۆی بۆ هەندێ خۆشـــی و ڕابواردن بهێڵێتەوە. بۆ خۆشـــبەختی داپیرەم لەوێ بوو تا ئەو شـــتەی بە بیر بهێنێتەوە. داپیرە با هەرگیز فێر نەبوو بنووسێ و بخوێنێتەوە. هەندێ جار لە

بارەی ژیانی کۆژینەکە دادەڕســـایە باپوجی، ئەویش حەزی لێبوو گوێ بگرێ. ئاخر باپوجی نەیدەویست بە چاوێکی جیاواز سەیری ماڵباتەکەی بکرێ و لە خەڵکی دیکەی کۆژینەکە جیای بکەنەوە. لێ کە بۆ یەکەم جار من چوومە ئەوێ، ئەو کاتەی تازە نەوجەوان بووم، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە داپیرەم هەندێک ئارینۆکی هەڵدەگرت تا بە شێوەی شیرینی تایبەت دروستی بکا دەرخواردی نەوەکانی بدا، بەمە ڕەفتارێکی جیاوازمان لەگەڵدا بکا. من زۆر دڵســـۆزیی باپیرەم بووم، لاریشـــم لەوە نەبوو جاروبار لەلایەن داپیرە (با)وە شیرینی و شتی خۆشم بدرێتێ. ئەویش کاتێ نوقڵەکەی دەردەهێنا، مەکرۆیانە بزەیەکی بۆ دەکردم. ئێمەش چێژمان لەو ساتە تایبەتیانە دەبینی کە هەر خۆمـان بووین. بـاپوجیش زانی کتومـت ئەو چی دەکا، لێ هەرگیز ڕێگەی پێنەگرت.

خەڵک لە ســەرتاســەری هیندســتاندا لە٢ی ئۆکتۆبەردا ئاهەنگی ڕۆژی لە دایکبوونی باپوجی دەگێڕن، لێ ئەو هەموو فیستڤاڵێکی لە کۆژینەکەدا ڕەت کردبووەوە. ئەو دەیەویســت هەروەک کەســێکی ســادە ســەروســەودای لەگەڵدا بکرێ. لەو کاتەی من لەوێ بووم، دەســتە ژنێک نامەیەکیان بۆ نووســی بەڵکو ســەردانی ســیڤاگرام بکەن و بەشـــداری ئاهەنگی لە دایکبوونی بکەن و نانی نیوەڕۆ بە یەکەوە بخۆن. ئەویش بـاگۆی دانەوە بەوەی لە کۆژینەکەدا هیچ ڕێوڕەســمێکی ئاهەنگی لە دایکبوون ناگێڕدرێ و پارەی ئەوەشـــی نییە خۆراکیان بۆ بکڕی و خوانێکیان بۆ بڕازێنێتەوە. ئەم دەســـتە ژنەیە ئەوەنـدە بە جۆش بوون بۆ یـادکردنەوەی ئـاهەنگی لە دایکبوونی بـاپیرەم، تەنـانەت خۆیـان نەگرت و ئەوە بوو لە ٢ی ئۆکتۆبەردا گەیشـتنە ئەوێ تا لە نزیکەوە لای باپوجی بن. لە کاتی

نانی نیوەڕۆ کە ســــەرجەم کۆژیننشــــینەکان لە هۆڵی نانخواردن کۆبووبوونەوە، لەو کاتەدا داپیرە با ســەرنجی دا دەســتەیەکی دە ژن لە نزیک ئەوان لەبن دارێک دانیشـــتوون و خەریکی تەدارەکی دانانی ئەو خواردنەن کە لەگەڵ خۆیان هێنا بوویان.

داپیرە کەوا دەبینێ، لەشوێنی خۆی هەڵدەستێ و بەرەو ڕووی ئەو پۆلە ژنە دەچێ و لێیـان دەپرســـێ: "ئەرێ بۆچی بەتەنهـا لێرە دانیشتوون و نایەنە سەرەوە لەگەڵمان نان بخۆن؟"

یەکێ لە ژنەکـان بـۆی ڕوونکردەوە: "بـاپوجی گوتوویەتی کۆژینەکە ناتوانی خۆراکی ئەوان دابین بکا، هەروەها هیچ بۆنەیەکی تایبەتیش بە بۆنەی ساڵڕۆژی لە دایکبوون ساز نادرێ."

داپیرەشـــم لای دڵنەوایی کردن و گوتی: "ئۆو، دیـارە ئەو پیرەمێردە لەبیری چووە، کە هەندێ جار پێویســـتمان بەوە هەیە لەنێو خۆمان خۆش بەســەر ببەین و دڵخۆش بین! دەی من لە بری ئەویشەوە بانگهێشتتان دەکەم بۆ سەرخوانەکەمان."

باپوجیش پێشـوازی لە ڕوانینەکەی داپیرە با کرد؛ ئەوەی ڕاستی بێ ئەو بە پێداگیرییەوە داوای دەکرد تێکڕای ژنان ناندین جێبهێڵن و ببنە تیکۆشـــەرێکی هاوشـــانیی هیندییەکان بۆ بە دەســـتهێنانی ئـازادی. ئەو گوتی: "تـا ئەو کـاتەی ڕێژەی پەنجـا لە ســـەدی دانیشتوان لە ژێر چەپۆکی چەوساندنەوە بێ. ئەوا ئازادیی سیاسی بێ بەها و واتا دەمێنێتەوە."

ئەو بانگەوازەی بۆ ئازادی ژنان هەروەک هەر شـــتێکی دیکەی باپیرەم ڕادیکاڵانە بوو. کاتێک ئەو هێشـــتا منداڵ بوو، ئەو دایکی خۆی بینیبوو، کە نـاوی پوتلیبا بوو، ئەو ژنەی نـاچاربوو لە ژێر پەردەی کاریماڵەوە، پرســنییە زیرەکییەکەی بشـارێتەوە. باوکی

باپوجی لە یەکێک لە شارە گەورەکانی هیندستاندا سەروەزیر بوو، پوتلیباش حەزی لێ بوو لە گفتوگۆی پێشەوا دینی و سیاسییەکاندا بەشـــدار بێ، کە بەردەوام لە ماڵەکەی ئەوان کۆدەبوونەوە. لێ ژن لە ناوەڕاســتی ١٨٦٠ـــــەکاندا وای لێ چاوەڕوان دەکرا هەروەک منداڵێکی گوێڕایەڵ کەســـێکی نەبینراو بێ. ئیدی کاتێک پیاوەکان ســـەرگەرمی باســـوخواس بوون، ئەو نەیدەتوانی بێتە ناویان، بۆیە دەبوایە ئەو لە هۆدەیەکی نزیکی ئەوانەوە بە بێ دەنگی و ئـارامی دابنیشـــێ و گوێ بگرێ و هیوای ئەوە بخوازێ شـــتێکیان لێ فێر ببێ.

کاتێکیش باپیرەم لەبەردەم کۆبوونەوەیەکی نوێژکەران قســـەی دەکرد یـــان لەبەردەم ئـاپۆرایەکی گەورەدا دوانی دەدا، ئەو بە پێداگیرییەوە داوای لێ دەکردن واز لە چەوســـاندنەوەی ژنان بێنن و وەک کاڵا ســـــەیریان نەکەن. هەروەها دنەی ئەوەی دەدان، کە ژنان خۆشـــیان بەو خورافاتە بڕوا نەکەن، گوایە ئەوان کەســـانی لاواز و زەبوونن و پێویســـتیان بەوە هەیە بپارێزرێن. زۆر جاران ئەو خەڵکەی دەچەوســـێندرێنەوە هەر خۆیان باری ســـەرشـــانیان قورســـتر دەکەن بەوەی هەر بەو تەشـــیە بڕێســـنەوە و هەر ئەو قەوانە ســـــواوە لێ بـدەنەوە هی ئەوانەی دەیـانەوەی ئەوان بە ژێردەســـتەیی بهێڵنەوە. ئەو هانی ژنانی دەدا بە ڕووی ئەو تەرزە هزرە کۆتــدارە بوەســـــتنەوە و بەڕووی ئەو جۆرە پیـاوانەش هەڵشـــــاخێین، ئەوانەی دەیانەوێ هەر خۆیان زاڵ بن و ژنـانیش بکەنە ژێر ڕکێف. ئەو پێی گوتن: "هیچ کەس نـاتوانێ ئێوە ئـازاد بکا، تا ئەو کاتەی خۆتان، خۆتان ئازاد نەکەن."

باپیرەم سـوور بو لەسـەر ئەوەی پیاوان پێویسـتیان بەوە هەیە "ئەو کۆتوبەندە کۆنباوە بشـکێنن و فێری ئەوە بن بە چاوی ڕێز و شـکۆ و هاوشـانەوە سـەیریان بکەن." هەرچەندە ئەو دەسـتی بەو ڕوانینە کۆنەوە گرتبوو، ئەوەی دەڵێ کەوا پیـاوان لە ڕووی جەسـتەییەوە بەهێزترن و ژنانیش لە ڕووی دنەدانی گیانییەوە، لێ لەگەڵ ئەوەشـدا ئەو بانگەوازی ئەوە بۆ ژنانی دەکرد تا بە تەواوی لە ژیـانـی گشـــتـی ڕۆژانەدا بەشـــــدار بـن، بـانـگەوازێکـی پێشـکەوتنخوازانەی کاریگەر بوو. زۆر لە پێشـەوا سـیاسـییەکان پێیان ڕاگەیاند، گوایە شەڕی یەکسانیی ژنان و "بەشمەینەتان" هەر بە تەنها لە ڕێلادانێکە، بۆیە پێویسـتە چاوەڕێ بکرێ تا هیندسـتان بە تەواوی سـەربەخۆیی خۆی وەردەگرێ. لێ باپوجی بە توندی دژی ئەم ڕوانینە وەسـتـایەوە، بـاوەڕیشـــی بەوە هەبوو، کە چەوسـاندنەوە، ئەوسـا هەر جۆرە چەوسـاندنەوەیەک بێ، نابێ ڕێگەی پێ بدرێ تەنانەت بۆ سـاتێکیش بێ. هەر بۆیە ئازادکردنی ژنان و چینی هەرەخوارەوەی کۆمەڵ نابێ بوەخرێنرێ.

بۆ بەدبەختیش وەخرا. لەو کاتەی ئێسـتا ژنان لە زۆرینەی وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخسا، کەوا باپیرەم و داپیرەم هەرگیز خەیاڵیشیان بۆ نەدەچوو، کەچی هێشتا دین و کەلتوری وا لەم جیهانەدا هەن، بەو شـێوە قێزەونە لەگەڵ ژنان هەڵسـوکەوت دەکەن، وەک کاتی خۆی لەگەڵ پوتلیبادا کرا. تا ئێسـتاشـی لەگەڵدا بێ، هێشـتا زۆر لە ژنان لە کۆمەڵگە کراوەکاندا خۆیان پێ کەمە و ئەو بوێرییەشیان نییە کۆتوبەندیی کۆنینەیان تێکبشکێنن.

بـاپوجی لەسـەر حەق بوو، کە پێی وابوو یەکەمین هەنگـاوی ئازادبوون لە ناوەخۆڕا دێت.

## وانەی دەیەم

## تۆ تاقی دەکرێیتەوە

ئەو دوو ساڵەی لە کۆژینەکەی سیڤاگرام لای باپوجی بووم، هەم لە ژیانی ئەو، هەم بۆ مێژووی جیهانیش ڕۆژانێکی چارەنووساز بوون. هەموو هێزە سیاسییەکانی هیندستان دەکولان. تا دەهات وڵات لە ئامانجی گەیشتن بە سەربەخۆیی لەدەست بریتانیا نزیکتر دەبووەوە، لێ هیوای باپوجی بۆ وڵاتێکی یەکگرتوو، تا هەموو خەڵکەکە بە سەرجەم دین و چین و توێژەوە بەیەکەوە بە هاوئاهەنگی بژین، تا دەهات کاڵ دەبووەوە. ئەو بیرۆکەیەی دە ساڵێک پێشتر لە ئارادا بوو، بەوەی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە پارێزگا موسڵمانەکان لە هیند جیابکرێتەوە، سەری هەڵدایەوە. وڵاتەکەش پاکستان، کە ناوەکەی بە واتای "نیشتمانی پاک" دێ. باپوجی بە توندی دژی ئەو دابەشکردنە بوو.

یەکێ لە ڕابەرانی ئەو جووڵانەوەیە جیاخوازە، موسڵمانێک بوو بە ناوی محەمەد عەلی جەناح. ئەویش هەروەک باپوجی کارنامەی ژیانی خۆی لە لەندەنەوە بە پارێزەرایەتی دەستپێکردبوو، لێ هەرگیز وازی لە هەڵوێستە گونجاوەکەی خۆی نەهێنا (دەکرێ هەندێک کەس بە ملهوڕی ناوی ببەن). ئەویش بە توندی دژی باپوجی جەنگا، بۆیە زۆر لە خەڵکی هێدمەگرتی بوون کاتێک سەربەخۆیی هیند نزیکتر دەکەوتەوە، باپوجی پێشنیازی بۆ لۆرد

ماونتباتنی جێگری پاشای بریتانیا لە هیندستان کرد، بەڵکو محەمەد عەلی جناح ببێتە یەکەمین سەرۆکوەزیری هیندستان. باپوجی پێیوابوو ئەمە تاکە ڕێگەیە بۆ ئەوەی متمانەی کەمینەی موسڵمان بەدەست بێت و وڵاتەکەش بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە.

کاتێک تۆ بیری لێدەکەیتەوە، ئەوەت بۆ دەردەکەوێ کە پێشنیازەکەی ئەو زۆر سەرنجڕاکێش بووە. خۆی سیاسەتوانە ئەمریکاییەکان بۆ ئەوەی لە دەسەڵات بمێننەوە، هەموو شتێکیان دەکرد، قانونەکانیان ڕادەگرت، بەربەستیان بۆ دادگای باڵای وڵات دروست دەکرد، تەنانەت بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانیان دەرگای حکومەتیشیان دادەخست. باپوجیش ئامادەی ئەوە بوو بڵێ بەرژەوەندیی وڵات لە سەرووی هەموو هەستوسۆز و ئارەزوویەکی تاکە کەسییەوەیە.

پاشان لۆرد ماونتباتەن گوتی کەوا بەو پێشنیازە "هێدمەگرتی" بوو، بەڵام خۆ ڕۆژگارەکە ڕۆژی کردەیەکی نموونەیی نەبوو. ئەو پێویستی بەوە بوو لەسەر نەخشە تۆکمەکە بەرەو پێشەوە بڕوا. ئەوە بوو نەهرۆ بووە سەرۆکوەزیر و جناحیش بووە ڕابەری پاکستان. باپوجیش هەستی کرد لەو دانوستانە ئاڵۆزە دابڕاوە، ئیدی ڕووی لە بەشێکی دیکەی وڵات کرد، بەڵکو ئەو شەڕە خوێناوییەی نێوان هیندۆس و موسڵمانان بوەستێنێ، ئەوەی کوچە و کۆڵانەکانی پڕ لە تەرمی لە سەریەک کەڵەکەبوو کردبوو.

لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٤٧دا دانوستانەکان کۆتاییان هات و ڕێککەوتننامەکەش ئامادە بوو بۆ واژۆکردن: هیندستان لە دەست دەسەڵاتی بریتانی ئازاد بوو، بەڵام ئەوە بوو دابەش بووە سەر دوو وڵات. لە سەروبەندی دابەشبوونەکەدا بە توندی بەیەکدادان

لە نێوان ڕادیکاڵە هیندۆس و موسـڵمانەکان ڕوویدابوو. لە جیاتی ئەوەی باپیرەم بە واژۆکردنی سەربەخۆیی هیندستان لە ١٥ی ئاب دڵخۆش بێ، کەچی دڵی شکا. ئاژاوە سەرتاپای وڵاتی داگرت. لە کۆتاییشدا دابەشکردنەکە سەری بۆ گەورەترین کۆچی کۆچبەران لە جیهاندا کێشا، چونکە نزیکەی ١٥ ملیۆن کەس هەوڵیاندا لە دەست شەڕوکوشتاری دینی ڕابکەن.

باپوجی لە سەرەتای مانگی ئابەوە بە نیازبوو بەرەو ئەو بەشانەی وڵات بەڕێبکەوێ، بەڵکو تێبکۆشێ کۆتایی بە توندوتیژی و خوێنڕشتن بهێنێ. خەڵکی کەلکەتا و دەلهی لەوە ترسان نەوەک کوشتارگە دینییەکە چڕتر ببێتەوەوە زیاتر پەل بهاوێ. منیش حەزم کرد لەگەڵ کاروانەکەی ئەو بکەومە ڕێ، بەڵام لەپڕ باپوجی قایل نەبوو. ئەو پێی گوتم: "ئەوێ بۆ نەوجەوانان نابێ."

ئەوە بوو من بەجێ مام و ئەویش بەرەو ئەو شارانە کەوتەڕێ، کە ئاژاوە و توندوتیژی پارچەپارچەی کردبوون، ئەو شوێنانەی ئاکنجییەکانی دەترسان لەوەی ئاخۆ دابەشکردنە چ کێفەڕاتێکیان بەسەردا دەهێنێ. ئەویش سەری لە تەنینەوەی ئەو هەموو ڕقوکینە سوڕمابوو. کاتێکیش قیتارەکەی لە کەلکەتا وەستا، کاربەدەستە خۆجێیەکان لەوە دەترسان توندوتیژی زیاتر تەشەنە بکا و پۆلکتر ببێ، بۆیە لێی پاڕانەوە بەڵکو هەر لەوێ تا دوای ڕۆژی جاڕدانی سەربەخۆییەکە بمێنێتەوە. ئەویش بە یەک مەرج بەو پێشنیازە قایل بوو، کە خۆی و حوسێن شەهید سورەوەردی، سەرۆکی ئەنجوومەنی موسڵمانان لەبن یەک بنمیچدا بن.

ئەو گوتی: "تەنگانە دۆستی سەیرت بۆ پەیدا دەکا." لێ ئەم قسەیەی لە جیاتی ئەوەی نوکتەیەکی خۆش بێ، ستراتیژییەکی لێهاتوو بوو.

خۆ ئەگەر زۆرینە هیندییە ناودارەکانی جیهان و زۆرینە موسـڵمانە بەناوبانگەکانی هەرێمەکە، بیانتوانیبایە نمایشـێکی یەکگرتووانە نیشـان بدەن، ئاخۆ ئەو کات گوڕدەمی ئاپۆرای سـەرجادە وازیان لە توندوتیژی و خوێنڕشـتنی یەکدی نەدەهێنا؟ ئەوان بە یەکەوە چوونە ئەو مـاڵەی تـالان کرابوو، چۆڵ و هۆڵ لە گەڕەکێـک کە شـەڕ و پێکدادانی ئەتنی وێرانی کردبوو. لە سـەرەتاوە باپیرەم بە گوڕدەمی ئـاپۆرایەکی تووڕە دەورە درا و ئەویش پێیوابوو خەڵکە دەهریبووەکە بە تەمـان بیکوژن. لێ قسـە نەرم و هێورەکـانی لەگەڵ سـورەوەردی کە لە پاڵی بوو، باندۆرێکی چاوەڕواننەکراوی خولّقاند.

لە ١٥ی ئابیشدا لە بری ئەوەی کەلکەتا کوشتاری سامناکی دیکە بەخۆوە ببینێ، خەڵکەکە ڕژانە سـەر شـەقامەکان و دروشـمی "هیندۆس و موسڵمان بران!" دەگوتەوە. خەڵکەکە گوڵیان لە باپیرەم گرت. لۆرد مـاونتباتن پیرۆزبایی لە باپوجی کرد بەوەی "پەڕجوو ڕوویداوە" و دانی بەوەشـدا دانا، کە مێرگێک لە ئاشـتی بەرقەرار بووە، ئەوەی هێزی سـەربـازی نەیتوانی بەدیبهێنێ. لەنێو ئەو هەموو هەراوپشـێوی و کوشـتـار و خوێنڕشـتنەدا، ئەوە بەیاننامەیەکی مەزنی هێزی ناتوندوتیژی بوو.

ئەمە و لە کاتێکدا لە دەلهی سـەروەزیری نوێ بۆ یەکەمین جار ئالای هیندستانی ئازادی بەرزکردەوە.

ئەو لەنێو ئاپۆرایەکی دروشـمکێشـیدا گوتی: "خۆ ئەگەر ئەمڕۆ لە چاوی هەر کەسێک بنووسرێ، ئەوا کەسەکە گاندییە."

من ئەو ڕۆژە لەگەڵ مـاڵباتەکەم لە بۆمبای بووم. بە ملیۆنان لە خەڵکی بە ڕێرۆیشـتن و بە سـەماوە بە جادەکاندا دەڕۆیشـتن، لێ

لەبەر ڕێزگرتنی باپیرەم هیچ کامێک لە ئەندامانی خێزانەکە بەشداری ڕێپێوانەکەیان نەکرد. ئاخر باپیرەم گوتبووی: "من هیچ هۆکارێک بۆ خۆشی نابینم."

هەندێ لە ئێمەی منداڵ و نەوجەوان لە ماڵ دەرچووین تا ڕووناکی و دەنگوهەرای خۆشی دروشمی سەر جادەوبان ببینین. باش لە بیرمە هەراوهوریای دەوروبەرم چۆن جۆشی دابووم و هەژاندمی، هەروەها زۆریش دڵتەنگ بووم لەوەی لە چاوی باپوجیم بینی، کەوا بانگەواز و هاواری لە دژی دابەشکردنەکە گوێی لێنەگیرا. هاوڕێکانی وازیان لەو هێنا بە پەلە و هەڵپە بوون تا دەگەنە دەسەڵات. ئەو دابەشکردنەکەی وەک ڕەتکردنەوەی خەبات و تێکۆشانی بینی؛ دەکرا ئەمەش دنەدەرێک بۆ دابەشبوونی پتری خەڵکەکە- هەروەک بەخێرایش وایلێهات- ئینجا سەربکێشی بۆ شەڕ و کوشتارگەیەکی بێ پێشینەی خەڵکی بێ تاوان لە هەردوو لا.

باپوجی بۆ ڕۆژی پاشتر درێژەی بە کاروانەکەی خۆی دا، لەم گوند بۆ ئەو گوند دەچوو، بانگی ئاوەز و ئاشتی ڕادێرا، بەڵام تەنانەت ئەویش نەیتوانی جڵەوی دەستە و تاقمی شەڕانگێز بگرێ، بۆ ئەوەی شەڕ و کوشتار دەستپێبکەنەوە. ئەوە بوو بە پشێوی و تۆقاییەوە هەر ئاوارە و دەربەدەر بوو بە هەموو لایەکدا ڕایدەکرد. ڕاپۆرتی وەها هەبوون لە شارێکدا کۆڕەوی وا پەیدا بوو، خەڵکەکە هەر بەپێ ڕێگای زیاتر لە ٨٠ کیلۆمەتریان بڕی. باپوجیش بەرەو دەلهی کەوتەڕێ و هەر لەسەر نەرمی و ئارامی خۆی مایەوە، هەرچەندە بازنەی توندوتیژی لێ نزیک دەبووە و تەنانەت خەڵک لە ماڵی تایبەتی لۆرد ماونتباتنیشدا کوژران. هەرا و پشێوی و

ئاژاوە لە سـەراسـەری وڵاتدا بۆ باپیرەم مایەی تراژیدیا بوو، ئاخر بنەمای ناتوندوتیژی و ساتیاگراهایان فەرامۆش کرد.

❖

بە هۆی ئەو شـڵۆقییە نارِوونەی لە سـەرتاسـەری وڵاتدا بڵاوبووبووەوە، دایبـابم پێیـان وابوو کـاتی ئەوە هـاتووە بەرەو باشـووری ئەفریقیا بگەڕێینەوە. لەو ڕۆژگارەشـدا گەشـتی دەریایی نێوان هیندسـتان و باشـووری ئەفریقیا بیسـت و یەک ڕۆژی پێـدەچوو، هەنـدێـک جـاریش پتر. یەکەمین گەشـتیش کە پێی بپەڕینەوە لە سـەرەتای مانگی نۆڤێمبەردا بوو، واتە نزیکەی سـێ مانگ دواتر.

باوکم باپیرەی لە نەخشـەی گەڕانەوەمان بۆ باشـووری ئەفریقا ئاگادار کردەوە، ئەویش نزای خواحافیزیانەی بۆ نووسـین. باپیرەم نووسـیبووی: "ئاگادار بە ئەو شـتەی فێری ئارونم کردبوو لەبیر نەکا. هیوادارم کاتێک گەورە دەبێت درێژە بە کاری ئاشـتییانەمان بدەین."

***هیوادارم کاتێک گەورە دەبێت، درێژە بە کاری ئاشتییانەمان بدەین.***

منیش لە ماوەی ئەو دوو سـاڵەدا ئەوەندە فێر بووم و کاتێکیش گوێم لەو وشە هاندەرانە بوو بەژنم گەز گەز هەڵکشا.
ئاخر خۆ نەمدەزانی، ئەوە دوا شتە، دەیداتە من.

❖

لەو دوو سـاڵەی لە گەڵ بـاپوجیدا بووم، ئەو هێزێکی ئەرێنی وەرچەرخانی هیندسـتان بوو، ئەو بە هەمان هێزی هەژێنەرانە منیشـی گۆڕی. ئیدی هەسـتم بە تووڕەیی نەدەکرد، هەر کاتێکیش

تووڕە بووبام، دەمزانی چۆن تووڕەییەکەم بە ئاراســـتەی کارێکی باشـــدا ببەم. دەکرا ببمە تەزوویەکی ئەرێنی کارەبایی لە جیهان. فێری وردەکاری ناتوندوتیژییانە بووبووم، هەروەک باپوجیش هیوای بۆ دەخواســـت، دەمەویســـت خۆم بۆ دژایەتیی دەمارگیری کوێرانە و جیاخوازی و هەموو نایەکسانییەکان، ئەوانەی سەرکێشن بۆ توندوتیژی لەم جیهانەدا، خۆم تەرخان بکەم.

کاروانی گەڕانەوەمان بۆ ماڵەوە بۆ باشووری ئەفریقا دوورودرێژ بوو، بەم دۆخە ســامناکییەش نەبوو کاتێ گەیشــتینەوە. لە ئاســت بیرەوەری ڕۆژی یەکەمم کاتێ زۆر شـــەکەت و ماندوو بووم کە بەپێ لە وێستگەی قیتارەوە بۆ کۆژینی سیڤاگرام ڕۆیشتم پێکەنینم دەهات. ئێســـتاش لەوێ نەمام و بەجێم هێشـــتووە، هێشـــتا هەر مێردمنداڵ بووم و زۆریشـــم لەباردا مابوو تا خۆم بۆ ئەوانی دیکە بســـەلمێنم، لێ هەرگیز جارێکی دیکە لێناگەڕێم لووتبەرزیم بەســـەر هەســـت و ســـۆزە خۆزاییەکەمدا زاڵ ببێ. بە دڵ و کردەوەوە لەبارەی سووکایەتیی پێکردن و چۆنیەتی خۆ سەلماندن فێر بووبووم.

لە کۆتاییدا گەڕاینەوە بۆ باشووری ئەفریقا، دایبابیشم پێیان گوتم قوتابخانەیەکیش بۆ ڕەوەندی هیندی بە دووری هەر چەند کیلۆمەترێک لە نشـــینگەکەی خۆمان لە کۆژینی فۆنێکســـەوە کراوەتەوە. ئیدی پێویســـت نەبوو بچمە قوتابخانەی ســـامناکی دێری ژنە تەرکەدونیاکان، کە جاران بۆی دەچووم. ئەوە بوو من و ئیلای خوشـــکم بە یەکەوە چووینە قوتابخانە نوێکە و پێویســـتیش نەبوو ڕۆژانە گەشـــتێکی ســـێ کیلۆمەتری بۆ بکەین. هەموو ئەو شتانە شتی باش بون، لێ هێشتا

هەســـتێکی ناخم هەبوو بەوەی گەڕاومەتەوە باشـــووری ئەفریقا. ئاخر دوای دوو ســـاڵ بە تەواوی بووبوومە کەســـێکی نوێ. ماڵی بـــاوانم لە کۆڕینی فۆنێکس زۆر خۆشـــــتر و ئـــاســـــوودەتر بوو لە کۆڕینەکەی سیڤاگرامی هیندستان و خواردنەکەشی زۆر باشتر بوو. کەچی هێشـــــتا دڵم هەر بۆ هیندســـــتان لێی دەدا کە لەگەڵ بـــاپیرەم بووم، زۆریش بیرم لەوە دەکردەوە بەڵکو بگەڕێمەوە ئەوێ.

لێ گەلۆ، جارێکی دی بەیەکگەیشـــــتنەوەی ئەو ماڵباتە هەرگیز ڕووی نەدا. ئاخر لە ٣٠ کانوونی دووەمیدا و لەپاش دوو مانگ لە بەجێهێشتنی ئەوێ، ئەوەی بیری لێ نەدەکرایەوە قەوما.

من و ئیلا بەڕێگاوە بووین بەرەو قوتابخانە، ڕێگەی خۆمان بە شـــــوێنی تایەی لۆری تراکتۆرەکان کە بەو ڕێگەیاندا بەنێو قوڕدا دەڕۆیشـــــتن، دەکردەوە. ڕۆژێکی گەرم بوو، لە هەردوو لای ڕێگەکەش بە لاچکی درێژی چەوەندەری شـــەکر دەورە درابووین. هێشـــــتا ئەوەندە نەڕۆیشـــــتبوون، کە ئێلا لە نیوەی ڕێ جەغری و لە شـوێنی خۆی چەقی و گوتی هەنگاوێکی دیکەم پێ ناهاوێشترێ. بە داخهەڵکێشانەوە لەسەر لێواری ڕێ لێیدانیشت. بە داواکردنەوە گوتی: "یەک هەنگاوێکی دیکەش ناهاوێم. دەبێ تۆ لە کۆڵم بکەی."

خۆ ئەگەر ڕۆژگارەکە بەر لە فێربوونم با لەسەر دەستی باپوجی، ئەوا دەکرا بە دوای خۆیدا ڕابکێشم و زۆریشی لێ تووڕە بووبام. (ئەو شـەش سـاڵ لە من بچووکتر بوو) لێ خۆ ئێسـتا من دەمزانی چۆن چۆنی بە ڕێز و لێتێگەیشتنەوە ڕەفتار لەگەڵ دۆخەکە بکەم. منیش بە ئارامییەکەوە پێمگوتەوە: "من لەکۆڵت ناکەم، تۆ لێرەبە، من بەجێت دەهێڵم."

خۆ بە ڕاستیشم نەبوو، هەر بەجێم نەدەهێشت. لێ هەرچۆنێک بێ سووک و ئاسان لە شوێنی خۆم هەڵسام. لەگەڵ هەڵسانەکەمدا کە ئاوڕم دایەوە بینیم پیرەمێردێک، کە لە کۆژینی فێنیکس دەژیا، بە خێرایی بەرەو ڕوومان دێت. پێشتر هەرگیز کۆژینەکەی جێنەدەهێشت، ئاخر هی ئەوە نەبوو بەم شێوە ڕێ بکا، بۆیە بە سەرسورمانییەوە لێم ڕوانی. مەراقم بزانم ئاخۆ بۆچی بەرەو ڕووی ئێمەوە دێ. خولەکێکی پێچوو تا تێگەیشتم خۆ ئەو بە دوای ئێمەدا هاتووە.

کاتێکیش لێمان نزیک بووە بە پەلەپروزی و هەناسەبڕکێوە گوتی: "ئارون دەستبەجێ و بە غاردان بگەڕێوە ماڵێ. دایکت پێویستی پێتە. منیش خوشکەکەت دەهێنمەوە."

منیش پرسیم: "خۆ من هەر دێمەوە ماڵ، ئەو پەلەپەلەی بۆ چییە؟"

"دەی بڕۆ، غاردە. سێودووم لەگەڵ مەکە. دایکت پێویستی پێتە."

منیش پەیم بەوە برد شتێکی سامناک قەوماوە. هەر بە غار گەڕامەوە ماڵ و بینیم دایکم بە هەنسکی گریانەوە خەریکی تەلەفۆنە، کە بینیمی لێی چوومەتە ژوور باوەشێکی تێوەرینام، لێ لەوکات دیسان زەنگی تەلەفۆن لێیدایەوە، وەڵامی دایەوە بەڵام بە ئاستەم قسەی پێدەکرا."

لە نێوان فرمێسک و وەڵامدانەوەی تەلەفۆنەکەدا، هەرچۆنێک بێ توانی ڕاستییە سامناکەکەم پێڕابگەیەنێ، کە ئەویش تازە بیستبووی.

باپیرە خۆشەویستەکەم کوژراوە.

دایکم بە گریانەوە: "هەرگیز نایبینینەوە."

من هێدمەگرتی بووم. لێم پرسی ئاخۆ باوکم لە کوێیە.

"ئەو ئەم بەیانییە بۆ کۆبوونەوەیەک چووەتە شـــار، نازانم چۆن دەستم پێی بگا و هەواڵەکەی پێڕابگەیەنم."

ئەو تێدەکۆشا قسەم لەگەڵدا بکا، بەڵام تەلەفۆنەکە هەر بەردەوام زەنگ لەســـەر زەنگی بۆ لێدەدرا، ئاخر خەڵکی دیکە گوێیان لە هەواڵەکە بووبوو، ئیدی زەنگیان بۆ ماڵمان لێدەدا تا هاوخەمی هەواڵە ســـامناک و تۆقینەرەکە بن. منیش لە نێوەڕاســـتی ئەو ژاوەژاوەی تەلەفۆن وەســـتا بووم و دەگریام. ئاخر هەموو ساتێکی ئەو دوو ساڵەی لەگەڵ ئەودا ژیابووم، وەک برووسکەیەک لە مێشکمی دا. ئای خوایە ئەو غاردانەم بەدوای خەڕەکی تەشـــی ڕێسییەکە، هەڵکردنەوەی داوەبەنەکان بەسەر شانمەوە، ئەو دەستە نەرم و دلۆڤانییەی بە ڕوومەتیم دەکەوت کاتێک هەوڵمدەدا شـــتێک وەها بکەم مایەی پێکەنین بێ، ئاخر خۆ ئەو هەموو شتە ناکرێ بڕوا و نەیەتەوە.

ئەوەبوو لە دایکم پرســـی: "تۆ بڵێی کێ بێ دەســـتی بچێتە خوێنی باپیرەم و بیکوژێ؟"

من دەمزانی پێشـــتر چەندین هەوڵی لەناوبردنی ئەو درابوو، بە زۆریشیان لە لایەن باڵی ڕاسترەویی هیندۆسەکانەوە بوو، ئەوانەی وایان دەزانی گوایە ئەو پشـــتی تێکردوون و ناپاکی لێکردوون. لێ ئەو لەو هەموو هەوڵە بکوژانە قوتار بووبوو. پێم وابوو ئەو هی ئەوە نییە لەناوببردرێ.

هەر زووش باوکم بە ڕەنگی بزرکاو و چاوی بە گریانەوە گەڕایەوە ماڵ. ئەو لە کۆبوونەوەکەی خۆی بووبووەوە و لە بازاڕ خەریکی کڕینی هەندێ میوە بووە کاتێک گوێی لە هەواڵە تۆقێنەرەکە بوو. هەندێ لە فرۆشیارە دەستگێڕەکان ئەوەیان خستە

بەردەم بەڵکو بیگەیەننەوە ماڵ، لێ باوکم توانی بەسەر خۆیدا زاڵ ببێ و خۆی گەیاندەوە لامان. کاتێکیش هاتەوە باوەشی بە دایکم کرد و ئێمەشی لە خۆی نزیک کردەوە.

لەگەڵ زانینی هەواڵە کوشندەکە و هاتنی دۆست و ناسیاو بۆ ماڵمان، دۆخی ماڵمان تا دەهات پاشاگەردانتر دەبوو. هەر یەکێک لە ڕاستی خۆیەوە دەیپرسی: "تۆ بڵێی ئەمە ڕاست بێ؟"

باوکم هەوڵی ئەوەی دا بەڵکو پەیوەندی بە برایەکەی خۆی لە هیندستانەوە بکا و وردەکاری زیاتری لێ وەربگرێ، لێ ئەم کارەی زۆری پێچوو. خزمەتگوزاری پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی ئەو شوێنەی لێی دەژیان سەرەتاییانە بوون، هەر تەلەفۆنکردنێکیش دەبوووایە بە چەندین پێواژۆی ئاڵۆزدا تێبپەڕێ. کاتێکیش پەیوەندییەکە وەرگیرا، هێڵەکە کز و خاو بوو، لێ هەرچۆنێک بێ، باوکم توانی ئەوەی پێویست بوو لەبارەی ڕێوڕەسمی ناشتنەکە زانیاری پێویست وەربگرێ. مامم گوتی کات لە دەستدا نەماوە. باپوجی لە سەعات ٥:١٦ خولەکی ئێوارەدا کوژراوە، هەر لە ماوەی چەند سەعاتێکی کەم نزیکەی میلۆنێک لە خەڵک ڕژاونەتە نێو دەلهی. کاربەدەستانیش لەوە دەترسن، ئەگەر ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی دوابخرێ، نیوەی هیندستان ڕاببێ، ئیدی هەروا و گێرەشێوێنی ڕوویدا. هەر بۆیە مامم قایل بوو بەوەی ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی بۆ ئێوارەی دواتر بێ. ئێمەش دەبوووایە لە دووری حەوت هەزار کیلۆمەترەوە ماڵئاوایی لێبکەین.

بۆ سبەینێ لەگەڵ دایبابم، لە ڕێی غژەغژی ڕادیۆوە گوێمان لە ڕێوڕەسمی ناشتنی گرت. ئەوەم زانی کەوا باپیرەم لە بێرلا هاوس

له دەلهی مابووەوە، هەر هەمان شـــوێن کە جارێکیان لەگەڵ ئەودا بووم. ئیدی ئەو پیاســـەیەکی بەناو باخەکەی ئەوێدا کردووە تا دروودی بەخێرهـاتن لەگەڵ نەوەکـانیـدا بخوێنێ کـاتێـک ئەو بە داردەســـتێکەوە دەڕۆیشـــت. کاتێکیش ئاپۆراکە لێی جیا دەبێتەوە، پیـاوێـک بە تـاڵوکە و هەڵپەوە خۆی لێ دەهێنێتە پێش و لە تەنیشـــت ژنێک لای باپیرەم دەوەســـتێ، ئەو شـــوێنەی ئەو دوو ساڵەی ڕابردوو زۆر جار لێدەوستام. هەر لەوێوە سێ جار لەسەر یەک تەقە لە باپوجی دەکا و ڕادەقەنێ.

زۆر لە ڕابەرانی جیهان ویستوویانە لە ناشتنەکەی ئامادە بن، لێ ئەوانیش هەروەک ئێمە نەیـان توانی لە کـاتی خۆیـدا بگەنە ئەوێ. پاپا و هەروەها سـەرۆک هاری ترومان و پاشـا جۆرجی شـەشـەم پرســـەنامەیان نارد. زیاتر لە ملیۆن و نیوێک لە هیندییەکان، لە هەموو دین و چین و ڕەنگێکەوە بەشداری ڕێوڕەسمی ناشتنەکەیان کرد؛ پێـدەچێ هێنـدەی دیکەش خەڵکی لە ســـەرتـاســـەری شارەکە و لە شوێنەکانی خۆیان سەیریان کردبێ. دیارە بەشدارییە سەرسامهێنەرەکە بووە مایەی ئەوەی بە جارێک کردەی توندوتیژی لە هیندســـتان وەســـتا. یەکێکیان وەک کلیلتێبادان وێنای کرد. دیاربوو لەپاش هەموو شـتێک لەگەڵ بڵاوبونەوەی هەواڵی مەرگی ئەو، کوشـــتنە کارەســـاتبارەکە وەســـتا و لەپڕ خەونی باپوجی بۆ ئاشتی و یەکگرتن هاتەدی.

لێ بۆ من گوێگرتن لە کۆمێنتـاری ڕادیۆکە لە دووری هەزران کیلۆمەترەوە هەرگیز مـایەی هیچ ئـاشـــتییەک نەبوو. هەوڵمـدا ڕەوشـــەکە بـــهـــێـــنـــمە بەرچـــاوی خـــۆم، لـــێ

دەستپێشخەرییە هێدمەییەکەم و خەمبارییەکەم تووڕەی کردم. کاتێکیش لە دەوری ڕادیۆکە خڕ بوینەوە، لە شوێنی خۆم تەقیمەوە. بەجۆش و دەنگێکی ئاگراوییەوە گوتم: "خۆ ئەگەر من لە بیرلا هاوس بام. ئەوا دەستم لە بینەقاقای ئەو کەسە دەنا، ئەوەی تەقەی لە باپوجی کرد! هەر لەویَ دەمکوشت!"

باوکم بە بیستنی قسەکەم دەستێکی بە چاویدا هێنا و فرمێسکەکانی سڕی و زۆر بە سەنگینی سەیری کردم. ئینجا بە هێواشی پێیگوتم: "چییە دەڵێی ئەو وانانەی باپیرە فێری کردووی لە بیرخۆت بردوونەتەوە؟ ئەو خەمبار بوو، لیَ من گوێم لە هاوسۆزییەکی گەورە لە دەنگی ئەو بوو. ئینجا هەروەک باپوجی دەیکرد، باوکم منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و پێیگوتم: "ئەریَ ئەدی ئەو نەیگوت پێویستە تووڕەییەکەت زیرەکانە بەکار بهێنی؟ باشە تۆ بلێی باشترین بەکارهێنانی تووڕەیی کە ئێستا هەستی پێدەکەی، چی بیَ؟"

منیش بۆ ساتێک بیرم کردەوە و هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. "وەک ئەو کار بۆ وەستاندنی توندوتیژی لە جیهاندا بکەم."

باوکم سەری لەقاند. "بەڵیَ ئەوە ڕاستە. هەرگیز وانەکانی ئەو فەرامۆش نەکەی. باشترین شت بۆ باپوجی بیکەین ئەوەیە؛ لەسەر پەیامی ئەو بەردەوام بین و ژیانی خۆمان بۆ ئەوە تەرخان بکەین، ئەو جۆرە کارەساتانە دووبارە نەبنەوە."

باوکم دەیزانی پێویستم بە دەرچەیەک بۆ تووڕەییەکەم هەیە، پێویستیم بە کردەیەکی ئەرێنیانە هەیە تا هزری نەرێنی لە مێشکمدا دەربکەم. ئیدی بڕیارمان دا ڕێوڕەسمێکی یادوەریی تایبەتییانەی خۆمان ساز بدەین بەڵکو یارمەتیی خۆمان و لەشکرێک

لە ماتەمبارانی باشـووری ئەفریقیا بدەین. باوکم پێشـنیازی ئەوەی کـرد بە یەکەوە پـرسـێـکـی تـایـبەت بە یـادکـردنەوە هەفتەنـامەی "بۆچوونی هینـدییەکـان" بـدەین، ئەو بڵاونـامەیەی باپیرەم دایهێنا و باوکیشـم درێژەی پێدا. لە خەڵکەوە هاوسـۆزی و هاوخەمی و بۆ یادەوریی باپوجی و وێنەکانی دەسـتکەوت، ئیدی بە دوای ژیانی باپیرەماندا گەڕاین. لە ماوەی مانگێکدا ژمارەیەکی تایبەتیمان بە یادەوەری باپوجی لە دووتوێی سـەد لاپەڕە و بە چاپێکی دەسـتی بەرایی دەرکرد. پڕۆژەکە مێشـک و زەینی ئێمەی لە خەم و تووڕەییەوە بۆ خۆشـەویسـتی و سـەرنجدان و وریابوونەوەیەکی دۆستانە ڕاستەڕێ کرد.

منیش بە شـانازییەوە سـەیری ژمارە تایبەتییەکەم کرد، ئاخر ئێمە دروستمان کرد و ئەوە بوو لاپەڕە لە دوای لاپەڕەمان هەڵدەدایەوە و هەر بـیـر و هـۆشـیشـمـان لای بـاپـیـرە بـوو. لێ هەر نەمدەتوانی تەقەکردنەکە لە مێشکی خۆم دەربکەم بەو خەیاڵەی ئەو سـاتە لای بـاپوجی بووبـام. تۆ بڵێی ئەوکـات بمتوانیبـا کـابرای تەقەکەر بوەستێنم؟

ڕۆژێکیـان بە دایبـابم گوت: "حەزم لێیە هەر ئێسـتا بکوژەکەم بکوشـتبایەوە." دایکم ئاخێکی هەڵکێشـا. ئاخر دەیزانی هەسـت بە چی دەکەم، لێ ئەوەشـی دەزانی، بـاپیرەم پێزانینی بۆ ئەو هەستوسۆزەم نە دەبوو. بۆیە بە لەسەرخۆییەوە پێیگوتم: "باپیرەت داخواز دەبوو لەو کەسە خۆش بووبای کە کارەکەی کردووە."

قسـەکان منیان بچووک نیشـان دا. هەڵبەتە باپیرەم ئەوەی دەویسـت کە دایکم پێیگوتم. ئیـدی لە بری ئەوەی لەبەرانبەر بکوژەکە لێبوردە بم، دەمەویسـت تۆڵەی بکەمەوە. لێ دەمزانی

باپیرەم دەیگوت تۆڵەکردنەوە هەرگیز چارەسەرە ڕاستەکە نییە. ئارەزووی تۆڵەکردنەوە دەتخوا و داتدەشۆرێ، ئاشتیی هزر و زەینت لە بەین دەبا و هەمیشە هەر لەسەر لێواری خەرەند جێتدەهێڵێ. ئیدی لە بری ئەوەی هەستەکە یەک جار ئازارت بدا، ئەوا شەڕانگییزییەکە بەسەرتدا زاڵ دەبێ و جار لە دوای جار وردوخاشت دەکا. منیش نەدەکرا ڕێگە بەوە بدەم، یان نەدەبووایە ڕێگە بدەم باپوجی بکەوێ.

باپوجی فێری کردم، کە ناتوندوتیژی وەک پاسیڤێتی و ترسنۆکی نییە. ئەوە جێگەی پەسندە کە بە هێزێکی سنووردار شەڕانگێزی بەرکەنار بکەی و خۆشەویستەکانت بپارێزی. خۆ ئەگەر هاتبا و ئەوێ ڕۆژێ منیش یەکێک بووبام لەوانەی "بە داردەست دەڕۆیشتن"، ئەوا باپوجی لێی دەخواستم بکوژەکە بگرم نەوەک ڕابکا. لێ بەداخەوە لەوێ نەبووم. ئێستاش پرسەکە ئەوەیە چ کاردانەوەیەکم لە بەرانبەر ئەوەی قەوماوە هەبێ.
خۆی باپوجی دەیگوت: "لێخۆشبوون، لە سزادان پیاوەتیترە."

**لێخۆشبوون، لە سزادان پیاوەتیترە.**

کاتێک تاقی دەکرێینەوە، ئەوا هێزوگوڕی خۆمان بە توندوتیژی یان بە تووڕەبوون ناسەلمێنین، بەڵکو بە ئاراستەکردنی کردەوەکانمان بۆ چاکە. هیندستان لە دوای مەرگی باپوجی خەڵاتێکی مەزنی لە ئاشتییەکی کورتخایەن دایە دەست. منیش دەبوایە هەمان خەڵاتی لێبوردەیی لە بەرانبەر شەڕانگێزی گەورەدا بدەمەدەست. جارێکیان باپوجی ڕوونیکردەوە، کە شتێکی

ئاســـانە ئەو کەســـانەت خۆش بوێن، ئەوانەی تۆیان خۆش دەوێ، بەڵام هێزی ڕاســـتەقینەی ناتوندوتیژی لەوەوە دێ، کاتێک تۆ ئەو کەسانەت خۆش بووێ کە ڕقیان لە تۆیە.

ئەو دەیگوت: "من ئەوە دەزانم پەیڕەوکردنی ئەو قانوونە مەزنەی خۆشـــەویســـتی چەند ســـەختە، بەڵام ئەدی شـــتە هەرە مەزن و چاکەکە سەخت نییە؟ خۆشویستنی ئەو کەسەی ڕقی لێت دەبێتەوە سەختترینیانە، لێ تەنانەت ئەو شتەی زۆر سەختیشە ئاسان دەبێ کاتێک بمانەوێ بیکەین."

**من ئەوە دەزانم پەیڕەوکردنی ئەو قانوونە مەزنەی خۆشـەویستی چەند سـەختە، بەڵام ئەدی شـتە هەرە مەزن و چاکەکە سـەخت و قورس نییە؟ خۆشـــویســـتنی ئەو کەســـەی ڕقی لێت دەبێتەوە سەختترینیانە، لێ تەنانەت ئەو شتەی زۆر سەختیشە ئاسان دەبێ کاتێک بمانەوێ بیکەین.**

بەڵێ ئەو ڕاســـت بوو لەوەی دۆزینەوەی لێبووردەیی شـــتێکی ســـەختە، بەڵام دەمزانی دەبووایە بیکەم، هەم بۆ خۆم و هەم بۆ ئەویش. خۆی ئەمەش دەبووە هاوکارییەک بۆ ئەو دوو ساڵانەی بە یەکەوە بووین. من ئەمەم لە بیرە کە چەندین جار باپیرەم حەزی دەکرد بڵێ؛ **ڕێسای چاو بە چاو، کارێکی وەها دەکا، هەموو جیهان کوێر بکا. ئێمە پێویستمان بە پێناسەکردنەوەی دادپەروەری هەیە.**

ئامانجمان لە دوای کارەســـاتەکە دەبوو ئەوە بێ ئاخۆ چۆن وابکەین جیهان باشـــتر ببێ، نەوەک ئەوە بســـەلمێنین کەوا لە توندوتیژی و تۆڵەی زیاتر بگلێین.

بەم جۆرە، لەو ساڵانەی دوای مەرگی باپیرەم، خۆم بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی لێبوردەیی و هیوا و ناتوندوتیژی تەرخانکرد.

❖

بۆ بەدبەختی کارەساتەکان بەردەوامن. لەگەڵ هەر کردەیەکی بێ واتای بکوژانە لە ئەمریکا، لەو وڵاتەی منی گرتووەتەخۆ، ئەوا دۆست و ئەندامانی خێزانە کۆستکەوتووەکان هەمان ئەزموونیان هەیە، ئەوەی کاتی خۆی من لە ڕادیۆیەکە گوێم بۆ ڕاگرتبوو.

ساڵانێکی زۆرە بەو پرسە دەتلێمەوە، ئاخۆ لەسەر ئێمە پێویستە چ کاردانەوەیەکمان لە هەمبەر ئەو کردەوە بیرلێنەکراوانە هەبێ. لە ١٩٩٩دا زیاتر لە دەیان قوتابی لە قوتابخانەی باڵای کلەمباین لە کۆلۆرادۆ کوژران، کە لە دیرۆکی ئەمریکیدا کوشندەترین کردەی کوشتن بوو لە قوتابخانەکان. دۆستێکم لەو شوێنەی کردەکەی تێدا قەوما بوو، داوای لێکردم بەڵکو قسە بۆ ئەوانە بکەم لە کردەوەکە دەربازیان بووبوو. هەمووانیش تووڕە بوون و دەیانەویست تۆڵە بکەنەوە. کەمێک بەر لە کۆبوونەوەکە، دۆستەکەم داوای لێکردم کە بە نیازم چی بڵێم؟ منیش بەرسقم دایەوە: "دەمەوێ لەبارەی لێبوردن و بەرەوپێشوەچوونی ژیانیان بدوێم."

ئەویش ئاگاداری کردمەوە: "خۆ ئەگەر وەها بکەی، ئەوا هەر بە یەخەی کراسەکەت لە هۆڵەکە فڕێت دەدەنە دەرەوە. ئاخر ئەوان لە ناخی دڵیانەوە زۆر تووڕەن."

لێ من لەبەردەم ئەو گرووپە وەستام و لەبارەی ناتوندوتیژی و لەبارەی بەشداریکردنی وانەکانی لێخۆشبوون قسەم بۆ کردن، ئەو وانانەی لە دایباب و باپیرەم فێریان بووبووم. لەوێدا پێم گوتن، من

له ئێش و ئازار و تووڕەیان تێدەگەم، چونکە تاقیم کردۆتەوە. بە پێداگرییەوە داوام لێکردن لەگەڵ ژیانیان بەرەو پێشـــەوە بڕۆن و تێبکۆشـن دڵیان پڕ لە خۆشـەویستی بکەن لەبری ئەوەی پڕ لە ڕق و کینەی بکەن، چونکە ئەمەیـان تـاکە ڕێگەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی باشــتر. ئیدی لەبری ئەوەی لە هۆڵی کۆبوونەوەکە فڕێ بدرێمە دەرەوە، هەموویان هەڵسان و چەپڵەیەکی گەرمییان بۆ لێدام.

بەم نزیکانە و لە ٢٠١٤دا جارێکی دیکە خۆم لەبەردەم کۆمەڵێک لە پرســـەداران بینییەوە تا قســـەیان بۆ بکەم. ئەم جارەیان لە فێرگەســـۆن، لە ولایەتی میزوری بوو، ئەمەش دوای کوشــــتنی گەنجێکی ڕەشـــپێســـتی تەمەن هەژدە ســـاڵان بوو، بە دەســـتی پۆلیســـێکی ســـپیپێســـت، کە لەســـەر بنەمای تاوانبارکردنێکی جیاکارییانە بوو. حەشـاماتێکی زۆر بۆ هاوخەمی و هاوپشـتیی خڕ بووبووەوە، بە دەنگی بەرز ناوی ئەو ١١٠ کەسـەیان دەگوتەوە کە لە میانەی ســاڵەکەدا لە فێرگەســۆن کوژرا بوون. تووڕەیی لەنێو حەشـاماتەکەدا هەبوو، قسـەکەرانیش پێداگر بوون لەسـەر ئەوەی دەبێ ســـپیپێســـتەکـان ئەوە بزانن، کەوا بیـانەوێ و نەیـانەوێ کردەوەی دژ بە ڕەشپێستەکان دەکەن.

لەگەڵ ئەوەی قامکەکان بۆ ئەوە درێژ دەکران ئاخۆ کێ خەتابارە، ئیدی لەپڕ هەستێکم بۆ هات بگەڕێمەوە لای هزری دایکم، کاتێک بە ئێمەی منداڵی دەگوت: "**کاتێک تۆ پەنجەیەک بۆ کەسـێک ڕادەهێڵی، ئەوا ســـێ پەنجەی دیکەت بۆ خۆت دەگەڕێنەوە.**" ئیـدی لەبری ئەوەی بەدوای ئەوەدا بگەڕێین کە ئەوانی دیکە چ هەڵەیەکیـان کردووە، پێویستمان بەوە هەیە ئاوڕێک لە خۆمان بدەینەوە.

کاتێکیش نۆرەی قسەم هات، هەوڵمدا بە ڕێڕەوی باپوجیدا بڕۆم و دەرەتانێک بۆ تووڕەیی ئاپۆراکە بدۆزمەوە. دەمەویست برینەکەیان سارێژ بکەم، بەڵام بە ئاراستەیەک ڕووبەڕوو بوومەوە تا بۆ ئەودیوی تووڕەیی بیانجوولێنم. ئەوە بوو گوتم: "لایەنداریی لە ژیانی هەر یەکێک لە ئێمەدا هەیە، ئەوسا چ بەهۆی ڕەنگەوە یان ڕەگەزەکەمانەوە بێ، تا خۆمان لاوازییەکانی کاراکتەرەکەمان نەناسینەوە، ئەوا هەرگیز ناگۆڕێین. ئێمەر هەر ئەو کاتە جیهان دەگۆڕین، کاتێک ئێمە بە خۆشەویستی و دلۆڤانییەوە لەبری ڕق و کینە و سووکایەتییەوە ڕووبەڕووی دارِسانەکان (ئاڵنگارییەکان) دەبینەوە."

ئیدی لەگەڵ کۆبووەوەکان زۆرینەی قسە گرنگەکانی باپوجیم لەگەڵ بەشکردن: ***پێویستە ئێمە ئەو گۆڕانە بین کە بە دوایدا دەگەڕێین.*** ئیدی سەرلەقاندنی ئامادەبووانم بینی و گوێم لە زەمزەمەی لێتێگەیشتنیشیان بوو. منیش کەوتمە بن باندۆری ئەوەی کە خەڵکە پرسەدارەکە ئێستا پەیامە بەهێزەکەی باپوجی دەیانجوولێنێ و کاریان تێدەکا و بە دەنگ بانگەوازەکەی دێن ئەوەی لەودیو دروشمەوەیە و بۆ چاکی هەمووان تێدەکۆشێ.

گڕوتینی وانەکانی باپیرەم، بۆ ئێمە لە هەموو ئان و ساتێکدا، بە خۆشی و ناخۆشییەکانیانەوە، ئیلهام بەخش بوون و ترووسکەی هیوای بەردەوامی و گەشانەوە بوون. جا گەر گەرەکمانە ئەم جیهانە بگۆڕین، با لە پێشدا خۆمان بگۆڕین.

گەر ئاشتیشمان بۆ سەرتاسەری جیهان دەوێ، با لە پێشدا لە پێناو ئاشتیدا، لە ناخی خۆماندا بیدۆزینەوە.

## وانەی یازدەم

## وانە بۆ ئەمڕۆ

بکوڕی باپیرەم سەر بە باڵی ڕاستڕەوی هیندۆسەوە بوو، ئەوەی لە فەلسەفەی باپوجی دەهری بووبوو، ئەو فەلسەفەیەی بە دوای لەناوبردنی سیستمی چینایەتی دەگەڕا و هەڵوەدای یەکسانی بوو بۆ هەمووان. ئەوانی دیکەش لە بن کەوڵی ئەودا هەوڵی بنکۆڵکردنی یادەوەرییەکەی دەدەن. ئەوان لەگەڵ پەیامی ئەو ناکۆکن لەوەی لە هەموو ئایینەکاندا شتی باش هەیە، هەرئەوەش پێویستە بۆ ئێمە تا بیانناسینەوە و پشتی بگرین. باپوجی گوتی: "دینەکان ڕێگای جیاواز جیاوازن و لە هەندێ خاڵ بەیەک دەگەنەوە. ئەوسا گرفت چییە ئەگەر ئەو ڕێگە جیاواز جیاوازانە لێبگرین کاتێک بۆ هەمان ئامانج سەردەکێشن؟"

باپوجی بە دوای بنەما ڕاستییەکاندا دەگەڕا و بە پێداگیرییەوە داوای لە خەڵک دەکرد هەموو ئەو شتە ڕۆحییانە بخوێننەوە و خاڵی ئەرێنی لەهەر یەکێکیاندا بدۆزنەوە. کەسانی ئاسۆبەرتەنگ دەیانەوێ بڕوا بەوە بێنن، هەر بەتەنها پێگەکەی خۆیان دروستە. ئەوان لە ڕێی بنکۆڵکردنی ئەوانی دیکە هەوڵی سەپاندنی خۆیان دەدەن. ئەوان دەترسن ڕووبەڕووی ئاڵنگاری ببنەوە و پەلاماری ئەو کەسانە بدەن کە ئاسۆبینییان فراوانە. باپوجی بمابایە

پێیدەگوتن، ئەو ترسنۆکییە ئاماژەنمایەک نییە لە باوەڕەوە سەرچاوەی گرتبێ.

ئاینشتاین لە بارەی باپیرەمەوە وتە بەناوبانگەکەی خۆی گوت: "بە دەگمەن وایە نەوەکانی داهاتوو بڕوا بەوە بکەن پیاوێکی وەها لەسەر ئەم گۆی زەوییە هەبووبێ." جۆرج سی مارشال، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکاش وەهای ناوهێنا: "وتەبێژی ویژدانی سەرتاپای مرۆڤایەتی." یەکێک لە کۆمێنتارەکانیش گوتی؛ باپیرەم سەلماندی، کە خاکیبوون و ڕاستییە سادەکان لە ئیمپراتۆرییەتەکان بەهێزترن. باپوجی نە ناونیشانێکی هەبوو نە سامان و نە کورسیی دەسەڵاتێکی فەرمی. ئەو سەرلەشکری هیچ سوپایەک نەبوو یاخود ئیمپراتۆرێک نەبوو یان بیردۆزی ڕاکێشانیشی نەدۆزیبووەوە، بەڵکو ئەو ڕاستیوێژ بوو، ئەو ڕاستییەی ئێمە هەموومان لە کانگای دڵمانەوە لێی تێدەگەیشتین. لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەش بێ کە ناو و وێنەی ئەو بەم جۆرە ڕێزی لێ دەگیرێ.

لەو کاتەی لەگەڵ ئەودا لە کۆژینی سیڤاگرامدا دەژیام، باپیرەم وای لێکردم لیستێک لە خاڵە لاواز و خووە بەدەکانم دروست بکەم، ئەوەش وەنەبێ هەر بۆ سەرکۆنەکردنی خۆم بێ، بەڵکو بۆ ئەوە بوو بزانم چیم پێویستە بۆ خۆسەلماندن. وەک ئەو ڕوونی دەکردەوە، تۆ پێویستت بەوە هەیە خاڵە لاوازەکانی خۆت بزانی، ئەو توانستەت هەبێ تا خاڵە لاوازانە بکەیتە خاڵی بەهێزی خۆت. ئامانجی ڕۆژانەت ئەوەیە ئەمڕۆت باشتر بێ لە دوێنێ. کاتێکیش هەوڵی خۆسەلماندن بدەی، ئەوا کاریگەرییەکەی وەک تۆپەبەفرینە دەبێ. منیش لە هەموو ژیانمدا درێژەم بەو

ڕێبازە دا. ئاخر باپوجی فێری کردم، کە مەبەستم باندۆرێکی ئەرێنیانە بێ لەسەر جیهان، ئیدی بە هەموو وریاییەوە لە ڕاژەی بەدیهێنانی ئەو شتەم.

کاتێکیش بۆ یەکەمین جار بارمکردە ئەمریکا، ویستم فەلسەفەکەی باپوجی لەگەڵ خوێندکارانی کۆلیژ بەش بکەم. لەو دەمەش هەڵگری دکتۆرا نەبووم، هەر بۆیە زانکۆکان ڕێگەی وانەدانەوەیان پێنەدام. باپوجی هەرگیز ڕێگەی بەوە نەدەدا فەرمیبوونی ئەو جۆرە شتانە ڕێگەی پێبگرن، ئەو هەمیشە ڕێگەی خۆی دەدۆزیەوە. ئیدی منیش دامەزراوەی ناتوندوتیژییم بە ناوی باپیرەم دامەزراند و دەستم بە کۆڕبەندی نافەرمی و وانەوتنەوە کرد. کارکردن لەسەر ئاستی تاک بۆ ئەوەی کۆمەکی خەڵکی بکە تا چاکتر لە دادوەری و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان تێبگەن، ئیدی لەوەدا بینیم چۆن نموونە سەرمەشقی باپوجی هێشتا هەر پتەو و مەحکەمە. فەلسەفەکەی ئەو یارمەتیدەرە تا ببێتە پردێک بۆ بەستنەوەی خەڵک بە یەک.

لە ڕۆژانێکی سەرەتای نەوەتەکان، تووڕەیی لەبارەی زبریی بێشەرمانەی پۆلیس و نارەوایەتییە ڕەگەزپەرستییەکان لە لۆس ئەنجلسدا بووبوونە مایەی پشێوی و ئاڵۆزی و ڕاوەدونان. من ئەوکات لە مێمفیس دەژیام، ئەو شوێنەی لەبن باری هەمان ڕووداودا دەیناڵاند و خەریک بوو لەوێش دۆخەکە بتەقێتەوە، خەڵک لەو جڤاتەدا داوایان لێکردم بێمە پێشەوە و هەوڵێک بۆ هێورکردنەوەی دۆخە کولاوەکە بدەم. منیش تەواو لەوە دڵنیا نەبووم شتێکم پێبکرێ. لێ ئەوەم دەزانی، هەر کاتێک باپوجی نەیتوانیبا وەڵامێک بۆ پرسێک بداتەوە، ڕێوڕەسمی نوێژ و

ویردخوێندنی ڕێکدەخســـــت و خەڵکی بانگ دەکرد تا بەیەکەوە بەرسڤی پرسەکان بدەنەوە.

ئەو ڕووداوەی لە مێمفیســـدا قەوما، لە ڕۆژی ســـێشـــەممەدا تەقییەوە، منیش بڕیارمدا ڕێوڕەسـمێکی ویردخوێندنەوەی دینەکان لە ڕۆژی یەکشەممەدا ساز بدەم. قسەم لەگەڵ دەستەی بەڕێوبەری زانکۆکە کرد، ئەو زانکۆیەی دامەزراوەکەمی تێـدا دامەزرابوو، ئەوانیش گوتیان ئەم کارە بەلای کەمییەوە دوو هەفتەی پێدەوێ تا خۆمان بۆ بۆنەیەکی وەها ســاز و تەیار بکەین. دوو هەفتە! منیش ئەوەم پێگوتن: کاتێک ماڵەکەت گڕدەگرێ ئەوا ناتوانی دوو هەفتە چاوەڕێ بکەی تا ئاو بۆ دامرکاندنەوەی ئاگرەکە پەیدابکەی.

ئەوە بوو کۆمەڵەیەکی کەمم لە هاوکارەکانم کۆکردەوە، ئینجا بە شـــێوەیەکی کەســـی و تایبەتی هەموو ڕێکخراوە دینییەکانمان لە مێفیس بانگهێشـــت کرد. داوامان لە هەریەکەیان کرد لە بۆنەکە ئامادە بن و پێنج خولەک لە کاتی خۆییان بۆ ویردخوێندنەوە بە ئاشـــتی و هاوئاوازی بەیەکەوە بخوێنین. منیش باکم بەوە نەبوو ئاخۆ ئەوان چەند گەورە و گرنگن، ئاخر هەر هەموویان هەر هەمان پێنج خولەکیان بۆ ویردخوێندن هەبوو.

ئەو یەکشــەممەیە پتر لە شــەشــســەد کەس لە یاریگای دووگۆڵی شــارەکە کۆبوونەوە و ڕێوڕەسـمی ویردخوێندنەوەیان بەجێگەیاند. پێموایە ئەوەش یارمەتیدەر بوو، کە مەیدانەکە خاکێکی بێ لایەنانە بوو – ئاخر نە کڵێســا بوو نە مزگەوت نە کەنیشــتە- هەروەها هیچ دابێکی دینی بەســـەر ڕێوڕەســـمەکەدا باڵکێش نەبوو، هەموانیش هەســـتیان بە یەکســـانی و ڕێزگرتنی یەکدی کرد. زیاتر لە ســـێ دەستە و تاقمی دینی بۆ ڕێوڕەسمی ویرد و نوێژی ئاشتیخوازانەی

پێنج خولەکی هاتنەپێش. ئەمەش هەستێکی ناوازەی بەیەکەوە گرێدان و دۆستایەتی و لەیەکتێگەیشتن بوو، کە سەرووی هەموو ئامانجێکی ئەو ڕۆژەی گۆڕەپانی یاریی شارەکە کەوتبوو. کەسانێک کە پێیان وابوو شتێکی زۆر بچووکی هاوبەشیان لەنێو جڤاکەکەدا هەیە بە خەندە و دڵخۆشی و ئامێزی کراوەوە یەکدییان لە باوەش گرت. کەشوهەوا دنەدەرە ڕۆحییەکە بۆ ماوەیەک درێژەی هەبوو، ئیدی کاریگەرییە هێوربوونەکەی بۆ چەندین هەفتەی دواتر خایاند. زۆر کەس گوتیان ئەو ڕێوڕەسمە بە کۆمەڵەی نوێژ و ویردانە شاری مێمفێسیان لە تەقینەوە و ڕۆچوون لەنێو زەلکاوی توندوتیژییدا دەربازکرد.

ئاخر هەر کاتێک باوەشی خۆمان بە ئەوانی دیکە دەکەینەوە ئاشتی و هیوا چرۆ دەکەن. لە ڕێگەی بەیەکەوە کۆبوونەوە و یەکانگیربوونمان دەکرێ بە شێوەیەکی وا ببوژێینەوە کە ناتوانرێ بە تەنها کاری وەها بکەین. کاتێکیش لە کۆژینەکە لەگەڵ باپوجی بووم، ئەو لەسەر ئەوە مکوڕ بوو، کە ئەودیوی خزم و ناسیاوەکانمان ببینین و هەموو مرۆڤایەتی وەک خێزانێک بپەژرێنین. هەر وەک چۆن خوازیاری لە پێناو برایەکەت یان خوشکەکەت قوربانی بدەی و لە تەنگانە دەریبهێنی، پێویستە بە هەمان شێوەش هەست بە ئازاری دراوسێکەت و تەنانەت لایەکانیش بکەی و هەمان قوربانییان بۆ بدەی و کۆمەکیان بکەی. سەرتا بەوە سەخڵەت بووم، کە باپوجی هیچ سازشێکی بۆ من نەدەکرد. ئاخر خۆ من نەوەی ئەو بووم، باشە ئەدی ئەم پێگەیە وا ناکات لەچاوی ئەوانی دیکە بۆ ئەو تایبەت بم؟ هەر تەنها دواتر لە پەیامە مەزنەکەی تێگەیشتم کە ئەو ویستی بینێرێ: زۆر کەس لە

ئێمە هەر خەریکە بەشـێکی بچووک لە جیهان بپارێزێ، لەو کاتەدا ئێمە ئەو کارلەیەکە گەورەیەی گەشـــەکردنی هەمووان بەیەکەوە فەرامۆش دەکەین.

ئەوکاتە تۆ خەڵاتێک بە خۆت و جیهان دەبەخشـــی کە ڕوانینێکی بەرفراوانترت هەیە و شـــتە هاوبەشـــەکان لەبری جیاوازییەکان دەدۆزییەوە. ئاخر ئێمە هەر ئەوکاتە ڕزگار دەبین و دەمێنینەوە کە باقی دیکەی جیهانیش بمێنێ و ڕزگاری ببێ. دەوڵەمەند دەڵەمەندتر و هەژاریش هەر هەژارتر. خۆ ئەگەر تۆ لە کۆمەڵەی یەکەمینیـان بیت، ئەوا وەهـا دەردەکەوێ ڕێگاکە بۆ تۆ دروســـت و گونجاو بێ،لێخۆ ئەگەر درێژە بە پـاڵپشـــتکردنی ئەو جیـاوازییە تیژەی نێوان دەوڵەمەندی و هەژاری بدەین، ئەوا بانگەوازی ئەوە دەکەی کە نـاکۆکییەکـان یەک بە دوای یەک لەســـەر یەک کەڵەکە ببن. ئێمە ئەوســـا خۆمـان و (جیهـانیش) بە ڕێگەکەی دیکە هەر ئازار دەدەیـن. تـۆ هەر بـۆ نـموونە وەهـای دابـنـێ، کە بەو هـۆیەوە هەژارترین خەڵکی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتین سووتەمەنی نـانـدین و خۆگەرمکردنەوە و خۆشـــوشـــتنیـان نەبێ، ئیـدی بۆ ســـووتاندن بە دارســـتانەکان وەردەبن و ســـەرتاپای دارەکان دەبڕنەوە. لەو دۆخەشـــدا هەر هەموومان لە زیانلێکەوتنی ژینگەکە زەرەرمەند دەبین. ئاخر ئێمە هەموومـان بەیەکەوە پەیوەســـتین. کاتێکیش ڕێژەی ٢٠٪ی دانیشـتووانی جیهان بڕی ٨٠٪ دەرامەت و سەرچاوەکان بۆ پاراستنی ئاست و پێگەکەیان پێکبهێنن، لە کاتێکدا ٨٠٪ دانیشـــتوانی ســـەر ئەم ســـەرزەوییە بۆ قوتی نەژی و مەمرە هەڵوەدان، ئەوا ئەم شتە خۆی کارەسات خوڵقێنە.

ئەمریکییەکان هەڵەیەکی کوشـــندە دەکەن، کاتێ لەو باوەڕەدان دەتوانن بە خۆدابڕاندن لە ئەوانی دیکە بتوانن بەرژەوەندییەکانیان بپـاریزین. ئێمە ڕەچـاوی ئەوە دەکەین ڕۆژێ لە ڕۆژان بـاری سـەربازی لەهەر ناکۆکییەکدا گرەوەکە بباتەوە، هەر بۆیە ڕێژەی ٦٠٪ بودجەی فیدراڵی بۆ باری سـەربازی و چەکی کۆمەڵکوژ تەرخان دەکرێ. ئاخر ئێمە چەکی زۆرتر دروسـت دەکەین لەوەی بەکاریدێنین یان لە سـەرتاسـەری جیهاندا دەیفرۆشـین. خۆ پێشـتر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نمایشـی ئەوەی کردووە، کە لە ڕووی سـەربازییەوە ئەوپەڕی هێزی باڵادەسـتە. ئێسـتاش پێویسـتی بەوە هەیە ئەوە نیشـانی جیهان بدا، کە دەتوانێ لە ڕووی هێزی مۆڕاڵیشـەوە باڵادەسـت بێ. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ، ئـامـادەی کـاری چـاک بین بۆ جیهـان نەوەک هەر هەڵوەدای بەرژەوەندییەکانمان بین.

کاتێکیش کردە سـامناکەکەی ٩/١١ قەوما، ئەمریکا وەهای وەڵام دایەوە عێراق بۆمبـابـاران بکـا، ئەمەش بۆ بەرفرەوانکردنی تەقـینەوەی بـازنەی تـونـدوتـیـژی لە ڕۆژهەڵاتـی نـاویـنـدا سـەریکێشـا. کاتێکیش ئەمریکییەکان هاتنە سـەر ئەو ڕایەی، کەوا هەر بەڕاسـتی عێراق و ڕووداوەکەی ١١/ی هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نەبووە، ئیدی ئێمە خۆمان کردە پاڵپشـتی ئەو جەنگەی دژی "تیرۆرسـتان"، کە تائێسـتاش دوای ئەو هەموو سـاڵە، کەچی هیچ ئاشـتییەک بۆ کۆتاییهاتنی بەدی ناکرێ. ئیدی لەبری ئەوەی دۆخەکە هێور ببێتەوە، دیارە جیهان بەرەو باری دژوارتر هەنگاو دەنێ، ئەمەش لە پەلامارە تیرۆرستییەکانی سـەر پاریس و برۆکسل و ئەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا ڕوویان دا، دەرکەوت.

زۆر جار خەڵک لێم دەپرسن، *تۆ بڵێی ئەگەر گاندی مابوایە چی دەرهەق تیرۆریزم بکردبایە*؟ پێموایە باپیرەم بە پێداگرییەوە داوای دەکرد سیاسەتیی دەرەکی لەسەر هاوسۆزییەوە ڕۆنرابووایە نەوەک چاوچنۆکی. ئەو ڕوونی دەکردەوە، پەیوەندی و هاموشۆمان لەگەڵ سەرتاپای جیهاندا لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکدی و لەیەکتێگەیشتن و یەکدی پەژراندن بەندە. ئەو هەر یەکسەر لەپاش ٩/١١ داوای لە ئەمریکییەکان دەکرد تێبکۆشن لە بناوانی ڕق و کینە و نامرادی بگەن، ئەوەی بووەتە هۆکاری ئەوەی کەسانێک هەبن بە دڕندەترین شێواز پەلامارمان بدەن. دەکرێ بە هەندێک لە ئەمریکییەکان بڵێین "دەی بوەستە! خۆ هیچمان نەکردبوو. ئێمە پەلاماردراوین." هەر بەڕاستیش ئەم قسەیە ڕاستە. لێ خۆ ئەگەر تۆوی ڕقوکینە لە جیهاندا بڵاوکرابێتەوە، لەسەرمان پێویستە بیوەستێنین. باپیرەم لەبارەی ئەو نەتەوە و خەڵکە تووڕەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەیشتە ئەوەی تێبکۆشن پەیوەندییەکانیان باشتر بکەن. ئەو جارێکیان گوتی: "تۆ ناتوانی لە ڕەوشی نائاشتیدا ئاشتی بدۆزیتەوە. هەوڵەکە وەک ئەوە وایە هێشووەترێ لە دڕکێک بکەیتەوە یان هەنجیر لە دڕکوداڵ." خاکیبوون برینەکان ساڕێژ دەکا، لەخۆبایی بوونیش دەیانکولێنێتەوە.

پێموایە باپیرەم بە نیگەرانییەوە سەیری زۆر لە سەرکردە هەنووکەییەکانی دونیای دەکرد، ئەوانەی نیازیان پتر لە خۆدەوڵەمەندکردن هەیە لەوەی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی وڵاتەکانیان دەستەبەر بکەن. ئەو شێلگیرانە بڕوای بەوە هەبوو، ئەو کەسانەی دەسەڵاتدارن، دەبێ پێگەی خۆیان بۆ چاکەی

ڕەعیەتەکەی خۆیان لە ژنان و پیاوان بەکاربێنن. لێ ئەوەشی دەزانی، ئەم کارە هەمیشە نایەتەدی. ئەو گوتی: "هێز لە ناخێکی ڕاستگۆوە دێ. زۆر جار دەستکەوتی کرداری لە پایەی ماخۆکەی کەم دەکاتەوە." ئێستا زۆر کەس لەنێو حکومەتدا تیشکۆی هزریان تەنهاوتەنها چڕکردۆتە سەر بردنەوەی هەڵبژاردنەکان و بەرەوپێشوەچوونی کارنامەی ژیانیان، هەروەها ئەوان ئامادەن لە پێناو بەدیهێنانی نیازەکانیان ڕقوکێنە لەنێو خەڵکیدا بڵاوبکەنەوە. پێناچی باکیان بەوە بێ، کە هەر ئەوان خۆیان بنکۆڵکەری هەموو حکومەت و دیمۆکراسییەکن، کە پێویست وایە خزمەتی بکەن.

کەواتە ئەدی چۆن لە بەرانبەر شاشی و نادادپەروەری و تووڕەیی، کە ڕۆژانە دەیبینین، بوەستینەوە؟ سەرەتا، پێویستە ئێمە بیانبینین. پێموایە بگەڕێینەوە بۆ ئەوێ ڕۆژێ و بۆ باشووری ئەفریقا، ڕێک بۆ ساڵی ١٨٩٥، ئەوکاتەی پیاوێکی سپیپێست بڕیاریدا کە نایەوێت چیدی فارگۆنی قیتارەکەی لەگەڵ کەسێکی پێست ئەسمەردا بەش بکا، ئەوە بوو ڕووی لە پۆلیس نا بەڵکو باپیرەم لە قیتارەکە فڕێبداتە دەرەوە. ئەمەش یەکەمین ئەزموونی باپوجی بوو لەگەڵ جیاکارییەکی بێشەرمانە و لە بەرانبەریشدا هێدمەگرتی بوو. لێ کاتێک ئەو سەربردەکەی بۆ هیندییەکانی دیکە گێڕایەوە، زۆریان هەر بە تەنها بێ باکانە شانیان بۆ هەڵتەکاند. خۆ ئەگەر خەڵکە سپیپێستەکان ئەویان لە کلاسی یەکەمی قیتاردا نەویستبا، ئەدی باشە بۆ نەچووە فارگۆنێکی دیکە؟ باپوجیش چەند جارێک بۆی پاتەکردنەوە: "چونکە کارەکە نادادپەروەری بوو. ئاخر خۆ ناکرێ لە ئاست نادادپەروەرییدا ملکەچ بین."

بەڵێ هەر ئەو کاردانەوە بێباکانە وای لێکرد لەوە تێبگا، کە "**هیچ کەس لە خۆمان زیاتر خۆمان ناچەوسێنێتەوە**."ئێمە چیدی سەرنج لەو هەڵە و شاشییانە نادەیەن کە دەرهەقمان دەکرێ و ئۆباڵەکەشی دەخەینە سەر ملی ئەوانی دیکە. لە سۆنگەی ژیانی مشوورخواردنی ژیانی ڕۆژانەی خۆمان ئارەزووی درێژەدان بە خۆگونجاندن، بایەخ بە تێبینی و سەرنجەکانمان نادەین. ئیدی ڕەفتاری ڕووقایمانە وەک شتێکی ئاسایی دەردەکەوێ.

بەڵێ هەر ئێستا باپوجی ئەوەمان پێدەڵێ؛ لەبەردەم نادادی و نایەکسانییدا وریا بین. پێویست ناکا ملکەچی نادادی و دەمارگیریی بین. لەسەر ئێمە پێویستە لەسەرجەم ئاستەکاندا ڕووبەڕوویان ببینەوە. باپوجیش بۆ هاندانی خەڵک تا لە بەرانبەر ئەو ڕەفتارانەدا بجووڵێن و شتێک بکەن، ئەوەی بینی کە هیچ سوودێک لەوەدا نییە ڕق بە ڕق وەڵام بدرێتەوە، یاخود تووڕەیی بە تووڕەیی. ئاخر ئەگەر وامان کرد ئەوا کێشە و گرفتەکان دوو ئەوەندە دەکەین، ئەوانەی ئێمە دەمانەوێ لە بنەوە ڕیشەکێشی بکەین. ئەو لەو بڕوایەدا بوو، گۆڕانکاری بەتەنها لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەرێنیانەی خۆشەویستی و لێتێگەیشتن و خۆقوربانیدان و ڕێزگرتن سەرچاوە دەگرێ.

کاروکردەوەی باپیرەم بۆ گۆڕانکاری لە بانگەوازی بۆ یەکدیدواندن دەستپێیدەکا. کاتێکیش لەوەدا شکستی هێنا، دەستی بە خۆپیشاندانی حەشاماتێکی گەورە کرد تا هاوسۆزیی خەڵک بۆ هەموو لایەنی دۆزەکەی بەدەستبێنێ.

دەکرێ بۆ ڕۆژی ئەمڕۆشمان ئەو جۆرە خۆپیشاندانە ناتوندوتیژییانەی باپوجی کاری خۆیان بکەن، بەڵام لەسەرمان

پێویستە خەت بە ژێر ئامانجەکان و ئەو شتەدا بهێنین کە تێدەکۆشین بە دەستی بهێنین. هەر بۆ نموونە، ئەو ڕووداوەی تەقەکردن لە گەنجە ئەفریقییە ئەمریکییەکان لەسەر دەستی پۆلیسی ئەمریکی کارێکی تێکدەرانەیە و پێویستە سەرکۆنە بکرێ، بەڵام ئەو خۆپیشاندانەی بە دوای هەر یەکێک لەو ڕووداوانەدا بێ، پێویستە تەنها و تەنها تیشکۆکەی لەسەر ئەوە بێ کە تاوانبارەکان سزا بدرێن. باپوجی بوایە پێی لەسەر ڕوانینێکی درێژمەوداتردا دەگرت. هەر بە ڕاستی خەڵک پێویستیان بەوە هەیە لێیان بپێچرێتەوە، بەڵام مەبەستی هەرە مەزنتری کۆمەڵگە پێویستە ڕەواندنەوەی ترس و ئەو زێدەمافانە بێ، کە سەری بۆ ئەو جۆرە تەقوتۆقە کێشاوە. بەدەر لەوە، ئەو ترسە و زێدەمافانە هەروەک خۆیان دەمێنن (ئەگەر سەرکوتیش بکرێن) تا ڕووداو و بۆنەی دواتر، ئەوسا دەتەقیتەوە.

لەوانەیە باشترین شت ئەوەبێ بە باشترین شێوە لە ناواخنی کێشەکە نزیک ببینەوە بەوەی بە دروستی لە حوکمە تاکلایەنەکە بگەین، هەروەها لەگەڵ زانینی ئەو هەڵە و کەموکوڕیانەی ماخۆیان، نیازپاکەکانیش تێیدەکەون. لە دامەزراوە ناتوندوتیژییەکەی گاندیدا، یەکێ لە کۆڕبەندە جیاوازەکانمان وەرچەرخانێکی نائاسایی هەبوو. ئەو کەسەی کارەکەی هەڵدەسووڕاند، دەمامکی لە وێنەی خەڵکەکە لە چەندین ڕەگەز دروستکردبوو. کاتێکیش چووینە سەر شوێنی کارەکە، دەبووایە هەر یەکێک لە ئێمە دەمامکێک بپۆشێ و پێیگوترا سەیری ئاوێنەیەکی بچکۆلەی بەردەمی خۆی پێبکا. شتێکی سەیر بوو لە چاوی دەمامکەوە تەماشای ئاوێنەکە بکەی، نامۆیەک ببینی.

هەریەکەشمان دوو خولەکی ماوە بۆ دانرابوو تا وێنای ئەو کەسە بکا کە خۆی بووبوو بە ئەو.

هەر هەمووممان لەو کارەدا بە کۆمەڵەییەدا کەسانێکی بیرکەرەوەی بووین و لە پاشخانێکی چینی مامناوەندەوە هاتبووین و نوێنەرایەتی چەندین ڕەگەزمان دەکرد. ئێمە دڵنیا بووین بەوەی هیچ لایەنداریيەکی جیاکارییمان نییە و هەر یەکەشمان لەمەدا هەڵەی خۆی سەلماند. ئاخر شێوازەکان لە وەسفنامەکانماندا دەرکەوت. لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بیچمێکی نائاشنادا، گەڕاینەوە سەر ئەو چاوڕەوانییانەی لەبارەی ڕەگەز و جێندەر یان تەمەن هەمان بوو.

پاشخانە باشوورییە ئەفریقییەکەم، ئەوەی بە بەدترین شێوە لەبن باری لایەنگیریی جیاکارییدا نالاندم، وای لێکردم لە مەترسییەکان تێبگەم، هەروەها ئەو سالانەی لەگەڵ باپوجیدا بەسەرم برد، هێنامییە سەر ئەو باوەڕە، کە پێویستمان بەوەیە لەسەر هەموو ئاستێکدا بەرەنگاری لایەنگیری جیاکاری ببینەوە. لێ لە کاتی کارە بە کۆمەڵەکەی دەزگاکەمان، پەییم بەوە برد، دەکرێ وەک هەر کەسێکی دیکە سەبارەت بە حوکمدانی خەڵک بە گوێرەی بیچمییان خەتابار بم. لە ئامانجی باپوجی وەرچەرخاندنی کۆمەڵگە و کارێکی وەها بوو، کە ئێمە لەجیاتی جیاوازییەکانمان خاڵە هاوبەشەکانمان ببینین. زۆر لە دەستە و کۆمەڵەکانی ئێستا بە ئاراستەیەکی جیاوازدا دەڕۆن و بەزموڕەزمی شێواندن وەک کۆتایی خۆی بەکاردێنن. ئەوان حەزیان بە جڤاتەکان شەپرەدار (ئیفلیج) بکەن و ئینجا وا لە کۆمەڵگە بکەن گوایە ئەوان هەن و شایستەی هەموو پێزانین و ڕێزێکیشن.

ئەوان لەیەکتێگەیشـــتن و یەکدی قبوولکردنیان ناوێ، بەڵکو هەر ئەوەیـان دەوێ ژیـان بە گـوێرەی هەلـومەرجی ئەوان بەڕێوە بڕوا. من بە قووڵی لەگەڵ کوێرەوەریی ئەوان هاوسۆزم و دەشزانم جەنگەکە چەند سـەختە، بەڵام خۆ هیچ کۆمەڵگەیەک لەبن ڕێسـای "پەرتکە و زاڵ بە"دا دەربـازی نـابێ. لە کۆتـاییـدا وڵات یـان کۆمەڵەیەکی پەرت بوو، لەباریەک هەڵدەوەشێتەوە. ئەم ڕاستییەش هەر لە ئێستاوە لە جاران ڕوونتر دیارە.

زۆر لە ڕابەرانی جیهان حەزیان لەوەیە دەرکەی خۆیان دابخەن و وا نمایش بکەن گوایە جیهان لە دەرەوەی سـنووری ئەوان بوونی نییە، یان هیچ نییە. لێ تا دێ جیهان دەچێتەوە یەک و کۆمەڵگە و فرەڕەگەزی و دینییش دەکشـێن و کەمتر نابن. باپوجی ئەوەی دەبینی و لێی تێگەیشتبوو، کە پێویست ناکا هەر لەنێو هاونەتەوەی خـۆمـان و گـرووپە ڕەگەزیـیەکەمـان بـژیـن و هەر بە تەنـیـا بە مەبەسـتی ئیشـوکار و چالاکییە بازرگانییەکان ڕەگەڵ تەوژمە سـەرەکییەکە بکەوین، بەڵکو لەبری ئەوە، پێویسـتمـان بەوە هەیە بژین و کـاربکەین، ئەوەش بە هـاوبەشـکردنی ڕوانین بەوەی چی بە کەڵک و باشە بۆ هەر هەمووومان.

ئەمریکا کەوتۆتە نێو گێژاوی سیاسەتی ناسنامە، بە شێوەیەک خەڵکەکەی لە کۆمەڵگەی لە یەک جیـا دەژی و ڕیزبەسـتنی هەڵبژاردنەکانیش هەر بۆ هـاندانی ئەو جیاکردنەوەیانەیە. زۆر لە خەڵکی بۆ چاکەی سـەرتـاپـای وڵات دەنـگ نـادا، بەڵکو بۆ ئەو ڕوانینەی کە گرووپەکەی بە چاک دەزانێ، دەنگ دەدا. (سـەیریش لەوە دایە ئەو کەسـە یان ئەو حزبەی پێی وایە لە بەرژەوەندی ئەواندایە، زۆر جار وایە، وەها دەرناچێ). خۆی یەکسـانی ئەوکاتە

ڕوودەدا کاتێک لە بازنەی بچکۆلەی کۆمەڵەکەی خۆمان دەردەچین و سەیری چاکە و باشەی گەورەتر بکەین. دیمۆکراسی ڕاستەقینە نەوەک هەر ئەوە مسۆگەر دەکا کە هەمووان یەکسان بن، بەڵکو بایەخ بە هەمووان بدرێ و ڕێزیان بگیرێ. باپوجی ئاماژەی بەوە داوە، "زۆر جار سیاسییەکان فیڵێکیان لەبن سەر دایە، ئەویش ڕووپۆشکردنی ڕاستییە بە پەردەیەکی تەمومژاوی و هەروەها ئەو شتەی کاتی و ناگرنگە لای ئەوان پێشنۆرەیە و لە سەرووی شتگەلی درێژخایەن و زۆر گرنگەوەیە". ئارەزووم ئەوەیە ئەم بیرخەرەوەیە لە هەموو کابینەیەکی دەنگدان هەڵبواسرێ. هەڵمەتی سیاسەتبازان زیاتر خۆیان بە پرسی کەسی یان بەڵێنی درۆزنانەوە خەریک دەکەن، هەرچی ڕوانگەی فراوانی جیهانبینی و هەر بەڕاستی گرنگیشە بەلاوە دەنرێ. خەڵک دەناڵێنێ و وڵاتانیش لەبەر کورتبینییان دەڕوخێن.

**زۆر جار سیاسییەکان فیڵێکیان لەبن سەر دایە، ئەویش ڕووپۆشکردنی ڕاستییە بە پەردەیەکی تەمومژاوی و هەروەها ئەو شتەی کاتی و ناگرنگە لای ئەوان پێشنۆرەیە و لەسەرووی شتگەلی درێژخایەن و زۆر گرنگەوەیە.**

نموونەیەک لەسەر ئەوە، بەرلین پەیکەرێکی یادەوریی بۆ هۆلۆکۆست و ئەو جووانە دروستکردووە، کە بە هۆی ڕق و کێشەی بێ بنەما سەریان تێداچوو. پۆستەرەکانی نزیک لە گۆڕەپانی سەرەکی شارەکە ئەوە نیشان دەدەن، چۆن شارەکە

کاتی خۆی لە ئاخیروئۆخری دووەمین جەنگی جیهانیدا کاول بووبوو، ئاخر ئەو هەموو هاوولاتییە ئالمانە بە هەموو دین و مەزەبەکانیانەوە لەوێ بەبێ خۆراک و نیشتاک مابوونەوە. بەم شێوەیە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێ تاوان بە پاشخانی جۆراوجۆر و خاوەن خەونی زەردوسوور لەو گۆڕە مردن، یان لەبەر شکستیی ڕق و کینە نالاندییان. وا پێویست دەکا کۆتەڵی یادەوەریی هیوایەکمان پێببەخشی بەوەی دەرسمان لە ڕابردوو وەرگرتبێ.

لێ گەلۆ، تۆ بڵێی گۆڕانێکی ڕاستەقینە ڕوویدا بێ؟ تۆ بڵێی لە ڕابردووی پڕ لە کوێرەوەری پەندمان وەرگرتبێ؟ ئاخر شێوازی نوێی ڕقوکینەی نازییانە بە شێوەی جیاجیا لە سەرتاپای ولاتانی جیهان درێژەی هەیە، ئەمەشیان دژوارترین کێشەیە. ئێمە ڕۆژانە بە شێوەی جیا جیا لێکەوتەکەی دەبینین، هەر بە شێوەی کەڵەگایی لە قوتابخانە و فێرگەکان، لە هەراسانی و پشێوی لەسەر شەقام و ناو کۆلان، لەو هەموو کوشت و کوشتارە بە کۆمەڵە و ئاوارە بێلانە بوونە. تەنانەت لە دوای دووەمین جەنگی جیهانیشەوە، ڕقوکینە بووەتە خۆراکی کردەی جینۆساید لە کەمبۆدیا، ڕواندا و بۆسنیا. ئاخر هەر ئێستا ئێمە بەسەر وێرانکارییەکەی سەر سووریا شاهیدین. دەکرێ ئەو ترسوبیمە سامناکە لە ئێمەوە زۆر دوور بێ، بەلام خۆ زۆر لە خەڵکی، ئەوانەی کۆستیان کەوتووە هەروەک من و تۆن، ئەوانیش حەزیان لەوەیە کارێکی سوودبەخش بکەن و قووتی ڕۆژانەی خاووخێزانیان پەیدا بکەن، منداڵەکانیان لە باوەشی ئاشتی و ئارامیدا گەورە بکەن، پشتیوانی جڤات و کۆمەڵەکانی خۆیان بن، بە ئاشتی و ئارامی بژین. کەچی ئێستا ئەوان لە ئاوارەیی و دەربەدەری لە چادرگەی پەناهەندەییدا

دەژین، بە چاوی مەراقیش دەپرســن، ئەریٚ بۆ کەس بە هانایانەوە نایەت تا لەو کویٚرەوەرییە دەریان بهیٚنیٚ.

هەر کاتێک خاڵە هاوبەشــەکانمان لەبری خاڵە جیاوازەکانمان لە نێوان یەکدیدا ناسـییەوە، ئەوسـا بە ڕوانینێکی جیاوازتر لە جاران لەســـەر ئەم زەمینە لە یەکدی نزیکتر دەبینەوە. دەکریٚ تۆ وەهای دابنێی، کەوا ئەو ناکۆکییە هەنووکەییە و ئەو کارەسـاتەی ئێسـتا پەیوەندی بە تۆوە نییە و وەک دەگوتریٚ ئاگرە سـوورە لەخۆم دوورەیە، بەڵام خۆ دەکریٚ ئەمڕۆی نێوبازنەی کۆمەڵەکە بۆ بەیانی ببێتە دەرەوەی بازنە. کاتێکیش ئێمە خەڵکی لەسـەر بنەمای ڕەگەز، دین، ناسـنامەی نەتەوایەتی، جێندەر، مەیلی سـێکسـی، ڕوانینی سـیاسـی، جۆری جەسـتە، تەمەن، پێگەی کۆمەڵایەتی، توانسـت و پەککەوتەیی، زمان، زار، جۆری کەسـایەتی، دەسـتە و تاقمی یاری جیاواز بکەین کە کۆتـایی بۆ نییە، هەینیٚ لە کۆتـاییدا هەمووـمان دەکەوینە دەرەوەی بازنەی ئەوی دیکەوە!

دەکریٚ ئەو ڕق و کینە و جیاکارییەی لە دووری ئێمەدا دەقەومیٚ مـایەی سـەرلێتێکچوون بیٚ. خۆم لەگەڵ ژمـارەیەکی زۆر لە ئەمریکییەکان دواوم، ئەوانەی دانیان بەوە داناوە کەوا جیاوازی لە نێوان هوتو و توتسـی لە ڕواندا، لە نێوان شـیعە و سـوننە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، هەروەها لە نێوان موسـڵمان و هیندۆس لە هیندسـتاندا، هەندیٚ ناڕوون و تەمومژاوییە. بۆ هەر ئەمریکییەکی پاشـخان جوایەتی -کریسـتیانێتی، هەر جووتەیەک زیاتر پێکدەچن لەوەی جیـاواز بـن. لەگەڵ ئەوەشـدا هەریەکەیـان هەوڵـی وردوخاشکردنی ئەوی دیکەی داوە.

من لێرەدا لەو ئاماژەیەم خوانەخواسته سووکایەتی نییە بە نەزانیی ئەمریکییەکان لەبارەی دینەکانی جیهان، بەڵکو ئاماژەکردنە بۆ ئەوەی هەر بە ڕاستی سەرلێشێوان هەیە. زۆر جار ئەو کەسانەی بە چاوێکی جیاکەرەوانە لێیان دەڕوانین، لەو کەسانەن کە ئێمەیان زۆر خۆش دەوێ. ئەو دڵسۆزییەی شەقڵیداوەتە دەستە و تاقمی خۆمان –ئەو ڕقەی بۆ لایدەکانیشمان هەیە- زۆر جار بێ تام و هیچ و پووچانەیە. دەروونناسان ئەوەیان دۆزیوەتەوە، هەر کاتێک خەڵک هەر لە گۆترە لە ڕیزبەندی کۆمەڵەیەک دابندرێن، ئەوا دەستبەجێ ئەو شتەیان لێخۆش دێ و مکوڕیش دەبن لەسەر ئەوەی کۆمەڵەکەیان لە ئەوانی دیکە باشترە. ڕاستە ئاخۆ ئەو جیاکارییەی دەکرێ زۆر بێ بایەخە. دەی تیشێرتێکی ڕەنگسوور بدەرە هەندێک کەس و تیشێرتی شینیش بۆ هەندێکی دیکە، ئینجا دەستەگەری خۆی دروست دەبێ. ئەزموونداران ئەوەیان نیشان داوە، ئەوانەی تیشێرتی سووریان پۆشیوە میهرەبانتر و جوانتر ڕەفتار دەنوێننن لەگەڵ هاوسوور پۆشەکانیان لەوانەی تیشێرتی شینیان پۆشیوە (هەڵبەتە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە). دیارە ئێمە زیاتر حەز بە کۆمەک و هاوکاریی کەسانێک دەکەین کە وەهایان دەبینین "لە خۆمانن" لەبری ئەوەی "لەوان" بن.

ئێستاش دەروونناسان بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن ئاخۆ بناوانی ئەو"لایەنگرییەی بە کۆمەڵبوونە" چییە. هەندێک کەس لەو بڕوایەدان ئێمە بە خۆزاییەوە وا بەرنامەڕێژکراوین، کە ئەو کۆمەڵەی تێیداین لەسەروی ئەوانی دیکە دابنێین. لێ خۆ ئێمە لە قوتابخانەکانماندا منداڵەکانمان فێری هەندێ بەها و چاوەڕوانی دەکەین، هەروەها بە

دڵنیپیایەوە سیستمی پەروەردە و فێرکردنێک کە پێ لەسەر لەخۆگرتن دادەگرن لەبری پەرتکردن، ئەوا شتەکان دەگۆڕێ. ئەو یەکسانی و لەخۆگرتنەی لە باپوجییەوە فێربووم، وای لێکردم لە ماوەی ئەو دەیانەی ژیانم بە بەهێزی بمێنمەوە. ئێمە دەکرێ تێبکۆشین ئەو وانانە بە منداڵەکانمان بڵێینەوە، ئەوسا ئەگەر دەستڕۆیی دەرەکییش بەرەو ئاراستەی پەرتکردن بیانبا.

زۆر لەو کێشانەی پەرت و وێرانمان دەکا، ناکرێ لەڕێگەی قانوننامەیەکی باڵاوە چارەسەر بکرێ. ئەو کێشانە هەر بە تەنها بە خواستی مێشکێکی کراوە و دڵێک بۆ لەیەک تێگەیشتن و ڕێزگرتنی یەکدی چارەسەر دەبن. خۆ ئەگەر باپیرەم مابووایە، ئەوا لە ساڵی ١٩٦٤دا بە خەندەیەکی گەورەوە سەیری سەرۆک لیندن جۆنسنی دەکرد کاتێ جارنامەی مافە مەدەنییەکانی واژۆ کرد، ئەو جارنامەیەی مافی هاوشانی بۆ خەڵک دابینکرد بە چاوپۆشین لە ڕەگەز و دین و زایندە یان ڕەچەڵەکی نەتەوەیی. هەروەها بە هەمان شێوە دوابەدوای چوارساڵی دیکەش دڵخۆش دەبوو، چونکە قانوننامەیەکی خۆجێیی دەرچوو، تێیدا بەڵێنی دابینکردنی خانوبەرەی بۆ هەمووان تێدا بوو. لێ لە هەمان کاتدا بایی ئەوەندەش ئاوەزدار دەبوو تا ئەوە بزانێ، کە ئەمەیان هەر تەنها سەرەتایەکە. ئیدی ئەو سەرسام نەدەما کە ئێستا لەپاش پەنجا ساڵ هێشتا هەبوونی یەکسانی کورتهێنە.

پێویستە خەڵک بڕوای بەوە هەبێ، کە گۆڕانکاری شتێکە و دێتەدی. پێنج ساڵ لە دوای جارنامەی مافە مەدەنییەکانی ساڵی ١٩٦٨ ئینجا بووە قانوننامە و وەزارەتی داد داوایەکی لە دژی کۆمپانیایەک لە نیویۆرک بەرز کردوە بەو تۆمەتەی جیاکاری لە

پێدانی خانووبەرە دەکا و خانووەکانی بەکرێ نـاداتە ئەمریکییە ئەفریقاییەکان. سـەرۆکی ئەو کۆمپانیای خانوبەرەش دۆناڵد ترەمپ بوو. قانوننامەکەش جیاکارییەکەی نەوەستاند، ئینجا دوای چەندین سـاڵ دیاربوو دەنگدەران باکیان بەو شـتە نەما بوو. ئێسـتاش ئەو سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.

جارنامەی مافە مەدەنییەکان، ئەمریکای خستە سـەر ناوەڕاسـتی ڕێگا تا بەرەو پێشـەوە بڕوا، لێ ئێمە لێرەوە وەسـتاندمان. نیوەی ڕێگاکەی دیکە پێویسـتی بەوەیە لە سـۆنگەی گیان و ڕۆشـنگەری و پەروەردەوە ببڕدرێ. دەکرێ هەمان شـتیش لەبارەی قانوننامەکان بڵێین، ئەوانەی مـافی ژنـان و گـای و لیسـبینەکان دابین دەکەن. گۆڕین و هەموار کردنەوەی قانونەکان بۆ پاراسـتنی خەڵک شـتێکی چارەنووسـسـازە، بەڵام گۆڕانکاری ڕاسـتەقینە لەوەوە دێ، کە خەڵک ببینێ زێدەماف و لایەنداری چ زیانێک دەنێتەوە، هەروەها دان بە هەڵەی ڕابردووی خۆیاندا بنێن و یەکدی لە باوەش بگرن لەبری ئەوەی لە یەک دوور بکەونەوە.

زۆر جـاران بـاپوجی دەیگوت کۆمەڵگە بە پێوەرێکی مـاددی ناپێورێ، بەڵکو تەنها بە قووڵایی خۆشـەویسـتی و ڕێزگرتن بۆ هەمووان دەپێورێ. ئەو زۆر جار ئاماژەی بۆ وتەیەکی سانسکریتی سـارڤۆدایا (Sarvodaya) دەدا، کە واتای"خۆشـگوزەرانی بۆ هەمووان" دەگەیەنێ. ئەو لەو باوەڕەدا بوو هەموو کەسـێک مافی ژیانێکی شـایان و بەختیار و ڕزگاربوون لە پێویسـتی هەیە. ئەوەش ڕاسـتییەکی فامکراوە، کەوا هەمووومان بەلای کەمییەوە بە خۆبەرژەوەنـدییەوە دەجووڵێین، بەڵام لەبری ئەوەی بە تـایبەتی کۆهزرمان هەر لەسـەر خۆمان بەند بێ، ئەوا ئێمە هەسـتێکی

باشترمان دەبێ و شایستەتریش دەبین ئەگەر ئەودیوی پێویستی و ئارەزەووەکانیشمان ببینین. باپوجی وشەی سواراژ (swaraj)ی بۆ ئازادی بەکاردەهێنا بەوەی هەموو کەسێک شایانیەتی پێی بگا، هەروەها هەموومان دەبێ یارمەتی یەکدی بدەین تا بە دەستی دەهێنین. ئەو وەهای قسە لەسەر دەکرد وەک ئەوەی واتاکەی لە ئازادی سیاسی پتر بێ؛ ئەو هەلۆەدای ئەوە بوو، کە "ساراژ (دەربازبوون) بێ لە برسیەتی و قاتوقڕی ڕۆحیی ملیۆنان کەس."

باپوجی تاقیکردنەوەیەکی سادە و ئاسانی بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئاخۆ کامە کردەوە ڕاستە یان شاشە هەبوو. ئەو گوتی کاتێ هەرکەسێک لەبارەی ئەو کارەی دەیکا دوودڵ بوو پێویستە" ئەوە بێنێتە بەرچاوی خۆی کە تووشی نەدارترین و زەبوونترین کەس بووە، ئینجا لەخۆی بپرسێ ئاخۆ ئەو هەنگاوەی ئەو دەینێ، هیچ سوود بەو کەسە دەگەیەنێ یان نا." تۆ بڵێی ئەو کۆمەک و یارمەتییە وا لەو کەسە بکا جڵەوی ژیان و شکۆمەندی و سواراژ (دەربازبوون)ی خۆی بکەوێتەوە دەست؟ خۆ ئەگەر وابێ، ئەو دەیگوت: "ئەوسا بۆت دەردەکەوێ هەرچی دوودڵییە لەگەڵ خۆتدا تواوەتەوە."

خۆ هەرچییەک لە بارەی سیاسەت و لەو جیهانە پانوبەرینە ڕوویدا، ئەوا ئێمە هێشتا کاریگەریمان بەسەر یەکەوە هەیە. هەموو کاتێک کە دەچمە هیندستان، ڕاددەی بەرفراوانی هەژاری بە باڵکێش دەبینم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەش هەر بە باڵکێش دەبینم، کە زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵ شێلگیرانە بڕیاری ئەوەیان داوە ژیانی خۆیان بگۆڕن و ئاستی پێویستییەکانیان بەرز بکەنەوە.

چەند ســـاڵێکی زۆر لەمەوبەر ژنێکم بینی ناوی ئیلا بات بوو، خەریکی ڕێکخســـتنی قەرزی بچووک بوو بۆ پڕۆژەی بچووک بچووک. هەروەک فرۆشتنی ماسی تەڕوتازە و میوە و سەوزە لە بازاڕ. بۆ ماوەی چەند ساڵێک پڕۆژەکەی بەرفروان بوو تا گەیشتە بەرکارخســـتنی ٩ ملیۆن ژن لە ســـەرتاســـەری هیندســـتاندا. پاش ماوەیەک هەندێ لەو ژنانە بە خانم ئێلا باتیان گوت؛ ئەوان بەختەوەر نین لە پشـــتبەســـتن بە بانکە بازرگانییەکان بۆ قەرزە بچووک بچووکەکانیان، ئیدی پێشـــنیازی دامەزراندنی دەزگایەکی هاوکاریی خۆیان بۆ ئەم پرســـە کرد. ئەویش بە دلۆڤانییەوە بۆی ڕوونکردنەوە، کە ئەم کارە چەند ئاڵۆز و ســـەختە. ئاخر زۆر لەو ژنانە نەخوێندەوار بوون و نەیاندەزانی واژۆیەکیش بکەن. لێ ئەوان پێیان گوتەوە" "جا چییە، فێر دەبین!"

بەم جۆرە هەنـدێ لە ژنەکـان لە مـاڵی خـانمەکە کۆبوونەوە، کۆرســـێکی خوێندن بە درێژایی شـــەوەکە درێژەی کێشـــا. بۆ بەیـانییەکەی ژنەکـان فۆرمی تـایبەتیـان بە کـارەکە کۆکردەوە هەریەکەشیان بە شانازییەوە سەیری واژۆی خۆی و ناوی خۆیان کرد کە دامەزاروە هاوکارییەکەری خۆیان پێ دامەزراند. ئەوە بوو ناویان لە کۆمپانیاکەیان نا دەســـتەی هاوکاریی ژنانی خۆڕێکخەر، هەر زووش بانکێکی هاوکارییان بە ناوی سێوا SEWA دامەزراند. ئەوەش بووە دامەزراوەیەکی پەرەسەندوو، یارمەتی ژنانی دا تا لە کاروبارەکانیان زیاتر پشت بەخۆیان ببەستن.

کاتێکیش بانکەکە لە ١٩٧٤دا کەوتە کار، سەروبەندی چوارهەزار ژن بووە ئەندام تیایدا، هەر یەکەیان کەم یا زیاد بە بڕی یەک دۆلار لە بانکەکە پشـــکدار بوو. ئێســـتاش ئەو بانکە نزیکەی دە هەزار

کەســـــی لە پارەپێدەری ژنی چالاک هەیە، وێڕای ئەمەش بانکەکە هەم بۆ پاشەکەوت و هەم بۆ قەرزدانە، ئیدی سیۆوا یارمەتی قانونی و بیمەی تەندروستیش پێشکەش هاموشۆکەرانی دەکا.

ئەندێرا و پوشــپیکا فرایتاس دوو خوشــکن لە ناوچەی شــیکاگۆ دەژین، پڕۆژەیەکیان بۆ دیزاینکردنی جلوبەرک دەســــتپێکردووە و دیزاینەکەشیان بۆ مۆمبای دەنێرن، ئەو ژنانەی لە گەڕەکە هەژار و نەدارەکـــان دەژیـــن و کـــار لەســــــر بــۆیەکــردن و درووویــن و ئـــاوادامنکردنی پۆشــــــاک دەکەن. ئەوان جلوبەرگی زۆر جوان دروست دەکەن و بەگوێرەی کەتەلۆگیش دەیفرۆشـن و بڕی ٨٠٪ی قازانجەکەش بۆ خۆیانە. ئەم پڕۆژەیە زۆر باش بەرفراوان بووە و ئێســـــتاش پشـــــتگیری مشـــــوورخواردنی منـدالآن و بەرنـامەی تەندروســتی ژنان دەکا، ئەو ژنانەی هەر خۆیان هیممەتیان کرد و باری ژیانی خۆیان بە گوێرەی پڕۆژەکە لە هەژاریدا بەرز کردەوە. من ماڵباتی جووتخوشکەکەی فرایتاس لەمێژە دەناسم، دایبایشیان کەســــــانی دیندار و چاکەخوازی کۆمەڵایەتی بوون. تەنانەت لەو جیهانە پڕ لە کێشــــە و ئاســـتەنگییەشــدا، دەکرێ مندالەکانمان فێرە شــــتی وەها بکەین، کاتێ کە گەورە دەبن شـــــانازی بە خۆیانەوە بکەن بەوەی شتێکی جیاوازیان لێ دەرچووە.

پەیوەندی پەیداکردن لەگەڵ کەسانێک کە لە ئێمە جیاوازن شتێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بەســـــەر پرســـــی لایەنداریدا زاڵ بین و خاڵە هـاوبەشـــــکانی نێوانمـان بنـاســـــینەوە. من بە ڕێکخراوێکی وەک پەیمانگای فێرکردنی نێودەوڵەتییەوە ســـــەرســـــامم. ئاخر لەنێو بەرنامەکانیدا، زەماڵەی خوێندنی لەودیوزێیەکان لەســــەرتاســــەری ئەم جیهانەماندا هەیە. لە کاتێکدا هەندێک لە بەرنامەکانیان وەک

زەمـالەی فولبرایـت بۆ کـاری پێشـــکەوتوو تەرخـانە، لێ ئەم دامەزراوەیە دنەدەری خوێندکارانی نێودەوڵەتییە و جیهانبینییەکی فراوانی بۆ ئەم بـابەتە هەیە. ئـالان گودمـان، ئەو مـامۆسـتـا ناوازەیەی ســەرۆکی دامەزراوەکەیە، شـــوێنەواری فێربوون بە بەرفراوانی دەبینێ. لەنێو گێژاوی سـەختانگی سـووریادا، کۆهزری بۆ ئەوە تەرخان بوو، ئاخۆ چۆن بە ســـەدان قوتابی لەو هەزاران ئاوارەیە دەرفەتی خوێندنی پێبدرێ. ئەو هۆشـداری ئەوەی دا: "خۆ ئەگەر ئێمە ئەوان لەخۆ نەگرین، ئەوا داعش بۆ خۆیان دەبا."

دکتۆر گودمان لە قووڵایی ئاســتی لەیەک نزیکی پەیوەندییەکانی نێوان ناتوندوتیژی و پەروەردە و فێربوون دەگا. خەڵکانێک کە بە چەک و ڕق و کینە هەوڵی گۆڕینی جیهـان دەدەن، ئەوا وێرانی دەکەن. ئەوانەش لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردن و لێکتێگەیشـــتن بەدوای گۆڕانکارییەوەن، هیوامان پێدەبەخشن.

دکتۆر گودمان دەســتی بە بەرنامەیەکی دیکەش لە دامەزراوەکە کردووە، بەوەی هانی دەسـتەی خوێندن بدا خولی خوێندن ببەنەوە دەرەوەی وڵات، هەروەهـا ڕێکـخـراوەکـانـی دیـکەش ئەوەیـان خســـتووەتە ڕوو، کە خوێـندکـارانی لە دوانـاوەنـدی و بـاڵاوە بۆ ئەزمـوون وەرگـرتـن بـنـێرنە دەرەوەی وڵات. ئـاخـر خۆ ئەوان بەردەوام هەر لەگەڵ خێزانەکـانیـان دەژین و دەچنە قوتـابخـانە خۆجێییەکانی نزیک ماڵیان. ئەو خەڵکەی ئەزموونی دەرەکی هەبێ ئەوا دوای دەیەی دواتر وەهـا وێنا دەکرێن وەک ئەوەی ژیـانیـان وەرچەرخـا بێ. ئـاخر ئەوانەی ئەزموونی دەرەویـان هەیە، ڕۆژانە لەگەڵ مـاڵباتی جیاواز و دابونەریتی جیاواز هاموشـــۆ و ڕەفتار دەکەن. ئیـدی کـاتێک بۆ شـــێوان لەگەڵیـان لەســـەر یەک خوان

دادەنیشن و شەوانیش ئاهەنگ و بۆنەکان بەیەکەوە بەسەر دەبەن، ئەوا ئەم خوێندکارانە هەست دەکەن سەر بە جیهانێکی گەورەترن لەوەی خۆیان. سالانێک پاشتر کاتێک گوێیان لە سیاسییەکان دەبێ، کەوا سەرکۆنەی کۆچبەر یان لایدەکان دەکەن، کەچی ئەوان ڕوانگەی جیاوازتریان دەبێ، چونکە ئاسۆی ڕامانیان بە حوکمی ئەزموونەکەیان فراوانتر بووە. ئیدی لە جیاتی ئەوەی "لەو خەڵکانە" بترسێن، ئەوا ئەو سالانەی ڕابردووی گواستنەوەی خۆیان بەبیر دێتەوە، کە بەیەکەوە چۆن باوکی خانەوادە خانەخوێیەکە بە خۆشییەوە خوانیان بۆ ئامادە کردووە و چۆن خوشکەکەش لەژێر ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەوە پیاسەیان لەگەڵ کردووە.

ئافرەتێک کە لە مانهاتن دەژی، لەبارەی ئەزموونی خۆی، هی یەک دوو ساڵ لەپاش ڕووداوەکەی ٩/١١ پێیڕاگەیاندم، کاتێک شارەکە هێشتا هەر لەبن پەلامارەکە دەینالاند، یەکێ لەو شتە خۆشانەی شارەکە فرۆشیارە دەستگێڕەکانی سەر عارەبانە و ترومبێلەکان بوون، ئەوانەی مۆڵەتیان وەرگرتبوو و تەنانەت بچنە گەڕەکە هەرە کەشخە و پێشکەوتووەکانیش، بە شێوەیەک شارێکی گەورەش هەستی شارێکی بچووک وەربگرێ. ئەو خانمە لە باڵەخانەیەکی هەوربڕی نێو شارەکە کارمەندە، ئیدی هەموو بەیانییەک لای دەستگێڕێکی سەر شەقامەکە دەوەستێ تا مۆزێک و چەند میوەیەک بکڕێ. دوای چەندین مانگ ئەم خانمە بە تێکۆشان و ماندووبوونی کابرای دەستگێڕ سەرسام بوو، بۆ ئەوەی میوەکەی بفرۆشێ دەبێ بەیانیان زوو کە هێشتا هەر شەوە هەڵبستێ، ئیدی ڕۆژانە لە شوێنێک بوەستێ، کە بە هاوین زۆر گەرم و بە زستانیش زۆر ساردە. کابرا بە ژنەکەی گوت: "من دوو

منــداڵی وردم هەن و دەمەوێ دەرفەتی ژیــانێکی بــاشـــیــان پێببەخشــــم." وەها بۆی ڕوونکردەوە کە ئاخۆ بۆچی ئەو هەموو سەعاتە دوورودرێژانە بە دیار فرۆشتنی میوەکانییەوە دەوەستێ. ئەوان زۆر جــار بە یەکەوە قســـەیــان دەکرد، ئیـدی لە گیــانی دنەدەرانەی کــاروبــاری ڕۆژانە هــیــمــەتــی لــێ وەردەگــرتــی. بەیانییەکیان کابرای دەستگێڕ بە ژنەی گوت کەوا کارەکەی سەری گرتووە و داهاتی بــاشـــی هەبووە، بۆیە کــاتی هــاتووە بۆ چەند مــانگێک ئێرە بەجێبێڵی و بگەڕێتەوە مــاڵی خۆی و پــارەکەش بۆ خاووخێزانی بباتەوە.

- ژنە پرسی: "بۆ ماڵت لە کوێیە؟"

- کابرای دەستگێڕ: "لە ئەفغانستانە."

کاتێ ژنە گوێی لە وەڵامەکە بوو، وەک ئەوەی برووســـکە لێی دابێ، هەنگاوێک بۆ دواوە کشایەوە و لە کابرا نزیک بووەوە. ئاخر خۆ کابرا تۆنێکی دەنگیی قورس و پێستێکی ئەسمەری هەبوو، لێ بەو سروشتە جوان و ڕەفتار دلۆڤانییەی، هەرگیز ئەوە بە خەیاڵی ژنەدا نەهات نەیار بێ. هەر دەســـبەجێش پەی بەوە برد کابرای دەســـتگێڕ دوژمن نییە. ئیدی بە خەندەیەکەوە لێیڕوانی، پەرۆشـــی کابرا بوو بۆ دیتنەوە خاووخێزانی، ئینجا ژنە لەوە تێگەیشــــت کابرای دەستگێڕ پیاوێکە وەک ئەوانی دیکە، ڕێکەوت وایکردووە لە وڵاتێکی دژواردا بژیێ. ئینجا باوەشـــێکی لەپڕ و گەرمی بە کابرادا کرد و پێی گوت :"ســـڵاوم بگەیەنە بە خێزانەکەت و هیوای خێر و خۆشییان بۆ دەخوازم."

زۆر جاران باپوجی دەیگوت: "قەرەپولێک لە کردەوە باشـــترە لە تۆنێک فێرکردن." ئێمە لێرەدا قسە لەسەر لەیەکتێگەیشتنی یەکدی

و كۆتایی هێنان بە دەمارگیریی دەکەین، بەڵام خۆ ئەوە واتای زۆر ناگەیەنێ تا ئەو کاتەی شـــتێک نەکەین کە پێی ڕووبدا. دەکرێ ئەمەش واتـای ئەوە بـدات، کە لە وڵاتێکی دیکە لێی بکۆڵینەوە یـان مرۆڤایەتییەک لە کەسـێک بدۆزینەوە کە بەلای تۆ پێنەدەچوو وابێ (ئینجا باوەشـێکی تێوەرێنین). زۆر لە ئێمە حەز دەکا دەرفەتێک بۆ ژیـانـێـکـی بـاشـــتـر بـۆ خـۆمـان و بـۆ مـاڵ و مـنـداڵـمـان پێبدرێ، هەروەها دەرفەتێکیش بۆ هاوشـــانی لەگەڵ ئەوانی دیکەی ســـەر ئەم گۆی زەوییە. کردار باشـــترین ڕێگەیە بۆ گۆڕینی دڵ و کـارتێکردن لە خەڵکی. هەروەک بـاپوجی ئـامـاژەی پێداوە: "کردار شەرتە."

کاتێک باپوجی لەبارەی ناتوندوتیژییەوە دەدوا، مەبەســـتی ئەو لەوە زیاتر بوو هەر چەکدانان بێ دەنگکردن بێ. تیشکۆی کۆهزری ئەو لەسەر ئەوە بوو چۆن کێشە هەرە مەزنەکانی وڵات چارەسەر بکرێ و دنەی ڕێزگرتنی هەمووانیش بـدرێ. هەروەک من لە کۆژینەکەدا کاتێ بە تاریکی بە دوای کوتەقەڵەمدارەکەمدا دەگەڕام، فێری ئەوە بووم، کە ناتوندوتیژیی ڕاستەقینە واتایەکی بەرفراوانی هەیە. نـاتونـدوتیژییەکە ئەوەمـان لێ دەخوازێ، کە لێکەوتە نەرێنییەکانی شـــت بە فیڕۆدان و ماتیریالیزم و بەهای ئەرێیانەی ســـوداکردن لەگەڵ هەرکەســـێک بە شـــکۆمەندییەوە تێبگەین. ســـەرنجدان تەنها لەســـەر پاژێکی فەلســـەفە – نەبوونی توندوتیژیی جەســـتەیی- دەکرێ بیرۆکەی ناتوندوتیژی کەم بکاتەوە و بیکاتە شـــتێکی تەوســـاوی. ئاخر ئەو کەســـانەی بەشـــداری ئینتیفازەی (ڕاپەڕینی) فەڵەســتینییەکانیان کرد، خۆیان بە کەسـانی ناتوندوتیژ دەزانی، چونکە بە قســـەی خۆیان بەردیان گرتۆتە ئیســـڕائیلییەکان

نەوەک گوللە. گرووپێک لە بروکلیی کالیفۆرنیا هەبوون بەخۆیان دەگوت جڤاتی ڕەکوس، خۆیان بە کەسانی ناتوندوتیژ دادەنا، چونکە بە حیسابی خۆیان ڕاستەوخۆ ئازاریان بە کەس نەدەگەیاند، هەرچەندە بێ دوودڵی ئەو شتانەی دەهاتە سەر ڕێگەیان تێکوپێکیان دەدا و جامی پەنجەرەکانیشیان وردوخاش دەکرد. ئەم جۆرە ڕەفتارە ڕووی ڕاگەیاندن بۆ خۆی ڕادەکێشێ نەوەک هاوسۆزی و لێتێگەیشتن. تۆ ناکرێ وەرچەرخانی تاک و کۆمەڵگەیی بە داری بێیسباڵ بەدیبێنێ.

جیهانەکەمان مێژوویەکی دووروودرێژی لەگەڵ توندوتیژی و جەنگ و پەلاماری کۆمەڵەیەک بۆ سەر کۆمەڵەیەکی دیکە هەیە. بە ملیۆنان ژیان بەهۆی توندوتیژییەوە لەناوچوون، بە ملیۆنانیش لەبەر سووکایەتی پێکردنی دەمارگیری و ڕقوکینەوە نالاندوویانە. کەواتە بێژمار لە خەڵکی لە ژینی باش و ئاشتییانەی داخوازییان بێبەش کراون. خۆ دەکرێ بگەڕێینەوە قۆناغەکانی ئەپارتاید لە باشووری ئەفریقا و بزانین ئەو شتە چەند شاش و وێرانکەر بووە. کەچی هێشتاش هەر پاکانە بۆ هەڵسووکەوتمان دەدۆزینەوە، تەنانەت بۆ ڕەفتارە ناشیاوەکانیشمان.

کاتێک لە خواستی نادیدەگرتنی خەڵک بۆ کردەوە کاولکارییەکانیان بێ هیوا دەبم، ئەوا هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشم و خەندە هێورەکەی سەرلێوی باپوجیم بیردەکەوێتەوە. ئەو دەیزانی گۆڕانکاری خێرا ڕوونادا. خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی و ئاشتی کردەیەکی دووروودرێژ و ماندووکەرە. بۆ باپوجیش

تێکۆشــــان بۆ بەرەو بەهای باڵا واتای ئەوەی دەگەیاند بۆ چەندین جار زیندانی بکرێ و و ژن وماڵباتەکەشی هەر لە زینداندا بمرن.

لێ، من پێموایە ئەو ئێســــتا بە ئێمەی دەگوت کەوا خەباتەکەی شــــایســـــتە بوو و هی ئێمەش هەروایە. گرتنەبەری ڕێبـازی نـاتونـدوتیژی کـات و ئـارامی دەوێ. بـاپوجی بۆ هەمووان ئەو وەبیرهێنەرەوەیە، کە یەکســـــانی و شـــکۆمەندی بۆ هەمووان، شــــایســـــتەی ئەوەیە هەموومان، بۆ هەمیشـــــە بە شـــێوەیەکی ناتوندوتیژانە، بۆی بجەنگین.

## پاشبەند

## دڵخۆشیی مەزن

یادەوەریی خۆشـــیی من لەبارەی باپیرەمەوە بۆ ڕۆژێکی ســـاڵی ٢٠١٥ دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی لە گۆڕەپانی پەرلەمانی لە لەندەن کۆتەڵێکی برۆنزی نۆ پێ درێژییان بۆ دروســـتکرد. ســـەرجەم ئەو ســـــەرکردە مەزنانەی لەو ڕۆژەدا لە گۆڕەپانەکە ئامادە بوون، بەشـداریییەکی زۆریان لە سـیاسـەتیی بریتانی و بەرژەوەندییەکانی جیهانیدا هەبوو.

خۆ ئەگەر بـاپوجیش لەوێ بووایە، ئەوا نوکتەیەکی لەبـارەی کۆتەڵەکە دەکرد، بەوەی زۆر لەخۆی گەورەترە. هەروەها شـــتە تەوسـئامێزییەکەشـی فەرامۆش نەدەکرد، بەوەی کۆتەڵەکەی نزیک هی وینســـتن چەرچڵە، ئەوەی دژی ســـەربەخۆیی هیندســـتان وەسـتابووەوە و قێزیشـی لە باپیرەم دەبووەوە. لێ باپوجی لەنێو کۆتەڵی ئەو هەموو ســـەرکردانەی گۆڕەپانی پەرلەماندا شـــانازی بەخۆیەوە دەکرد، چونکە پەیکەری خۆی و هی نیلسن ماندێلا وەک هێمایەک بوون بۆ ئەو بەرەوێشـــوەچوونەی بریتانی لە ڕۆژگاری چەرچڵەوە بەخۆیەوە بینیوە.

کـاتێکیش پەردە لەســـەر کۆتەڵەکە لادرا، دێڤید کـامیرۆن، ســـەرەوەزیری بریتـانیا وێنـای بـاپیرەمی کرد بەوەی "یەکێکە لە کەســـایەتییە هەرە دیارەکان" لە مێژوویی ســـیاســـەتدا. هەر

بەڕاســـــتیش ئەو باڵابەرزێک بوو لە هزر و چاکی و ڕابەرایەتی، بەڵام لە دڵی خۆشـی لەوە تێگەیشـتبوو کە ئێمە هەموو یەکسـانین. بە بەراورد بە کۆتەڵەکانی دیکە، هی ئەو لە زەوییەوە نزیکتر بوو، چونکە هەمیشـە باپیرەم سـووربوو لەسـەری ئەوەی ئەندامێکی نێو خەڵکەکەیە.

هەرگیز باپوجی خۆی بە کەسـێکی تەواوعەیار نەزانیوە و بە دڵنیـاییشـــەوە خۆی بە پیرۆز(قـدیس) دانەنـاوە. ئەو لە خـاڵە لاوازەکانی خۆی گەیشتبوو، بەردەوامیش هەوڵی دەدا خۆی باشتر بکا. ئەو دەیزانی هەموو ئەو کەســـانەی ئەمڕۆ ڕێزیان دەگرین - ئەوسا چ هێمای دینی بن یان ڕابەری سیاسـی- لە کەسی ئاسایی بە هەستێکی باوی ئاساییەوە سەریانهەڵداوە. هیچ کامێکیان لەوان وەک پیرۆزێک (موفەڕکێک) لە دایک نەبووە. خۆیان تەکانیان بە خۆیاندا تا لەوەی دەستیان پێکردووە بەرزتر ببنەوە.

ئیدی ئەوە زۆر دڵتەنگم دەکا، کاتێک کە دەبیسـتم چۆن ناوبانگی باپوجی دەشێوێندرێ و لە هەندێ لە بەشەکانی ئەم سەرزەمینە بە بەدحـاڵییەوە لە وتەکـانی دەڕوانن. لە زانکۆی گـانـاوە بە هۆی خۆپیشـــاندانی هەندێ لە خوێندکارانەوە کۆتەڵی باپیرەم کە تازە لەوێ داندرابوو، لادرا. ئاخر خۆ باپیرەم بۆ ئەوە نەژیا و نەمرد تا لە ڕێگەی کۆتەڵەکانەوە ڕێزی لێ بگیرێ و یاد بکرێتەوە، بۆیە ئەو بـاکی بە کۆتەڵ و مۆتەڵ هەر نەبوو، بەڵکو خواســـتی ئەو گفتوگۆکردن بوو لەگەڵ خوێندکاران، ئەوانەی وایان دادەدنا ئەو کەسێکی ڕەگەزپەرست بووە، کەواتە هی ئەوە نەبو ڕێزی لێبگیرێ. بۆ ســـەلماندنی قســـەکانیان ئاماژەیان بەوە دا، کەوا باپیرەم کاتێ گەنج بووە دەسـتەواژەی کافری بۆ وەسـفکردنی ڕەشـپێسـتەکانی

ئەفریقا بەکارهێناوە، ئەو زاراوەیەی ئێستا بە سووکایەتی لە قەڵەم دەدرێ. پێموایە ئەو بمابووایە، پێیانی دەگوت، کەوا لێدوانەکەیان ڕاستە، بەڵێ ئەو ئەو وشەیەی بەکارهێناوە چونکە لەوەی باشتری نەبووە و ئەوکات بەدوای بەها باوەکاندا ڕۆیشـــتووە. کاتێکیش بەوەی زانیوە کە وشـەکە سـووکایەتییە، دەسـتبەجێ ڕایگرتووە و بەکاری نەهێناوەتەوە.

دەکرا ئەو ئەوەی بەبیر خوێندکارەکاندا هێنابایەوە، کەوا ئێمە وەک بوونەوەرێکی تەواوعەیـار لە دایـک نەبووین؛ ئێمە هەر ئەوەندەمان پێدەکرێ فێر بین و تێبکۆشـــین خۆمان چاکتر بکەین. خوێندکارەکان گلەیی و گازاندەی ئەوەیان هەبوو، گوایە باپوجی زۆر بە توندی بۆ مافی هیندییەکانی باشـووری ئەفریقا تێکۆشـاوە نەوەک بۆ ڕەشـپێسـتە خۆجێییەکانی ئەوێ، بۆیە دەیانەوێ کۆتەڵی یادەوەری بۆ کەسـانێک دابنێن، کە هەمان پاشـخانی خۆیان هەبێ. لە وەڵامدا باپوجی دەیگوت؛ "وڵاتپیارێزیی من، شـــتێک نییە هەر تـایبەت بێ بە هـی مـن ... بەڵـکو بـۆ هەمـوو دۆزێـکە بەبـێ لێدەرهاوێشـــتن، ڕاســـتەڕێیە لەگەڵ چاکەی مرۆڤایەتی بەوپەڕی بەرفراوانییەوە." زۆر لە ڕابەرە مەزنەکانی ئەفریقا لە فەلســـەفەی باپوجی بۆ لە باوەشگرتنی هەموو گەلێک تێگەیشتوون. هەندێکیان وەک: دیزمۆنـد توتو و نیلســـن مـانـدێلا، وتەکـانی ئەویـان وەک دنەدانێکی مەزن و بۆ هەڵمەتی ئازادی خۆیان بەنموونە دەهێنایەوە. لەنێوان سـەرکردە ئەفریقییە ئەمریکاییەکانیش، مارتن لوسـەر کینگ پەســنی باپیرەمی دا و پەیڕەوی نموونەی ســەرمەشـقی ئەوی لە خەباتی ناتوندوتیژانە کرد.

لەبەر ئەو مشـــتومڕەی زانکۆکە، ئیدی ڕایەدارانی وڵاتی غانا بڕیاریان دا لەبەر باریی ئاسـایش کۆتەڵەکە لەوێ هەڵبگرن. ئەوان وایان دانا کۆتەڵەکە هێمایەکە بۆ دۆسـتایەتییان لەگەڵ هیندسـتان و داوایان لە گەلەکەیان کرد پێزانینیان بۆ ڕۆڵی باپیرەم "وەک یەکێک لە کەسایەتییە هەرە مەزنەکانی سەدەی دوایی" هەبێ.

بیچمە مەزنەکانی دیکەی مێژووش بە هەمان شـــێوە ژیان و کردەوەکانیان لە سەنگی محەک درایەوە، ئیدی جێگەی سەرسامی نییە خەوش لە پاڵەوانی دوێنێ بدۆزرێتەوە؛ ئاخر ئێمە هەڵە دەکەین ئەگەر هەوڵ بـدەین ئەو کەســـانە بە پیرۆز بزانین. ئێمە هەر هەمووومــان بەرهەمی ڕۆژگــاری خۆمــان و ســـیـاســـەت و چاوەڕوانییەکانی ڕۆژین. کەســـانی ئاوەزداری وەک باپوجی تێکـۆشـــاون ڕوانـینـێکی درێـژتـر و فـروانـتـریـان هەبێ و کاروکردەوەکانیشـــیان قۆناغەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و بەیانی ببڕن. کاتێکیش لە قەوارەی قەبەی مێژوودا بڕوانی، شـــتێکی ئاســان و هەسـت بە بێبایەخی خۆت لە ئاشـتیدا بکەیت و بشـپرسـی ئاخۆ چ باندۆرێکی لەســـەر تۆدا هەبووە. لە میانەی ئەم کتێبەدا چیرۆک و ســـەربردەی ئەو تاکانەم گێڕاوەتەوە، کە کرادرەکانیان باندۆرێکی گرنگیان لەســەر کۆمەلگا مەزن و بچووکەکان هەبووە، پێشـمەوایە هەر یەکێـک لە ئێمە دەتوانێ ژیـانی دەوروبەری خۆی جیـاوازتر لێبکـا. ئەوەی لەســـەرتە هەر ئەوەیە بـایی خۆت تێبکۆشـــی. هەرکەســـێک لە تافی لاویدا چاوی بە باپیرەم کەوتبا، پێشـــبینی ئەوەی نەدەکرد ئەو کـاریگەرییەی بەســـەر ئەو ژمـارە زۆرە لە خەڵکی هەبێ و دواتر ئەو کەسە ڕێزلێگراوەی لێدەرچی کە ماهاتما گـانـدی مەزن بوو. ئەو پیـاوێکی وردیلەی لەڕولاواز، کەســـێکی

هێزدار یان ڕابەرێکی کاریزما نەدەهاتەپێش چاو؛ تەنانەت کۆتەڵەکەی گۆڕەپانی پەرلەمانیش هەر پۆشاکێکی خاکییانەی هیندی لەبەرە. ئەوسا ئەگەر لە ژیانی ڕاستەقینەی بووایە یان لە و کۆتەڵە بەردینە، ئەوا باپوجی هێمای بیرخەرەوەی ئەوەیە، کە هەر بە ڕاستی ئەوەی دەیخوا هێزی بیروباوەڕ و خواستی خۆتە بۆ بەدواداچوونی ڕێبازەکەت. کاتێک لە کۆژینەکەدا بووم، هەمیشە باپیرەم دڵخۆش دەبوو کاتێک لەبارەی ژیانی تایبەتی خۆی و کەتن و خاڵە لاوازەکانی قسەی بۆ دەکردم، هەمیشە بە کەیفسازییەوە باسی سەرچڵییەکانی خۆی بۆ دەکردم. یەکێ لە مرازە هەرە مەزنەکانی سڕینەوەی جیاوازییەکانی نێو خەڵک و پێزانین بۆ کارلەیەککردنەکانمان. کاتێک لە جەنگی بوردا سەرپەرشتی دەستەی فریادڕەسی هیندییەکانی دەکرد، لە پێناو هەڵگرتن و دەربازکردنی بریندارانی مەیدانی شەڕ و گواستنەوەیان بۆ نەخۆشخانە مەیدانییەکان، بە بریندارە زولووەکانیش ئەوانەی لەسەر دەستی بریتانییەکان دەپێکران، گیانی خۆی دەخستە مەترسییەوە. خۆ ئەگەر ئەو و هیندییە خۆبەخشە هاوڕێکانی نەبووایە، ئەوا ژمارەی کوژراوانی (زولو) زۆر زیاتر دەبوو.

کتێبە پیرۆزەکانی سەرجەم دینەکان داخوازی هاوسۆزی و خۆشەویستی و دلۆڤانی و ڕێزگرتنی یەکدین. ئەو کەسانەی باوەڕیشیان بە هیچ دینێک نییە، ئەوانیش لەو چەمکانە دەگەن بەوەی بنەمایەکن بۆ کارلەیەکردنی مرۆڤایەتی لەگەڵ یەکدی. کەچی هێشتا ژمارەیەکی زۆر لە ئێمە ئەو بنەمایانەی بەلاوە ناوە و هەر بە تەنها بڕوای بە قەناعەتی خۆی هەیە. مەزنیی ڕاستەقینە

لەوەوە دێ کە بتوانی مرۆڤایەتی هاوبەش ببینی و تێبکۆشـــی بەیەکەوە بەرزی بکەینەوە نەوەک یەکدی پاڵ بنێن و لەناوبەرین.

ئێمە هەر هەموومان شـــادمانیمان لە ژیانی خۆماندا دەوێ، هەندێک جاریش پێمان وایە ئەو شتە لە ماتریالیزمەوە دەبینینەوە، بۆیە هەوڵی کەڵەکەکردنی دەدەین. لێ شـــادمانی لە ســـەرچاوەی زۆر قووڵترەوە دێ. شـــادمانی لە خەباتی گەیشـــتن بە ئاشـــتی و دادپەروەرییەوە بۆ ســـەرتاپای خەڵکەوە دێ. باپوجی نمایشـــی ئـارامییەکی قووڵ و پەژرانـدنێکی وەهـای کرد، کە هەموومـان خەونی پێوەدەبینین بیگەینێ. ئەو هەموو خەبات و تێکۆشـــانێکی خۆی نەبردەوە، هەروەها نەشیتوانی بە تەواوی جیهان لەسەر ئەو شـــەقڵە دابڕێژێتەوە کە خەونی پێوە دەبینی، بەڵام ئەو هەموو ڕۆژێک بە تەواوی هەر خەریک بوو چۆن خۆی و جیهان باشـــتر بکا. ئەو گوتی: "خۆشـــی لە بەرەنگاری، لە هەوڵدان و لە ژان دایە نەوەک هەر بە تەنها لە سەرکەوتن خۆی."

| |
|---|
| **خۆشـــی لە بەرەنگاری، لە هەوڵدان و لە ژان دایە نەوەک هەر بە تەنها لە سەرکەوتن خۆی.** |

دەکرێ هەموومـان درێژە بە ڕێبـازی بـاپوجی بۆ ئـاشـــتی و دادپەروەری بـدەین و لێبڕاوانە بە هێزی نـاتونـدوتیژییەوە بگرین. من هەر بە ڕاســـتی بڕوام بەوە هەیە، بە پەیڕەوکردنی نموونەی باپیرەم، هەر یەکێکمان دەتوانی گەورەترین شـــادمانی بدۆزێتەوە، کە شایستەی هەموو بنیادەمەکانی سەر ئەم زەمینەیە.

## چەند سەردێڕێک لە ژیاننامەی نووسەر:

## ئارون گاندی

- لە ساڵی ١٩٤٣ لە دوبران لە باشووری ئەفریقا لە دایکبووە.
- ئارون پێنجەمین نەوەی ڕابەری ئەفسانەیی هیندی موهەندیس ماهاتما گاندییە.
- دوای ٣١ ساڵ لە کارنامەی ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژنامەی تایمز لە هیندستان و لە ساڵی ١٩٨٧دا "پەیمانگەی گاندی بۆ کاری ناتوندوتیژی" دامەزراندووە.
- لە ٢٠١٧دا ئەم کتێبەی بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردەوە، دواتر وەرگێڕدرایە سەر زۆر لە زمانە زیندووەکانی جیهان.
- لە ٢ی ئایاری ٢٠٢٣ لە کۆلهاپور لە هیندستان کۆچی دوایی کردووە.

## چەند دێڕێک لە ژیاننامەی وەرگێڕ:

- لە ١٩٦٨ لە گوندی گرتک، لە دۆڵی ڕوستێی دەڤەری باڵەکایەتی لەدایکبووە.
- لە ١٩٨٨دا بە کالۆریۆسی لە قانون لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.
- لە ١٩٩٧ـەوە ئاوارەی ئەوروپا (هۆڵەندا و بریتانیا) بووە.
- لە پاڵ زمانی زگماکیدا؛ زمانەکانی عەرەبی، هۆڵەندی و ئینگلیزیش دەزانێ.
- لە ١٩٨٦ـەوە هەوڵی نووسینی داوە. زیاتر لە بیست کتێبی لە زمانەکانی هۆڵەندی و ئینگلیزی و عەرەبییەوە وەرگێڕاون. دەیان گوتار و لێکۆڵینەوەی قانونی و سیاسیشی بڵاوکردوونەتەوە.
- دەیان گوتار و لێکۆڵینەوەی قانونی و سیاسی و ئەدەبیشی بڵاوکردوونەتەوە.

## چاپکراوەکانی وەرگێڕ

١ – نهێنییەکانی مۆساد، نووسینی گۆردۆن تۆماس، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سێ جار چاپکراوەتەوە؛ چاپی یەکەم ٢٠٠٨ چاپخانەی هێڤی، هەولێر. چاپی دووهەم دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٤. چاپی سێهەم ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦.

٢ – مادلین ئۆلبرایت، سیاسەتی ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سەنتەری نما، ٢٠٠٩، هەولێر.

٣ – داود بنگۆریۆن، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل، نووسینی ڕۆبەرت سەنت یۆهن، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی هێڤی ٢٠١١، هەولێر. چاپی دووەم ناوەندی ئاوێر، ٢٠١٦ هەولێر.

٤ – کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنووره دەستکردەکاندا، نووسینی: هیسەر لێهر واگنەر. مێژوو. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە. چاپی یەکەم؛ لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی هەولێر ٢٠١٣. چاپی دووەم، ئاوێر، ٢٠١٥.

٥ – وەرزێکی سپیی وشکوبرینگ، ئەندریێ برینک. ڕۆمان. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣.

٦ – ژیانی من، چۆن ئیسرائیل دامەزرێنرا؟ گۆڵدا مایەر، یاداشت، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٤.
٧ – ئینفێرنۆ، دۆزەخ، دان براون، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٥.
٨ – شەرەف، ئەلیف شەفەق، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٥.
٩ – یاخیبوون، مناحیم بێگن، یادەوەری، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٦.
١٠ – خانووەکەی مزگەوتێ، قادر عەبدوڵلا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٦.
١١ – کۆدەکەی داڤینشی، دان براون، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٦.
١٢ – خەتی بزماری، ڕۆمان، قادر عەبدوڵلا، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٧.
١٣ – کردە هەرەگرنگەکانی مۆساد، میخائیل بار زۆهار و نەسیم میشال، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٨.
١٤ – لە مەککە، قادر عەبدوڵلا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٨.

١٥ – ئەرێ کورد بوونە بەردەباز؟! ڕۆبەرت براین گیبسن، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی سلێمانی، کوردستان، ٢٠١٩.
١٦– شەوە سپییەکان، مناحیم بێگن، یادەوەریی، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٩.
١٧ – زۆربای ئێرانی، قادر عەبدوللا، ڕۆمان، لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٠.
١٨– ژیانی من، گۆلدا مایەر، یادەوەری، لە ئینگلیزییەوە، چاپێکی نوێی چاککراو، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٠.
١٩– کچانی دووکەڵ و ئاگر، ئاڤا هوما، ڕۆمان، لە ئینگلیزییەوە، سلێمانی چاپخانەی کارۆ، ٢٠٢١.
٢٠ – هێڵێک بەنێو لمدا، جێمس بار، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠٢١.
٢١– شای ئێران؛ کوردی عێراق و شیعەی لوبنان، ئارەش ڕەئیسینەژاد، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٢
٢٢– پاشا، قادر عەبدوللا، ڕۆمان، لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٢
٢٣– لەبارەی شیعری جاهیلییەوە، د. تەها حوسێن، هزر و ئەدەب، لە عەرەبییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٣.
٢٤– بەرژەوەندییەکانی بریتانیا و دابڕینی موسڵ، دارت بروکس ڕیسلی دووەم، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، هەولێر، ٢٠٢٣
٢٥– کتێبەکەی سەلاحەدین، تاریق عەلی، ڕۆمان، لە ئینگلیزییەوە، هەولێر ٢٠٢٣.

٢٦– نەوای نەی، مەولانا وەها ژیا، قادر عەبدوللا، ڕۆمان، لە هۆڵەندییەوە. سلێمانی ٢٠٢٤.

٢٧– چیرۆک و بەسەرهاتەکانی نێو کتێبەکانی مەولانا، قادر عەبدوللا، لە هۆڵەندییەوە، سلێمانی ٢٠٢٤

٢٨– کوشتنێک لە بەغدا، بەسەرهاتی دکتۆر شەکراو، لە هۆڵەندی و ئینگلیزییەوە؛ ئامادەی چاپە.

❑